نووسینی: ئادی بڤایڤەر
وەرگێڕانی: محەمەد هەریری

# نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش

## چەند یاداشتێک لە شۆڕشی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦



چاپی یەکەمی ئەلکترۆنی
فێبریوەری ٢٠٢١

# نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش

**چەند یاداشتێك لە شۆڕشی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦**

**نووسینی: ئادی  بڤایڤەر**

**وەرگێڕانی: محەمەد هەریری**

**چاپی ئەلکترۆنی یەکەم**

**فێبرایەری ٢٠٢١**

## کتێبە عەرەبییەکەی کە لێیەوە وەرگێڕدراوە:

**جيل من ذهب**

**ادی بفايفر ترجمه عبدالله النجار**

**منشورات دار الحريه للطباعه والنشر - بيروت - لبنان ١٩٥٩**

# پێشەکی

**ئەگەر پێُش دە ساڵان، یەکێك پێی وتبام ، من ڕۆژێك لە ڕۆژان هەنگاریا جێدەهێلم دوایی دادەنیشم بۆ نووسینی کتێبێك دەربارەی سەردەمی حوکمی کۆمەنستی و ڕۆژانی خوێندنم، لەوانەبوو گاڵتەم پێی بکردایە .**

**کاتێ گەیشتمە لەندەن چەند ڕاپۆرت و کتێبێکم خوێندەوە لە بارەی چەرمەسەری و ژیان بەسەربردن لە پشت شورەی ئاسنینی، بەڵام هەمویان بابەتی پەروەردەی کۆمەنیستیان نەدەکردە تەوەرەی بنچینەیی باسەکانیان، هەرچەندە هەمویان بەسەر پێیانە و خێرایی بەسەریدا ڕەت دەبوون .**

**ئەو کتێبە تەنها لە بارەی ڕووسەکان و شۆڕشی هەنگاریاوە نادوێت ، بەڵکو لە بارەی ئەو گیانە زاڵەوەش دەدوێت کەهەموو قوتابخانەکانی وڵاتە کۆمەنستیەکانی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی. هەروەها لەبارەی مەشقکردنی هونەری و پیشەسازی و ڕۆشنبیرکردنی ڕێبازانەی کۆمەنستەوە نادوێت و گرنگی پێ نادات، بەڵکو گرنگی دەداتە ئەو سیستمە گەورەیەی کە دانراوە بۆ پەروەردەکردنی گشتی، ئەو سیستمەی کەهیچ منالێك ناتوانێت لە داوی رزگاری ببێت. نەم ویست ئەو سیستمە بخەمەڕوو لە ترۆپکی بەرزییەوە بەپێی ئامارەکان و پرۆگرامەکانی کارکردنی، بەڵکو زۆر بەسادە و ساکاری یاداشتەکانی ئەزموونی تایبەتی خۆم تۆمار کردووە. ئەوانەی ئاگادارن لەو ژیانە ڕەشەی کە خەڵکی وڵاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت دەیبەنە سەر، ئەو وڵاتانەی کەنزیکەی سەد ملیۆن کەسی تێدا دەژی، چاك لە مەبەست و مەرامم دەگەن.**

**کاتێ دەڵێم کەوا هەر قوتابییێك لەوڵاتانی بولگاریا یان رۆمانیا یان پۆلەندا یان هەنگاریا لەتوانای دا هەبوو ئەو کتێبە بنووسێت، تەنیا لەبەر ئەوەم نیە کەوا سەربردەی ژیانم لەگەڵ ژیانی قوتابیانی ئەو وڵاتانە لێك دەکات، بەڵکو چونکە ئەو کار دانەوە دەروونیانەی لای لاوان، و ئەو شەڕە پارتیزانیەی کە دەیگێڕن، لەدژی لێشاوی ڕادەری پەروەردەی کۆمەنستی دا، هەمووی یەکن لە گشت وڵاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت. من ئەدیب نیم، ئەو کتێبەش هەرگیز ڕووناکی نەدەدیت، ئەگەر من لە خۆشبەختی خۆم کۆنەبووبامەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەك، دوای چەندین گفتوگۆیەکی سەخت، قایلیان کردم و هانیان دام بۆ نووسینی سەر گوزشتەکەم، لەکۆڵیشم نەبوونەوە هەتا بەزووترین کات نەم نووسی، چونکە ئەو کاتە ڕووداوەکان هێشتا شێداربوون لە مێشکم و تۆزی لەبیرکردنی بەسەرەوە نەنیشتبوو. جالێرەدا دەمەوێت سوپاسگوزاری خۆم دەربڕم بەرامبەر فیکتۆر هەتار، بۆ ئەو ڕێنوێنی و ئاراستەکردنە بەنرخانەی کەپێشکەشی کردم. ئەو کابرایە گیانی بزوێنەری ئەو پرۆژەیە بوو، بێگومان ئەگەر ئەو نەبوایە ئەو کتێبە هەر ناویشی لە ئارادا نەدەبوو.**

**لەندەن یەکی حوزەیرانی١٩٥٧**

**ئادی بڤایڤەر**[١]

[١] - ئەدی بڤایڤەر لە ساڵی ١٩٣٦ لەدایك بووە باوکی مامۆستای کەمانجە ژەنین بوو لەسیمفۆنیای نیشتیمانی هەنگاری. بەژداری شۆرشی نەتەوایەتی خەڵکی هەنگاریای کرد لەساڵی ١٩٥٦ توانی ڕا بکاتە نەمسا لەپاش ئاشبەتاڵی شۆرشەکە

# پێیشەکی وەرگێڕ

ئەو کتێبەم بەر لە ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت وەرگێڕا، لە سەردەمی لوتکەی زەبروزەنگی ڕژێمی بەعس، لە نێوان سالآنی ١٩٨٥ و١٩٨٦ دا. کتێبەکە بریتیە لە یادگارەکانی لاوێك، لە سەردەمی حوکمی ڕژێمی کۆمەنستی لە هەنگاریا، وهەڵگیرساندنی شۆڕشی هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦.

بیرمە لە پیاسەکی ئێوارانی ناو بازاڕ و کتێبخانەکانی هەولێر، لە سوچی کتێبخانەیەکی شەقامی باتا، کتێبەکی کۆنی پەڕزەرد بێناز دانرابوو، کاتێ کڕیم وخوێندمەوە یاداشتەکان زنجیرە ڕوداوێکی زۆر خۆش وشۆڕشگێڕانە بوو، لەگەڵ هەل ومەرجی تۆقێنەری ڕژێمی بەعسی ئەو ڕۆژگارە، تام وچێژێکی تایبەتی هەبوو.

بۆیە بڕیارمدا وەریگێڕمە سەر کوردی لە عەرەبیەوە. پاشان لەبەر هەل ومەرجی سیاسی ئەو کاتە، و لەبەر بێ توانایی مادی کە ئەو کاتە قوتابی بووم، لە سوچێکم دانا، وبلاوم نەکردەوە.
لە سەفەرێکم بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ بەرچاوم کەوتەوە، بڕیارمدا پێدا بچمەوە وکاک ئەحمەد یوسفی برام ئەرکی تایپکردنی گرتە ئەستۆ بە سوپاسەوە ئەو کارەی ئەنجامدا.

نوسەری ئەم کتێبە ئادی بڤایڤەر لە ساڵی ١٩٣٦ لەدایک بووە باوکی مامۆستای کەمانجە ژەنین بوو لەسیمفۆنیای نیشتیمانی هەنگاری. بەژداری شۆرشی نەتەوایەتی خەڵکی

لەوێوەش های دێ بۆ لەندەن چوو توانی فێری زمانی ئینگلیزی بێت و ئەو کتێبەشی هەر بەو زمانە نووسیەوە ئێستاکە لەگەڵ خێزانەکەی دەژیت لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

هەنگاریای کرد لەساڵی ١٩٥٦ ، توانی ڕا بکاتە نەمسا لەپاش ئاشبەتاڵی شۆڕشەکە، لەوێوەش های دێ بۆ لەندەن چوو، توانی فێری زمانی ئینگلیزی بێت و ئەو کتێبەش بەو زمانە بنووسێت. لە ڕاستیدا من زۆر بە دوای ناوی نووسەر و کتێبەکە گەڕام بە ئینگلیزی، بۆ بەراوردکردن بە نوسخە عەرەبیەکە، بەڵام دەستم نەکەوت.

کاتی خۆی وابزانم ١٦ ئەڵقەی لە ڕۆژنامەی ستاندارد بڵاوبوویەوە، بەو دواییە دەقەکەم لێ ون ببوو، زۆر بەدوای گەڕام لە چەند ئیمێڵێك چەندین بەشم دۆزیەوە، بەڵام هەر تەواوی دەقی کتێبەکە نەبوو، داوام لە براگەورەم کاک ئەحمەد کرد، گەڕانێکم بۆ بکات بەناو کتێب و ئەرشیفی جێماوم لە هەولێر، خۆشبەختانە دەستنوسەکە و کتێبە ئەسڵیەکەی دۆزیەوە، ئەو بەشانەی ون ببوون لە وەرگێڕانەکە بۆی ناردم بە وێنەی مۆبایل.

# بەشی ١

بەر لە هەڵگیرسانی جەنگدا، من لەجیهانێکی تر دەژیام، جیهانی منالآن. لەو جیهانەدا کات و شوێن بریتی بوون لەشانۆییێک کە هەرگیزاو هەرگیز یاری تێدا نەدەبڕایەوە. پێش ئەوەی تۆپە قورسە مەودا دوورەکان و تۆپە هاوەنەکان، ترس بخەنە دڵی منالێکی تەمەن هەشت ساڵە، ئەو منالە لە بەهەشتێکی خۆش دەژیا، ئەو بەهەشتەی کە ئامراز وکەل و پەلەکانی بریتی بوون لە کەشتیە بچوکەکەیی و یاریە لە کاغەز دروستکراوەکانی وکۆمەڵە پولەکانی، هەتا تۆپە لەکۆنە پەڕۆ دروستکراوەکەی، لا خۆشەویست تر بوو لەدۆزەخی جەنگدا.

بەڵام ئاگری تۆپهاوێژەکان هەردەم وەکو هەورە تریشقە لەگوێم دا دەگرمایەوە ، دەبوایە بزانم لەدۆخی جەنگ داین.
چەند هەفتەیەك بوو ڕوسەکان (بۆ دابست )ی پایتەختیان ئابلۆقە دابوو. لەوت و وێژی گەورەکان بەرەبەرە زانیم کەوا ڕووخانی هیتلەریزم بۆتە راستییێکی بێ پێچ و پەنا، بەڵکو یەك لاکەرەوە، بەڵام ئەو مەسەلانە پەیوەندی بەوان هەبوو، من تخونی نەدەکەوتم. من تا ئەو کاتە هێشتا سەرگەرمی کۆمەڵە پولەکانم بووم، چەندەها کاتژمێر بە دیاریانەوە کاتم بەسەر دەبرد، لەئەلبومەکەم دەکردنەوە و پێیانم دەنووساندنەوە، زۆر بە سەبر کە لە سەبری پیاوی بە ساڵاچوواندا دەچوو، چەندەها سەودام دەکرد لەگەڵ منالآنی هاو تەمەنم ، بەڵام هێندە ساویلکە نەبووم کۆمەڵە پولەکانی نیکاراگوام نیشانی کەس بدەم.

جاروباریش خەریک دەبووم بە خولیای ترم، ئەویش تۆپە پەڕۆکانم بوون، کە هەموو ڕۆژی یاریم پێ دەکردن یان چەند تۆپێکی ترم دروست دەکردن، تا وەی لێهات جۆرکەکەم لێیان پڕکرد. من گوێم بە (کشانەوەی ستراتیژی ) ئەڵەمانەکان نەدەدا یان ئەوەتە دەتوانن ( چەتەکانی روسیا ڕابگرن یان نا). بەلای منەوە (چەتەکانی روس ) یان تیپە بروسکە نازی

یە دزێوەکان نەمەزن بوون و نە بچووک. هەروەك و نەبووبێتن وا بوون، چونکە تا ئەو کاتە هێشتا لە جیهانێکی تردا دەژیام، لە بەهشتێکا بووم بریتی بوو لە شانۆیەك هەرگیزاو هەرگیز یاری و گاڵتەو گەپی تێدا نەدەبڕایەوە، بەڵام گەورەکان بۆ هەتا هەتایی ئەو جیهانەو ئەو بەهەشتەیان لە کیس چووبوو.

خەونم بە گەشتێکی دەریا دەبینی کە تائەو کاتە هێشتا نەم دیبوو، بۆیە هەر خەریکی دروستکردنی بەلەم بەدوای بەلەم بووم. هەرگیز بایەخم نەدەدا بە بەکارهێنانی ئەو بەلەمانە، پاش ئەوەی لەدروست کردنیان دەبوومەوە، بەڵکو هەموو خەمم ئەوەبوو کە تابکرێ جۆری نوێتر بخەمە سەر کۆمەڵە بەلەمە کەڵەکەبووەکانی سەرتاقەکان. لەئێوارانیشدا مۆمە درەوشاوەکانی ستالین لە ئاسمان بەدەردەکەوتن و بە شێنەیی دەهاتنە خوارەوە، ئەو مۆمانە دیمەنێکی تارمایی سامناکیان دەدایە شەو. هۆگەلێکی ئێجگار زۆر هەبوون پاڵیان پێوە دەنایین بۆ ئەوەی بترسێین، لەلایەك بۆردومان کردنی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانەکان، لەلایەکی تریش ڕۆژی چەندەها فرۆکەی پەیدۆزی ڕوسی لەئاسماندا بەدیاردەکەوتن، لەولاوەش لە وشکایی دا، ڕوسەکان پشتێنێکی چڕیان بەستبوو بە دەورەی شاردا بەئاگری تۆپە مەودا دورە قورسەکانیان، تا دەهات ژمارەی برینداران و بەرکەوتووان زیاتر دەبوون. تەقینەوەکان پەنجەرەکان و تابلۆکانمانیان وردو خاش کردبوو، هەتا پیانۆکەشمان بەری کەوتبوو، لەو پاشاگەردانییەدا گەورەکان - دایکم و باوکم و ژنەکەی دراوسیمان - وتوێژیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك.

جودێتی خوشکم لەتەك ئاگردانە کە دانیشتبوو، منیش پەڕەکانی کتێبی:
( گەشتێك بۆ دەریاکانی جیهان ) م ئەوپەڕو ئەو پەڕدەکرد. ئەو کتێبە تایبەت بوو بە مناڵان، زانیاریەکی زۆری تێدا بوو. باوکم بەهەناسەی ساردەوە گووتی ( بەڕاستی هەندێ کەس بەبەختن بۆ خۆیان خانوویان هەیە لەلادێ، با کولانەیەکیش بێت، خۆ دەتوانن خۆیانی لێ حەشاردەن. خۆزگە خانووەکەم کریبایە لە (بالاتوون) تەنیا وشە لەو قسەیە دا کەخەیاڵی داگیرساندم وشەی (بالاتوون) بوو، دەسبەجێ لەخەیاڵم دەستم کرد بە دروست کردنی بەلەمێکی قەبەو گەورەی نوێ، نەخێر لەپاش کۆتایی جەنگی گەورەکان

دروستی دەکەم. دەتگووت دایکم وێنەکانی خەیاڵمی دەدیت بۆیە بە گوێمی دا چرپاند ( هەرگیز لەوە چاکتر نیە )!

جۆدیت پرسیاری کرد " ئایا ناتوانین بچین بۆ لای پورمان لە بیکشابا ؟" وای دەزانی سێزدە ساڵی تەمەنی مافی بەشدار بوونی پێ دەدات لە گفتوگۆ کردنی گەوراندا.
ئافرەتەکەی هاوسێمان گووتی: " گیانەکەم چۆن ئەوەتان پێ دەکرێ نازانی روس گەمارۆی داوین، دەبوایە پێش دوو مانگ بچووبان"
باوکیشم گووتی: " ئێستا زۆر دوا کەوتین لە پێشوودا دەمان توانی بچین بۆ بیکشابا"
دایکیشم لەولاوە هەڵی دایە : " یانی هەموو شتێك لێرە بەجێ بێڵین بۆ چەتە هێرشکەرەکان؟ ئینجا ببین بە بارگرانی بەسەر ئەستۆی خزمەکانمان، دوایش بگەڕێینەوە بۆ ئێرە دەستە وئەژنۆ دانیشین".

باوکم گووتی : "زۆر چاکە ئەتوانین بڕۆین بۆ (کۆبانیا ) لای باوکم، لەوێ دەتوانین ڕاوێژێك لەگەڵ ئەودا بکەین"

دایکم بەوە رازی بوو گووتی: "لەوە چاکترمان لەپێش نیە، گیانەکەم ماریسکا دەتوانی بایەخ بەکاروباری شوقەکەمان بدەیت؟"

" بەڵێ گیانەکەم گەر پێم بکرێ. بەڵام شمەکە بەنرخەکان بگوێزەرەوە بۆ شوقەکەی ئێمە".

" ئا دەی مناڵان با یەکێکتان بچێتە خوارەوە، بزانێ بەرێوەبەری ساختمانەکە لەماڵەوەیە یان نا؟ "

ویستم لەسەر ئەرزەکە ڕاکشێم چونکە حەزم نەدەکرد واز لەبەلەمەکانم بهێنم، جۆدیت دانەکانی لێم گرِ کردەوە و گووتی "ئۆکسی دەچینە کۆبانیا لای باپیرە نیشتەجێ دەبین، حەز بەوە دەکەی ئایا تۆ دێیت؟"

"من دەمەوێ سواری کەشتی بم، زۆرم پێ ناخۆشە بەلەمەکانم بەجێ بێڵم"

جۆدیت بەسەرمی دا قیژاند: "هەی کەرە ئێمە ئێستا لەوەرزی زستانین، بالاتۆنیش دوورە لەلایەك لەلایەکی ترەوەش گەمارۆ دراوین"

ئەمەی گووت و جۆدێت ڕای کرد بۆ خوارەوە بۆ ماڵی بەرێوەبەری ساختمانەکە. منیش بە دەمارگیریەوە گەڕامەوە بۆلای وێنەکانی کتێبەکەم، لەدڵی خۆمدا دەمگووت (دەمەوێ سواری بەلەم بم و مەلە بکەم ) چونکە نەم دەویست بەهەر جۆرێك واز لەجیهانی مناڵان بێنم و بڕۆم بۆ کۆبانیا.

# بەشی ٢

هەروەك لەبیرمە خێزانەکەمان کەم بایەخی بە لایەنی ڕامیاری دەدا. باوکم و دایکم زۆر خۆش دەویست. باوکم کەمانجە ژەن بوو سروشتێکی تێکچرژاوی ناسازی هەبوو، بەڵام بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر ناسکی و نەرم و نیانی کەسایەتیەکەی. سروشتێکی نەرم و هەردەم بیرمەندانەی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا لەکاتی تەنگانەدا زۆر چوست و چالاک بوو، گیروگرفتەکانمانی چارەسەر دەکرد بە عەقلێکی پیاو کارانە، هەرگیز هاوسەنگی خۆی ون نەدەکرد.

هەرچەندە دایکم لاواز دیار بوو، بەڵام زۆر چوست و بەهێز بوو. کاتێ دەردی هەژاری، تەندروستی هێدی هێدی دەڕوخاند، هەرگیز گوێم لێی نەبوو ڕۆژێکیان نارەزایی دەربرێ. پێم وابوو ئەو ئافرەتە بۆ ئەوە دروست کراوە، تا ئازار بکێشێ بەبێ دەنگی.

لەپێش جەنگدا باوکم وانەی مۆسیقای دەگووتەوە لە ئەکادیمیای مۆسیقای بۆدابست. ئەو کاتە نەمان دەزانی غەم و پەژارە چیە، بەڵام لەو ڕۆژەی بڕیارمان دا بچین بۆ (کۆبانیا ) لە چاوەکانی دایکم دڵە ڕاوکێم بەدی دەکرد بۆ جاری یەکەم. ئەوەش لەبەر ئەگەری لەکیس چوونی شمەك و تابلۆ زەیتیەکان نەبوو، یان لەبەر ترسی لەناو چوونی ماڵ نەبوو چونکە من دەمزانی لە چی دەترسا.

گەورەکان چەندین جار باسی گیرو گرفتەکانیان دووبارە دەکردەوە، پێویستە چی بکەن؟ چۆن ئەوکارانە بکەن ئەگەر (سورەکان) هاتنە ناو شار. من و جۆدیتیش لەنزیك ئاگردانەکە دانیشتبووین، ژیلەمۆ مردووەکەی وای دەگەیاند کەوا هێشتا گەرمایی تێدا مابێت، گووتم "جوتکا ئەی بەلەمەکانم چیان بەسەر دێت، ئایا ناتوانی یەکێکیانم بۆ هەڵگری لەبن هەنگڵت؟" جودێت سەری ڕاهەژاند هەر چەندە خەیاڵی سەدەها میل لەمن دوور بوو.

دەیڕوانیە روخسارە سورەکەی بەڕێز (ب) بە دووچاوە فراوانە ماتەمەکانی، ئەو پیاوە بە ساڵاچووە هیچ هەلێکی لە دەست نەدەدا، هەر باوکمی دیبایە دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژانەی خۆی دەربارەی هەواڵەکان و بەند و باوەکان لەڕێگای گوێ گرتن بۆ ئێزگە بیانیە قەدەغە کراوەکان.

"کاتێ ڕوسەکان ئەگەنە (مۆنۆر) لەوێوە تۆپ هاوێژەکانیان ئاراستەی دەکەنە مۆڵگە ئەڵەمانیەکان، کە تواناى خۆڕاگریان نابێ. وانییە؟"

ئەو بەڕێز ( ب ) یە پیاوێکی گەش بین بوو، گوێی بۆ ئێزگەکانی مۆسکۆ دەگرت، جاروبار کاتێ هەڵدەچوو وشەیەکی دەدرکاند دەربارەی ئەو خۆشەویستیەی کە هەیەتی بۆ گەورە هاوپەیمانە ڕۆژ هەڵاتیەکان، زۆری هەوڵدا باوکم قەدەغە بکات لە ماڵ جێهێشتن بەڵام هەوڵەکانی سەریان نەگرت. دایکم دەستی کردبوو بە پێچانەوەی باوڵەکانمان. منیش بەگوێی خوشکم داچرپاند:

"جوتکا تۆ یەکێ لە بەلەمەکانم هەڵدەگری ، وانییە ؟ . . . جوتکا توخوا یارمەتیم بدە ... "

" مەبەستت چیە؟"

"ناتوانم پولەکانم جێ بێڵم"

"ئۆف، تۆ تەنیا بایەخ بە پولەکانت دەدەی، وا دیارە هەرگیز پیانۆکەمانت لەبیر نییە؟ "

"بێ گومان من لە بیرمە بەڵام ئێستا سوودی چیە؟"

جودێت بەدوو چاوی کە هیچ مانای دەربڕینێکی تێدا نەمابوو، سەیری پیانۆکەی دەکرد، کاتێ بچوکتر بوو زۆر بەچاکی فێری ژەنینی ببوو، خولیای مۆسیقا بوو. بەڵام تۆپێک

بەماڵەکەمان کەوت زیانێکی زۆری بەماڵەکەمان گەیاند، پیانۆکەشی لەکار خست، کە پڕببوو لە داروپەردوو.
ئینجا گووتم: "دەباشە جیاوازی نییە دەبا پیانۆکەش ببەین" ئینجا بیرم کردەوە ئەو ئامێرە گرانە چۆن هەڵدەگیرێت؟!
جودێت گووتی: "هەی کەرە وادەزانی ئەوەندە بچووکە دەتوانم لە باوڵی جلەکانم هەڵیبگرم ؟" بەو پێیە شتێکی ترم زانی، کەوا ئێمە بە پەیتون سەفەر ناکەین، بەڵکوو بە باوڵی جلکان. ئاواتە شاراوەکانم وەگەڕ خستبوو، دەربارەی چۆنێتی بە قاچاغ هێنانی جۆرکە پڕ لە تۆپەکانم، یان هەڵگرتنی کۆمەڵە پولەکانم لە یەکێك لە باولەکان. دەشتوانم گەورەترین بەلەمم لەبن هەنگڵم هەڵبگرم.

باوڵەکانمان ئامادە کرد، لە یەکێ لە ئێوارەکان لەپشت پەردە داپۆشراوەکانی سەر پەنجەرەکە، بەڵام هەموو شتێك وا بەئاسانی نەچووە سەر باوکم داوای یارمەتی لە دوو سەربازی یەدەکی کرد. تا ڕادەیەك وا هەستمان دەکرد ئێمە لە ژێر پاراستنی سەربازی داین. هەروەها سودێکی زۆریان هەیە، ئەگەر یەکێ لە پیاوانی پارتی نازی هەڵسن بە پشکنینمان. دوو لاوە سەربازەکە ئارامیان لێبڕابوو، لە لایەك کات بەخێرایی دەڕۆیشت، لە لایەکیتر کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ نزیك دەبۆوە، هەروەها لەوانەبوو هەڵمەتە ئاسمانیەکانی ئێواران، تەگەرە بخاتە ڕەوتەکەمان.

لەو کاتەدا پاسەکانی تراموای لەکار دەوەستن. خۆشیش نییە مرۆڤ لەنیوەی گەشتەکەی دابوەستێ، و باوڵەکانی بەجێ بێڵێ لە ڕێگای گشتی، تا پەنا بباتە بەر نزیکترین پەناگە. بەڵام باوکم وەکوو جاران یەکێ لە بڕیارە بە پەلەکانی دەرهێنا و فەرمانی دا بە ڕۆیشتن و جوڵانەوە: "ئادەی منالینە دەست هەڵێنن نەختێ پەلە بکەن ئەوەی ئامادەتان کردووە بەسمانە"

لەپاش چەند خولەکێك ئێمە لە پەیژەکە هاتینە خوارەوە چراکانیش هەمووی کوژاوە بوون. ئینجا بەڕێز ( ب ) دوا ئامۆژگاریەکانی داینێ:
"شووشەی کۆنیاکیان نیشان نەدەن، پێش ئەوەی بێن بەرمیلەکان بەتاڵ کەن لە مەی، بەبێ ئەوانە دەستەمۆکردنیان ئاسانە، هەروەك دەزانن تەنیا دەمەوێ سالانی چواردە بە چاکی بەبیر خۆتی بهێنیەوە."

لەپڕێکا پولەکانم بیرکەوتەوە، بەلەمەکەم لە تەک دیوارەکە دانا، لەدەروازەی شوقەکەمان وەکو دز دەستم کردە بازدان بەسەر پلیکانەکە باوکم منی دیت بانگی کردم: "ئادی ئەوە چی دەکەی ؟ "

بە دان قرساندنەوە وەڵامم دایەوە "پولەکانم !" دایکم گووتی " وەرە ئازیزم دوایی پولەکانت دەست دەکەوێتەوە، ئەی تۆپەکان بەس نیە لەگەڵ خۆتا بیهێنی؟"

" بەڵێ دایە گیان تۆڕی تۆپەکە بە پشتم هەڵواسرابوو بەڵام پولەکانی هیندوراس و نیکاراگوا لەوانەیە لە دەست بچێ !"

جۆدێتی خوشکم گووتی :"وادیارە هیچ گوێ نادات بە پیانۆی خەڵکی تر، ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە تەنیا پولە دڕاوەکانێتی "

"جوان نیە بۆ ئێوە لە کاتێکی وا دەمەقاڵی بکەن" باوکم ئەوەی گووت و جانتایەکی گەورەی هەڵگرتبوو. دایکیشم دوو کەمانجەی هەڵگرتبوو، پێش دوو لاوەکە کەوتین چونکە ئەوان باوڵە قورسەکانیان هەڵگرتبوو. کاتێ گەیشتینە شەقامەکە سەرنجم دا بەلەمەکە لە ژێر هەنگڵم دا نەماوە لە دەروازەکە بەجێم هێشتبوو.

گڕی جەنگ گەیشتە جیهانی منیش چونکە بە نرخترین شتی تێیدا وردو خاش بوو. ملی ڕێی شەقامە چۆڵەکەم گرتبوو هێندەی نەمابوو لە حەژمەتان بەزگ بدەم. دوو لاوەکە لە پێشمان دوور دیار بوون لە تاریکایی هەروەکوو بڵێی هیچ پەیوەندیەکیان بە ئێمەوە نەبێ. هەرگیز لە پێشترا ئاوا هەستم بە تەنیایی نەکردبوو کە ئەو کاتە هەستم پێ کرد.

# بەشی٣

(کۆبانیا ) ئەکەوێتە یەکێك لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری بۆدابست، ئەم ناوچەیە بەناو بانگە بە پیشەسازی شەراب و گەلێك پیشەسازی تر. خانووەکانی ئەم شارۆچکەیە بچووک و نشێوون، باخچەی تەسک تەسکیان هەیە، هەروەها خانووی کرێکاران و گۆڕەپانی بەتاڵی زۆر تێدایە. شتێکی زۆرم دەربارەی منداڵەکانی ( کۆبانیا ) دەزانی بۆیە هەر گەیشتینە ئەوێ یەکسەر بیری دامەزراندنی تیپێکی تۆپێنم کردەوە، لە گۆرەپانە بە تاڵەکانی ئەم ناوچەیە. ئەم بیرۆکەیە خەمی لە دەست چوونی بەلەمەکەمی لە بیر بردمەوە.

باپیرم پیاوێکی بە هێزو کەمدوو بو، نزیکەی شێست ساڵی تەمەن بو، بەڵام هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆی بوو، لە توانای کارکردندا هیچ جیاوازییێکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ توانای لاوێك. کاتێ دایك و باوکی کۆچی دواییان کردبوو، ئەو تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، بۆیە دەبوایە کاربکات و خۆی بژێنی، ئەویش بازرگانی کردنی شەڕابی هەڵبژارد بوو بۆ خۆی.

خانووە بچووکەکەی بە ڕەنجی شانی خۆی بنیات نابوو، هاوسێکانی زۆر ڕیزیان لێ دەگرت، هەتا هەڵیان بژاردبوو وەك لێپرسراوی ساختمانەکانی ئەو ناوچەیە. جاروبار بەشەو هەموو ناوچەکە دەگەڕا.

"وام زانی ئێوە هەرگیز ناگەنە ئێرە" لە پێش دەرگاکەی ئەمەی گووت، وەدەمودەست وە پێشمان کەوت بەرەو ژێرزەمینەکەیان. ئەلەکتریکێکی کارەبایی نوێی لەدەست بوو. لەوێش دا داپیرەم پێشوازی لێکردین بە نیگەرانیەکی هێمنەوە.

دایکمی گرتە باوەش وگووتی: "منالّە ئازیزەکان دەبوایە بەر لە ئێستا بهاتبانایە، کوانێ لەکوێن دوو فریشتە خۆشەویستە بچووکەکانم ؟" زۆر بە سۆز ماچی کردم و گرتمیە باوەش، ومنیش خۆم هەڵدایە باوەشی خەیاڵیشم سەدان میل لەوێ دوور بوو.

"ئەگەر کەمێك دوا کەوتبان تەنیا خوا بەخۆی دەیزانی ئێستا پیرەمێرد لەکوێ بوو، خۆت چاك بگرە، وریا بە، نامەوێ لەسەر ئەم پلیکانە نەفرەتیانە بکەویت. "

یەکێ لەو ژێرزەمینانەی کە شەڕابیان لێ عەمبار دەکرد پاك کردبۆوە، و بەرمیلەکانیان خستبووە لایەك.
هەرکە چوینە ژێرزەمینەکە چەند مێزو کورسی و زەمبیلێك وگۆزە ئاوێکمان بەرچاو کەوت. من لەدوای هەموویانەوە لە پلیکانەکە دابەزیم. لەنێو لق وپۆپی دارە وشك و بێ گەڵاکانی باخچەکە، ڕووناکی بۆمبا وئاگری دەمی تۆپ هاوێژەکان، وەک بروسکەکانی ڕۆژێکی تووشی زستان دەهاتنە بەرچاوم. باوڵەکانمان خستە سەر پێخەفەکانی ناو ژێرزەمینەکە، داپیرەشم لەسەر مێزەکە چای تێدەکرد. بەرمیلە زلەکانی نزیك دیوارەکە سەرنجیان ڕاکێشام، یەکسەر وشەکانی بەڕێز (ب) یان بیرخستمەوە:

" ئەگەر سەرخۆش نەبن ئەزیەت و ئازار بەکەس ناگەیەنن، من لەوەتی ساڵی ١٩١٤ وە چاکیان دەناسم "

"دا نابەزی پیاوە بچکۆلەکە؟ " باپیرم ئەوەی گووت بە زمانێکی شیرین. منیش لەسەر پلیکانەکانەوە تەماشام کرد لێم پرسی:
" باپیرە بەرمیلەکان بەتاڵ کراون؟ "

"ئینجا بۆ دەبێ بەتاڵ بکرێ؟ قسەی قۆر مەکە" ئەوەی گووت هەرچەندە بەتاڵیش کرابوون.

ئینجا هاتمە خوارەوە تۆڕی تۆپەکانیش لەسەر پشتم بوو، لە دوا پلیکانەکە وەستام وپرسیم:

“"کۆمەنستەکان کێن باپیرە؟" وادیار بوو باپیرەم واقی وڕما لەو پرسیارە، وەك بت لە شوێنی خۆی جوڵەی لێبڕا، وکەوچکەکەی لە بۆشایی ڕاگرت. هەموویان چاویان بڕییە من، باپیرم بە هێمنی و لەسەر خۆ وەڵامی دامەوە:

"دەباشە دەزانی گەر پێت بڵێم هەرگیز بڕوام پێناکەی . . . هەر چۆنێک بێت بۆچی خۆت بەوە خەریك دەکەیت؟"

" ئم، نازانم چی دەبوو ئەگەر من کۆمەنیست بوومایە؟ "

"گوێ بەو قسانە مەدە "

ئەو کاتە بایەخم بەوەڵامەکانی ئەو پرسیارانە نەدەدا، بەڵام ئەو ڕستەیە "گەر پێت بڵێم هەرگیز بڕوام پێناکەی . . " بەبەردەوامی لەگوێم دەزرینگایەوە.

# بەشی ٤

گوێمان بۆ ئێزگەکانی ڕۆژئاواو سۆڤیەت دەگرت. ئێزگەی مۆسکۆ بەزمانی هەنگاری گووتی هەڤاڵ ستالین بڕیاری ڕزگارکردنی هەنگاریای داوە. لەشکری سوور بەسەر کەوتوانە هەڵمەت دەبات، لە خوارو و ڕۆژهەڵات لەچیاکانی (کاربات) بەسەر کردایەتی جەنەڕاڵ (مالینوفسکی)، ولەکاتێکدا چەتە فاشیستەکان شپرزە بوون، و وردە وردە پاشەکشە دەکەن وداوای یارمەتی و فریا گوزاری دەکەن.

داپیرەم بەدەنگێکی کزەوە گووتی: "ڕۆڵەکانم چیمان بەسەر دێت؟ من خەمی خۆمم نیە، بەڵام ئێوە چیتان بەسەر دێت؟ دیسان ڕوس گەڕانەوە، ئەوەتە کۆمەنستەکان ئەلێرەن، دەزانی من و باپیرەتان چەند دەردو چەرمە سەریمان چێشت بەدەستیانەوە، لەکاتی حوکمڕانی ( بیلاکۆن ) لەساڵی ١٩١٩. هەر ئێمە دەزانین گەیشتنی ئەوان بۆ ئێرە مانای چیە، مانای هەژاری، وژیانێکی پڕ لە شەکەتی وچەرمەسەری، ومانای لە کیس چوونی ئەو دەسکەوتە کەمانەیە کە هەمانە. . . "

ئینجا داپیرەم بۆی گێڕاینەوە ، چۆن باپیرەم لەو ڕۆژگارە تاڵە بۆ دروێنە چوو بوو، وچۆن چینێکی باشیان لێدابوو ودەریان کردبوو، دوایی لەسەریان کردبوو کەوا دەستبەرداری بەرهەمی خۆی بێت، وچۆن گەڕایەوە بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك دروێنەکەی بدروێتەوە. بەڵام ئەوەی من دەمزانی ئەوەبوو کەوا ڕوسەکان سەرکەوتوو بوون وئەڵەمانیش ژێر کەوتوو، بەڵام نەم دەتوانی وێنەی مرۆڤی سەرکەوتوو لە خەیاڵم بکێشم، بەبێ ئەوەی مرۆڤێکی بە هێزو ڕوخۆش ودەم بەخەندە ولێبوردە نەبێت، وەك یاریزانە چاکەکانی تۆپی پێ، یان قارەمانەکانی بۆکسێن.

مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٤ مان بەتەواوی لەژێرزەمین بردە سەر. هەموو بەیانیان گرم و هۆڕ ئاسمانی دەتەنیەوە، بەهۆی بۆردومان کردنی تۆپ هاوێژەکان، تا دەهاتیش دیوارەکان درزیان زیاتر تێ دەکەوت. باپیرم چەند پارچە کاغەزێکی سیلیکۆنی جگەرەی لەدرزەکان دا، بۆ ئەوەی بزانێ ئایا درزەکان گەورە دەبن یان نا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەمان دیت کاغەزەکان درزیان زیاتر تێدەکەوت، کاغەزی سلیکۆنەکە بە هەردوو لێواری درزەکان شۆڕ دەبوونەوە. ئەو کاتە زانیمان مەترسیەکی تەواو هەیە لە سەر ڕووخانی خانووەکە، هەتا ئەگەر بۆمبایەکی تریشی بەر نەکەوێت. بەم پێ یە قۆڵمان لێ هەڵکرد بۆ هەڵکەندنی تونێلێك بمانبەستێتەوە بە پەناگاکانی هاوسێکانمان. پاش ئەوەی لە هەڵکەندنی تونێلەکە بووینەوە من و جودێتی خوشکم سەردانێکی خانووی سێیەمان کرد، لەوێ چاومان بە چەند هاوڕێیەك کەوت.

خانووەکەی ئەوان گەورە بوو، لە سێ چین پێک هاتبوو، نزیکەی شێست کەس لەو ژێرزەمینە تەسکە دا بوون. دەستەیەك لەسەر مافوور دانیشتبوون یاری قوماریان دەکرد، هەر لەوێ جلی منداڵەکانیان دەگۆڕی، وچێشتیشیان هەر لەوێ لێدەنا، وهات و هۆریایەکی زۆریان لێ بەرز دەبۆوە، دەتگووت بازاڕی مەزادە.

من وجودێت چوینە لای دوو خوشکەکەی (ف)، بێ ئەوەی بزانم بۆ، یەکسەر هەستم بە شەرم و دڵەڕاوکێ کرد، ئەو دوو خوشکە جمک (دوانە) بوون لەتەمەنی پازدە ساڵیدا بوون، من نەم دەتوانی لێکیان جیاکەمەوە. چونکە ڕەنگ وڕوخساریان زۆر لە یەکتر دەچوو، تەنانەت جل وبەرگی یەك ڕەنگ و یەك شێوەشیان لەبەر دەکرد، زۆر جاران ئەگەر لەگەڵ یەکێکیان قسەت کردبا وبە ناوی (ئەرانکی) بانگت کردبا، لە تریقەی پێکەنینی ئەدا و کڵاوە ئاوریشمەکەی بە توندی لە سنگت دەدا و دەیگووت من (میکیم)! لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هەر دڵنیا نەدەبوو، چونکە ئەو دوو خوشکە بە ئەنقەست ناوی یەکتریان دەگۆڕیەوە، بۆ دەسخەڕۆ کردن و گاڵتە پێکردن. جودێتی خوشکم بە چاوێکی گەورە

تەماشای ئەو کچانەی دەکرد، کە بەتەمەن لە ئەو گەورەتر بوون، بۆیە کاتێ ئەوان شەڕیان پێ دەفرۆشتم ئەویش لایەنگیری ئەوانی دەکرد:

" بووی بە کوڕێکی گەورە! دەی ماسولکەکانتم نیشاندە، دەی خێراکە هم م . . . هم . . ." یان دەیان گووت "بەخێرایی پێم بڵێ من کێم ماچێکت دەدەمێ!"

لە کۆتایی مانگی (دیسەمبەر) کانونی یەکەم ڕۆژێکی گەرم وڕوناك هەڵهات بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، هەتا هیچ پەڵە هەورێك بە ئاسمانەوە نەما. هەموو شتێك هێمن ولەسەر خۆ بوو، هەتا ڕۆژێکیان لە ژێرزەمینەکە سەرکەوتین تا چاوێک بە خانووەکەمان بخشێنین، دیتمان سەربازێکی هەنگاری وا لەسەر کورسیێک دانیشتووە، سەریشی لەسەر مێزەکە داناوە وکەوتۆتە خەوێکی قوڵ بە هێمنی وئاسپایی، ئێمەش لە دەوری کۆبوینەوە نەمان دەزانی چی بکەین، بەڵام وا دیار بوو جیرە جیرِی دارەکەی زەوی ڕای تەکاند و بە ئاگا هات. کاتێ سەری بڵند کرد بەبێ ئەوەی هیچ بکات، بەنیگایەکی کزو بێ مانا تەماشای کردین. جل و بەرگەکەی یەك پارچە تۆزو خۆڵ بوو، دەستێکیشی پێچرابۆوە. دواجار ویستی لەسەر پێ بوەستێ، بەڵام بورایەوە وکەوتە سەر کورسیەکە، ئەگەر باوکم باوەشی تێ نەگرتبا وەکوو کاریتەیەکی بۆش دەکەوتە خوارەوە.

باپیرەم گووتی: "کەمێك شەراب ونان وگۆشت بێنن"

سەربازەکە گووتی: "تکایە ببورن ئەم حاڵەتەم لەکەم بوونی خوێنە." بەدەستە لەرزۆکەکانی شەڕابەکەی خواردەوە، باپیرم پرسی: " خەڵکی کوێی؟"

" نیر جیهازا "

دەستی بڵند کرد ویستی زیاتر لەسەری بڕوات، بەڵام بۆ جاری دووەم دەستی کەوتە خوارەوە لە بەر بێ هێزی، بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوو، ئینجا دوبارە دەستی بە قسە کردن کردەوە و گووتی:

"حەوت جار زامدار کراوم. من لەسەر ئاوەڕۆی ڕوباری دۆن بووم، دەتوانم بڵێم لەژێر پردەکە بووم کاتێ تەقێنراوە. خۆم لە (کییف) دەجەنگام، ئێستا ئەو ماوەیە درێژەم هەمووی بەپێیان بڕیوە. کەس و کارم تەفرو تونا بوون، گەر ئێستا بکەومە چنگ ڕوسەکان یەکسەر بۆ سیبریام ڕەوانە دەکەن"

ئێستاش تابلۆ هەڵواسراوەکانی گۆرەپانەکەم لەیادە: زنجیرەیەك بێ کۆتایی لە گالیسکەکانی شمەک بار کردن، کە دوا گالیسکەیان هەڵگری مەرگ بوو، وداس وچەکوشێکی گەورەی لەسەر وێنەکە کێشرابوو، خەڵکێکی تێدا بار کرابوو بەرەو سیبیریایان دەبردن. باوکم باوەڕی بەو تابلۆ دڵ تەزێنانە نەدەکرد، نەوەك لەبەر ئەستەمی ڕودانیان، بەڵکو لەبەر ئەوەی متمانەی بەپڕوپاگەندەی ئەڵمانی وڕوسی نەبوو.

"جا بڵێ ئاوا؟" باپیرم ئەوەی لەبەر خۆیەوە گووت بەدڵەڕاوکێیەکی ئاشکرا.

سەربازەکە گووتی:"بەڵێ ئێوە نازانن کات ژمێر (سەعات) و ئافرەت مانای چیە لای ئەوان! گوێ نادەن ئەگەر کچێکی بچوک بێت یان داپیرەیەك بێت، هەتا خۆیان لە ژنی سک پڕیش ناپارێزن. ئەگەر پیاوەکانیش بە دەنگ بێن بێ یەك ودوو ئەکوژرێن. دێر وکڵێساکان گڵاو دەکەن، ڕێزی پیرۆزی ئەو شوێنانە ناگرن، ئەوان لە تەتار وچینیەکان بەدترن، لە پاش هەموو بەدکاریەدا تابلۆ هەڵدەواسن بە جۆرەها دروشم دەیرازێننەوە:

لەشکری سوری سەرکەوتوو سەربەستی بۆ هێناون، فاشیستی دڕندە لەلانەی خۆیاندا دەکوژین، کێ گوێ بە فاشیستەکان دەدات، چیان لێمان دەوێ؟ دەیانەوێ جوتیارەکانمان کۆ بکەنەوە هەتا بیان بەن بۆ کانە مسەکان."

باوکم بە سەرسوڕمانەوە لەبەر خۆیەوە دەیگووت "بۆ کانە مسەکان" بە چاوێکی زەق تەماشای سەربازەکەی دەکرد، کەوا دیار بوو ئەویش ئەندێشەی هەڵفڕی بووە سەر دیمەنێکی ترسناک وتۆقێنەر .

کاتێ فیکەکانی ئاگادار کردنەوەی بۆردومانە ئاسمانیەکان بە ئاسماندا بەرز بوەوە، داپیرەم بە پێش کەوت بۆ ژێرزەمین. باوکم سەربازەکەی بردە گۆشەیەك، وشتێکی چرپاندە گوێی، لە پاش چەند خولەکێك سەربازەکە هاتە ژێرزەمینەکە، بەڵام لەجیاتی جلە سەربازیەکەی جلێکی مەدەنی لەبەر بوو، باندجەکانیشی لە دەستە برینداەرەکەی داماڵیبوو. ودەستی خستبووە گیرفانی چاکەتەکەی. ئینجا نەختێک سوڕایەوە لەنێو بەرمیلەکان، چاوی دەگێڕا زۆر تورە دیار بوو، لە پاشاندا بێ ئەوەی ورتەی لە دەما بێت، ڕاکشایە سەر یەکێ لە مافوورەکان و کۆمەڵە پێخەفێکی بە خۆی دادا، وڕووی کردە دیوارەکە، ولەپاش دوو خولەک دا، پرخ و هۆڕی بەرزبوەوە، وتادەهات بەرزتریش دەبوەوە، هەرچەندە بۆمبا دەبارییە شەقامەکەی نزیك ماڵمان.

# بەشی ٥

دایکم تووشی دڵتەنگییەکی نامۆ ببوو، وەك پەتاییەك گەیشتە جودێتی خوشکم، هەروەها کچێکی هاوسێشمان کە ناوی تیرشی بوو، کە تەمەنی نزیکەی شازدە ساڵان بوو، بەڵام لە ڕووی نەشونمای جەستەییدا دوا کەوتبوو. ئەو کچە زۆربەی کاتی خۆی لە ژێرزەمینەکەی ئێمە دەبردە سەر. لەو ڕۆژگارانەدا ئافرەتانی بۆدابست لەترسی ئابڕوتکان پەنایان بۆ سێ شت دەبرد:

هەندێکیان خۆیان لەژووری بچوك دەشاردەوە، دەرگاکانیشیان دەشاردەوە، بەهۆی دانانی دۆڵابی جل وبەرگ لەبەر دەمیا، هەندێکیشیان جلی پیرێژنانەیان لەبەر دەکرد، وڕوخساریشیان ڕەش دەکرد، بەتەنی تا لەتەمەنی خۆیان گەورەتر دەرکەون، کچە بچوکەکانیش جلی کوڕانەیان دەکردە بەر.

ئێمەش ڕێگای سێیەمان هەڵبژارد بۆ جودێت وتیرشی، دەست بەجێ چوونە پشت پەردەیەك، بۆ گۆڕینی جل وبەرگیان. لەو کاتەدا بیرم لەو کارە پێکەنیناویانە دەکردەوە، زنجیرەی بیر کردنەوەم پچڕا، کاتێ دوو کچەکە کەوتنە خوارەوە، لەکاتی پێ خستنە دەلینگی پانتۆڵەکانیان، هەتا نەیان دەتوانی قۆپچەی چاکەتەکانیان دابخەن بەئاسانی.

من یەك بەدەنگی خۆم هاوارم کرد: "با دوو ناوی نوێشیان لێ بنێین بەخێر بێن، جۆنی و جۆی."

دایکم گووتی: "لەسەر خۆ بە، هاوار مەکە شورەییە بۆ زەلامێکی وەك تۆ وا گێل وگەلحۆ بێت "

داپیرەم لەو لاوە هەڵیدایەوە: " تەمێکردن وپەروەردەی مناڵ زۆر گرانە، ئەو فێری خوڕەوشتی جوان نابێت تا ڕوسەکان نەیگرن، هەر گوێشم پێی نەدا!."

گەورەکان هەردەم لە تەنیشت ڕادیۆ دا دادەنیشتن، گوێیان قوڵاخ دەکرد بۆ هەواڵەکانی مۆسکۆ و لەندەن، جاروبار کاتێ دڵتەنگ دەبووم ڕام دەکرد بۆ لای (لاکی) هاوڕێم، کە ماڵەکەیان لەنزیك ماڵمان بوو. خامۆشیەکی نائاسایی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو، تەنها گوێمان لە دەنگی زرم وهۆری تۆپهاوێژە هاوەنەکان دەبوو، کە لەدوورەوە دەنگیان دەهات. ناوە ناوەش ڕێژنەیەك گوللەی تاک تاکمان گوێ لێدەبوو. بۆیە ئەو هەل ومەرجە من ولاکی هاندا، بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە لەیاری تۆپی پێ.
پێش هەموو شتێك دەبوایە یەکێ لەتۆپە پەڕۆییەکانم بدۆزمەوە. کاتێ ئێمە سەرگەرمی گەڕان وپشکنین بووین بەدوای تۆپدا، گوێمان لە قیژەیەك بوو. دەنگی ژنێک بوو دەیقیژاند: "هاوارە یەسوعی مەسیح" هەر ئەوەندەمان گوێ لێبوو. سەرلەنوێ بێ دەنگیەکە باڵی کێشایەوە.

من ولاکی خۆمان هاوێشتە سەر زەوی، لەپشت یەکێ لەبەرمیلە دارەکاندا خۆمان شاردەوە، ئینجا چاومان بە شوێنەکە دەگێڕا، دیتمان دوو پیاو وا بەرەو ئێمە دێن، جلێکی نامۆیان لەبەر بوو لەپێشا نەمان دیبوو، هەتا لەزمانی ئاخاوتنیشیان نەدەگەیشتین. کە دەڕۆیشتن بەلادا دەهاتن، وکاتێ بەسەر پەرژینە شلۆقەکە سەردەکەوتن، هەستامەوە سەر پێ تاهێزم تێدا بوو ڕام کرد بەرەو ژێرزەمینەکەمان:

(ڕوسەکان) تاکە وشە بوو توانیم دەریبڕم.

"کوا ؟ لەکوێن ؟"

"لاکیش وەك من دیتنی ، لەنێو پەرژینەکە دەهاتنە ژوورەوە."

ئێستاش ئەو ترس وتۆقانەم لەبیرە، کە لە ژێرزەمینەکەوە بڵاوبووەوە بەو هەواڵە، بەڵام هێمنی خۆیان پاراست. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، دەتوت زۆر لەمێژە چاوەڕێی ئەو هەواڵەن،

وچاکیش خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، هەر یەکێك لە شوێنی خۆی دانیشتبوو بەبێ ئەوەی کەس ورتەیەکی لێوە بێت، هەروا بێدەنگ مانەوە بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك. تەنها کەسێك ئاگای لەو هەواڵە نەبێت سەربازەکە بوو، چونکە دەمێک بوو خەوی لێکەوتبوو. لەو کاتە گوێمان لەچەند دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵ بوو، لەگەڵ دەنگی هەنگاوی قورس و گران، دوو سەرباز لە دەرگای ژێرزەمینەکە بەدیار کەوتن. وەك دوو شەیتان، وایان لێکردم لەترسان لە ژیانی منداڵی باز بدەم بۆ ژیانی بە ساڵاچووان!

لەمن درێژتر نە دەبوون، دەم وچاویان پڕی چاڵ وچۆڵ بوو. دوو برۆی ئەستور وپانی بۆریان پێوە بوو، لەگەڵ سمێلێکی فشی بێ ڕەنگ. وەك دوو پیرەمێرد لە پلیکانەکان هاتنە خوارەوە، تفەنگەکانیان چی نەمابوو بەر زەویەکە بکەون، دوو هەگبەکانیان (جعبە) لە قایشەکانیان ئەلەرانەوە. بە زەردەخەنەیەکی فراوان ژمارەی چاڵ وچۆڵی ڕوخساریان زیاتر بوو، دەسبەجێ دەستیان کردە گەڕان وپشکنین لەناو ژێرزەمینەکە.

لەبەر ئەو ساتە نالەبارانەی ئەو کاتە، باپیرەم نەیتوانی وەڵامی زەردەخەنەکەیان بداتەوە، یەکێکیان بەقسە هات وگووتی:

" ئا . . ئا . . . فۆنیا بلۆها . . . ئۆتشن بلۆها . . . شۆرت فاسمی ! "

هەتا ئەگەر باپیرم یەك دوو وشەی سلۆفاکی نەزانیبایە، هەروەها ئەگەر دوو سەربازەکەش لەتریقەی پێکەنینیان نەدابایە، واماندەزانی کەوا نەفرەت دەکەن لەو جەنگ و کوشتارەی، کە هەموو گەلانی تووشی زیان وماڵوێرانی کردووە.

یەکێکیان بە گاڵتە دەستی لە شانەکانی داپیر وباپیرم دەدا خۆی نەرم ونیان دەنواند ودەیگووت: "مامکا ! مامکا ! بابا! نیتشیفۆ! هتلەر کابوت! فاشیست کابوت" ڕوسیەکەی تر زۆر بەڕێزەوە، پارچەیەك گۆشتی پێچراوی لە هەگبەکەی دەرهێنا لەسەر مێزەکەی دانا بەزمانی ڕوسی گووتی: "سەربازی ڕوسی چاکە! لێی مەترسن!"

سەربازەکە دەیویست خۆی ڕوح سووک نیشان بدات، وقنجێکی دایە ڕومەتی جۆدیت وگووتی:"سلافینسکی! ئوتشن!" وای زانی کوڕە، بەڵام سەربازەکەی تر لەژێرزەمینەکە دەسوڕایەوە بست بە بست دەیپشکنی، باوکم سەرێکی لەقاند، بۆ باپیرم تا تەماشای هەگبە هەڵواسراوەکەی تەنیشت سەربازەکە بکات .

هەگبەیەکی سەربازی هەنگاری بوو کە پڕ بوو لەکاتژمێری دەست وکاتژمێری سەرمێزی جۆراوجۆر. کاتێ یەکێکیان دەگەڕا بە ئەلەکتریکێکی کارەبایی پێخەفەکەی لەسەر سەربازە هەنگاریەکە هەڵدایەوە، بە ئەلەکتریکەکە تەماشای ڕوخساری کرد، وا دیار بوو زگی بە ڕوخساری کاڵ وکرچی سەربازەکە سووتا بۆیە گووتی: "بیدننکی! بیدننک"![2]

باوکم هەوڵی دا ئەو چەند ووشە سلوفاکیەی کەفێری ببوو فریای کەوێت گووتی: "پولنی، پولنی! ! ! !"

ڕوسیەکە بۆی ڕاست کردەوە: " پولین! ! ! !"

پێخەفەکەی بەسەر سەربازەکە دادایەوە، و ڕووی وەرگێڕایە داپیرەم ولێی پرسی: "شتو ، پولین ، بیدننکی ! فاش سین؟! ! ! "

داپیرەم بەبێ سڵەمینەوە گووتی: "بەڵێ، ئەوە کوڕمە."

"نۆدا . . . نۆدا . . . خاراشۆ" ئەوەیان گووت بە هەنگاوی قورس وگران لە ژێرزەمینەکە چوونە دەرەوە هەر وەك چۆن لەجاری یەکەمدا هاتن بەهەنگاوە قورس و گرانەکانیان.

---

[2]- ئەو گفتوگۆیانە وەرنەگێڕدرابوون لە کتێبە عەرەبیەکەش!

# بەشی ٦

یەکەم بە یەکگەیشتنمان لەگەڵ ڕوسەکان ڕادەی گرژی وترسانی لەلاماندا کەمێك کەمکردەوە، بەشێوەیەك منیش هەستم پێ کرد. وێنەی ئەو دوو کورتە باڵایە ڕوخۆشانە، لەگەڵ ئەو وێنەیەی کەمن لەخەیاڵمدا بۆیانم کێشابوو هاودژ بوون. ئەو سەردانەی یەکەمی ڕوسەکان بیرۆکە پێشداوەریەکانی هەندێک لەگەورەکانی لای ئێمە گۆڕی، جگە لە سەربازە هەنگاریە هەمیشە نوستوەکە نەبێ .
هەرکە دوو سەربازە ڕوسەکە ڕۆیشتن، گورج ڕاپەڕی بە باوکمی گووت: "تکات لێدەکەم، ئەگەر ناتەوێ مەرگم ببینیت، لە شوێنێک بمشارەوە" من لە شوێنی خۆمدا پەشۆکام هەروەها خێزانەکەمان شڵەژان. وەك پێشتر گوێمان لە دەنگی هەنگاوە قورسەکان نەدەبوو لە نهۆمی سەرەوە بەڵام بێ دەنگی ببوە هۆی جاڕسی ودڵتەنگیمان. سەربازەکە لە جلە ڕەشەکانی هەموو لەشی وەك بی ناو ئاو دەلەرزی، چونکە ئەو سەربازانەی لە ناوچەکانی دون وکییف جەنگا بوون لە ئێمە زیاتر شارەزای ڕوسەکان بوون.

لەبیرم نیە باوکم لە وەڵامدا چی گووت، بەڵام باپیرم لە هیکڕا (ناکاو) دا هاتەوە لە ئەرزی ژوورەکە دەرگایەکی کردەوە کە ئاوەڕۆیەکی داپۆشتبوو، دەسبەجێ سەربازەکە چوە ناوی، کەمێك خۆی چەماندەوە، ئینجا توانیمان دەرگاکەی لە سەر دا بخەین.

باوکم دەستی کردە بڵاوکردنەوەی پوش وپەڵاش لە ژورەکە بەڵام هێشتا تەواوی نەکردبوو مێزەکەشی لەسەر شوێنی دەرگاکە دا نەنابوو کاتێ گوێمان لە ڕمبە ڕمب وژاوە ژاو بوو لە نهۆمی سەرەوە.

باوکم گووتی: "هەر یەکێك با بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی."

هێشتا قسەکەی باوکمان جێبەجێ نەکردبوو، کاتێ گوێمان لە دەنگی دەستڕێژی گوللە بوو. دایکم لە ترسان دەستی بە ملیەوە گرتبوو، ئێمەش هەناسە بڕ ببووین. نزیکەی دەرزەنێك سەربازی ئۆکرانی، هەڵیان کوتایە سەر ژێرزەمینەکە بەهات و هۆریایەکی زۆرەوە. هەموو کوڵمیان سوور هەڵدەگەڕا، گەلێک چوست وچالاک بوون بە پێچەوانەی دوو کورتە باڵاکەی یەکەم جار، چەکەکانیان لولە بەرز هەڵگرتبوو هاواریان دەکرد:

"فاشیست ! فاشیست! "

دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد. باپیرم و جۆدیتیان وەك بوکە شووشە بە پاڵێک خستە لایەك، پێخەفەکانیان بەو گۆڕە وەرکرد، یەکێکیان دەسڕێژێکی لە پوش وپەڵاشەکان کرد، یەکێکی تریان دەسڕێژێکی لە بەرمیلە بە تاڵەکان کرد، دەنگی دەستڕێژەکە زۆر ترسناك بوو. لە ترسان سەرم خستە باوەشی دایکم.
دوایی دەستیان کرد بە غلۆر کردنەوەی بەرمیلەکانی نزیك دیوارەکە، تەماشای پشتی بەرمیلەکانیان دەکرد بە لایتەکانی دەستیان .
بەرمیلەکان زۆر بە خێرایی غلۆر دەبوونەوە و بەر مێزو کورسیەکان دەکەوتن. سێ بەرمیل هەر بەتەواوی لە سەر دەمی ئاوەڕۆیەکە وەستابوون. باش بوو هیچ یەکێکیان بیری نەدەکردەوە کەوا لە ژێر ئەو بەرمیلانە سەربازێک خۆی حەشار داوە. بەڵام ئەو کاتە ئێمە خەریکی بازدان و خۆلادان بووین لە بەرمیلە غلۆر بوەکان.

یەکێ لە سەربازەکان بە ڕووی باپیرم هاواری کرد، وا دیار بوو سەرۆکیان بوو: "فاشیست، فاشیست! کوا، لە کوێت شاردۆتەوە؟"

قۆڵی باپیرمی گرت و بە توندی ڕای دەتەکاند، بە دەنگێکی بەرز دەیپرسی "هەی بەراز، هەر ئێستا دەتکوژین، ئەگەر پێمان نەڵێی لە کوێیە. کوانێ؟ لە کوێت شاردۆتەوە، ئەوە بۆ وەڵام نادەیتەوە هەی سەگ باب، ئێستا بە زیندوویی پێستت کەوڵ دەکەین!"

سەربازەکە لە گەرمەی هاوار وهەڕەشەکردن بوو لەگەڵ باپیرم، کاتێ بەرمیلێک بە خێرایی غلۆر بۆوە و بەر پێی کەوت و خستیە خوارەوە، وا بزانم ئەو بەرمیلە ژیانی باپیرمی ڕزگار کرد، چونکە کاتێ ئۆکرانیەکە کەوتە خوارەوە یەکسەر ئاوڕی دایەوە پشتەوە، بەرەو یەکێ لە هاوەڵەکانی چوو، زۆر بە دڕندانە هەڵی کوتایە سەر وجوێن بارانیشی کرد.

ئێستاش نازانم ئایا بەرمیلەکەی بە ئانقەست غلۆر کرایەوە، بۆ پاك لە پاككردنی حیسابێکی کۆن، یان هۆکارێکی تری لەدوا بوو، بەڵام هەر چۆنێک بێت بەرۆکی باپیرمی بەردا و هەڵی کوتایە سەر هاوەڵەکەی. ئەوانی تر ناو بژیوانیان دەکردن ولێکیان دەکردنەوە، سەربازە پەلامار دراوەکەش سوێندی دەخوارد کەوا مەسەلەکە بۆ سەرکردایەتی بەرز دەکاتەوە.

پاشان بە خێرایی لەناو ژێرزەمینەکە چووە دەرەوە، یەکێکیانیش پێدەکەنی کاتێ ئەو ڕای دەکرد بۆ دەرەوە، جا نازانم چوو بۆ شکایەت کردن لەسەرکردایەتی یان نا، بەڵام سەربازەکانی تر بە دوای کەوتن هەمویان لەژێرزەمینەکە چوونە دەرەوە. کاتێ دڵنیا بووین هەموویان ڕۆیشتن، بەرمیلەکانمان لە سەر دەرگاکە لابرد، هەنگاریە هەڵاتووەکەمان بەرز کردەوە. لە جاران زیاتر ڕەنگی سیس هەڵگەڕابوو، دەتگووت پەڵکی پیازە، قژیشی تەونی داپرۆچکەی پێوە شۆڕ ببوەوە. لە سەر خۆدا گووتی: "زۆر سوپاستان دەکەم ، خوا لەبیرتان ناکات. " دەستی باوکم و باپیرمی توند گوشی باپیرم لێی پرسی: "ها ئێستا چی دەکەی؟"

"ناتوانم زیاتر لێرە بمێنمەوە"

**بەرەو دیوار چوو ئەو شوێنەی سندوقمان لێ دانابوو، بۆ شاردنەوەی دەروازەی دووەمی ژێرزەمینەکەمان، کەمێك لە تاریکی چاوی گێڕا ئینجا سندوقەکانی لادا، و لە دەرگاکە چووە ژووریَ. ئێمەش سندوقەکانمان وەك خۆی داناوە، ئیتر نەمان دیتەوە.**

# بەشی ٧

باوکم بە خێرایی خۆی گەیاندە دوو کەمانجەکەی، دەترسا لەوەی بە غلۆر کردنەوەی بەرمیلەکان شکا بن، بەڵام باش بوو ساغ و بێ زیان مابوون. باوکم دوو کەمانجەکەی بەرز کردەوە زۆر بە دڵخۆشیەوە تەماشای دەکردن، بەڵام ژنەکان سرەوتیان نەبوو، چونکە ترسی دوو بارە هاتنەوەی سەربازە کورتە باڵاکانیان هەبوو، شان بە شانی سەربازە ئۆکرانیەکان، بۆ گەڕان بەدوای سەربازە هەنگاریەکە.

چەند هەواڵێکمان پێگەیشت دەربارەی بەردەوام بوونی کوشتار لە نزیکمانەوە. ئەڵمانەکان لە یەکێ لە ناوچەکان پاشەکشەیان کردبوو، دوایی هێرشێکی چڕیان کردبوە سەر ڕوسەکان. ئێمە لە ژێر گۆڕەپانی کوشتار دا دەژیان، بەبێ ئەوەی بزانین کێ دەست بەسەر گۆڕەپانەکە دەگرێت وباڵا دەست دەبێت. من وجۆدیت خۆمان هەڵنەدەقورتاندە گفتوگۆی گەورەکان، یان بەبێ داواکردنی ڕوخسەت نەدەچوینە دەرەوە لە ژێرزەمینەکە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگاردا، وامان لێهات بەبێ مۆڵەت لەژێرزەمینەکەمان بچینە دەرەوە، بەرەو ژێرزەمینی خانووی سێیەم، بۆ لای دوو خوشکە دوانەکە (میکی و ئەرانکی). لەوێش هەر دەربارەی دژە هێرشی ئەڵەمانەکان، هەروەها دەربارەی لەکورتدانی خواردەمەنی وسەردانی ڕوسەکان بۆ ژێرزەمینەکان دەدوان، باوکی دوو کچە دوانەکە وەستای ئاگردان بوو، وهەروەها سەرپەرشتیاری ئەمبارەکانی خواردەمەنی بوو لە ناوچەکەدا.

لەسەر مافوورەکە چەند پارچە قردێلە، و خشڵی کەم بەهاو، وچەند گۆڤارێکی کۆن بەولاو بەم لا بڵاو ببوونەوە، هەردوو خوشکە دوانەکە دەستیان بە لەخۆ خەفتن (بایەخ بە خۆدان) کردبوو چونکە لاوانی دەوروبەریان بایەخیان پێ دەدان.

بەڵام ئەوەی جێگای داخ بوو، ئەو دوو کچە تازە فێری ئارایشت و پۆدرە بەکارهێنان ببوون، کەچی لەجیاتی ئارایشت کردن دەبوایە تەنی ڕەش لە ڕوخساریان هەڵسوون ،هەتا خۆیان لەجلی دوو پیرەژن بشارنەوە.

قژە ئالخورماییەکەیان لەژێر لەچکەکی کۆن کۆکردبوەوە، ودوو کراسی کۆنیان لەبەر کردبوو، لەکراسی داپیرەمیان دەکرد. بەڵام نەیان دەتوانی زەردەخەنە گەنج و ئاڵەکەیان بشارنەوە. هەر دەتوت دوو ئەکتەر بوون، ڕۆڵی دوو پیرێژن دەگێڕن بۆ کۆمیدیا وتەنز وپێکەنین. باسی دوو سەربازە کورتە باڵاکانیان دەگێڕایەوە، چونکە سەردانی ئەوانیشیان کردبوون، لاساییان دەکردنەوە بە دەنگێکی لەرزۆک و شپرزەوە. تاو بۆ تاوێ، دایك و باوکی دوانەکە هاواریان دەکرد:

" لەسەر خۆبن مناڵەکان!"

بەڵام ئێمە گوێمان پێیان نەدەدا، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەوان گەڕابووینەوە بۆ جیهانی مناڵان، ئەو جیهانە ئەندێشەییەی کە هەرگیزا وهەرگیز یاری تێدا نەدەبڕایەوە، تا ڕابکەین لە جیهانی واقیعی تاڵدا، جیهانی جەنگ ئامێزی ترسناکی گەوران، ئێمە هیچ ماندوو نەدەبووین لە یاری کردندا لەگەڵ میکی و ئەرانکی، ئەوانیش هەرگیز بێزاری خۆیان دەر نەدەبڕی لەگەڵ ئێمەدا.

ئەو دوانەیە لەگەڵ ئەوەیدا سنگیان بە ئاشکرایی لە ژێر جلەکانیان خڕ کردبوو، هەروەها بەژن و باڵایان ڕێک و پێکتر ببوو لەجاران، بەڵام هێشتا لەناخەوە دوو مناڵ بوون، هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەدەدا بۆ یاری کردن.

"چ گۆرانیەك بڵێین مناڵینە؟"

"میکی گیان ، گۆرانی (بیتکبو تیکا ) بڵێ " یەکێ لەوانەی دەنگی میکی پێ خۆش بوو ئەوەی گووت، وا دیار بوو لەوان بچوکتر بوو.
ئەو کچەی تەنی لەڕووی خۆی هەڵسوبوو گووتی: "من ئەرانکیم ، هەی کەرە... دەی هەر چۆنێک بێت منیش دەتوانم ئەو گۆرانیە بڵێم."

" تکایە ئەرانکی، گۆرانی (بیتکبو تیکا) بڵێ دەربارەی موژدە دەرەکان، وئەو پێست ڕەشەی ژنی خۆی خواردبوو!"

" نەخێر ئەوەیان نا ، یەکێکی تر!"

"لەسەر خۆبن مناڵەکان"

یەکێکی تر گووتی : "ئەو گۆرانیە ناخۆشە، گۆرانی فرانیو نامیریکا بڵێ!"

"میکی ئەو گۆرانیە دەزانێ ."

" تکایە میکی ، گۆرانی فرانیو نامیریکامان بۆ بڵێ!"

میکی دەستی بە گۆرانی گووتن کرد بەدەنگێکی گاڵتە جار:

فرانیو نامیریکا پیاوێکی چاکە
لە پاشە ڕۆژ دەوڵەمەند دەبێت وەك کانی زێڕ
دایکە بەبێ هوودە چاوەڕێ مەکە بەدرێژایی شەو
چونکە من بەو زوانە دەبمە پاشا

میکی لەکاتی گۆرانی گووتندا، پێکەنینێکی گاڵتەجارانە لەسەر ڕوخساریدا خۆی نیشان دەدا، وئەرانکی یش ڕیتمەکەی ڕێکدەخست بە قوتوویەکی بەتاڵ. هەر چۆنێک بێت دایکیان ئارامی لێ بڕاو قیژاندی بە سەرماندا:

"ئەوە چیتانە، شێت بوون، بێ دەنگ بن ئەگینا. . . "

بەڵام دەسرێژێکی گوللە ئەو هەڕەشەیە توونذ و ناسکەی پێ بڕی.
دەنگی گوللەکان دەتوت ڕاستەوخۆ لە پشت دەرگای ژێرزەمینەکەوە دێن. لێپرسراوی ساختمانەکەمان پیاوێکی بە تەمەن بوو، مامۆستای قوتابخانە بوو، بە دەنگێکی نەرم ولەسەرخۆ گووتی:

"خوشك و برایان پێویستە هێمنی خۆمان بپارێزین هەرگیز نەشڵەژێین!"
ئەو ڕستەیە بێهودە بوو، چونکە ئێمە لەترساندا وەك پەیکەرێکی ئاسن هەست و نەستمان لێ بڕابوو.

ڕوسێکی کەڵەگەت لە دەرگاکە ڕاوەستا، جلەکانی بە قوڕ سواق درابوو، دوو گوێی کڵاوە خوریەکەی بەلادا هاتبوون. ڕوخساری چەند وردە برینی بجوکی تێدا بوو، بە دەستێک چەکەکەی و بە دەستەکەی تریشی شوشەیەك کۆنیاکی هەڵگرتبوو. کاتێ هاوەڵەکانی لە دەورو پشتیدا کۆبوونەوە، شوشەکەی هەڵدایە سەر زەوی ووردو خاش بوو.

نزیکترین کەس لە ڕوسیەکە، پیرەمێردێکی بەرگ دروووو ڕاوەستابوو. دەم و چاوی زەرد هەڵگەڕابوو، لە ترسانا دەمیشی بەش کردبۆوە. وا دیار بوو ڕوسەکە پێکەنینی بە دەمی کراوەی پیرەمێردەکە دەهات، بۆیە لولەی چەکەکەی لەژێر گەردەنی داناو، بەرزی کردەوە هەتا دەمی داخست.

نزیکەی ( ٣٠ ) سی ڕوسی لەژوورەکە کۆبوونەوە، هەموویان پیس وپۆخل وسەرخۆش بوون، لەشیان ڕێکتر وباڵابەرزتر بوون، لەوانەی کە لە پێشتردا بینیمانن، سەرکردەکەیان دەمی کردەوە وبەهاوار کردنەوە نەڕاندی:

"سفولوتش! نیفۆدی″ هەی پیس و چەپەڵینە !"

ئینجا تفەنگەکەی بەرز کردەوە، ئێمەش پەرش وبڵاو بووینەوە لە ژێرزەمینەکە. هەستمان وەك هەستی نێچیرێکی ژێر چنگی شێر بوو، کە بەو پەڕی لاوازی و شڵەژاویەوە چاوەڕێی ئازاری چڕنوگ وکەڵبە تیژەکانی دەکرد. سەرکردەکەیان پاڵێکی توندی بە مامۆستا پیرەکە وەنا، خستیە سەر یەکێ لە سندووقەکان. دوایی کەوتە خوارەوە وچاویلکە بەهادارەکەی لێکەوت. خۆی داهێنایەوە بۆ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێ، کاتێ دەستی کەوتە سەر، یەکێ لەسەربازەکان لەقەیەکی لێدا بەرەو هاوڕێکانی تری، ئەوانیش هەپڕون بە هەپڕونیان کرد بە پۆستاڵەکانیان!

ڕوسەکان بوون بە دوو دەستە، دەستەیەکیان دەستیان بەگەڕان و پشکنین کرد بەدوای کاتژمێری دەستی. سەرکردەکەیان هاواری کرد:

"تشاسی! تشاسی!" ( کاتژمێرەکان! کاتژمێرەکان! )

ئینجا دەستی پیاوەکانی ناو ژێرزەمینەکەیان ڕووت کردەوە لەکاتژمێرەکانیان. هەر کاتژمێرێکی دەسکەوتبایە بۆ ماوەیەك هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکرد، ئەگەر بە دڵی بوایە دەیخستە هەگبەکەی، ئەگەریش نا بۆ پیاوەکانی هەڵدەدا. یەکێکیان دوازدە کاتژمێری زەنگداری بە بەنێک وەك ملوانکە بە ملی خۆیدا هەڵواسیبوو، یەکێکی تریان کاتژمێرێکی دیواری بە قایشەکەی بەستبوو، بە لا تەنگەی شۆڕ ببۆوە، لەکاتی هەنگاو نانی بەر پێی دەکەوت.

دەستەکەی تر لە سەربازەکان، لەگەڵ زۆری ژمارەشیان هەر دەست بەتاڵ نەبوون، کەچی بەدوای کاتژمێریش نەدەگەڕان، چونکە ئافرەت لە لایان گرنگتر بوو. ڕوبژێرێکی ئافرەتەکانیان کرد و ئەوەی بە کەڵکی مەبەستی گڵاویان نەدەهات، خستیانە لاوە بە پاڵێکی تووند، لەگەڵ تریقەی پێکەنینەوە، ئەوانیش بەخێرایی ڕایان دەکرد لەبن دەستیان وەك بڵێی لە زیندانی تاریکدا ڕزگاریان دەبوو. من و جۆدێتیشیان جیا کردەوە لە کۆمەڵە ژنەکان، وایانزانی جۆدێت کوڕە، بەڵام دوو خوشکە دوانەکە هێشتا جیا نەکرابوونەوە، سەربازێکی ڕووخۆش لە ڕوسیەکان، کە لاوێکی تەمەن بچوک بوو، پەنجە خرپنەکانی بەسەر ڕووی دوو خوشکەکە داهێنا، دەمودەست هێلێکی سپی بەدوای خۆی لەسەر ڕوخساری کچەکان دروست کرد، ئینجا لەچکەکەی لەسەریان دا لابرد، قژی ئالخورمایی یان وەك شەپۆلی ئاو هەڵبەزو دابەزی کرد.

ڕوسیەکە هاواری کرد: "داڤای" ئەوانی تریش دەستیان کردە هورا کێشان و فیکە لێدان، بۆ ئەو دۆزینەوەیە مەزنە، هەتا ئەوانەی بەدوای کاتژمێر وڕاوە ڕووتی دا دەگەڕان، دەستیان لەکار بەردا بۆ ئەوەی بزانن چی ڕویداوە، بەڵام دەسبەجێ بۆ کارکردن گەڕانەوە بەبێ خەم و خەیاڵ، هەروەك بڵێی کاتێکی بەتاڵی زۆریان هەبێت، یان وەك یەکێك بلیتی شانۆگەرێکی مسۆگەر کردبێت، لەناو ئەو حەشامەتەی نۆرەیان گرتوە لەبەر پەنجەرەی بلیت بڕیندا. قژە زێڕینەکەی ئەرانکی هەردوو شانی داپۆشیبوو، ڕوسیەکە دەستی بۆ ناو سنگی کراسەکە شۆڕکردەوە، دەستە کووتەی دەکرد وەك یەکێك لە تاریکی بەدوای دوگمەی زەنگی دەرگای دەرەوە بگەڕێت.

گووتی : "خاراشنکا! " ( زۆر جوانە ! )

دوو خوشکەکەم دیت، لەترسان سور هەڵگەڕابوون، ڕوسیەکەش بە دەنگێکی بەرز دەینەڕاند وشەی پیس و بێ ڕەوشتی بە کۆمەڵ لە دەم دەردەچوو. ئینجا دەستی نایە ملی کراسەکەی وەك قەسابێکی پسپۆر جلەکەی بەیەك کردە لەبەردا کەوڵ کرد، ئەرانکی نیمچە ڕووت بوو هەوڵی دەدا بە پەنجە لەرزۆکەکانی ئەوەی بتوانی داپۆشێ.

"دا ... ڤا ... ی" سەرکردەکە بە دەنگێکی بەرزتر ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە ئینجا چەکەکەی بە دیوارەکە هەڵواسی.

"داڤای سکامایکی!" سەرکردەکە ئەوەی گووت پەنجەی درێژ کرد بۆ کەرەوێتە درێژە لە دار دروست کراوەکان. لەچاو تروکانێکا چوار کەرەوێتیان دوو دوو جووت کرد، ودوو چوار پایەیان لەناوەڕاستی ژێرزەمینەکە دروست کرد.

ئینجا بە هەمان خێرایی جلی میکی یان کەوڵ کرد، وا دیار بوو ڕوسیەکە پسپۆر بوو لە ڕووت کردنەوەی ئافرەتان. دوو کچەکە لە ترسان سام گرتی ببوون دەست وەکەریان دەکرد، و جلە دڕاوەکانیان بۆخۆیان کێش دەکرد بەڵام هەشت ڕوسی هەوڵەکانیان پووچ دەکردنەوە.
پیرەمێردێک لە ئێمە خۆی بۆ نەگیرا هاواری کرد:

" منداڵەکان، منداڵەکان ڕوتان بۆ دیوارەکە وەرگێڕن."

ڕوسیەکە بێ بەزەیانە شەقێکی تێ هەڵدا خوێن لە دەم و لوتی فیچکەی کرد و نەڕاندیە سەریشی: "مورداتکایا!" (ئەی تاوانبار!)

من و جۆدێتی خوشکم وەك پەیکەری بێ جووڵە ڕاوەستا بووین تەماشای ئەو دیمەنانەمان دەکرد، ئافرەتەکانیش بە دەنگێکی نەرم دەنوزانەوە، زۆر دەترسام نەم دەزانی چی ڕوو دەدات لە دەورەی ئەو کەرەوێتانەی کە سەربازەکان دەورەیان دابوون، بەڵام لە ئێش و ئازاری گەورەکان، وقیژاندنی دوو خوشکەکە دەمزانی بەدکاریەك ڕوو دەدات، دەسکردنەوە لەو جۆرە هەڵوێستانە بەلای من بە مرۆڤی ئاسایی نەدەکرا، ناوە ناوە چوار پەلی دوو دوانەکەم دەدیت دەنوشتانەوە، بەڵام هەست و خوستیان لێ بڕابوو.

پێش پێنج خولەك میکی بە چاوە شینە بریسکەدارەکانی، کە هەرگیز نەدەکران لەسەر شێوەی پیرێژندا بشاردرێنەوە، بەدەم پێکەنینەوە گۆرانی (فرانیو نامیریکا پیاوێکی چاکە ) ی دەگووت.

ئینجا سەرکردە قەوقازیەکە وازی لەڕاوە ڕووتی کاتژمێر هێنا، هاواری کرد وداوای نۆرەی خۆی کرد لەسەر کەرەوێتەکان، لەگەڵ قسەکردنی قایشی پشتی دەکردەوە کاتێ خاتوو ( د . ) هێرشی بۆ برد وەری گەڕایێ بە مستان و دەی قیژاند:
"بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە، هەی بەچکە شەیتانینە، هەی نەفرەتی خواتان لێ بێت!"

لە ڕقانە وەك شێتی لێهاتبوو، گوێچکەی ڕوسیەکەی توند گرتبوو، ئەویش بەیارمەتی دوو سەرباز خۆی لە دەستی ڕزگار کرد، و بەرەو سوچێکیان برد لەوێ ئەویشیان ڕووت کردەوە، لەبیرمە خاتوو ( د . ) ژنێکی قەڵەو بوو، ئینجا ڕوسەکان وەری گەڕانێ بە شەق و پێلاقە، هەتا وەك گردۆڵکەیەکی هێمن دانیشت دەلەرزی ودەگریا. لەکاتێکدا هەمومان تەماشای ئەو دیمەنەمان دەکرد دیتم دایکی دوو خوشکە دوانەکە، نیگاکانی بەبێ تروکاندن ئاڕاستەی سەر کەرەوێتەکان کردبوو، وفرمێسکەکانیشی بەسەر ڕوومەتی خل ئەبوونەوە ناو دەمی. هەندێکیان وازیان لە کەرەوێتەکان هێنا، ئینجا خۆیان توندو تۆڵ دەکردەوە بەرەو دەستەی ڕاوە ڕوتی کاتژمێر چوون بۆ سەودا کردن لەسەر ئەوانەی دەستیان کەوتبوون. هەندێکی تر هێشتا چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکرد لەسەر کەرەوێتەکان، لەسەر نۆرە بڕین کێشەیان دەکرد، ناوە ناوە قومێکیان لە بتڵەکانی دەستیان دەدا!!

لەدوای کەمێك دوو کەرەوێتەکانیان لە یەکتری جیاکردەوە، ئەرانکی کەوتە خوارەوە. گوێم لە دەنگی بەرکەوتنی سەری بە زەویەکە بوو، لەئێشانا دەنوزایەوە دەتگووت گیانەڵڵای دەکرد. هەتا دەستەی ڕاوە ڕوتی کاتژمێرەکان بۆ ساتێک ڕوویان وەرسوڕاند بۆ ئەوەی بزانن چی ڕوویدا. بەڵام ڕوسیەك لەگەڵ ئەرانکی بوو لەسەر ئەرزەکە، هەروەك بڵێی

ئاگای لە هیچ نەبێت کاتێ هەڵسایەوە پێی لە کەرەوێتەکان گیربوو کەوتە خوارەوە، هاوەڵەکانی تری لەتریقەی پێکەنینیان دا، دایکی ئەرانکی بەرەو کچەکەی ڕایکرد.

بەڵام ڕوسیەك ڕێی پێگرت بەتووندی پاڵێکی پێوە نا کەوتە خوارەوە لە پرمەی گریانیدا. فرمێسکەکانی بەخووڕ دەهاتنە خوارەوە، هێشتا دایکی ئەرانکی دەنگی نووزە نووزە ڕێکەکەی لێ بەرز دەبۆوە، کاتێ دوایین سەربازی ڕزگارکەر لەسەر کەرەوێتەکە هەستا و هەموویان پێکەوە چوونە دەرەوە. ئەو دوو دوانەیەی کە گاڵتەو گەپیان بەهەموو کۆبانیا بڵاو دەکردەوە، ئێستا شێلراون و پوکاینەوە بە بێ هەست و خوست لەناو کەرەوێتەکان.

پاش ئەوەی نزیکەی (٣٠) سی سەرباز ئارەزووی گڵاوی خۆیان پێیان رشت. هیچ جووڵە وبزوێنێکیان تێدا نەمابوو، بۆیە من دڵنیا بووم کەوا هەردوکیان تەواو ببوون. هێشتا کوشتار گەرم بوو لەشەقامەکانی دەورو بەرمان، بۆیە هیچ هیوامان نەبوو لە ئامادە کردنی پزیشکێك. یەکێ لە گەورەکانم دیت سەرێکی خوێن پژاوی دەرمان دەکرد، ئینجا دوو خوشکەکەیان لەسەر دوو دۆشەگ ڕاکشاند وبە پێخەف دایان پۆشین.
من و جۆدیت دوایی بەبێ دەنگی و باڵ شکاوی گەڕاینەوە بۆ ژێرزەمینەکەمان، دوایی بەر گوێم کەوت کەوا ئەرانکی ئێسکی کەللەی سەری شکابوو (میکی) شیان پاش پێنج ڕۆژ بۆ نەخۆشخانە بردبوو. هەروەها ئەرانکی پاش دوو مانگ لەچارەسەر کردن لە نەخۆشخانە گەڕابۆوە.

# بەشی ۸

ئەڵمانەکان لەشەقامەکانی دەوروبەرمان گەڕابوونەوە ڕوسیەکانیان ڕاو دەنا، خواردن بە دەگمەن دەست دەکەوت، تا دەهات لە کورتی دەدا، لەو ماوەیەدا ڕوسیەکان چەند جارێک سەردانیان کردین، بەڵام ئەو جارە بەدوای خواردن دەگەڕان ئەو کەمە خواردنەی مابوو بردیان چونکە گۆشت هەر لایقی بازە.

ئینجا بەڕێز (ف) لێپرسراوی ناوچەکە سەردانی ژێرزەمینەکانی دەکرد یەك بەدوای یەك پێیانی دەگووت:

"خواردنمان زۆر لە کورتی داوە، داوا لە هەمووان دەکەم خواردنەکانیان لە نێوان خۆیان دابەش بکەن. تا بتوانن خواردنەکانتان لە شوێنێکی قایم بشارنەوە تا بەئاسانی دەستی نەگاتێ. چونکە نازانین ئەو گەمارۆیە چەند دەخایەنێ."

من و جۆدیت و لاکی زۆر جار خۆمان لەژێرزەمینەکە دەدزیەوە بۆ سەر شەقامەکان. ڕۆژێکیان کاتێ دایك و باوکم لەگەڵ دراوسێکەمان خەریکی باسوخوازی دابەش کردنی خواردن بوون، باپیریشم خەریکی چاککردنەوەی رادیۆکەمان بوو، هەرسێکمان خۆمان دزیەوە و ڕۆیشتین. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون، دەتگووت ئاشی ئاو لێ بڕابوون، جۆدیت وەك پاسەوان لە تەنیشت دەرگای باخچەکە ڕاوەستابوو. لەو هەوایە ساردەدا چەند ئاڵایەکی سووری بچوکمان دەدیت، لە پەنجەرە بەرزەکانی ساختمانەکان دەشەکانەوە، بەڵام من شتێکی سەیرترم دیت، لە لێواری شەقامەکە کۆمەڵێک خشت و گەچ و دار و پەردووم دیت لە هەمان شوێنی ساختمانێك کە بەر لەو کاتە لەوێ وەستا بوو وا دیار بوو گولـلە تۆپەکان تێک و پێکیان دابوو.

بە سەرسوڕماونەوە سەیری (لاکی)م کرد، ئەویش بە هەمان نیگاوە بۆمی ڕوانی و سەری لەقاند. ئەسپێکمان دیت لەو ناوە لەسەر تەنیشت کەوتبوو. بەرەو شوێنی ئەسپەکە هەنگاومان نا. بەڵام گرمەی بۆمبایەکی دوور دوا بە دوای ئەو دەسرێژێک گوللەمان گوێ لێ بوو. لەسەر خاکەکە خۆمان ڕاکشاند، هەتا بێدەنگی باڵی کێشایەوە، ئینجا سەر لەنوێ بەرەو ئەسپەکە هەنگاومان نا. ئەو سەرکێشیەی (ڕیسکە) ئێمە لای من خۆشتر و وروژێنتر بوو لە چیرۆکەکانی شەو، دەربارەی ڕاوکردنی جۆرەها مار و ئەژدیها لە دارستانەکانی بەرازیل، یان ڕاوکردنی سوسەمار لەسەر کەنارەکانی ڕووباری نیل، هەرچەندە ئامانجەکەمان ئەسپێکی تۆپیو بوو هیچی تر!

من و لاکی زانیمان کەوا ئەسپەکە بە گوللەی تفەنگەکان کوژرابوو، چونکە چەند کونی گوللەمان بەسەر پشتیەوە دیت، هەروەها ورگیشی وەك باڵۆنێکی گەورە ئاو سابوو. چەقۆکانمان دەرهێنا ئەو چەقۆیانەهەمیشە لەگەڵ خۆمانا هەڵمان دەگرت بۆ تەنگانە، لاکی وەك قەسابە شارەزاکان پڕی دایە ڕانی، منیش لە قاچەکانی پێشەوەم دەبڕی. جۆدێت لە دەرگای باخچەکە چاودێری دەکردین، لەسەرمانا شین هەڵگەڕابوو، بەڵام خەڵکی تریش ئاگاداری ئەو سەرکێشیەی ئێمە بوون، کاتێ ئێمە گەڕاینەوە بەنێچیرەکانمان، خەڵک بەدیار کەوتن لە دەرگاو بان و شۆستە و پێچاو پێچی شەقامەکە وەك گەلە مێروو. پاش چەند ساتێک ئەسپەکە لەنێو کۆمەڵە کەسەکە بزربوو دەتگووت هەڵۆن دەورەیان داوە، ئەو دەیبڕی و ئەم دەیبرد.
لاکی بەرەو ژێرزەمینەکەیان ڕۆیشت، من و جۆدێتیش شۆر بووینەوە ژێرزەمینەکەی خۆمان. کاتێ گەیشتینە ژوورەوە بە فیزێکەوە پارچە گۆشتە تۆزاویەکەم هەڵدایە سەر مێزەکە بەبێ ئەوەی وورتەم لێوە بێت.

" ئای گۆشت؟! " دایکم و داپیرم دەمیان بەشبۆوە. . . باپیرم بەهەمان سەرسوڕمانەوە گووتی "گۆشت؟! لەکوێت هێنا؟ !"

"من و لاکی ئەسپێکی تەواومان دۆزیەوە."
"باپیرم گۆشتەکەی هەڵگێرو وەرگێڕ کردو گووتی نزیکەی هەشت کیلۆ دەبێت."

بەڵام باوکم لەسەر خۆ پێی گووتم:"کوڕەکەم ئەوە دەهێنێ خۆتی بۆ بخەیتە مەترسی؟" ئینجا ڕووی وەرگێڕا بەخێرایی ڕووی کردە بنمیچەکە وابزانم دەگریا.

# بەشی ٩

ڕوسەکان گەیشتنە ناو جەرگەی شار، لەگەڵ ئەوەشدا باپیرم زۆر هەوڵی دەدا بمێنینەوە، بەڵام بڕیارمان دا کۆبانیا جێ بهێڵین بۆ ئەوەی بزانین فلاتەکەمان (شوقەکەمان) چی بەسەر هاتووە. عارەبانەیەکی بچوکمان خواست لە چاپخانەکەی تەنیشتمان بۆ گواستنەوەی هەندێ کەل و پەل.
باوکم و جۆدیت عارەبانەکەیان لێ دەخووڕی، من ودایکیشم بەدوایانەوە بوین. دەمانزانی لە ناوچەکەی ئێمە کوشتارێکی تووند ڕوویدابوو، بەڵام کە دیتمان کۆمەڵە خانوو بەرەیەکی ئەو ناوە ناویان لەتوورەگەی تەڕیشدا نەمابوو، ئەو کاتە ئاواتمان سەرنگووم بوو. دەبوایە ڕێگەکەمان بگۆڕین چونکە دارو پەردو شەقامەکەیان داگیر کردبوو .

دوایی گەیشتینە بەردەم ماڵەکەمان، دیتمان لایەکی ڕووخاوە بەجۆرێك هەر پێنج نهۆم سەر والابوون. ژنە دراوسێکەمان کەماریسکای ناوبوو، بەخێرایی بەرەو پیرمان هاتوو گووتی:

"ئای چەند خۆشحاڵ بووم، ئەزیزەکانم کە ئێوە هەموو کەل و پەلەکانتان نەگوێزایەوە فلاتەکەی من، چونکە هەموو کەل و پەلەکانم تەفرو تونا بوون، ئیستا من هیچ شك نابەم، لەسەگ سواڵ دەکەم".

ئینجا فرمێسکەکانی بەدەسەسڕەکەی سڕیەوە، کەوتە دوای باوکم. لە حەوشەکە لەنێو دارو پەردووەکان لاشەیەك کەوتبوو - نازانم هی ئافرەت بوو یان پیاو- چونکە سەوزو زەردو ئەرخەوانی هەڵگەڕابوو، هەندێکی داپۆشرابوو بە کاغەزێکی ئەستوور. پێڵاوەکەی لەپێدا نەما بوو، کاتێ گەیشتینە دەروازەی فلاتەکەمان لەنهۆمی سێیەمدا، زۆر بە وریایی ولەسەرخۆ دەڕۆیشتین، چونکە پلیکانەکە لەگەڵ دیوارەکە زگی دابوو، ئەلەوێ دیتم

کەشتیە بەنرخەکەم چۆن بەجێهێشتبوو وەك خۆی مابوو. لەدیوەخانەکە دیتمان ڕستەی جل ووشك کردنەوەکەمان پچڕابوو، گوللەش دیوارەکانی کون کون کردبوو، نەمانتوانی بچینە یەکێ لە ژوورەکان چونکە پاشەڕۆکی مرۆڤی تێدا کەڵەکە ببوو. کورسیەکان سەرەو ژێر ببوون و دۆلابی جلەکان لەسەر ئەرزەکە ڕاکشابوو، هەموو شتێك تێکەڵ و پێکەڵ ببوون.

لە نێو ئەو ئاشوبەدا پاشماوەی ئەلبومی پولەکانم بە دڕاوی بەر چاو کەوت، من کە بۆ جەستە ئاوساوەکە نەگریام، وچوومە ئەو شەقامانەی کە کوشتاری تێدا کرابوو، گۆشتم لە ئەسپە مردووەکە کردەوە، ودیتم چۆن جەنگ ژیانی خێزانەکەمانی شێواند بوو، ودیم ماڵەکەمان بۆردومان کراوە ونیمچە کاوڵ بووە، ئەو هەمووشتە تۆزقاڵێک کاریان تێ نەکردم. بەڵام کاتێ دیتم جەنگ گەیشتە جیهانەکەی منیش، کاتێ دیتم پولەکانم دڕاوە یەکسەر فرمێسکەکانم بەسەر روومەتم خل بوونەوە و لەپرمەی گریانم دا.

ئینجا ژوورەکەی ترمان ببووە خەڵووز، ئەو ژوورەی جوانترین قەنەفە و کورسی لێ دانرابوو، هیچی تێدا نەمابوو جگە لە چەند سپرینگ و ئاسنی تێکەڵ و پێکەڵ نەبێت، ئەوەی لە پیانۆکەی جۆدیت مابوو بریتی بوو لەچوارچێوە ئاسنیەکەی و چەند ژێیەکی.

تابلۆکان هەندێکیان ووردو خاش ببوون، هەندێکی تریان سەراو ژێر ببوون بە دیوارەکاندا دەهاتن و دەچوون. کاتێ ئەو دیمەنانەم بینی، هیچی تر بۆ پولەکانم نەگریام، دوایی بەسۆزێکی زۆرەوە ماڵئاواییمان لە یەك کرد وگووتمان پێویستە بۆ کۆبانیا بگەڕێینەوە .

# بەشی ١٠

لە مانگی شوباتی(شبات) ساڵی ١٩٤٥ زۆربەی خەڵکی بۆدابست هێشتا هەر لە ژێرزەمینەکان دەژیان، هەرچەندە ئەڵمانەکان شارەکەیان بە دەستەوە دابوو. هێشتا دەرگای قوتابخانەکان نەکرابۆوە، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاکان یان ون ببوون یان مردبوون. لەمانگی ئاداردا بردمیان بۆ قوتابخانە کە دەکەوێتە گۆرەپانی سانت لاسلۆ. لە ڕێگادا لافیتەیەکمان دیت لەسەر شەقامەکە هەڵواسرابوو، لەسەری نوسرابو: (سەربازی ڕوسی ڕۆشنبیری بۆ هێناون) هەروەها تابلۆی سوور کە نیشانەی داس و چەکوشی بەسەرەوە بوو هەڵواسرابوون، کە ئەو دروشمەی لێنوسرابوو: (هۆیەکانی بەرهەمهێنان موڵکی کرێکارانە نەوەك وەبەرهێنەران.)

ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی(سابدزاگ) ڕوناکی دیت بەسەر شەقامە خاپوورو کاوڵ کراوەکان بڵاوبووەوە. ئەو ڕۆژنامەیە بەسەر پەرشتی کۆمەنستەکان دەردەچوو، وێڕای چەند بڵاوکراوەیەك لە مانشێتێکدا نووسرابوو: (لە سایەی لەشکری سووری مەزن ئازاد بووین) خەڵک وەك گەلە مێروو بە ڕووی کاڵ و کرچەوە بەسەر شەقامەکان وەرببوون، ڕێگا و شۆستەکان بە پاشماوەی دار و پەردوو و خشت و گەچ گیرابوون، خەڵکەکە لە هاتوو چۆ کردنیاندا وەك مێرووله بەسەر ئەو پاشماوانە هەڵدەگەڕان و دادەبەزین هەرچەندە چەند ڕێڕەوێکیان تێدا کردبۆوە. زۆربەی خەڵک گونیە و زنجیریان بۆ کاتی پێویست هەڵگرتبوو، تا ئەگەر سەرەیەکیان دیت لەپێش دوکانێکی سەوزە فرۆشان، یان کۆڵکە دارێکیان دیت بەکەڵکی سوتان بێت، گونیە و زنجیرەکەیان بەکاربێنن. خەڵک بەگشتی شەکەت و پەکەت ببوون لەگەڕان بەدوای خواردن و سووتەمەنیدا، بۆیە هەرکەس ئاوڕیشی لە لافیتەو دروشمەکان نەدەدایەوە .

له بەرزایی قوتابخانەیەك ئاڵای ڕوسیا دەشەکایەوە، هەروەها وێنەیەکی گەورەی ستالینیش بەیەکێ لە پەنجەرەکان هەڵواسرابوو .

لەڕۆژی یەکەمی دەوامدا شتێکی وامان نەخوێند، هەر یەکێ دەستی کردە گێرانەوەی پاڵەوانبازیەکانی (مغامرات) خۆی لەکاتی گەمارۆدانی شارەکەمان. لە دوای گوێگرتنم بۆ قوتابیەکان، بۆم بەدیار کەوت کە من تەنها کەسێك نەبووم خۆم خستبێتە مەترسیەوە، بۆ وەدەست هێنانی گۆشتی ئەسپی تۆپیو لەکاتی شەڕی بۆدابستی پایتەخدا. هەروەها بە تەنیا فلاتەکەی ئێمە نەڕووخابوو. وئینجا پاش نەختێک بۆم بەدیار کەوت کە بەسەرهاتی لەجۆری میکی و ئەرانکی زۆرن .

خوشکەکانی جانوس و جۆرجی تووشی هەمان ئابڕووتکان ببوون، کیژۆڵە گەورەکان شتی سەیرو سەمەرەیان دەگێڕایەوە، کە لەشەقامی تشاکی و شەقامی بافاهیت ڕوویان دابوو. لەو ناوە چەند ئافرەت و کچۆڵەیەك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک گل درابوونەوە لەهەندێ خانووبەرە!!!

هەروەها (ئیکا) ی خوشکی جیۆری، کە ڕاهێنانی دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا، لەیەکێ لەو خانووانەدا بۆ ماوەی دوو هەفتە گلیان دابوەوە. پاش ئەو ماوەیە درێژە دوو پیرەژن، بەخێری خۆیان بۆ ماڵەوەیان هێنابوەوە لەحاڵەتێکی زۆر خراپ دا، بە نەخۆشی و شەکەتی و داهێزرانەوە، هەتا توانای گریانی نەمابوو وەك بڵێی فرمێسکەکانی وشك ببوون.

لەو ڕۆژە ئاخۆرا وبخۆرانیانەی یەکەمدا، باپیرم یان داپیرم دەهاتن بەدوام بۆ ئەوەی لەقوتابخانە بمبەنەوە بۆ ماڵەوە. تانکی ڕوسی بەولاوبەملای شەقامەکان ریزیان بەستبوو، لاوە ئۆکرانیەکانیش گۆرانیان دەگووت، وپێچەری توتنیان دروست دەکرد لە کاغەزی ڕۆژنامەی (پراڤدا) ئینجا بە بایان دەکرد. تەنیا کاغەزی پراڤدایان بەکار دەهێنا، چونکە بە پێی قسەی ئەوان کاغەزی ڕۆژنامەکانی تر خراپ بوون. ئەو جگەرانەی کە دروستیان دەکرد لە کاغەزی ڕۆژنامە ، وەك جگەرەی ئاسایی ئەستوور بوون. جارو باریش ئۆتۆمبیلە

بار هەڵگرەكانی سوپا بەخێرایەكی ترسناك وشێتانەدا پێشبڕكێیان دەكرد، دەنگی زمانە ئاسیاویەكان لەناو ئۆتۆمبیلەكان بەرز دەبوەوە، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە یان بایەخ بدەن بەوەی كێ بەردەكەوێ یان دەمرێ، شەلم كوێرم ناپارێزم تێدەپەڕین.

# بەشی ١١

مامۆستای قوتابخانەکەمان پیاوێکی بە تەمەن بوو، پێش ئەوەی جەنگ بگاتە بۆدابست دەمدیت، روخسارێکی گەشی هەبوو، هەردەم بزەی لەسەر لێوان بوو وەك فریشتە، زۆربەی ژیانی لەناو منالاَن بەسەر بردبوو، لەهەر کوێیەك با، کەشێکی هێمنی تێدا دروست دەکرد. بەلاَم ئەوجارە جیا بوو، هەستت دەکرد شتێکی نوێی پێوە دیارە، ئەویش ئەوە بوو زمانی دەگیرا و تەتەڵەی دەکرد، یان ئەوەی دەیویست بیڵێ لەبیری دەچووەوە:

" ئێستاش منالّینە، یەکە، یەکە، ناوتان لە لیستەیەك دەنووسم دەربارەی باروگوزەرانی خێزانەکانتان. ئێستا سێ . . . نەخێر زیاتر لە چوار چین هەیە لەناو کۆمەڵدا: کرێکاران، جوتیاران، رۆشنبیران، و ئەوانی تر، بەڵێ، (جای سینیتار)، چیت دەوێ؟"

" تکایە مامۆستا، چینەکانی کۆمەڵ چییە؟ "

" ئێستا ڕوونی دەکەمەوە، هەر ئێستا باسی دەکەم."

"تکایە مامۆستا، بۆچی(ئەوانی تر) لەچینی چوارەمن و لە یەکەم نین؟"

" تکایە، مامۆستا وەلاَمم دەرەوە !"

مامۆستای بەستەزمان لەڕاست ئەو پرسیارانە دەمی ببووە تەڵەی تەقییو، لەجیاتی وەلاَمی ئەو پرسیارانە، قسەیەکی دوورو درێژی بێ مانای کرد ئینجا گووتی:

"باشە منالّینە. ئێستا دەڕۆنە مالّەوە پرسیار لەدایك و باوکتان بکەن، دەربارەی بارو گوزەرانی خێزانەکانتان. وەڵامەکەش لەسەر پارچە کاغەزێکی بچوك بنووسن بەیانی بیدەنە من، لەبیرتان نەچێ: بارو گوزەرانی خێزانەکانتان!"

هەر کە لەقوتابخانە هاتینە دەرەوە، هەموو شتێکمان دەربارەی بارو گوزەرانی خێزانەکانمان لەبیر چوو، دەستمان بە تۆپ تۆپێن کرد.
لەناوە ڕاستی گۆڕەپانەکە کرێکاران مۆنیومێنتێکی بیرەوەری سۆڤیەتیان داچەقاند، و دیوارەکانیش بەلافیتەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ڕازاندرابوەوە، لەسەر کارگەیەك ئەو دروشمە بە پیتی گەورەو بەدرێژایی سەد مەتر نووسرابوو:

(ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن) دارو بەرد لەو ناوە دروشمی لەسەر نووسرابوو:
(دوژمنمان پێ خوست و هاڕی بەبازووی پۆڵایی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری)
(ئەی کرێکاران، ئەی هەڤاڵان! ڕێگامان دوورو درێژە، بزوتنەوە شەرعیەکەتان وەبەر هات، لەمەو دوا سەربەستین )

(هاریکاریمان بکەن)

(بابڕوخێ وەبەرهێنان)

(کۆمەڵگایەکی بێ چین و توێژمان دەوێت)

(بژی پارتی سەرکەوتوومان و بژی یەکێتی سۆڤیەتی مەزن)

(بژی سەرکردەی سەرکەوتووی جەنگی نیشتیمانی: هاوڕێ ستالین)

ئەو دەربڕینەی پێی سەرسام بووم کۆمەڵگای (بێ چین و توێژ) بوو، چونکە ئەو بەیانیە مامۆستاکەمان باسی چوار چینی بۆ کردبووین. بڕیارم دا کەس و کارم لە پۆلی (بێ چین و توێژە) کان ناونوس بکەم لە قوتابخانە.

ئەو ڕۆژە درەنگ چوومەماڵەوە، کاتێ گەیشتم دیتم باوکم قسەی دەکردو، ئەوانیش گوێیان بۆ ڕاگرتبوو، بەڵام باوکم کاتێ منی دیت هەڵوەستەیەکی کرد و گووتی: "وا بزانم جەنابت دەتەوێ لە نیوەشەودا بگەڕێیتەوە وانیە؟"

"بۆخۆمان تۆپی پێمان دەکرد هەستم بە کات نەکرد"

دایکم لەسەرخۆ گووتی:"من هەقم بەسەر تۆپی پێی جەنابت نییە، پێویستە لەکاتی فراوین ئامادە بیت لەماڵەوە"

باوکم لەسەری رۆیشت:"هەروەك باسم کرد، ئەو لاوانە لەدوای ئێوە چەند مێزێکیان کۆ کردبۆوە گۆرانی(مییری) یان دەگووت. بەڵام تووشی چورتم هاتم کاتێ دیتم لەناو خەڵک هیچ لایەنگیریان نییە."
خواردنەکەم هەڵلوشی بێ ئەوەی گوێ بگرم بۆ سیمنارە سیاسیەکەی باوکم، بەڵام کاتێ لەخواردن بوومەوە بە پەلە پرسیم: "باوکە، تۆ سەر بەکام چینی؟"
بێ دەنگیەکی قوڵ باڵی بەسەر مێزی نان خواردن کێشا.
"بۆچی دەپرسی کوڕی خۆم؟ کەس لێی پرسیویت؟"

"بەڵێ،مامۆستاکەمان گووتی پرسیار لەدایك و باوکتان بکەن گەر نازانن."

دایکم و باوکم چەند جارێک تەماشای یەکتریان کرد.

"نازانم ئێستا بە چینی ناوەندی دەڵێن چی، لەوانەیە چینی ڕۆشنبیرانیان پێ بڵێن، بەڵام دڵنیا نیم، چاکتر وایە بڵێی باوکم مامۆستای مۆسیقایە، ئینجا لێیان گەڕێ با خۆیان بڕیار بدەن لەکام چینین."

لەڕۆژی دواییدا زۆر بەئارام و تاسەوە چاوەڕێم دەکرد، پرسیارم لێ بکەن لەبارەی بارو گوزەرانی خێزانەکەمان. سەرم سوڕما بوو لە وەڵامی قوتابیەکانی تر بەتایبەتی ئەوانەی پیشەی باوکیانم دەزانی.
شتێکی نوێ لەکۆمەڵگای قوتابخانەکەمان سەری هەڵدا بوو ئەویش:
درۆکردن بوو بە دەستەواژەی نوێ.

"بارو گوزەرانی خێزانەکەت، ئادی؟"
لەناکاو هەستامە سەر پێ و گووتم:"بێ چین، مامۆستا."

مامۆستاکەمان بەزەردەخەنەیەکەوە گووتی: "ئەو قسەیەت لەکوێ هێنا؟ پێویستە سەر بەچینێک بیت. ئەی لەباوکت نەپرسی؟"

"بەڵێ، لێم پرسی."

"ئەی چی گووت."

"گووتی بڵێ مامۆستای مۆسیقایە. با خۆیان بڕیار بدەن لەکام چینین."

"ئێ... ئێ"

بۆ ماوەیەك مامۆستا پیرە ڕوو خۆشەکە نیگەران بوو، چاوی بڕیبووە بنمیچەکە. لەدوایی دا گووتی: "بە چینی ڕۆشنبیر دەنووسم."

پاش نیوەڕۆ کاتی گەڕامەوە ماڵەوە بەباوکم گووت: "خێزانەکەمان چینی ڕۆشنبیرە!"

ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو بەنەرمە بزەیەك گووتی: "پێ خۆشحاڵین."

# بەشی ١٢

مۆنیۆمێنتە سۆڤێتیەکە لەپاش سێ هەفتە تەواو بوو، بەرز هەڵدەچوو، ئێستا ئامادە بوو بۆ پەردە لەسەر داماڵین. ئاهەنگەکەیان گێڕا بە ئامادەیی تیپێك لە پیادەی ڕوسی و نوێنەرانی هەموو پارتەکان. کرێکارەکانی کارگە نزیکەکە، بەڕێک و پێکی ڕیز لەدوای ڕیز ڕاوەستان ئەو سرودەیان هۆنیەوە:

هاوڕێیان ئەی هەڤاڵان، پێمەڕە و پاچەکانتان هەڵگرن
گەلی کرێکاران ملی ڕێی گرتووە
هاوڕێیان ئەی هەڤاڵان، ئامادەبن بۆ کارکردن
ناوی ستالینیش هەمیشە لەسەر لێوەکانتان بێت
دەی وەخۆ کەون، پێشمان کەون

کێشەو هەرای هەڵبژاردن لەسەر دەرگا بوو، پۆستەری هەڵبژاردن بۆ پارتی ووردە بۆرژواکان، و پارتی سۆسیال دیموکراتەکان، و پارتی کۆمەنستەکان بەسەر دیوارەکان هەڵواسرابوون.
هەروەها لافیتەی نوێی ڕوسیمان بەزمانی هەنگاری دەخوێندەوە، کە بەوردی بەژمارە و بەتەن باسی یارمەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەتی هاوپەیمانی دەکرد. هەروەها باسی (سوپاسی بێ پایانی گەلی هەنگاری) دەکرد، هەندێ لەلافیتەکان لێیان نوسرابوو، ئەو هەفتا گالیسکە شەکرەی کە پێشکەش کرابوو بەگەلی هەنگاری، بەشێکی کەم پێک دێنێ لەو کۆمەکانەی کە یەکێتی سۆڤیەت پێشکەشی گەلی هەنگاریای کردووە.

ڕۆژێکیان لە ئێستگە بووم، دیتم چەند پیاوێک کیسەی شەکریان دەگواستەوە بە پشت، لەسەر گالیسکەکەش نووسرابوو: (یارمەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ هەنگاریا) بەڵام کیسەکان لەسەریان نووسرابوو: بەرهەم هێنانی هەنگاریا!
ئەو سەربازە ڕوسیانەی لەسەر شەقامەکان هاموو شۆیان دەکرد، وەك جاران هەڵس و کەوتیان دڕندانە نەبوو. هەروەها دەمان توانی ئوتومبیلی کەل و پەلی ڕوسی بەکرێ بگرین بە نرخێکی ناماقوڵ، بەم پێیە گیروگرفتی گواستنەوە چارەسەری بۆ دۆزرایەوە لەبازاڕی ڕەش. هەروەها ڕوسەکان گازوایلی سوپاشیان دەفرۆشتەوە، کاتێکیش وڵات دابڕێنرا لە ڕۆژئاوا بەهۆی سوپایەك لەپاسەوانانی سنور، کۆمەڵە سەگێکی مەشق دراو و بە چاندنی مین بەدرێژایی سنوور، دەمانتوانی ڕوسیمان دەستکەوێ بەپارەیەکی زۆر لەسنوور ئاودیومان بکەن بۆ هەر شوێنێک بمانەوێ.

لەیەکی ئایار ئاڵای سووری بچوکیان بەسەر مناڵان دابەش کرد، ئینجا بەرەو گۆڕەپانی قارەمانانیان بردن لەکاروانێکدا، گۆڕەپانەکەیان ڕازاندبۆوە بەوێنەکانی سەرکردەکان و پیاوانی سوپای سۆڤێتی - ستالین و تولبوخین و مالینوفسکی و جوکوف و مۆلۆتۆف و . . . هتد.- لافیتەی دروشمەکان لەئاسماندا دەشەکانەوە، لەقوتا بخانەش وانەی نوێمان وەرگرت لەمۆسیقا لەگەڵ سروودی کۆمەنستی نوێ.

پارەو پولمان وەك بەفری هاوین دەتوایەوە. باوکم باسی دەکرد لە ئەڵەمانیا لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم.
ئەو موچەیەی باوکم لەئەکادیمیەی مۆسیقا وەری دەگرت، لەپاش چەند کاژمێرێك وەك ئاوەزێمی هاوین چکی دەکرد، سەرەڕای ئەوەش، سەرلە نوێ تووشی سەر ئێشەو سەرسوڕان ببوو، بە دەست نەخۆشی دڵیش وا وەیلای بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بوو ئێواران وانەی تایبەت بەچەند قوتابیەك بڵێتەوە تا بتوانێ هەندێک پارەی تر دابین بکات، جگە لە موچە بێ فەڕەکەی.

دایکم بە شپرزەیی لێی پرسی:"ئەم حاڵە چەند دەخایەنێ؟ تۆ بەو هیلاکیەوە دەمریت."

" بۆ هیچ چارەیەکی ترم هەیە؟ ئەوەندەی پێم بکرێ بەردەوام دەبم."

دایکم کەمێك بێ دەنگ بوو دوایی پێشنیاری کرد شت لە باخچەکەمان بچێنین. لەکاتێکا باوکم هێدی هێدی شمەکی ماڵەوەی دەفرۆشت، بۆ دابین کردنی پارووی ڕۆژانەمان من و دایکم خەریکی کێڵانی باخچەکەمان بووین.
ئینجا دەستمان بە چاندنی گێزەر و سیرو کوولەکەو گەلێک شتی تر کرد. کاتێ ئەو بەرهەمەی لەلامان کۆ بۆوە عارەبانەیەکی بچوکی پڕ دەکرد، من و دایکم بەرەو بازاڕ ملی ڕێمان گرت. لەوێ تووشی سەرسوڕمان بووین، لەبەر ئەو نرخە بەرزانەی پێیان دەداین.
چوار ملیار نرخی گورزە گێزەرێک! ملیارو نیوێک نرخی یەك کیلۆ کوولەکە.

هەتا کاژمێری یەکی پاش نیوەڕۆ ئەوەی پێمان بوو فرۆشتمان، جانتاکەی دایکم ئاوسابوو. لە ڕابردوودا مەبلەغێکی وا بەس بوو بۆ ئەوەی بیویستایە پێی بڵێن دەوڵەمەند، بەڵام ئێستا بە حاڵ دەتوانین دوو جووت پێڵاوی پێ بکڕین! بە پەلە خۆمان گەیاندە کۆگای کەوش فرۆشی کاتێ گەیشتین قەپەنگەکەیان دادەخست، دەبوایە تا ڕۆژی دوایی چاوەڕوان بین، ئەو ڕۆژە بۆمان بەدیار کەوت جانتا ئاوساوەکەی دایکم بە حاڵ جووتە پێڵاوێکی پێ دێ.! دایکم بەناچاری جووتە سەندەڵێکی ڕەزا قورسی بۆ جۆدیت کڕی، چونکە لەوانە بوو پاش چەند ڕۆژێکی تر ئەوەشی پێ نەهاتبا.

کۆنەکڕ فێر ببوو هەموو ڕۆژێ عارەبانەکەی لەپێش ماڵمان ڕا دەگرت، چونکە دەیزانی بەناچاریەوە هەموو ڕۆژێ شتێك دەفرۆشین بۆ پڕ کردنی سکی بەتاڵمان، هەروەها دەیزانیش ئەو نرخەی ئەو پێی بدات ئێمە دەست لەسەر سینگین هەر چەندە کەمیش بێت. بەرە بەرە ماڵەکەمان چۆڵ دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سکمان هەر بەتاڵ بوو. لەکۆتایی دا ئێمەش وەك خەڵکانی تر: پەنامان بردە بەر لادێ و داوای خواردەمەنیمان لە

ناسیاوەکانمان کرد. بە سواری گالیسکەی کەل و پەل سەفەرمان کرد نزیکەی شەش سەعاتی سەهۆڵبەندی بەڕێوە بووین، کاتێ گەیشتینە ماڵی خزمە لادێنشینەکەمان یەك پارچە لەشمان ئاو بوو. ئەو خزمەمان پیاوێکی ئازادیخواز بوو لەشێوازێکی کۆندا، بەڵام زۆر بەپەرۆش بوو بۆ بەرنامەی (بەرەی گەل)

دەیگووت:"لەمەو دوا جیاوازی لەنێوان شار و لادێ نامێنێ. هەموو لادێیەك کارەبای بۆ ڕا دەکێشرێ. . . هۆڵی نوێ دروست دەکرێ بۆ سینەما، لە ئێستاوە دەستیان بەجاڕدان کردووە بۆ فیلمە رۆژ ئاوایی و ڕوسیەکان"

باوکم بە پەژارە وتاڵئارامەوە گوێی بۆ دەگرت، دوایی بۆی گێڕایەوە چۆن ڕوسەکان کارگە و کۆگا و عەمبارەکانی هەنگاریانیان بەتاڵان برد. هەروەها باسی ئەو سەد پیانۆ تاڵان کراوەی کرد، کە لەپێش یەکێ لەئێستگەکانی هێلی ئاسنی دانرابوو لە چاوەڕێی گواستنەوەیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

جا نازانم خزمەکەمان باوەڕی بەو قسانە دەکرد یان نا، بەڵام لە بیرمە بە خێرایی چووە دەرەوە، کاتێ گەڕایەوە سێ قاز و سەدو بیست هێلکەو هەندێ گۆشت و ڕۆنی لەدەست بوو. هەمووی بۆمان پێچایەوە لەچەند زەمیلەیەك خۆمان تێکناو بەرەو شار گەڕاینەوە.

# بەشی ١٣

وا دیار بوو مامۆستاکان لەهەموو کەسانێکی تر بە پەرۆشتربوون بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن. لە تێپەڕگاکان کۆمەڵیان بەستبوو وگفتوگۆیان دەکرد، لەمەڕ هێز وشانسی پارتەکان لەیەکەم هەڵبژاردنی ئازاد دا، بە هیوای کۆتایی هێنان بە هەموو چەرمە سەریەکانمان.
هەموو کەس گوێی لەو وتارە بوو، کە ڕاکۆزی تێیدا پێش بینی کرد بەسەر کەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەسەر پارتەکانی تر، وگووتی لەسەدا هەشتای(٨٠٪) دەنگەکان بەر پارتی کۆمەنستی دەکەوێت! کاتێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکە جاڕدرا پارتی وردە بۆرژواکان سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی وەدەست هێنا بوو، تەنها لەسەدا هەڤدەی(١٧٪) دەنگەکان بەشی پارتی کۆمەنست بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی وتاری پڕ لە هەڵچوون وئاگرین لە ڕۆژنامە کۆمەنستەکان بەدیار کەوتن. هێرشیان دەکردە سەر ئەم وئەو، وهۆی بەزینیشیان دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە دەرفەتیان نەبووە کۆنە پەرستەکان سەرکووت بکەن و جڵەویان بگرنە دەست. هەروەها دەیانگووت پارتی کۆمەنستی (دینەمۆی بنیات نانە) هەر ئەویش (خەڵکی بۆدابستی لەتاریکی ژێرزەمینەکان دەرهێنا بۆ ڕوناکی ژیان) هەر ئەویش خاوەنی (چارەسەر کردنی گرفتی کشتوکاڵە) لە کۆتاییدا (پێویستە پارتەکانی تری پەرلەمان وەك مێوانی پارتی کۆمەنست هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دا بکرێت) !!

باوکم واقی وڕمابوو، کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وا ڕوون و ئاشکرا بوو، ئیتر حکومەتی هاوپەیمانی یانی چی؟ ئەوەی زیاتر شپرزەی کرد ئەوە بوو کاتێ زانی سکرتێری پارتی وردە بۆرژواکان (بیلاکو فاتشی) یان بە سیخوڕی تاوانبار کرد و دووریان خستەوە بۆ ڕوسیا. هەموو ڕۆژێ مام لاگۆس کە چاوەڕوان بووین لەپاش هەڵبژاردنەکە کەیف خۆش و بەختیار بێت، تا دەهات ڕووی گرژتر دەبوو لەکاتی وانە وتنەوەدا. لەپێشانا هەر باسی باری

ناهەمواری دەکرد لەکاتی (گەمارۆدانەکە) بەڵام ئێستا ئەو وشەیەی لە بیر چۆتەوە، هەر لەبارەی (ئازادی و سەربەستی) دەدویٚ.

ڕۆژێکیان باسی ناوچەی کۆبانیامان دەکرد، هەرچەندە پێویستی نەدەکرد باسی باری هاودەممان (شئوون الساعە) بکات، بەڵام هەموو پۆڵەکە کەوتنە گێڕانەوەی ڕوداوی خۆیان، باسی گەلێک شتی دڕەندە ونامرۆیانەیان دەکرد کە ڕویان دابوو، چونکە ئەو بەسەر هاتانە هەتا لای مناڵیش نهێنی نەبوون .
نەخۆشخانەکان بەئاشکرا جاڕیان دەدا، کەوا ئامادەن بۆ لەباربردنی کۆرپەڵەی ئەو ژنانەی بەدەست سەربازە ڕوسیەکان سکیان پڕ ببوو. بۆیە دەبوایە سنورێک بۆ چەنەبازی منداڵان دابنرێت، چونکە بەسەر هاتەکان یەك بە دوای یەك دەگێڕدرانەوە، بۆیە مام لاگۆس ڕووی کردە تەختە ڕەشەکە بەبیٚ ئەوەی شتێك بنووسیٚ. پشتی تێمان کرد و گووتی:

"بەڵیٚ، بەڵیٚ، مناڵینە، سوپای سۆڤێتی کۆبانیای ڕزگار کرد، بۆیە ئێمە هەردەم قەرزارین بۆ . . بۆ . . . ستالینی مەزن و یەکێتی سۆڤیەت. ئێستاش دەتوانن بچنە دەرەوە.".

لە جەژنی سەری ساڵی زایین کاتیٚ لە ئوتومبیلەکانمان هاتینە خوارەوە، دیتمان مۆنۆمێنتێکی بیرەوەری سۆڤیەتی نوێیان دروست کردبوو لەگۆڕەپانەکەی پشت کەنیسە: (بۆ یاد کردنەوەی ئەندریٚ ساگفاری، شەهیدی پارتی کۆمەنست.) تا دەهات ئەو شتانە زیاتر دەبوون شەقامەکانیش ناوی نوێیان لیٚ دەنرا. پێشتر ناومان نەبیستبوون، بەڵام دەیان گووت ئەو ناوانە بەپیتی زێڕین تۆمار کراوە لەلاپەڕەکانی مێژووی بزوتنەوەی کرێکاران. پێشکەوتن، هەروەك لە قوتابخانە فێریان کردبووین، بە قۆناغی مێژوویی دا تێدەپەڕێت .

پارتی کۆمەنستیش هەر خۆی بڕیار دەدات کەی قۆناغەکان کۆتایی دێت، و ئێستاش لەکام قۆناغین وکەی قۆناغی نویٚ دەست پیٚ دەکات. ڕاستە ئێمە حکومەتێکی

هاوپەیمانمان هەبوو، بەڵام ئاشکرا بوو کێ کەڵە شێری گوند بوو. ماوەیەکیان نەخشەی دابەشکردنی زەوی و زاریان خستە کتێبە نوێیەکانی قوتابخانەکان. باوکی بێستای هاوڕێم جووتیار بوو لە یەکێ لە کێڵگەکان، بێستا لەتەنیشتم دا دەنیشت، هەموو ڕۆژێ بە شەمەندەفەری کرێکاران دەهات بۆ قوتابخانە. کاتێ زەوییان پێ بەخشین لە کەیفانا توووند ملی گرتم بە باسکی هاواری کرد :

"ئێدۆس! هەرگیز وا بەختیار نەبووم بەدرێژایی ژیانم. بووینە خاوەن زەوی، بووینە خاوەن زەوی! دوێنێ پیاوێکی باڵا بەرزی چاویلکە لەچاو ئەو مژدەیەی پێداین. ئەو کاتە دایکم کۆڵی دەکرد وباوکیشم لەدەرەوە بوو. لەسەرەتادا دایکم ترسا لەوەی لەپیاوانی پۆلیس بێت بەڵام گووتی:

"ئێستا ئێوە خاوەن زەوی خۆتانن...کاتێ باوکم گەڕایەوە، هەمووومان پێکەوە چووین بۆ یانەی شارۆچکەکەمان، لەوێ زانیمان مەسەلەکە ڕاستە. دەمو دەست باوکم بڕیاری دا دوو ئەسپ و گاسنێک و هەموو پێداویستیەکانی کشتوکاڵ بکڕێت. گەلێک گرنگە مرۆڤ خاوەن زەوی بێت!"

لەو قۆناغەدا تابلۆکان وێنەی کرێکارێکی شان و مل زلی لەسەر کێشرا بوو، دەستی لە سەر خانوو و باخچەیەکی بچوك دانا بوو، لەژێرەوەش ئەو دروشمە نووسرا بوو: (دەست هەڵگرن لەخاوەنێتی تایبەتی دا! پارتی کۆمەنستی پاسەوانی لە مرۆڤی هەژار دەکات!) هەروەها لەشوێنی تر دروشمی تر بەرز کرابۆوە دەیگووت:(جوتیاری ئازاد، لەسەر زەویەکی ئازاد و خاوەن ئایندەیەکی ئازاد، ئەوانە بەخششی پارتی کۆمەنستە)
بۆمان بەدیار کەوت کە مەرامی سەرەکی ئەو (قۆناغە) نوێیە، بریتی بوو لە ئینتیماکردنی هەموو جوتیارێک بۆ کۆلخۆزەکان. پارتی کرێکاران ئەو دروشمانەی بەرز کردبۆوە:

(کۆکردنەوەی زەحمەتکێشان لەیەك ناوچەو لەیەك یەکەدا.) (هەموو وەرن بۆ ناو کۆلخۆزەکان! زەویەکانتان ببەخشن! وڵاخەکانتان ببەخشن، ئامێرەکانتان ببەخشن.)

هەموو کەسێك دەیزانی - کولاک - مانای چییە. کولاک لە ڕابردوودا جوتیارێکی دەوڵەمەندی دەگرتەوە. بەڵام ئەو وشەیە ئێستا مانایەکی بەر فراوان و ئاڵۆز تر دەگەیێنێ. ئێستا کولاک هەموو یەکێك دەگرێتەوە، لەوانەی نایانەوێت بچنە ناو کۆلخۆزەکان. هەر ئەوەش وای لە باوکی بێستا کرد، ئەو باوکەی بە درێژایی تەمەنی خاوەنی بستێک زەوی نەبووە، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێت یان ژیانێکی لەبار تر مسۆگەر کات، ببێتە کولاک بەمانای نوێی زاراوەکە.

بێستا کۆشکی ئاواتەکانی ڕوخا بوو، کاتێ داوایان لە باوکی کردبوو ببێتە کۆمەنست بەڵام ئەو ڕەتی کردبۆوە، چونکە حەزی نەدەکرد سەری خۆی بە سیاسەت بیەشێنێت. دوایی داوایان لێکردبوو پێنج دۆنمەکەی بە شێوازێکی تر بکێڵێ، لەکۆتایی دا پێیان گووتبوو ئەگەر بێتە ناو کۆلخۆزەکان دەیکەنە سکرتێری کۆلخۆزەکەی خۆی، بەڵام باوکی بێستا پێی لەسەر هەڵوێستەکەی داگرتبوو .
بێستا بە دەنگێکی پڕ لە پەژارە و سەرسوڕمانەوە گووتی: "دەزانی ئیدۆس دەڵێی زەویان داینێ، هەتا دوایی سزامان بدەن لەسەر موڵکایەتیەکەی. نە عارەبانە و نە وڵاخ، کاتێ بەرو بوومەکەش دەدورینەوە بە ناچاری دەبێ بیدەین بە دەستیانەوە .

کاتێ هەندێ هێلکەمان لێدەکڕن بە نرخێکی کەم، دەیبەن بۆ شار لەوێ بە بیست قات دەیفرۆشنەوە، ئەگەر زاتی ئەوەشمان کرد ڕاستەوخۆ هێلکەکانمان لە بازاڕ فرۆشتەوە، ئەوا دەرگای زیندان لەسەر پشتە بۆمان."

# بەشی ١٤

جارێکیان بۆ سەردانی بێستا چووم. ئەو تاقە ژوورەی هەیان بوو، بە فانوسێکی زەیتی ڕوناکیان کردبۆوە، یەکسەر قسەکانی خزمە لادێ نشینەکەمان بیر کەوتەوە "کارەبا بۆ هەموو لادێ و کێلگەکان ڕادەکێشرێ بە ماوەیەکی کەم" باوکی بێستا پیاوێکی تەمەندار و نەختێک ئاشفتە خوو بوو. گووتی کۆڵخۆزەکان شوێنی خۆڵەمێشین و هەڵگری ئەو تەرزە ناوانەن: زۆیا، ماکارنکۆ، میتشۆرین، مۆلۆتۆف، یان ستالین، دەڵێی لە دەرەوەی هەنگاریاین. وا دیار بوو ڕق و قینێکی زۆریانی لێهەڵگرتبوو لەبەر خۆیەوە دەیگووت:
"هیچ کارو بارێکم نیە تەنیا گوێ گرتن بۆ ئەو سیمنار و وانە نەفرەتیانە نەبێ، گوێبگرە و گوێبگرە لە هەفتەیەك چوار جار، هەڤاڵی وانە بێژ هەر قەوانێکی کۆنمان بۆ لێدەدات و دووبارەی دەکاتەوە، ئێمە هەموو دەوڵەمەندین، هەرچەندە پێشی نەزانین، بە درێژایی ژیانمان لەو خۆشگوزەرانیە نەبووین کە ئێستا تێیداین، هەمووی درۆیە، درۆیە، درۆیە.

لەڕابردوودا دوازدە ڕبە گەنم بەرهەمێکی مام ناوەندی بوو، بەڵام ئێستا خۆشبەختین ئەگەر شەش ڕبە بەرهەم بێنین .
مریشک و جووجەڵەکان دەمرن لەبەر بێ دانەوێڵەیی و خواردن، ئەگەر بتەوێ بەرازێک سەر بڕی، دەبێت لە پێشا مۆڵەت وەرگریت، ئینجا چارەگێک لە گۆشتەکەی ببەخشی بە دەوڵەت .ئەگەر ناڕەزایش نیشان دەیت، ئەوا دەست بەجێ پۆلیسی نهێنی ڕاپێچت دەکەن. ئەوەی بوێرێ فزە بکات یان نا ڕەزایی دەرببڕێت، ئەوا یەکسەر زیندانی دەکرێت بە تاوانی (کۆلاك) بوون.

ئەوانە لەلایەك لەلایەکی تر، لە سینەما فیلمەکان هەمووی باسی خۆشگوزەرانی و بەختیاری جوتیارانی هەنگاریا دەکەن، بەڵام کاتێ چراکان هەڵدەکرێنەوە لەکۆتایی

فیلمەکەدا چی دەبینم؟ هیچ نابینم ، جگە لە جوتیاری رەش و ڕووت و هەژاری وەك خۆم نەبێ.

لە ڕۆژانی یەکشەمەشدا پارتی کۆمەنستی، چەند وتاربێژ وکۆمەڵێ چاوەش وکلاوچیت بۆ دەنێرێ، لەسەر شانۆیەکی لە بەرمیل دروستکراودا کارەکانیان پێشکەش دەکەن. لە سەرەتادا هۆنراوەکەی (تیخۆنیف)بە ناونیشانی (پێکەکان)مان بۆ دەخوێننەوە، لەپاشان ڕۆمانێکی نوێی ناوەرۆک کەونمان بۆ دەنوێنن: کوڕە کۆلاکیەك هەوڵی چاو برکێ کردن دەدات لەگەڵ کچی سکرتێری پارت، بە هیوای ئەوەی خۆی دەرباز کات. لە کۆتایی دا هەموویان دەبنە سووتەمەنی دۆزەخ و ئاوێ بینەو دەستان بشۆ.

ئەو وتاربێژە کۆمەنستانە جۆرێکی تایبەتیان لە مرۆڤ دروست کردووە. تەنیا تاقە وەڵامێک هەیە بۆ هەموو پرسیارێك: پێویستە سوپاسی یەکێتی سۆڤیەت بکەین، لەسەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەی پێشکەشی کردوین .
لەهەفتەی ڕابردوودا، نوێنەرێکی سۆڤیەتیان بۆ ناردین، پاش پشکنین بۆیان بەدیار کەوت کەوا هۆی هەڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئێمە لە کارەکەمان و بەرهەمەکەشمان بە پێی پێویست نیە .

دەزانی بۆ ڕۆژی دوایی چیمان کرد؟ بروسکەی پیرۆزبایمان بۆ هەڤاڵانی سۆڤیەت ڕەوانە کرد، تێیدا سوپاسی ئەرک کێشانیانمان کرد، و پەیمانماندا کەوا لەمەو دوا بەرهەممان زیاتر کەین، چونکە ئەوە مانای ئەوەیە تێکڕای باج بەسەرمانەوە زیاد دەبێت ،و موچەکەشمان لە جاران کەمتر دەبێتەوە."

ئەو گلە وگازاندە تاڵانەی باوکی بێستا تۆقاندمی. لەپاش چەند ڕۆژێک کاتێ شەمەندەفەری کرێکاران بە بۆدابست تێپەڕ دەبوو، بێستای تێدا نەبوو دەستی لە قوتابخانە هەڵگرت. دوایی هەواڵم پێگەیشت کەوا بە زۆرە ملێ بۆ کۆلخۆزەکانیان بردبوون .

جارێکی تر لەگەڵ بێستا پێک گەیشتینەوە لەساڵی ١٩٥٠، چەند هەواڵێکی دڵ تەزێنی پێبوو سەبارەت بە باوکیەوە. ئەوەی ڕووی دابوو بە کورتی و لە کت و پڕی بوو: لە ڕۆژی جەژنی لە دایك بوونی ستالین وێنەکەی لاپەڕی یەکەمی ڕۆژنامەکانی پڕ کردبۆوە، نامە بەری پۆستە ڕۆژنامەکانی دابەش دەکرد،.بەیانیەکی بە باو بۆران بوو، تەوژمە بایەك ڕۆژنامەیەکی وەگەر خۆدابوو باوکی بێستا لە تریقەی پێکەنینی دابوو هاواری کردبووە نامەبەرەکە :

"ڕاکە پیرە مێرد، دزی پۆست ئۆفیسەکە ڕای کرد"

تەنیا تاقە کەسێك بەژداری نەکردبوو لە پێکەنینی ئامادە بووان، ئەویش سیخوڕێکی نوێی کۆمەنست بوو، وخۆی گەیاندبووە نزیکترین تەلەفۆن وڕاپۆرتی لێدا بوو. بەو پێیە باوکی بێستا سێ ساڵ زیندانی کرا بە تاوانی هاندانی جەماوەر. کاتێ لەگەڵ بێستا جارێکی تر پێک گەیشتین، زانیم باوکیان لەسەربازگەی گرتووخانە گواستبۆوە بۆ سەر بازگەی بێگاری کۆلاکەکان.

# بەشی ١٥

تا دەهات شیرازەی ژیانمان بە شێوەیەکی زۆر خراپ تێك دەچوو، بەرنامەی نوێی خوێندن خرایە قوتابخانەکان. ڕاگەیاندنێکی گشتی لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردە بۆمان دەخوێندرایەوە تێیدا هاتبوو:

(وڵاتەکەمان لە سایەی یارمەتی و قوربانیەکانی یەکێتی سۆڤیەتی هاوڕێ، سەربەخۆیی و ئازادی وەدەست هێنا. بێگومان سیستمی فێرکردنی سۆڤیەتی باشترین سیستمە لە گشت جیهاندا، بۆیە ئێمەش شوێن پێی ئەو سیستمە مەزنە دەکەوین. . .
لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەلی فێربوونی زانست و زانیاری، بۆ هەموو مناڵانی گەل دەستەبەر نەبوو، چونکە فێرکردن و زانست، تایبەت بوو بە کەسانێکی مشەخۆر، وهەموو ڕەنج و تێکۆشانی کرێکاران و جوتیاران بە فیڕۆ دەچوو. بەڵام ڕژێمی نوێ ئەو هەڵە زەقانە چارەسەر دەکات. گیرو گرفتی لاوان خەمی یەکەمی حکومەتە. ئێوە ئایینده ئێمەن ئەی منداڵان! ئێوە پاشەکەوتی زێڕینی سۆشیالستن! بژی یەکێتی سۆڤیەت نمونە و ڕێنیشاندەری هەموومان، بژی ستالین هاوڕێی دڵسۆزی گەلی هەنگاریا).

هەتا تەماشا کردنی فیلمە سۆڤیەتیەکان لەقوتابخانەدا بەخورتی بوون.
لە هەوەلی پێمان خۆش بوو هاڤڕکێمان دەکرد بۆ زوو چوونە ناو پۆلەکە. فیلمەکان هەمووی ڕوسی بوون، هەندێجار بێزار دەبووین.
بەڵام هەندێ گۆرانی فێردەبووین کە دوایی دەمانگووتەوە، بەتایبەتی ئەو گۆرانیەی کە دەڵێ:

ئەی خاکی خۆشەویست، ئەی خاکی وڵاتەکەم
ئەی ئەو خاکەی لەهەموو گەنجینەیەك بەرو بوومت زیاترە

لەگشت جیهان وڵاتێکی وەك تۆ دەوڵەمەند و بەختیار نیە
هەموو مرۆڤێك هەست بە سەربەستی دەکات

هەموو ئەو سروودەیان ئەهۆنیەوە، گەورە و بچوك و پیر و منالّ،کرێکار و سەرباز، هتد. . .
سەدو بیست هەزار (کۆلاك) و (کۆنە پەرست) یش لەدەنگەوەرە گەورەکان، گوێیان بۆی قوڵاخ دەکرد، ئەوانەی بەئیش و کاری قوڕس حوکمدرا بوون، ساختمانە نوێیەکانی دەوڵەت بەهێزو بازوی بێگاری ئەوان بنیات دەنران.
وێڕای ئەو گۆڕانانەش، گۆڕانی سەیرتر لە خەڵك ڕوویدەدا بۆ نمونە:

(یوسن ن) کابراییێکی دارتاش بوو، بەردەوامیش مەست و تیتاڵ بوو، هەتا بە تیتاڵ بەناو بانگ بوو. بەڵام کاتێ ڕوسەکان تەشریفیان هێنا، کەل و پەلەکانی فرۆشتبووە فەرمانبەرێکی کۆمەنست، خەڵکی شار بە گشتی حەزیان لە ووتارەکانی دەکرد، ئێمە بە ئارامیەکی درێژەوە چاوەڕوانی لێکچواندنە سەیرە کانیمان دەکرد، بە دەگمەنیش بە دەست بەتاڵی دەگەڕاینەوە. کاتێ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری نوێ دەکرایەوە، ئەویش ئامادەی ئاهەنگەکە بوو گووتی: "ڕۆشنبیری فیلم، هەڤاڵان گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزەی دەتوانین فیلم بەرهەم بێنین بە زمانی هەنگاری".

هەموو کەسێك هەڕەشەو گوڕەشەکانی لەبیرە، کە ئاڕاستەی کرێکارەکانی کارگەی دارتاشخانەی دەوڵەتی دەکرد، بەتایبەتی بۆ تێکدەرەکان: "وشیار بن هەڤاڵان، هەردەم ئاگادار و وریا بن، چونکە دەستی دوژمن گەیشتۆتە دەرگای ئەو کارگەیە!"

یەکێك لە باشترین تێبینیەکانی ئەوە بوو:"ئەی هەڤاڵان! ڕاستیەك خۆی دەنوێنێ، لەو ئەنجامە بەرز و مەزنانەی کە بەڕەنجی شانی خۆمان بە دەستمان هێناوە. ئەویش ئەوەیە گرنگی مرۆڤ بەجل و بەرگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەو دڵانەیە کە لەناو بەرگەکان ترپە ترپ دەکەن!"

هەروەها (یوسف. ك) لە پێشترا دەرگەوان بوو، لە دواییدا بوو بە سکرتێری پارتی کۆمەنستی لە ناوچەکەی خۆی، هەتا منداڵەکانیشی وەك خۆی دەرهێنا بوو، بە جۆرەها دروشمی سیاسی و سەربازی گۆشیکردبوون، پێیانی گووتبوو ئێوە هیوای دوا ڕۆژی پارتی کۆمەنستن. فێری دروشمگەلێکی بێ شومار ببوو، بە جۆرێك تەنها دەیتوانی بەو زمانە بدوێ.
جەرگ سۆزی گەیشتبووە ڕادەی ئەوەی، جارێکیان بە خێزانەکەی گووتبوو - کوڕەکەی خۆی بۆی گێڕامەوە- : "ئەگەر کار گەیشتە سەر کۆمۆنیزم، گوێ بەوە نادەم تەنها قوربانی بە ژنەکەم و کوڕەکەم بدەم، تەنانەت قوربانی بە کۆرپەکەشم دەدەم کەتەمەنی دوو مانگانە، ئامادەم خەبەر لە هەموویان بدەم!"

لەپاش چەند ساڵێك، لەکاتی هەڵگیرسانی شۆرشی ساڵی ١٩٥٦ دا، لە کوشتارەکەی گۆڕەپانی کۆستارساساگ، پیرەمێردێکم دیت تەکان دەدات لەسەر زەوی، بە کوڵ دەگریا و مستی دەهەژاندەوە، لەبەرامبەر سەرکردایەتی پۆلیسی نهێنی هاواری دەکرد: "جەلادی کۆیلەکان! چەوسێنەرانی هەژار و زەحمەتکێشان! ئەی ئەوانەی خیانەتتان لەچینی کرێکاران کرد!"

هێشتا(یوسف. ك) مێشکی بە دروشم ئاخنرا بوو، بەڵام ئەو جارە دژی ئەوانەی بەکار دەهێنا، کە فێریان کردبوو.
لە ناوەڕاستی شەقامەکە لامدا بۆ پەنایەك، منی ناسیەوە و گووتی:"کوڕەکەم! کوڕەکەم، چیان پێکردین؟ چیان بەسەر هێناین؟"
دوایی لەسەر لێواری شۆستەکە دارما، و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە  ویزە ویزی ئەو گوللانەی بە بنا گوێی تێپەڕ دەبوون.

# بەشی ١٦

کاتێ لەدەست خێوی هەڵاوسانی دارایی ڕزگار بووین، لە ماڵەوە کلکی مشکمان بە ئارد نەدەبوو، لەبڕی ئەوەی ڕژێمی نوێی قوتابخانەکان بارمان سووك كات، بە پێچەوانەوە کۆڵی باوکمی قورستر کردبوو. بەو هەموو (ئابوونە) خورتیانەی لێیان دەستاندین.

دروشمە نوێیەکان دەیان گووت: (لاوان سوپاسگوزاری خۆیان بۆ حوکمەت دەردەبڕن، سەبارەت بە سەرلەنوێ بنیات نان و چاككردنەوە قوتابخانەکان.) هەر ڕۆژەی پسولەیەکمان بۆ ماڵەوە دەبردەوە. لەسەرەتادا بۆ دەرگاکان، دوایی بۆ دەست شۆرگەکان ئینجا بۆ پەنجەرەکان، کاتێکیش هەندێکمان نارەزایی دەربڕی پێیان گووتین: "بەڵام قوتابخانە، قوتابخانەی خۆتانە ...ئێوە بۆخۆتانی بنیات دەنێن."

پارە وپولی کۆکراوە بوو بەهەڵم، بەبێ حیساب وکتابێکی ئاشکرا، دیوارەکان هەروەك جاران پڕی کونۆچکە و درز بوون، حەوشی قوتابخانەکەش بە دارستانێك لە بۆڕی بنمیچەکان ناشیرین ببوو، دوایی (یەکەی کارکردنی کەس و کاریان) پێك هێنا. ئەوەش مانای ئەوە بوو، سەرەڕای ئەو هەموو پارەیەی کە کەس وکاری قوتابیان دەیان بەخشی، دەبوایە کارو کرێکاریەکەش بکەن. دەبوایە هەندێکیان دیوارەکان بۆیاغ بکەن، هەندێکی تریش تەوالێتەکان و بۆڕی ئاوەکان چاك بکەنەوە.

لەپاش سێ مانگ لە دەستپێکردنی ڕژێمی نوێی قوتابخانەکان، بڕیارێکی نوێ گەیشت: (بەیانی کۆبونەوەیەکی گرنگ دەبەسترێ لەهۆڵی قوتابخانە، ئامادە بوون بە زۆرییە! ئەوەی دوا کەوێت سزا دەدرێت. بابەتیش: بزووتنەوەی ڕێبەرانە.)[٣]

---

[٣]- حرکة الرواد

لەباوکم پرسی"باوکە، تۆ دەلێی چی، بچمە ناو ئەو بزووتنەوەیە یان نا؟" یەکەم جار بوو باوکم بە زەبوون وشڵەژاوی هاتە بەر چاو، لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکم، چونکە من لەباوکم ڕاهاتبووم بۆ هەموو پرسیارێك وەڵامێکی ڕاست و ڕەوانم لەدەست بنێ، لە وەڵامدا گووتی:

"تۆ لەمن چاکتر دەزانی کوڕی خۆم. بێگومان لایەنی چاکی تێدایە وەك: وەرزش و گەشت و گوزار و گەلێك شتی تر." لەپاش هەناسە بڕکێیەك گووتی:"کەس ناتوانێ بڵێ من دژی ئەو بیرۆکەیەم ئاڕاستە کردی!! " بەو قسەیە زیاتر هەستم بە دڵە ڕاوکێ کرد.

هۆڵی قوتابخانەیان ڕازاندبۆوە بەئاڵای سوور، و کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ، ولافتە و دروشمەکانی بزووتنەوەی ڕێبەران. بەڵام ئەو هەموو دیکۆرانە نەیاندەتوانی شەکەت وپەکەتی پەنجەرەکان داپۆشن، ئەو پەنجەرانەی بەزۆرە ملێ پارەیان پێ کۆکردینەوە بۆ چاك کردنەوەیان، هەتا بنمیچەکان شوێنەواری جەنگیان هەر بەسەرەوە بوو.
بەڕێوەبەر لە ناوەندی ئەندامەکان دانیشتبوو، ودوو لاویش لەو دیو و ئەو دیوی ئەندامەکان ڕاوەستا بوون بە جل و بەرگێکی یەکجۆر (یونیفۆرم) ی سەیر، کە بەر لە ئێستا نەمدیبوو، کراسێکی سپی دوو گیرفانی، لەگەڵ یەخەیەکی شین، و قایشێك ئەستێرەی سۆڤیەتی تێدا دەدرەوشایەوە. ئەو دوو لاوە نمونەی ڕێبەران بوون.

بەڕێوەبەر هەستایە سەر پێ، یەك دوو ئحم ئحمی کرد و دەستی پێکرد:
"ئەی ڕۆڵە خۆشەویستەکان! ئیمڕۆ پێشوازی سکرتێری بزووتنەوەی ڕێبەرانی کەرتی دەهەم (گابور تشیز مادیا) دەکەین، کە دەیەوێت چەند وشەیەکتان پێشکەش بکات، لەبارەی بزووتنەوەی ڕێبەران." ئینجا دانیشتەوە.

سکرتێر هەستایەوە بەدەم زەردەخەنەوە گووتی:"ئەی ئەندامە خۆشەویستەکانی بزووتنەوەی ڕێبەران! ئیمڕۆ ڕۆژێکی مەزنە لەژیانتان. ئەوەتانێ یەکێتی سۆڤیەتی مەزن وا

لەبەر چاوتانە، لاوەکانی نمونەن بۆ هەموو لاوەکانی جیهان. پێویستە هەمومان سوپاسی یەکێتی سۆڤیەت بکەین چونکە لە سایەی ئەودا سەربەستین لەوەتی ساڵی ١٩٤٥ وە . کەسانێکی کەم لە ئێوە ڕژێمە وەبەرهێنەرەکانی ڕابردووی لە بیرە. لەو ڕۆژگارە ڕەشانەدا، لاوان دەستە کوتێیان دەکرد لە تاریکایی دا، لەناو ئازار لە دایك دەبوون، بەبێ هوودە خەباتیان دەکرد، بۆ سەراوژێر کردنی ئەو ڕژێمە گەندەڵانە. بزووتنەوەی ڕێبەرانیش ڕوێکی نوێی ژیانی سەربەستی و بەختیاریمانە. دڵنیام هەمووتان ناوی زویا کوزمو دینسکایا تان بیستوە، ئەو کچە سۆڤیەتی یە نەبەزە، کە بەرەنگاری مەرگ بوەوە و هورای بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەکێشا، کاتێ جەلادە فاشیستەکان هاتن بیبەن، کە کوشتیان ناوی ستالین هەر بەسەر لێوەکانی بوو. ژیانی خۆی بەخت کرد بۆ وڵاتەکەی .

هەروەها گوێتان لە (ئولیگ کۆشینۆی) و گەلێکی تر لەو ڕێبەرە قارەمانانەی سۆڤیەت بووە."

دوایی گووتی:

"ڕێبەرانی سۆڤیەت نمونەی هەرە بەرزی ڕێبەرانی هەنگاریان، کاتێ ئێمە بزووتنەوەیەکی هاوچەشن لێرە دادەمەزرێنین، دەزانین هەموو خەون وخەیاڵتان دێتە دی. بەدامەزراندنی بزووتنەوەی ڕێبەریمان، بزووتنەوە دێدەوانی یە بە ساڵاچوەکەی دەستی ئیمپریالیزم، بەسەر دەچێت ودەتوێتەوە، هەر خۆی لە خۆیدا هەڵدەوەشێتەوە، بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بۆ بزووتنەوەی ڕێبەران چۆڵ بکات. وەرنە ڕیزەکانمان وەك سەربازێکی بچوك، لەپێناوی سەرلەنوێ بنیاتنانی نیشتیمانەکەتان، هەروەها لەپێناوی بەرژەوەندی دوا ڕۆژی سۆشیالستی بەختەوەرتان! بژی ئازادی، بژی سەربەستی."

یەکەمجار خۆی دەستی بە چەپڵە لێدان کرد، دوابە دوای ئەویش مامۆستاکانی سەر بەرزەکەکە، بەڵام دوو ڕێبەرە ڕاوەستاوەکان جووڵەیان نەکرد. جگە لەوان کەسی تر

چەپڵەی لێنەدا چونکە کەس داوای لێنەکردبووین، هێشتاش نەببووینە ئامێرێکی کەڕ ولاڵ، وهێشتا پەتای لاساییمان نەگرتبوو. سەر لەنوێ بەڕێوەبەر قسەی کردەوە و گووتی:

" دەمەوێ سوپاسی هەڤاڵ (تشیز مادیا) بکەم بۆ وتارە بەنرخەکەی. لەڕوخسارە گەشەکانتان دەبینم لەخۆشیا ئارامتان نەماوە، ئۆقرەتان نەماوە بۆ هاتنە ناو ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەی لاوانی سۆشیالستی."

# بەشی ١٧

لە ساڵی ١٩٤٨ بە بۆنەی بیرەوەری شۆڕشی هەنگاریای ساڵی ١٨٤٨ ئاهەنگمان گێڕا. سەرتاپای وڵات خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ئاهەنگ گێڕان. نمایشێکی گەورە ساز کرا لە بۆدابست، لە پێش پەیژەی مۆزەخانەی نیشتیمانی، لەو پنتەی کە شۆڕشەکەی لێ هەڵگیرسابوو، و (بیتۆفی) کە مەزنترین شاعیری شۆرشی هەنگاریای ساڵی ١٨٤٨ بوو، ودوایی لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد لەدوای شۆڕش، لەو شوێنە هۆنراوە بەناو بانگەکەی خوێندبووەوە:

"دەی ڕاپەڕن هەنگاریەکان! ئێستا کاتی هاتووە! ئێستا و هەتا هەتاییی!!."

خانوبانەکان بەگشتی بەئاڵای هەنگاریا ڕازابوونەوە. خەڵکی هەریەکەی باجێکی لە ڕەنگەکانی ئاڵای هەنگاریای (سور و سپی و سەوزی) بە یەخەی چاکەتەکەی هەڵواسیبوو. لەشەودا نمایشێك بە مەشخەڵ هەڵگرتن سازکرا لەشەقامەکان، بە هەزاران دەنگ سروودی نیشتیمانیان دەهۆنیەوە. لە ڕۆژی دوایدا ئێمەش ئاهەنگێکی بچوکمان ساز کرد لە قوتابخانە.

بەڕێوەبەرمان سەردانی ئاهەنگەکەی کرد، وا دیار بوو بەزم و ڕەزمی شەوەکەی ڕابردوو تۆزقالێك کاری تێنەکردبوو، چونکە زۆر بە سارد و سڕیەوە گووتی:"پێویستە سەر لەنوێ مێژوو (هەڵسەنگێنینەوە)، بیتۆفی بەلشەفی سەردەمی خۆی بوو. ئەگەر دووبارە بەشێوەیەکی ڕاست شۆڕشەکە هەڵسەنگێنین، دەبینین ئەو شۆرشە قەرەوڵێك بوو بۆ ڕزگاربوونی هەتا هەتایی ساڵی ١٩٤٥.!! بێگومان هەموشمان دەزانین پێویستە سوپاسی کێ بکەین!!."

بەڵام ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە کە بەدەستی جەنەڕاڵ (باشکیفیتش)ی ڕووسی شۆرشەکەی ساڵی١٨٤٨ پێخوست کرا، هەروەها جەرگی بیتۆفی (بەلشەفی سەردەمی خۆی) بەخەنجەرێکی ڕووسی لەت لەت کرا. هەروەك باوکم گووتی، خۆ هەر نەبێ ڕوسیای قەیسەری، نەیدەویست قایلمان بکات بەوەی کەوا باشکیفیتش ڕزگارکەری گەل بوو لە چنگی ڕژێمی کوسوتی- کە سەرکردەی سیاسی شۆڕشی هەنگاریای ساڵی١٨٤٨ بوو ولە تاراوگە کۆچی دوایی کرد لەدوای شۆڕش- کۆنە پەرست.

لەپاشاندا ئێمەیان لەچەند یەکەیەك بەناوی (شانەکانی ڕێبەران) ڕێکخست. شانەکەی ئێمە هەر چوار پۆلە یەکەمەکانی گرتەوە، هەر شانەیەکیش دابەش دەبوو بۆ سێ دەستە، هەر دەستەیەکیش (دە) تا (دوازدە) قوتابی بەخۆوە دەگرت. ناوی دەستەکان لەو جۆرانە بوون: (دەستەی ڕزگاری) و (دەستەی ئاشتی) هتد. . . دەستەکەی منی تێدا بووم ناوی (دەستەی چواری ئەپریل بوو). چالاکیەکانی بزووتنەوەی ڕێبەران کاتی شەوانیشیان لێ داگیر دەکردین. تا ڕادەیەك بەدەگمەن نەبا کەس و کاریشم نەدەدیت، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە زۆر پێویستیم پێیان هەبوو.

هەروەها بزووتنەوەی ڕێبەرانی کچانیشیان دامەزراند. دەریاچەکی دەست کرد هەبوو لە (فارو سلیفت) دورگەیەك لە ناوەڕاستی بوو. گەشتێکمان کرد بۆ ئەوێ، لەسەرەتادا زۆر بەشادی و پاکی لەگەڵ کچەکان مەلەمان دەکرد، بەڵام سێبەری باخچەکان ودارستانە چڕەکانی دوورگەکە کوڕو کچانی تاوگیرکردن، جووتە جووتە لە گۆمی مەلەکردن بکشێنەوە، بەرەو باخچە و دارستانەکان.

سێزدە ساڵم تەمەن بوو، بەڵام چیرۆکی نێو دارستانی کوڕان وکچانم لە دەمی کوڕە گەورەکان گوێ لێدەبوو. ئەو کاتە تا ڕادەیەك لەهۆی دڵەڕاوکێ باوکم، دەربارەی چالاکیەکانی بزووتنەوەی ڕێبەران تێگەیشتم، بەتایبەتی لەڕۆژانی یەك شەمەدا.

بزووتنەوەکە توووند دەستی بەسەر ئێمە داگرت، لەو کاتە ناسکانەی بێدار بوونەوەی هەستی سێکسیمان، لەو ساتە ناسکانە ئێمەی گەنجینە زێڕینەی کۆمەنستی بۆ خۆی پەلکێش کردین، تا دوور کەوینەوە لە ئاڕاستەکردن و کارتێکردنی ماڵەوە. لەسەرەتادا چەند ئەرکێکیان بە هەندێك لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی دێدەوانی پێشوو ڕاسپارد، بەڵام کە کاریان پێ نەمان یەکە یەکە پولیان پێوە نان، دەریان کردن، لەجێی ئەوان ئەندامانی پارتی کۆمەنستیان دادەمەزراند.

(جۆزیف .م) بووە فەرماندەی (شانەکەمان). ئەو جۆزێفە ئەندامی پارت بوو، کاری ڕێکخستنی ڕیزەکانمان و ئەرکەکانمان بوو، لەبواری چالاکی ڕۆشنبیری وگفتو گۆی رامیاری، هەروەها سەرپەرشتی دەرکردنی بڵاونامەی هەواڵی دەکرد، کە ئێمە دروستمان دەکرد، بۆ ئەوەی بەدیواری هەڵواسین. ئەو کاتە ئێمە بە ساویلکەیی مناڵانەمان واماندەزانی، ئەو بیروڕایانەی لەگیرفانی خۆی دەردەهێنێ، بەڵام هەر زوو بە زوو بۆمان ئاشکرا بوو، کە ئەو تەنها نامە بەرێکە فەرمانەکانی لایەنە بەرزەکانمان پێ ڕادەگەیەنێت بە وردو درشتەوە. دروست کردنی بڵاونامەی دیوار، ببووە کارێکی ڕەزا قورس و ناخۆش، بەهەموو شوێنێك بڵاو ببوەوە، لەکارگەکان و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و هەموو دەزگاکانی تردا.

زۆربەی بابەتەکانیشیان لە وتار وهەواڵەکانی ڕۆژنامەکۆمەنستی یەکان وەردەگرت، وێڕای ئەو وتارانەی کە ئێمە هەوڵی نووسینمان دەدان لەبارەی: (پۆلایی ستالین) و (قارەمانانی کاری نوێی سۆڤیەت) و (کچە شیرفرۆشی ستاخانوفی) و (کۆلخۆزە سۆڤیەتییەکان) یان دەربارەی (بزووتنەوەی بیکۆف لەنێو کرێکارانی پۆلایینی سۆڤیەت).

بۆ ماوەی مانگێك ئەرکی دەرخستنی بڵاونامەی (شانەکەمان)بەئەستۆ گرت، چونکە کەس نەبوو ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت. جارێکیان هاوڕێیەکم لە قوتابخانەی کەرتی کیریستۆرەوە، هاتە لام پێی گووتم: "ئادی، هەواڵێکی چاکم پێیە بۆت بۆ بڵاوکردنەوە دەشێ. ئەویش

دەربارەی ڕێبەرانە، بەڵام پێویست ناکات هیچ بڕگەیەکی لێ ببڕی، بەکورتی کچێکی ڕێبەر هەیە لە کیریستور، سکی پڕ بوە"

یۆسکا چیرۆکەکەی لە ئەلفەوە تا یێ دەزانی، هەروەها هاوسێکانیشی پێی ئاگادار بوون. (کاتی) تەمەنی سێزدە ساڵان بوو بەڵام بەژداری هەموو چالاکیەکانی ڕێبەرانی دەکرد، فەرماندەی تیپەکەش ناوی (زۆلی) بوو، هەردەم (کاتی) لای خۆی دەهێشتەوە. ئەو حاڵە بەردەوام بوو بۆ دوومانگ، هەتا ڕۆژێکیان کاتی نەهات بۆ قوتابخانە.

یوسکا گووتی:"لەسەرەتادا چەندم کرد باوکم باوەڕی نەدەکرد دەیگووت ئەوە چەنە بازیەکی کۆنەپەرستییە، خۆت دەزانی ئەندامە لە پارت، مەبەستیان بەد ناوکردنی بزووتنەوەکەیە، بەڵام دایکم بۆی بە دیارکەوت کەوا مەسەلەکە ڕاستە. دایکی کاتیش پێی ئاگادار بوو، هەرکە زانیبووی دەست بەجێ خۆی گەیاندبووە لای (زۆلی)، بە ئاقڵت (زۆلی) چی پێ گووتبوو؟
گووتبووی: بەهۆی (کاتی) یەوە من شتێکی زۆر لەبارەی خێزانەکەتان دەزانم. سوپاسی خوا بکە من یەکسەر خەبەرتانم لێنەدا، لە لای پۆلیس و لیژنەی پارت بەتاوانی کۆنەپەرستی، بەڵام دەبوایە بمزانیبایە کە ئەوە ئەرکی سەر شانمە پێویستە سێ و دووی لێنەکەم"

باوکی زۆلیش هەروا بە ڕێکەوت سکرتێری یەکەمی لیژنەی پارت بوو.
من و سێ هاوڕێی تر لەگەڵ یوسکا چوین بۆ کیریستور. بەحوکمی ئەوەی خۆم ڕێبەر بووم، وا هەستم دەکرد ئەرکی سەرشانی هەموو ڕێبەرێکە بزووتنەوەکەمان بپارێزی بەپاکی و بێ گەردی.

کاتێ گەیشتینە کریستور هەواڵی زیاترمان بەرگوێ کەوت. باوکی کاتی مەسەلەکەی بەر گوێ کەوتبوەوە، لەقسەو قسەلۆکی خەڵکیدا. لەپاشاندا بەزۆری قسەکەی بەدایکی

(کاتی) پشت ڕاست کردبووەوە. هەر کە بۆی سەلماندبوو یەکسەر پەلاماری دابووە (کاتی) ودەستی لە هەوکی نابوو و هاواری دەکرد: "یانی زۆڵێکت دەبێت لەو کۆمەنستە خوێڕی وزۆڵە؟".

(کاتی) لەترسانا تۆقی بوو، بەڵام ڕێنومایيە نوێکان هەر زوو بە فریای کەوتبوون، بۆیە بەسەریدا قیژاندبوو: "بەرمدە، ئەگینا شکایەتت لێدەکەم لەلای پۆلیس!"

باوکی (کاتی) یەك بەدەمی خۆی هاواری کردبوو:"سۆزانی لە سێزدە ساڵاندا! هەر دەتکوژم" وەری گەڕابووێ بە لێدان و کوتان وفرمێسکەکانیشی بەسەر ڕوومەتی خل دەبوونەوە. بەڵام (کاتی) دەستوەکەری خۆی کردبوو، توانیبووی لەبەر دەستی ڕابکات و لەناوە ڕاستی شەقامەکە هاواری دەکرد: "دڕندە، هەی دڕندە، تۆ باوکم نیت، ئەوە باوکم نییە! بەو گوێیانە گوێم لێبوو دەیگووت نەفرەتی خوا لە دیموکراسیەتی گەل بێت. هەر ئێستا دەچم بۆ لای پۆلیس."

بەڵام کاتێ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە (کاتی) لە قسەکانی پێشووی پاشگەز ببوەوە، گووتبووی: ئەو تاوانانەی کە دابوویە پاڵ باوکی هیچیان ڕاست نییە، بەڵکوو هەڵەی زمان بوون لەکاتی توڕەبووندا، ئەگینا باوکم کۆنە پەرست نییە.

دایکی (کاتی) یش گووتبووی ئێمە و باوکی (کاتی) هەرگیز ئەو تاوانە ناخەینە ئەستۆی زۆلی.

بەڵام ئەو هەڵچوون و تووڕە بوونەی باوکی (کاتی) هەرخۆی لەخۆیدا کارێکی کۆنەپەرستانە بوو، چونکە لەبیری نوێ دا هیچ نەنگیەك لەوەدا نەبوو، کچ ببێتە دایك بەبێ شوکردنێکی یاسایی. بەڵکو بە پێچەوانەوە، خۆی فێری دەکردین کەوا: (لەبەر ئەوەی ئەرکی ئافرەتان سك پڕ بوون و منداڵ بوونە، کەواتە ئەو کچەی بەو کارە هەڵدەستێ پێویستە شانازی پێوە بکات.) بە پێی ئەو شانازیە (کاتی) دە هەزار فورینتی پێشکەش کرا لەلایەن پارتی کۆمەنستەوە.

## بەشی ١٨

بە سواری تراموای چووین بۆ(هوفو سفولفی) نزیکەی سێ هەزار ڕێبەری کوڕ و کچ دەبووین، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ڕەشماڵمان لەوێ هەڵدا. لەڕێگا هەمووومان (مارشی ڕێبەرانمان) بەکۆمەڵ دەهۆنیەوە.
کەڕەنای کۆبوونەوە لەسەر گردۆلکەکە لێدرا، دەسبەجێ ڕیز بووین، بۆ ئەوەی گوێ بۆ وتەی پێشوازی بگرین، لەلایەن فەرماندەی ڕێبەران لە کیریستور. یوسکا چاوێکی بۆ داگرتم و گووتی: "ئەوە خۆیەتی! توخوا سەیر نییە؟ ئەوە(زولی)ی (کاتی) یە."
کە ڕوانیم دیتم پیاوێکی لاوازی قاچ باریك بوو، لەگەڵ دوو گوێی شۆڕ، سەرم سوڕما (کاتی) عەشق وخولیای چی ببوو؟!

یوسکا گووتی: "سەرت سوڕ نەمێنێ دەزانی بۆ سەرنجی (کاتی) ڕاکێشابوو؟ چونکە باوکی لە گەورە پیاوانی کۆمەنستە لە کیریستور."

دەستمان کرد بەیاریکردن بەشێوەیەکی ڕێك و پێك هەتا ئێوارە، ئینجا لەدەوری ئاگری ڕەشماڵگەکە بازنەمان کردبوو. هەر کە تاریکی باڵی کێشا، کوڕان و کچان بەدەستە خۆیان لەڕووناکی ئاگرەکە دەدزیەوە بەرەو تاریکی دارستانەکە. یوسکا بە گاڵتەوە گووتی: "دەزانی بۆکوێ دەچن؟ دەچن ڕووەك کۆ دەکەنەوە بۆ بەشی مێژووی سروشتی."

ئینجا گووتی:"با شوێنیان کەوین"

نزیکەی دووسەد مەتر ڕۆیشتین یوسکا باسکمی گرت و بەگوێمیدا چرپاند: "تەماشای ئەو گوزەرە بکە! ئەگەر دەتوانی بیان ژمێرە." کاتێ تەماشام کرد دیتم سەدان کوڕو کچ وەك ماری ئاشقە وماشقە لە ژێر دارەکان لێکتری ئاڵابوون، پێش ئەو ڕۆژە کەسم لە کاتی

جووت بوون نەدیبوو، لە پڕێکا سەدان باری جوتبوونی جیا جیام بەر چاو کەوت. یوسکا داوای لێکردم جل و بەرگی ڕێبەرانی ژێر دارەکان بژمێرم کە بەلقی دارەکانیان هەڵواسیبوون.

یوسکا گووتی:"ڕێبەران ئامادە باشی!"

هیچ کامێکمان ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی. یوسکا دەدوا منیش گوێم بۆی گرتبوو. نزیکەی کاژمێر (یەکی) نیوە شەو بوو گوێمان لەدەنگێك بوو لەدەرەوەی ڕەشماڵەکەمان، لاوێك پێی لە گوریسی ڕەشماڵێك گیر ببوو، زۆلی لاوێکی تری هاوەڵی گرتبوو. ئەو کاتە زۆلی بەناو ڕەشماڵگەکە دەسوڕایەوە.
گوێمان لێبوو زۆلی لێی پرسین: "بۆ بەم درەنگ شەوە بێدارن؟ لەکوێ بوون؟"

" لەهیچ شوێنێك نەبووین. . . تەنیا. . ."

"لەکوێ؟"

"چووینە تەوالێتەکان"

"تەوالێتەکان؟ ئەی بۆ پێکەوەن؟"

"پێکەوە بەئاگا هاتین."

بۆ بەیانی کاتێ نمایشی ئاساییمان پێشکەش دەکرد، زۆلی بەشێوازی سوپایی هەروەك پێشوو پیرۆزبایی لێکردین، دوای کەمێك گووتی: "دەمەوێ ئەو بڕیارەی زەبت و ڕەبتەتان بۆ بخوێنمەوە: شەوی ڕابردوو دوو ڕێبەرمان دەستگیر کرد، بەبێ وچان لە ڕەشماڵگەکە

دەسووڕانەوە. ئەوەش بەپێشێل کردنی یاسا لەقەڵەم دەدرێ، بڕیارمان دا هەردووکیان دەربکەین. پێویستە بەزووترین کات ڕەشماڵگەکە بەجێ بهێڵن."

من و یوسکا چەند سەرنجێکی بارگاوی بە پرسیارمان ئاراستەی یەك کرد. ئەو ڕۆژە تا پێمان کرا چاودێری زۆلیمان کرد. لەئێوارەدا کاتێ دزەکردن دەستی پێکرد بۆ ناو دارستانەکە، دیتمان زۆلی لەگەڵ سێ کچ بۆ ناو دارستانەکە دەچوون. من و یوسکاش دوا بە دوایان دەڕۆیشتین، جارو بار وەك مۆتەکە لەبەر چاومان بزر دەبوون، بەڵام ڕووناکی فانوسەکەی دەستی زۆلی شون هەڵگرمان بوو. کاتێ فانوسەکەیان کوژاندەوە ئێمە هێشتا بە دوایاندا بووین، وا دیار بوو زۆلی شوێنێکی گونجاوی دۆزیبوەوە بۆ مەبەستەکەی. لە پڕێکا یوسکا هەڵوەستەی کرد، بەدەنگێکی نزم گووتی: "با بگەڕێینەوە، ئەوەی دیتمان بەسە."

گووتم: "نەخێر، ناگەڕێمەوە تا دەچمە سەریان. ئەو ناجسنە دوو ڕێبەری دەرکرد هەر لەبەر ئەوەی لەڕەشماڵەکەیان هاتبوونە دەرەوە، بڕوانە خۆشی خەریکی چییە"

"تۆ شێتی."

"بەڵێ شێتم." هەنگاوم نا بۆ پێشەوە. دیتم سێ پانتۆڵ بەسەر درەختیلەکانەوە بوون. بەبیرم نایەت دەنگم لێوە هاتبێت، کەچی دەنگی هانکەهانك و هەناسە برکێ لەناکاودا بڕا، و زۆلی هاواری کرد: "تۆ کێی، کێ لەوێیە؟"
کچێکیان گووتی: " کەس نییە، هەی گەلحۆ". زۆلی وەڵامی نەدایەوە. لەو کاتە دەنگی غرەی بەردێك هات لەبن پێم.

یوسکا گووتی: "مەجووڵێ ناتوانێ بمان بینێ"

بەڵام زۆلی نێزەك ئاسا ڕاپەڕی بەکچێکی گووت: "فانوسەکەم بدەرێ."" کاتێ فانوسەکە لەشی زۆلی ڕووناك کردەوە، دیتم ڕووت وقووت بوو. کە هەنگاوی نا بەرەو من هاوارم لێکرد: "زۆلی نامەیەکم پێیە بۆ تۆ، لە (کاتی) یەوە لە کریستۆرەوە! تۆ خوێڕی! تۆ دەویتی!"

زۆلی لەشوێنی خۆی چەقی. ئینجا هاواری کرد: "تۆ کێی؟ وەرە پێشەوە هەی پیسی چەپەڵ." ئینجا ڕایکرد بەدواما پاشەڵی کراسەکەی شەقە شەقی دەکرد لە هەوادا، ڕوناکی فانوسەکەشی وەك شەپۆڵ بە دەورو بەردا بڵاو دەبۆوە. بەڵام هەڵخلیسکا و کەوتە خوارەوە کە هەستایەوە نەفرەتی لێ دەکردین.

هاواری کردە کچەکان:"جلەکانتان لەبەرکەن، دەبێ هەر بیاندۆزمەوە، هەردەبێ بیاندۆزمەوە."

من و یوسکا پێمان پێوەنا هەتا گەیشتینە لای کەناڵی ئاوەکە، لەوێ خۆمان حەشاردا. زۆلی مان دیت دێت ودەچێ و ئەسووڕێتەوە، وسەرگەرمی گەڕان وپشکنین بوو، دوایی هێدی هێدی خێوی لەبەر چاومان بچوك دەبۆوە. هەر کە هەستمان کرد لەچاوان ونبوو، بەڕاکردن گەڕاینەوە بۆ ڕەشماڵەکەمان، لەڕۆژی دواییدا لەپاش نماییشی ئاساییمان زۆلی هیچ بڕیارێکی زەبت و ڕەبتی پێنەبوو. ئێمەش نهێنییەکەمان نەدرکاند. ئەوە کۆتایی چیرۆکی کاتی بوو، وێڕای ئەوە یوسکا پێی گووتم کەوا (کاتی) لەپاشان سکەکەی لەبار بردبوو.

کاتێ پارت پێی زانیبوو باوکی (کاتی) یان گرتبوو سێساڵیش حوکمیان دابوو لەگەڵ کاروباری قورس بەتاوانی: " ئاخاوتنی نا دیموکراسی."!

# بەشی ١٩

بەڕێوە بەرەکەمان پرسی: " تۆ لە کام قوتابخانە بووی؟" خۆی سەخڵەت نەکرد بەخوێندنەوەی وەڵامەکانم لەو فۆرمەی کە دابوومە دەستی.

"لە قوتابخانەی سانت لاسلۆ بووم لە کۆبانیا، گەورەم."

"مەبەستت قوتابخانەی لاسلۆی یەکەمە لە کۆبانیا" ڕستەکەمی بۆ ڕاست کردەوە بەلابردنی وشەی (سانت واتە پیرۆز) چونکە وا دیاربوو ئەو وشەیەی بە دڵ نەبوو. "ئەی لە تاقیکردنەوەکان چی دەرچوویت؟"

" زۆر چاك بووم لە هەموویان."

سەری لەقاند و گووتی: "باشە. تۆ ڕێبەر بوویت؟"

"بەڵێ گەورەم."

"لە چ پلەیەك دا؟"

"پلەم نەبوو گەورەم."

"بەڵام لێرە پلەت دەبێت!"
ئینجا ڕووی بۆ باوکم وەرگێڕا وگووتی: "خۆت دەزانی بزووتنەوەکەمان ئێستا گرنگ بووە."

لە کۆتایی هەفتەی دووەمم لە قوتابخانە نوێیەکە، بڕیارێکمان لە بەڕێوەبەر پێگەیشت. لەمەو دوا ئامادە بوون لەوانە ئایینیەکان بە خورتی نییە. هەرچەندە وانەی ئایین بە وانەیەکی تاقیکردنەوە مایەوە.

جا لەبەر ئەوەی قوتابی ئامادەی وانەیێك نابێت ئەگەر بەزۆری نەبێت، بۆیە ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لەماوەیەکی کورت ڕوویدا.

لەپاش ماوەیەکی کەم، ڕۆژنامەکانی کۆمەنست ئەو حاڵەتەیان بە هەل زانی، بۆیە بەو پەڕی متمانەوە لەڕۆژنامەکان دەیان نووسی: " ژمارەی ئەو قوتابیانەی بایەخ بە پڕوپوچی ئایینی دەدەن بەردەوام لەکورتی دەدات."

ئیتر پاشەکەوتی دارایی باوکم بەشی خواردن و پۆشینی نەدەکرد، بۆیە هەمووومان لە ژوورێك کەڵەگە بووین، دوو ژووریشمان بەکرێ دا. ئێستا بە جەستەش بێت لە خێزانەکەم نزیکتر بووم وەك لە پێشودا. بەڵام هەستمان دەکرد چاڵێکی قووڵ لێکمان جیا دەکاتەوە تا دەهاتیش قووڵتر دەبوو، ڕاستە من لە تەمەنی بێدەنگی دابووم بەڵام شتی لەوە زیاتر لە ئارادا بوو.
کاتێ دایکم پرسیاری لێدەکردم دەربارەی وانەکان و چالاکیەکانم لە قوتابخانە، نەمدەتوانی بە ڕاشکاوی وەڵامی دەمەوە، (گابی ك)یش هاریکاری کرد لە قووڵ کردنەوەی چاڵەکە زیاتر، لە (سیت) دا واتە ئەنجوومەنی لاوانی سوشیالستی.

ئەو گابی ناوە لە نزێك ئێمەوە دەژیا، لە پۆلی حەفتەم بوو لە قوتابخانەی فاسۆکا. هەروەها ئەندامیش بوو لە (سیت). جارێکیان وە پێشە خۆی دادام بۆ سەیر کردنی یاری تۆپی سەرمێز، لە پێشا یاریەکە بە خوێندنەوەی چەند وتارێکی جاڕسکەر ودرێژ کرایەوە. لێم پرسی ئەو چەنە بازیە زۆر دەخایەنێ پێی گووتم: " ئەوە گرنگ نییە هەی گەلحۆ،

تەماشای ئەوێ بکە." پەنجەی درێژ کرد بۆ کورسیەکانی ڕیزی کۆتایی پلیکانەکان، کە سەیرم کرد دیتم کوڕان و کچان وا بەجووتە یەکتری ماچ دەکەن .

گابی دیسانەوە گووتی: "شتێکی سەیر ترت نیشان دەدەم." بە دوای کەوتم بۆ خوارەوە گەیشتینە تێپەڕگایە تاریکەکە، لە دوا پنتی تێپەڕگاکە کلیلێکی لە گیرفانی دەرهێنا و گووتی: " ئەوە کلیلی بەشی مێژووی سروشتیە، دوازدە کلیلی تری وەك ئەوە هەیە."

دەرگای کردەوە بە پێشە خۆی دادام بۆ پشت کۆگاکانی نماییش. ئەو لایەی ژوورەکە ناوبڕ کرابوو بە بەر بەست، کەل و پەلی ژووری پێشوازی لێ کەڵەکەت کرابوو. کورسیەکانیش لە شێوەی چوار پایە ڕێك خرابوون.
لە چەپڵە لێدانی هۆڵەکە زانیمان وتارەکان تەواو بوون. کاتێ گەڕاینەوە سکرتێری (سیت) فەرمانی دەکرد، بەکوژانەوەی چراکان وئاڕاستە کردنی پلاجکتۆرەکان بۆ سەر یاریزانەکان.
سەرم بردە ژێرسەری گابی: "چۆن دەتوانن خۆیان لە دەردە سەریەکان بپارێزن؟"

گووتی: "مەترسە هیچ خەمت نەبێ، کچان زۆرزانن."

پاش کوژانەوەی چراکان دیم جووتە جووتە دەستیان بە کشانەوە کرد لە هۆڵەکە. کاتێ لەگەڵ گابی گەڕاینەوە تێپەڕگاکە. دیتم حریتە حریتی پێکەنینیان بوو، لە پێش دەرگا دوازدە کلیلیەکە وەستابوون، چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکرد.

# بەشی ٢٠

(بال س)، ئەو مامۆستایە وانەی پاراستنی تەندروستی پێ دەگووتین، پێی گووتین: " ئێوە هیچیتر وەك جاران منداڵ نین.". ئەو فەرمانبەرێکی تەندروستی بوو لە ناوچەکە، هەروەها سکرتێری پارتی کۆمەنست بوو لە قوتابخانەکەمان. گەلێك دەربەدەری وتاڵس وسوێری ژیانی چەشتبوو، بەڵام لەگەڵ نێردەیەکی پزیشکی بۆ ڕوسیا و چین سەفەری کردبوو. هەموومان خۆشمان دەویست چونکە بێ پێچ و پەناو بەڕاشکاوی قسەی دەکرد، دەیزانی چۆن متمانەمان وە دەست بێنێ. ڕۆژێکیان واقمان وڕما کاتێ هاتە پۆلەکە باسی ژیانی زایندەیی (سێکسی) بۆ کردین.

لەپێشەوە گووتی: " لەوانەیە زۆربەتان شتێکتان بیستبێ دەربارەی ئەو بابەتە، نامەوێ ئێستا بگەڕێمەوە بۆ بنچینەی باسەکە، چونکە شتێکی زۆر دەربارەی ئەو بابەتە لە کتێبەکانی قوتابخانە نووسراوە. تەنها وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە، چونکە منیش وەك ئێوە منداڵ بووم، دەزانیشم کەوا منداڵ پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و ئاڕاستە کردن هەیە. کەمن وەك ئێوە منداڵ بووم ئەو مەسەلەیە زۆر ئاڵۆز بوو لام و لێم ببووە گرفتێك، چونکە ئەو سەردەمە قوتابخانە کۆنە پەرستەکان و دایك و باوکانمان، هیچیان نەدەدرکاند لەبارەی ئەو بابەتە، هەتا ئەگەر زۆر پێویستیش بوایە. ئەوەی بەخەیاڵتان دادێت لێمی بپرسن، منیش بە پێی توانا وەڵامتان دەدەمەوە."

بێ دەنگیەکی نیگەران ئامێز باڵی بەسەر پۆلەکە دا کێشا، بەڵام ئەرفین گای پەردەی بێ دەنگیەکەی دڕی بەئاڕاستە کردنی پرسیاری یەکەم: "کار تێکردنی حەیز (سوڕی مانگانە) چیە لەسەر کچان؟" وا دیار بوو پرسیارەکە (بال س)ی هەراسان کرد لەوانەیە چاوەڕوانی پرسیارێکی وا ڕاشکاوی نەدەکرد. نەختێك بێ دەنگ بوو دوایی بە نیگەرانیەوە گووتی:

"باشە. . . بۆ نمونە، کاتێ خوێنی حەیز دەوەستێت کچەکە هەست دەکات سکی پڕە."
بەڵام ئەرفین گای دوو دڵ نەبوو:
"ئایا کچان لەو کاتە هەست بە ئازار و ئێش دەکەن؟"

(بال. س)بەو پەڕی ئارامیەوە وەڵامی دایەوە: "دەزانم ئەو بابەتە لاتان گرنگە، خۆم داوام لێکردن پرسیار بکەن. . . بەڵام. . . ئەو بابەتە زیاتر پەیوەندی بە کچانەوە هەیە بەتایبەتی . . ."

" ئایا لە کچانی بپرسین؟" دەنگێکی گاڵتەجار لە کورسیەکانی دواوە بەرز بوەوە، پۆڵەکە یەك دەنگە دایانە قاقای پێکەنین. (بال. س) هاواری کرد: "بێ دەنگ! ئەوە بابەتی گاڵتەپێکردن نیە. پرسیاری دووەم؟"

بەڵام وا دیار بوو ئێمە ببووینە قیڕو بنێشتی ئەو بابەتە، نەمان دەتوانی بیر لە بابەتێکی تر بکەینەوە. (جۆزێف. ب) هەستایە سەرپێ وپرسیاری دووەمی ئاراستە کرد: "ئەگەر حەیزەکە وەستا، ئایا کاردەکاتە سەر کارکردن وجمو جۆڵی کچان؟" هێندەی نەمابوو (بال. س)لە ڕقانا دڵی بوەستێ، دووبارە گووتی: "ئەو پرسیارانە پەیوەندی بە کچانەوە هەیە بەس."
دوایی گووتی: " ئێستا لە یەکێتی سۆڤیەت سەلمێنراوە کەوا کار ناکاتە سەر کارکردنی ئافرەتان، هەتا لە پاش حەیزیش لە کاتی گۆڕانەکاندا رادەی پیتێنی ئافرەت هەر یەکسان دەمێنێتەوە بە پیتێنی پیاوان. ."

ئێستا نۆرەی من هات ودەستم هەڵبڕی:
مامۆستا گووتی "بەڵێ، ئادی بزانم بڵێ" بەڵام دەمم بووە تەڵەی تەقیو."

"دەباشە دەی، چیت پێیە؟"

لەژێر لێوانەوە گووتم: "وابزانم جۆزێف دەیویست پرسیارێکی تر بکات، لەوانەیە دەربارەی سەر ژمێری پیتێن بێت . . ."

بەڵام جۆزێف گووتی: "نەخێر سوپاس!"

دوا بە دوای ئەو مامۆستا گووتی: "کەوا بوو بیڵێ، دەی ئادی بیڵێ!"

ووشەکان بە کۆمەڵ بەسەر لێوم خل بوونەوە: "ئایا کچێکی ڕێبەری چواردە ساڵان دەتوانێت منداڵی ببێت؟"

بۆ چەند ساتێك (بال.س) چاوی تێبڕیم، و لێم ورد دەبوەوە ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو، دوایی بە نیگەرانی و هێمنیەوە گووتی: "سەیر نیە کچێك لە چواردە ساڵان زگی بەمنداڵێکەوە هەبێت، بەڵام کچی ڕێبەر نا"

"بەڵام مامۆستا من حاڵەتێکی وا دەزانم، ناوی(کاتی)یە لە کیریستور دەژییێت، سکی پڕ بوو لە فەرماندەی تیپەکەی. وابزانم سکی سێ مانگان بوو کاتێ لەبەرە خۆی برد. هەروەها (تیری) کە کچە ڕێبەرێکە منداڵێکی بوو لە تەمەنی سێزدە ساڵان. و . . ."

"بێ دەنگ! بێ دەنگ!"

(بال. س) قسەکانمی پێبڕی وگووتی: "بیبڕنەوە! گوێتان لێیە؟ بیبڕنەوە! پۆلەکە لایان وایە ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام من بەوەندە وازناهێنم ئەو چەنەبازیە کۆنە پەرستیە وەك تووتی دووبارە بکەنەوە. ئەو قسانەی کردت گەردێك ڕاستی تێدا نیە. ڕێبەران بە ئیشی چاك و شکۆمەندانە هەڵدەستن، جگە لەوە هیچی تر، تێگەیشتی؟!"

ئیتر مانی گرت لە قسەکردن، بە جوڵەیەك لە چەقی خۆیدا خولایەوە وژوورەکەی بەجێهێشت.

لەپاش چەند ڕۆژێك، من و دیسۆی هاوڕێم گەشتێکمان کرد بۆ دوورگەی (مارگیت) دیتمان ئاشقەکان لەوێ بەجووتە بە شێنەیی وشەرمنانە بەناو کەلاوەی کۆنە دێرێك دەسووڕێنەوە. من و دیسۆ بەسەر دیوارێکی ڕووخاو کەوتین هاوڕێکەم باسکمی گرت گووتی:

"بڕوانە، ئەوەش مامۆستا بال. س."

بەڵێ، بال. س خۆی بوو بە ئێسك و گۆشتیەوە، لەگەڵ کچە ڕێبەرێك بوو، لەسەر دیوارە ڕووخاوەکە چاومان تێ بڕیبوون. بەڵام وردە وردە خاڵی ڕەشیان لەبەر چاومان بچوك دەبووەوە هەتا ون بوون، پاش کەمێك کچەکە بە تەنیایی بە دیارکەوت، تەمەنی لە دەوری سێزدە وچواردە ساڵان بوو، لە کەلاوەکان دوور دەکەوتەوە، هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە (بال.س) مان دی لە شوێن پێی ئەو هەنگاو دەنێت.

لە دیسۆم پرسی: "ئەوە یانی چی؟"

"تۆ لێرە بە، ئێستا بە دوای سۆراخی دەکەوم." دیسۆ لەسەر دیوارەکە بازێکی دا بەرەو شوێنی ئەوان کەوتەڕێ. کاتێ گەڕایەوە گووتی:"ئەوەی تر بۆ منی لێگەڕێ."

لەپاش سێ ڕۆژ لەکاتی وانەی پاراستنی تەندروستی دیتمان بال شپرزە وپەشۆکاوە. وا دیار بوو وانەی نوێی بۆ ئامادە نەکردبووین بۆیە هەر کەونە کای بەبا دەکرد، پێش کۆتایی وانەکە بە پێنج خوولەك کتێبەکەی داخست دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەردانەکانی بۆ

ڕوسیا و چین، دوایی باسی پیلانەکانی کۆنەپەرستانی دەکرد، ئینجا گووتی ئاواتە خوازم بزووتنەوەی ڕێبەرانی هەنگاریا بەرز بێتەوە بۆ ئاستی فیکری وئاکاری بەرزی ڕێبەرانی ڕوسیا. یەکێ لە حریتەی پێکەنینی دا و دیسۆش بە دوای ئەو.

"ئەوە چییە؟ پێکەنینتان بە چی دێت؟"

لەو ساتە زەنگەکە لێیدا هەموومان لەسەر کورسیەکان قیت بووینەوە. (بال.س) کتێبەکانی وێك داداو لە ژوورەکە چووە دەرەوە بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی وەرگرێتەوە.
پێش ئەوەی لە پۆلەکە بچینە دەرەوە، قوتابیەکی ژوورەکەی تەنیشتمان هاتە ژوورەوە، لەتە کاغەزێکی لەدەست بوو سێ ناوی خوێندەوە:

"ئەرفین گای، جۆزێف ب، ئادی بڤایڤەر، دەست بەجێ بچنە لای مامۆستا (بال.س)."

چەند سەرنجێکمان ئاڵ وگۆڕ کرد، دڵنیا بووم لەوەی مەسەلەکە سزادانە بەڵام نەمدەزانی بۆ و لەبەر چی؟

(بال.س) لە دەروازەی دەرگاکەی ژووری خۆی وەستا بوو فەرمانی پێکردین بچینە ژووری کۆبوونەوەی دایك وباوکان.

ئەویش بەدوامانەوە هات و گووتی: "یەکتان لێرە، یەکێکی تر لێرە، ئەوی ترتان لەوێ، ڕووتان بۆ دیوارەکە وەرگێڕن" لەسێ سووچی ژوورەکە ڕاوەستاین بەشێوەیەك کەسمان ئەوی تری نەدەدیت. (بال. س) بەپانی و درێژی ژوورەکە هات وچۆی دەکرد، دوایی لە پشت سەری جۆزێف ڕاوەستا:

"باوکت چ کارێك دەکات؟"

"جووتیارە"

(بال س)گووتی: "کۆلاکی پیس و چەپەڵ، شەرت بێ کارێکت پێ بکەم با بەدەواری شڕی نەکردبێ"
جۆزێف وەڵامی دایەوە: "کرێکارێکی سادەی دەستکار بوو لە کێڵگە" بەڵام (بال س) ئەو تێبینیەی خستە پشتگوێ تفێکی پیسی هەڵدایە ڕووی جۆزێف ئینجا لێی پرسی:

"هیچ لەبارەی ئەو نووسینانە دەزانی؟"

جۆزێف چاوێکی پێخشاند و گووتی "نەخێر"

بال. س نەڕاندیە سەری: "دەبێ لێوی خۆت بگەزییەوە لە پەشیمانی، هەی زۆڵی پیلانگێڕ."

لەسووچی چاوم دیتم ئەو جارە لە پشت ئەرفین غای لەنگەری بەست.

"باوکت چ کارەیە؟"

"بۆڕی چییە"

"ئەی لەپێش جەنگدا؟"

"هەمان کاری دەکرد."

" یانی بەڵێندەر بوو؟"

"نەخێر، بەدەستەکانی خۆی کاری دەکرد."

"لە دەسکەوتەکانی ئەو کارە خانوەکەتان کڕی؟"

"خانوومان نیە."

"تۆ ئەوەت نووسیوە؟"

"نەخێر."

"من دەزانم ئەو نووسراوانە هەڵبەستراوی ئەو سێیەتانە. خۆت لە گێلی مەدە نەڵێی نەمدیون."

"نەخێر گەورەم، نایەتە بیرم شتی وام کردبێ. . . هەرگیز نەمدیون."

"دەباشە، من پێشنیارێکتان بۆ دەکەم بەڵکو یادەوەریتان فرێش دەکاتەوە. لەگەڵ پۆلیسی نهێنی زۆر چاك بە بیرتان دێتەوە."

کاتێ گوێم لەناوی پۆلیسی نهێنی بوو لە ترسانا زیرەم کرد. تەزویەکی ساردی وەك سەهۆڵ بە پشتم تێپەڕی.
ئینجا وەك مۆتەکەی مەرگ لە پشتم ئامادە بوو هاواری کرد بە گوێمدا:

"ئەی تۆ. مەسەلەی کچە ڕێبەرەکان چیە؟"

"هیچ نیە، تەنیا. . . ویستم . . ."

"فزە نەکەیت  باوکی تۆ کاری چیە؟"

"مامۆستای مۆزیکە."

"ئەی پێش ئەوە؟"

"هەردەم مامۆستای موزیک بووە!"

"ئایا ئەفسەر نەبوو لە سوپا یان خاوەن موڵك نەبوو؟"

"نەخێر."

"پێم گووتی نەبزوی، ڕووت بۆ دیوارەکە وەرگێڕە."

"بەڵێ گەورەم."

"ئەو دەست خەتە دەناسی؟"

بەدەستێك کاغەزێکی پیسی گەچراوی هەڵگرتبوو بەڵام دەستەکەی تری لە توڕەیی یانە دەلەرزی. لە کاغەزە گەچراوەکە نووسرا بوو " ئێستا زانیمان کچە ڕێبەرەکان بۆ ئاووس نابن" دیسانەوە هاواری کردە سەرم:

"قسە بکە، دانی پیا بێنە، گەر تۆزێك جورئەتت بێ دەڵێی ئەو نامەیە من نووسیومە."

"من نەم نووسیوە."

"درۆزنینە  یەك خولەکتان ماوە دەدەمێ بۆ بیرکردنەوە. لە پاش ئەو خولەکە دانی پیا نەهێنن داوای (ڕ . ف . و) دەکەم بە تەلەفۆن."

ئینجا ڕووی وەرچەرخاند دیسان لە ژورەکە دەستی بە هاتوچۆ کرد.
لە دڵی خۆمدا دەمگووت تۆ بڵێی ئەو بەڵایەمان لە کۆڵ ببێتەوە.
خولەکەکە تەواو بوو (بال. س) هاواری کرد:

"ڕووم تێکەن. کێ ئەوەی نووسیوە؟"

بە یەك دەنگ وەك کۆرسی گۆرانی گووتمان:" هیچم نە نووسیوە."

بۆ جاری یەکەم (بال. س) مان دیت بێئومێد و ماندووە. لە کۆتایی بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە، هەی بەچکە کۆنەپەرستی پیس وچەپەڵینە. بۆ دەرەوە."

کاتێ گەڕاینەوە پۆلەکەمان ئەوەی ڕووی دابوو بۆیانمان گێڕایەوە، دیسۆش بە مات ومۆنی لە پشتەوە دانیشتبوو. کاتێ قوتابخانەمان تەواو بوو پێکەوە بووین لە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە، زۆرم نەدواند، بەڵام لەکاتی جیا بوونەوەمان گووتم:"تۆ نامەکەت ناردبوو، وایە؟"

بەوەڵامێکی زەردەخەناویەوە گووتی:"من، نەخێر، داپیرەی مردووم بۆی ناردبوو !"

# بەشی ٢١

هەر ئەو ساڵە، زمانی ڕووسی خرایە قوتابخانەکان. پێش ئەو کاتە، زمانی ڕووسی گرنگیەکی ئەوتۆی نەبوو، هەرچەندە هەندێ لە دانیشتوانی ناوچە سنوریەکان پێی دەدوان، چونکە هاوسێ بوون لەگەڵ سلاڤیەکان. جگە لەوانە کەمێکی کەم نەبێت، کەس گوێی پێ نەدەدا.

خولێکی چڕ وپوختیان بۆ مامۆستاکان کردەوە، پێش ئەوەی خولەکەی ئەوان کۆتایی پێ بێت دەستیان کردە فێرکردنی ئێمە. ئێمە ڕقی ئەو دونیایەمان لە زمانی ڕووسی دەبووەوە، هۆی سەرەکیش دەگەڕایەوە بۆ ناوەڕۆکی کتێبی ڕێزمانی ڕووسی. پێش ئەوەی بتوانین پیتە ڕووسیەکان گۆ بکەین (تەلەفوز بکەین)، دەبوایە ناوی ناودارانی ڕووسەکان بە دەنگێکی بەرز بخوێنینەوە.

ڕاهێنانەکانیش چەند کورتەیەك بوو دەربارەی پیاوچاکە قارەمانە پیرۆزەکانی (قەدیسەکانی) ی کۆمەنست، لەگەڵ دروشم گەلێکی کۆمەنستی.
هیچ تام و چێژێکمان لەو دەقانە نەدەکرد کە دەمانخوێندنەوە. لەو ڕستانە بۆ نمونە: [لینین بە سواری کەشتیەکی هەڵمی ڕایکرد بۆ فینلەندا] یان [ستالینی مەزن ئامادەی نمایشێکی کرێکارانی سۆڤیەتی بوو، لە مەیدانی سوور لە مۆسکۆ.] لەجیاتی چیرۆکەکانی دێو و دڕنج و ئەفسانەکانی ئیسۆب، کە لە کۆنە کتێبەکانی پێشوو دەمانخوێندن، ئێستا ئەو تەرزە بابەتانەمان دەخوێند: (ڕێبەرە بچوکە مەزنەکە.) یان (خێزانی گەلانی سۆڤیەتی مەزن.) یان (ئەستێرەی کەرملین.) و هتد. . . "

تەنیا قوتابیەك كە بێزار نەدەبوو لەو زمانە (جانوس. ن) بوو، بەڵكو بە پێچەوانەوە چەند بڕگەیێکی لە ڕۆژنامەی پارتی کۆمەنستی (زاباد نیب) ی بە دەمگرتبوو هەر دەیگووت و دەیگووتەوە.
(جانوس ن) دەیگووت: "ئەو زمانە گرنگترین زمانی جیهانە، چونكە سەركردەی وڵاتانی جیهانی پێشكەوتوخواز پێی دەئاخفن"
مامۆستای وەرزشمان جینوم، هەرچەندە كۆمەنست نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی لە بازنەی چاودێری و ئاراستە كردنەكانی ئەوان دەربچێت. مەشقی پێدەكردین لەسەر هێرش بردن بە تێڵا، وەك سەرەتایەك بۆ كوشتاركردن بە چەكی ڕاستەقینە، ناوە ناوەش ئەفسەرێك سەردانی دەكردین بۆ دڵنیا بوون لەوەی، كەوا جینوم لەسەر هێلی ڕاستی دیار كراودا دەڕوات.

چالاكیەكانی قوتابخانەكەمان بە ڕێك و پێكی هەڵدەسوڕا. كۆمەڵێك سكرتێر و فەرمانبەر و لێپرسراومان هەبوو لە جۆرەها بواری چاڵاكیەكان. بۆنمونە (سكرتێری پۆلەكەمان، كاروباری بەڕێوەبەرایەتی چارەسەر دەكرد، هەروەها پارە و پولیشی دەپاراستین لەلای خۆی، بۆشی هەبوو لەوانەكان ئامادە نەبێت ئەگەر كاروباری حیزبی هەبوایە. چەند شا و شاژنێكمان لەنێو خۆمان هەڵبژارد، چاوەڕێی مەرایی و ماستاو كردنیان لە ئێمە دەكرد. هەتا مامۆستاكانیش دەبوایە نازی ئەو فەرمانڕەوایە بچوكانە بكێشن.

فەرماندەی(شانەكانی) ڕێبەران لە نێو (خۆبەخشەكانی) پۆلی سێیەم هەڵدەبژێردران، چونكە دەیانزانی وەرگیرانیان لە قوتابخانە ناوەندیەكان بەو خۆبەخشیەوە بەندە. كاتێ زانیمان لەنێو چالاكیەكانمان لە بزووتنەوەی ڕێبەران (زیرەكیمان لەبابەتەكان) ڕەچاو دەكرێ كەوتینە پێشبڕكێ (تنافس)كردن. لە گۆشەی توكولی ئۆت و ئەمیركای ئۆت خانەی ڕێبەران دامەزرا. دوایی چەند تیپێكیان پێك هێنا. تیپی خولیا مەندانی فڕۆكە، خولیا مەندانی ڕادیۆ، خولیامەندانی وانە میكانیكیەكان، هتد. . . ژورەكان بە وێنەی زانا

ڕووسیەکان ڕازابووەوە، خەڵاتی لەچکی سوور لەلایەن فەرماندەی ئێمە گێزاك تەرخان کرا بۆ ئێمە، ئەوەشی هەڵگری ئەو خەڵاتە بێت پێویستە لەناو هەمووان بەجۆرێك دیار بێت.

جارێکیان لەگەڵ گێزاك بەتەنیا دەدوام پێمگووت: من بە چاوێکی بەرز سەیری ئەو لەچکە سوورانە ناکەم. واقم وڕما کاتێ دیتم هیچ قسەیەکی نەبوو بەڵکو گووتی: "بڕوانە ئادی، من قوتابیەکی زیرەکم، بەڵام باری خێزانەکەم بوە هۆی ئەوەی لەڕیزی (دوژمنی چینایەتی) م لە قەڵەم بدەن! تاقە ئاواتم ئەوەیە ببمە ئەندازیار. تەزکیەی بەڕێوەبەریش پێویستە بۆ وەرگیرانم لە زانکۆ. وا دەزانی بەڕێوەبەر کۆمەنستە؟"
"بۆ کۆمەنست نییە؟"

"بێگومان نەخێر. بەڵام وەزارەت بە وردی چاودێری هەنگاوەکانی یەکە بە یەکە دەکات. ئەوان لە سەرەوەوە نەقیزەی لێدەدەن، ئەویش بە دەوری خۆی نەقیزەکان دەگوێزێتەوە بۆ نزمتر لەخۆی، ئێمەش دەیگەیێنین بە قوتابیان."

# بەشی ٢٢

ئەو بازرگانەی لەو ڕۆژگارە لەپشت قاسەکەی دانیشتووە وەك لەوەو پێش نیە، ئێستا هیچ حیسابێك بۆ پۆلیس ناکات، چونکە هەر خۆی پۆلیسە. لەوەش ناترسێ چاودێرەکانی دەوڵەت باڵبەستی بکەن، بەتاوانی گران فرۆشی و یاریکردن بەنرخەکان، چونکە ئێستا خۆی نوێنەری دەوڵەتە. وەك جاران لە ڕکابەری ومونافەسە ناترسێ، چونکە ئەو وشەیە لەفەرهەنگی ژیانمان بەتەواوی سڕایەوە. ئێستا روخسارە کۆن و زیندو و ئاڵ ووالەکان لەبازاڕەکانمان بزر بوون، و کۆگاکانی دەوڵەت جێگای پێ چۆڵکردن.

پارتی کرێکارانی هەنگاریا دروست بوو، بەڵام لەژێر پەردەی حکومەتی هاوپەیماندا پارتی کۆمەنستی فەرمانڕەوایی دەکرد، و هەر خۆی ببڕ و بکوژ بوو. جارێ هەر باسی هەڵبژاردنەکان مەکە چۆن ببوون بە گاڵتەو گەپی منداڵان، تەنیا یەك لیستە هەبوو بۆ هەڵبژاردن، کەاوابوو دەنگدەرەکان مافی هەڵبژاردنیان نەبوو. پارتەکانی تریش تەنیا بۆ پرو پاگەندەی راگەیاندن و هەر بەناو بەژداربوون لەبەرەی گەلیدا. بەڵام وەك جەستەیەکی بێ گیان بوون.

ئاڵایە سوور و سپی و سەوزەکەمانیان شێواند، بەدانانی ئەستێرەیەکی لەشێوازی سۆڤیەتی لە ناوەراستیدا.

جودێتی خوشکم خۆی لە قوتابخانەی فیریسپالنەی ناوەندی وەرگیرا، وپیانۆشی دەخوێند لە ئەکادیمیە. دەبوایە منیش قیستەکانی قوتابخانە بدەم. لەسۆنگەی نمرە بەرزەکانمان، پێشنیارێکمان پێشکەش کرد بۆ لێبوردنمان لە قیستەکانی قوتابخانە، بەڵام ڕەتکرایەوە بە بیانوی ئەوەی ئێمە لە دوژمنانی چینین[٤].

[٤] اعداء الطبقية

سەرلەنوێ لە بارو گوزەرانی خێزانەکەمانیان کۆڵیەوە. هەرچەندە باوکم پێی دەگووتن کەوا کوڕە هەتیوێك بووە، جووتیارێك بەخێوی کردوە، بەڵام ئەو ناڕەزاییانە بێ هوودە بوون، هەر دەتگووت بایە بەبن گوێیان تێدەپەڕێت. هەرچەندە باپیرم بە هێز و بازووی خۆی ببوە بازرگانێکی سەرکەوتوو، بەڵام دەبوایە ئێمە نرخی (هەڵەکەی) ئەو بدەین. کاتێ چاو پێخشاندنەوەیەکیان کرد بە (پلەو پایەکانی) ئۆرکسترا، باوکمیان دەرکرد لە کارەکەی.

بەڵام بە واستەی ئەندامێکی پارتی کۆمەنستی، توانی خۆی لە دەرکردنی یەکجاری بپارێزێت. جا لەبری ئەوە ئەرکی مەشق پێکردنی ئۆرکسترایان خستە ئەستۆ، لە کاژمێری نۆی بەیانی هەتا دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ، مانگانەکەشی (٥٠٢ ) فورینتیان بۆ بڕییەوە. هەروەها لەسەریان کرد، بۆ وانە وتنەوە لەو قوتابخانە نوێیەی، کە تازە دروست کرابوو لە کارگەکانی هێڵی ئاسنی، لە کاژمێری سێی پاش نیوەڕۆ هەتا نۆی ئێوارە بە بێ موچە کاربکات! هەڵبەتە زاتیشی نەکرد ناڕەزایی دەربڕێ.

لەو کەمە موچەیەش چەندین ئابوونەی خورتیانەیان (تبرعات الاجباریە) دەگێڕایەوە، ئەوەیان بۆ سندووقی ئاشتیە، و ئەوەیان بۆ پرۆژەکانی خانە نشینانە، و ئەوەشیان بۆ سەندیکاکانی کرێکارانە. بۆیە تووشی هەژاریەکی کوشندە ببوین.
لەوە وبەدواوە هەموو ڕۆژی چێشتم لەسەفەرتاسەکەمان دەبرد بۆ باوکم، ڕۆژانە بە تەنیشت کلێسایەکی گەورە تێدەپەڕیم کە ناوی (ریفنوم ماریانوم) بوو. ڕۆژێکیان لەکاتی تێپەڕ بوونی ئاسایم دیتم کلێساکە ڕازاندراوەتەوە، ئامادە کرابوو بۆ نمایشێکی مەزن بەبۆنەی خواستنی ژمارەیەك تانکی سۆڤیەتی. هەر هەمان شوێن دەست نیشان کرا بۆ دانانی پەیکەری ستالین.
بەبیریشمدا تێنەدەپەڕی پاش شەش ساڵ لەو شوێنە چ ڕۆڵێك دەگێڕم لە شەوی دووەمی شۆڕشدا.

هەر کە یەکی ئایار نزیك بۆوە ڕاهێنانمان لەسەر ڕۆیشتنی سەربازی چڕتر دەبوو، هەتا لەپێش بابە (ڕاکۆزی) هەڵە نەکەین. ئەو جارە بەخۆمان دروشمەکانمان نەنووسی، چونکە بە نووسراوەیی بۆمان هات. لەباخچەی گۆڕەپانەکە چەندین وێنەی گەورە پیاوانی سەردەمی نوێ ئامادە کرابوون، بۆ ئەوەی بەسەرمانی دابەش بکەن. دەبوایە هەر یەکێکمان وێنەیەکی هەڵگرتبا.هەندێك وێنەی (باوکی سەرکردە ڕاکۆزی) یان هەڵگرتبوو، هەندێکی تر تەنیا وێنەی (جیرۆ) یان بەرکەوت، ئەوانی تر تەنیا وێنەی پیاوچاکە پیرۆزەکانی (قەدیسە) پلە دووەکانیان بەرکەوت، لەنمونەی ئەنتال ئیبرۆ، و سوڵتان فاس، و جانوس کادار، و جورجی ماروسان، و جۆزێف ریفای.

چوار ڕۆژ لەسەر ڕۆیشتنی سەربازی مەشقمان کرد، ڕیزی پێشەوە هیچ وێنەیەکی هەنگاری هەڵناگرێت بەڵکو وێنەیەکی گەورەی ستالین بەرز دەکاتەوە، ڕیزی دووەمیش وێنەیەکی گەورەی ڕاکۆزی بەرز دەکاتەوە، ڕیزی سێیەمیش ئاڵای نوێی هەنگاریا هەڵدەگرێت. لەپاش ئەوانە نۆرەی لافیتەکان دێت کە دەڵێت: (ئێمەی ڕۆڵەکانی لادێ پارتە بە هێزەکەمان لەڕادەبەدەر خۆش دەوێت) یان (ئێمە گەنجینەی زێرینی پارتین).

فەرمانیان پێکردین کەوا ڕۆژی نمایشەکە پێویستە هەموو ڕێبەرەکان کراسی سپی و لەچکی سوور لەبەر بکەن، پێش ئێستا لەچکی سوور خەڵاتێك بوو تەنیا دەدرا بە دڵسۆزانی پارت. کەمێك لەئێمە توانای کڕینی کراسی سپی هەبوو، بۆیە زۆربەمان لە ناسیاوانمان خواستمان، و بۆ ڕۆژی دوایی گەڕاندمانەوە. بەڵام هەموو شتێك لەسەر خۆ و ئاسایی بوو، کاتێ بەپێش پەیکەری ستالین تێپەڕین کە لەپێش راکوزی لەسەر بەرزەیەك ڕاوەستا بوو، وەڵامی سەلامەکانی ئێمەی دەدایەوە بۆ (مەزنترین هەنگاری).

هەتا شەوی شۆڕش کەس نەیدەزانی لەژێر ئەو بەرزەکە، گەرماوێك و چەند چوار پایە و مەیخانەیەکی تێدایە، بۆ ڕابواردنی سەرکردەکان بەکار دەهێنرێ، یان وەك پەناگەیەکی نهێنی بەکار دەهێنرێ لەکاتی ئاژاوە سیاسیەکان.

# بەشی ٢٣

بەڕێوەبەری قوتابخانە پێی گووتین: " زۆربەتان لەمەودوا پێشبڕکێی ژیانتان دەست پێدەکەن، بۆیە پێویستە سۆشیالستی بەکردار بنیات بنێن."
بەڵام هەمووما‌ن لەیەك خاڵی دەستپێك نەبووین لەو پێشبڕکێیە. من ئەو ساڵەم تەواو کرد، لەسەر هەموو قوتابخانەکە بە هەشتەم دەرچووم، بۆیە تروسکە هیوایەکم هەبوو لە قوتابخانەی ناوەندی وەربگیرێم، بەڵام لە هەمان کاتدا دەمزانی کۆسپێکی گەورەی تریش لەڕێمە ئەویش ئەوەیە خێزانەکەمان پۆلێن کراوە لەڕیزی(دوژمنانی چین).

"کێ پێی گووتی تۆ دوژمنی چینی؟" دایکم ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کردم بە نیگەرانیەکی تاڵەوە.

"هەموو کەسێك ئەوە دەزانی، هەتا لە کارتەکەشم تۆمار کراوە."

باوکم گووتی: "نەخێر، ئەوە مانای ئەوەیە تۆ لە خێزانێکی ڕۆشنبیری، نەوەك دوژمن."

"چەندین جار پێمیان گووتوە تۆ دوژمنی چینی، من خۆم دەزانم."

"کێ پێی گووتی؟"

"مامۆستاکانمان، بال س و سیفمو ن. وهەموویان. . ."

دایکم لە پرمەی گریانیدا.

لە ڕۆژی دوایی، واتە یەکەم ڕۆژی پشودان، بەرەو کارگەی بۆیەکردن کەوتمە ڕێ، چونکە داوای کرێکارێکیان کردبوو. خۆم گەیاندە ئەوێ، پیاوەکە بەدەم پێکەنینەوە لەبنی پێمەوە هەتا تەوقی سەرمی پشکنی، گووتی:

"بۆچی دەتەوێ کار بکەیت؟"

"چونکە هەموو کەسێك مافی کارکردنی هەیە."

وا دیار بوو قسەکەی منی بە دڵ بوو، گووتی: "دەباشە، باش" لەپێکەنین وەستا لە ڕوخسارم ڕاما، سەری لار کردەوە و گووتی: "دەبینم وانەکانت چاك لەبەر کردوە . تەمەنت چەندە؟"

"هێندەی نەماوە ببم بە حەڤدە. . . " زەردەخەنەیەکی تری هاتێ و گووتی:
"پاش چەندساڵێکی تر؟"

"نزیکەی سێ ساڵی تر."

"هم م م. . . کەواتە، کەواتە مافی کارکردنت هەیە."

ڕۆژی شەش سەعاتی ڕەبەق کارم دەکرد، سەبەتەم هەڵدەگرت و عارەبانە دەستیەکەشم پاڵ پێوە دەنا.
بەو شێوەیە شەش هەفتە کارم کرد، کاتێ کارگەکەم بە شەکەتی بەجێ هێشت، زۆر کەیف خۆش بووم چونکە نزیکەی سی لیرە لە گیرفانم بوو. بەڵام شتێك زۆر نارەحەتی کردبوم، ئەگەر ئێمە لە دوژمنانی چین پۆلێن کراوین، ئەی بۆ دەهێڵن من کاری دەستی بکەم.

ئەو تەگەرەیەی لە پێش دیسۆ بوو جیاواز بوو لە هی ئێمە.
دیسۆ لە خێزانێکی کرێکار وە پاشکەوتبوو کە هەرگیز لاملی لێناکرێ، سەرباری ئەوەش باوکی ئەندامی پارتی کۆمەنست بوو. ئاواتە خواز بوو ببێتە میکانیکێکی شارەزا. بەڵام ئەو کۆسپەی لە ڕێی وەستابوو لە توانای هیچ یەکێکدا نەبوو.

کاتێ باوکی بۆ سۆراغی مەسەلەی کوڕەکەی چوبوو بۆ لای بەڕێوە بەرەکە، پێی گووتبوو کەوا پارت ئێستا گرنگی دەدات، بە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی گەل لە پیشەسازی یە جۆر بە جۆرەکان، لە قۆناغەکانی پرۆژەی پلانی پێنج ساڵەدا. ژمارەی پێویست لە میکانیك و کارمەندان لەو هەڵسەنگاندنە دیاری کراوە. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە هەر قوتابخانەیەك ژمارەیەکی دیاری کراوی بۆ تەرخان کراوە. لە بەدبەختی دیسۆش ژمارەی پێویست لە میکانیکیەکان تەواو بووە. بەو شێوەیە دیسۆیان نارد بۆ تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی، لە کاتێکا زۆر پەرۆشی کاری دەستی بوو.

کەچی(جۆزێف س) ئارەزووی دەکرد خوێندنی تەواو بکات، بۆ ئەوەی ببێتە پزیشك، بەڵام بەپێی هەڵبژاردنی ڕەمەکی قوتابخانە، ناردیان بۆ یەکێ لە قوتابخانە پیشەییەکان، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندازیاری هێلی ئاسنی.
ئەو ماوەیەی لەلای بۆیەچیەکە بەسەرم برد، هەستی حەزە کۆنەکەمی بزواندەوە بۆ کەشتی، بۆیە هیچ گوێم پێ نەدەدا ئەگەر ڕەوانەم بکەن بۆ یەکێ لە قوتابخانە پیشەییەکان، چونکە لەوانە بوو لەو ڕێگەیەوە، بتوانم کار بکەم لە دروستکردنی کەشتی، بەڵام لە کۆتاییدا ڕەوانەی قوتابخانەی ناوەندیمیان کرد.

# بەشی ٢٤

لەقوتابخانەکانی بەراییدا وافێرکراین، کەوا تاقە ئامانجی مێژووی هەنگاری وتاقە پاکانەیەکیش بۆ ڕووداوەکانی ئەو مێژووە ، بریتی بوو لە ڕزگارکردنی سۆڤێتی ساڵی ١٩٤٥ .

بەڵام ئێستا بوارەکە بەرفراوانتر بووە، بەوەی کەوا مرۆڤایەتی بەگشتی لەسەردەمی (ئەرستۆ تالیسەوە) هەتا سەردەمی (هیلنستیەکان) هەمان ئامانجیان هەبووە، هەرچەندە مرۆڤایەتیش پێی نەزانیبێ! (دیمۆکریتیسیش) یەکەم فەیلەسوفی ماتریالستی سۆڤێتە، بەڵگەکانی (سوکراتیش) یەکەم زەمینە خۆشکەری ماتڕیالیزمی مێژووییە، بە پێی ڕاڤەکانی مارکس و زانایانی سۆڤیات. هەروەها شوارای مەزنی چینیش، ئەو دیوارە گەورەو گرانەی کە بە هێز و بازووی بازرگانان و پیشەسازان دروست کرا بوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی هۆزە دڕندەکان. بە پێی لێکدانەوەی ئەوان بریتی بوو، لە نمونەیەکی بچوکی چارەسەرکردنی ئەو شەڕەی کە لە کۆماری مەنگۆلیای سۆڤێتی بەرپا ببوو.

بەپێی ئەو تێڕوانینە سەرتاسەریە، قەبارەی ڕووداوەکان وپیاوە بەرزەکانی جیهان لەپێشمان بچوك دەبوونەوە و دەچوونەوە یەك، ئەوەی ئێمە بە جەوهەریمان دەزانن، ئێستا بونەتە توێکڵێکی بێ نرخ.
لەماڵەوە (ئینسیکلۆپیدیای رەفای) مان هەبوو کە لە بیست بەرگدا دابوو. هەر لە منالّیەوە من خولیای هەواڵەکانی شەڕ و شۆڕ بووم، بۆیە بە وردی وئارامیەوە، لە بارەی وردەکاری جەنگە کۆنەکانی جیهانم دەخوێندەوە، وهەر لەسەر پەڕەی دڵ پیلانی جەنگی سووپای هانیپالم دەزانی لەشەڕی دەریاچەی ترازیمین.

کاتێ مامۆستای مێژوومان گەیشتە جەنگەکانی فینیقیەکان، هێلکاریەکی پیلانی شەڕەکەی بۆ کێشاین لەسەر تەختە ڕەشەکە. دەستم بەرز کردەوە و گووتم: "ببوورە خانم، ئەوە نەخشەی شەڕی ترازیمین نیە بەڵکو هی شەڕی فرسا لوسە."

بێ دەنگیەك ژوورەکەی داگرت، لەناکاو ئاوڕی لێدامەوە و گووتی: "گومانت هەیە لە قسەکانم؟"

"نەخێر، گومانم لە قسەکانت نیە، بەڵام گومانم لە نەخشەکەیە."

"باوکت کاری چیە؟"

"موزیکژەنە...کەمانجە ژەنە لە ئۆرکسترا."

"تۆ ئەندامی لە دیس (ئەنجوومەنی لاوان) ؟"

"بەڵێ."

"کەوابو، لەجیاتی ئەوەی مامۆستاکەت فێربکەی، چاکترە گرنگی بە کارو بارت بدەیت لە (دیس)"

"داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام نەخشەی جەنگەکە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە ئینسیکلۆپیدیا دا هەیە."

"ئینسیکلۆپیدیای سۆڤیەتی؟"

" نەخێر" لە ترسان سوور هەڵگەڕام. "نەخێر ئینسیکلۆپیدیای رەفای"

"ئاوا، ئینسیکلۆپیدیای بۆرژوازی! لە کاتێکدا مامۆستاکەت خۆی ماندوو شەکەت دەکات، بۆ ئەوەی فێری مێژووتان بکات بە پێی پرۆگرامی بەناو بانگترین مێژوونوسی سۆڤیەتی، جەنابت چەنە بازی بۆرژوایانە دەکەیت ، و پۆلەکە جاڕس دەکەیت. تۆ نازانی بەو وڕێنانەی ئیمپریالیزم و چەوسێنەران کاتمان لێ بە فیرۆ دەدەی؟"

" بەڵام . . ."

"شەرم لەخۆت ناکەی؟"

" بەڵام شەڕی ترازیمین! تکایە مۆڵەتم بدە نەخشەکە بکێشم. من هەر لەسەر پەڕەی دڵ دەیزانم!."

"دانیشە هەی چەنە باز!"

ئینجا ڕووی وەرگێڕا بۆ تەختە ڕەشەکە ،دەستی بە تەواو کردنی نەخشەکەی کرد. بەڵام دەستی دەلەرزی لە حەژمەتان.

لەپاش زەنگی کۆتایی وانەکە هاوەڵەکانم ئابلۆقەیان دام.
" ئەوە شێت بووی؟ بۆ سەری خۆت بە جەنگێکی وا دەیەشێنی؟ بەهۆیەوە زیانێکی زۆرت پێدەگات؟"

" بەڵام ڕاستی. . . ڕاستی!"

"کورە، تۆ کەری. ڕاستی و هەنگاریای ساڵی (١٩٥٠ ) کوجا مەرحەبا'

ئێستا و لەمەو دوا هەموو ڕۆژێك سروودی سۆڤیەتیمان دەگووتەوە بە زمانی ڕووسی. جگە لەو سروودە، سروودەکانی تر تاقی کردنەوەیان لەسەر نەبوو.

# بەشی ٢٥

ڕۆژێکیان باوکم گەیشتەوەماڵەوە بەکۆمەڵە هەواڵێکی دڵتەزێن.
"لێرەش دەستیان بە دەرکردن و نەفی وخاك بە دەرکردنی خەڵك کردووە.
ساڵی ڕابردوو لە ڕۆمانیا بوو، ئێستاش نۆرەی ئێمەیە."
دایکم لێی پرسی: "مەبەستت چییە؟ بڵێی ئێمەش دوچاری گۆبەندێك بکەن؟"
باوکم زۆر بەدڵ ڕەقیەوە وەڵامی دایەوە: " چوزانم، بۆ من پێغەمبەرم؟"
کارکردن و شەکەتبوون و نیگەرانی بە ئەندازەیەك تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، تا ڕادەیەکی زۆر ئاشفتە خو وبێ حەوسەلە ببوو، بە جۆرێك پێشتر بەو شێوەیەمان نەدیبوو.

" تا دەگەنە من ماوەیەکی زۆرمان هەیە بۆ بیرکردنەوە."

دایکم: " بەڵام تۆ بە تەنیا مەبەست نیت. ئەوە هەمووومان دەگرێتەوە. کەل و پەلمان بپێچینەوە؟ . ."

" من جارێ پشوم نەداوە، تازە پێم ناوەتە ناو ماڵ، جەنابیشت داوای پێچانەوەی کەل و پەلم لێدەکەیت؟"

"مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام ئەگەر لەناکاوی بەسەرمان دابدەن، کاتی ئەوەمان نابێت بیرکەینەوە و چی لەگەڵ خۆماندا ببەین. دەی ئادی کەل و پەلەکانت کۆ کەرەوە."

" ئازارم مەدە، بۆ خاتری خوا، گوێت لێمە؟ دەڵێم ئازارم مەدە واز لە کوڕەکەش بێنە."

زۆر بە ئازارەوە گوێم بۆ ئەو دەمەقالێیە شل کردبوو. چونکە یەکەم و دوا دەمەقالێ نەبوو. وام لێهاتبوو دەترسام بگەڕێمەوە ماڵەوە، هەتا هەموو ڕۆژی ئەو بەزمە ناخۆشە نەبینم. . . بەڵام ئەوەی زیاتر لێی دەترسام ئەوە بوو، ڕۆژێك بگەڕێمەوە ببینم هەردووکیان خاك بە دەرکراون، بە بیانوی ئەوەی دوژمنانی چینن. دەنگ و باسی خاك بە دەرکردن وەك ئاگری پوش قوتابخانەکەمانی گرتەوە. چەند قوتابیەکی دڵ ڕەق و نەگریس لەناوماندا هەبوون.

لەکۆبوونەوەی دوایی(دیس) دا لاسلۆ بەبێ ترس هاواری کرد: "بۆ بۆمانی ڕوون ناکەنەوە؟ ئایا ئەو کردەوانە پێویستن؟ ئەگەر پێویستن بۆ پێمانی ناڵێن؟"

بەدوای ئەو فیری د. گووتی: "ئەوە چەنەبازی و پڕوپاگەندەی بۆرژوازییە. تۆ شتان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەیت."

لاسلۆ جڵەوی قسەی گرتە دەست: "بۆ تۆ لەکاتی دەرکردنی خەڵك لەوێ بوویت؟ خۆم بەو چاوانە دیتیانم و گوێشم لە گریان و نووزانەوەیان بوو ."

"شایانی ئەوەن! موستەحەقیان بێت!"

"چ تاوانێکیان کردووە؟"

"هەمان تاوانی کەس و کارت. مێشکیان ئاخنراوە بە پڕوپووچی بۆرژوازی!"

"باشە دەتوانی پێم بڵێی لەژێر زەبری کام یاسا ئەو تاوانانە ڕوودەدەن؟ دەتوانی سروشتی تاوانەکانم بۆ دەست نیشان کەیت؟"

"بڕوانن کوڕی پارێزەر چۆن بەرگری و داکۆکی دەکات."

"من کوڕی پەڕەکەرم، وابزانم ئەوەش هیچ پەیوەندی بەمەسەلەکەوە نیە."

" لەوانەیە وەك پەڕەکەران سەرخۆش بیت، ئەوەش پەیوەندی بە مەسەلەکە نییە؟!"

" باوکم ناخواتەوە."

"ئەوەش لەڕەوشتی کوڕەکەی ڕەنگدەداتەوە، لەبەرگریکردنی لە بۆرژوایە بێ نرخەکان."

" باشە. دەتوانی پێم بڵێی، بەپێی کام بەند لەدەستور ئەو بێ نرخانە شاربەدەر کران؟"

"چۆن زات دەکەی لە ڕاست بڕیارەکانی پارت، هەشت و حەوت بکەیت؟ لەبیریشت نەچێ پارت هەردەم لەسەر هەقە. هەر بۆ بەرژەوەندی گەلیش تێدەکۆشی. بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر خاك بەدەریشم کەن، هەر دەڵێم پارت لەسەر هەقە!!!"

بەڵام لاسلۆ لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بۆ نەگیرا بەربووە گیانی فێری بە جوێن و توانج گرتن. مامۆستاکەشمان کە گوێی گرتبوو بۆ مشت ومڕەکە، لەکاتی جوێن دانەکەش هەست و خوستی نەکرد. بەڵام سکرتێری پۆڵەکە جۆرجی، لەبری ئەو بەدەنگ هات:

"ئەی هەڤاڵان، منیش لەگەڵ ڕاکەی هەڤاڵ فیرنکم. پارت هەردەم لەسەر هەقە، ئێوەش هەروەها وانیە؟"

ئەو پرسیارە لەبازنەیەکی بەتاڵ دەسووڕایەوە بەبێ وەڵام، بڕیار لەسەر ڕاکانی لاسلۆ درا بەبێ دەنگ بوون. لەشەوی یەکەمی شۆڕشدا سینگی ئەو جۆرجی یە کەوتە بەر گوللەکانی پارت.

# بەشی ٢٦

ڕۆژێکیان(تیبور.س) نەهاتە قوتابخانە. مامۆستاکەمان داوای لە گیزاگ کرد. سەردانی بکات بۆ سۆراخ کردن. لەبەیانی دوا ڕۆژدا گیزاگ پێش دەست پێکردنی وانەکە هەواڵەکەی بەهەناسە ساردیەوە گێڕایەوە:

کە خێزانی تیبور. س نەفی کراون. مامۆستاکەمان سەرێکی نارەزایی بۆ لەقاند. وامان دەزانی کادیرێکی گەورەیە لەپارتی کۆمەنستی، بەڵام بینیمان بە لێویکی لەرزۆکەوە پرسی:" ئەوە چۆن ڕوویدا؟"

گێزاگ: "نازانم"

"بەتەواوی لە مەسەلەکەت کۆڵیەوە؟"

"بەڵێ. بەڵام کەس هیچی پێ نەگووتم. دەرگەوانی ساختمانەکە گووتی من کەڕ و کوێر و لاڵم، دوایی بە توندی دەرگاکەی بەڕومدا داخست."

ئەو جارەیان پاش بزر بوونی بیلا. س بەچەند ڕۆژێك، مامۆستاکەمان خۆی لێ فەرامۆش کرد. لەنزیکترین هاوڕێی بیلامان پرسی:

"لالی. ك هەواڵی بیلا. س نازانیت؟"

لەوەلامدا گووتی: "کەس و کارم نەیان هێشت سۆراخی بپرسم" لەپاش هەشت ڕۆژ لە بیلاوە هەواڵمان پێگەیشت، کەوا لەگەڵ باوك و دایك و دوو خوشکەکەی، لە کەلاوەیەکی

بە قوڕ دروست کراو لەنێو زەلکاوەکانی هۆرتوباجی ژیان بەسەر دەبەن، لەوێ هەتا ئاوی خواردنەوەشیان بە دەگمەن دەست دەکەوێت. هەموو ڕۆژێکیش لەبەرە بەیانەوە دەیان بەن بۆ کێلگەکانی برنج، و لەوێ پشت ڕاست ناکەنەوە هەتا دوا تیشکی ڕۆژ لە ئاسۆ ون دەبێ.

پاش ئەوەی هەمووومان یەکە یەکە نامەکەمان خوێندەوە، دامانە دەست مامۆستاکەمان لەگەڵ خۆی بردی، دیمان لەگەڵ مامۆستاکانی تر قسە دەکات نامەکەش لەدەستیەوە دەلەرزی.

لەهاوینی ساڵی(١٩٥١ ) بۆدابست ببووە شاری ترس وتۆقین.
بیرمان دەکردەوە دەبێ ئێمە لەکام دەستە بین: ئەوانەی بە جلی بەریان ڕایان دەپێچن، یان لەو بەختەوەرانەین کەبۆ ماوەی سەعاتێك لەسەریان دەوەستن، بۆ پێچانەوەی پێویستیەکانیان، بەمەرجێك لە سی کیلۆ گرام زیاتر نەبێ!!
دایکم دەستی بەپێچانەوەی ئەو شتانەی کردبوو کە دەیزانی پێویستمان دەبێت: کە بریتی بوون لە هەندێك چەقۆ و چەتاڵ و جل و بەرگ و قاپ و قاچاغ بوو، بەو شێوەیە مانەوە هەفتە لەدوای هەفتە بەدڵە ڕاوکێوە دەخەوتین، وبوخچەکانیشمان لەتەنیشت چوار پایەکانمان دانا بوو.

بەر لەو کاتە ئەو دەنگە ئاساییانەی شەو کە لەماڵەوە پەیدا دەبوون، زۆر ئاسایی بوو خەوی نەدەزڕاندین، کەچی ئێستا لەگەڵ هەر دەنگێکی ئاسایی بە ترس و لەرزەوە هاوار دەکەین و لەخەو ڕا دەپەڕین، وەستانی ئۆتۆمبیل و تێپەڕینی ببووە سەرچاوەی ترسێکی گەورە بۆمان. ناخۆشترین کات لە لامان کاژمێرێك پێش بەرە بەیان بوو. من و جودێت بەشمان لەنوستن و ماندو حەسانەوە لە دایکم و باوکم زیاتر بوو ئەوان بەردەوام شەونخوونیان دەکرد بە دیارمانەوە، جار وبار زۆر بەنەرمی و شێنەیی خەبەریان دەکردینەوە:

"ئادی، جودێت، ئێوە خەوتوون؟"

ئێمەش یەکسەر هەڵدەستاینەوە، تا دەمان دیتن هەردووکیان بەنیگەرانیەوە گوێیان قوڵاخ کردووە. هەموو مەسەلەکەش بریتی بوو لە هەژانەوەی دەرگایە یان خاوکردنەوەی ئۆتومبیلێك بوو لەشەقامەکەی بەر ماڵمان، من و جودێت بەپەلە خۆمان دەگەیاندە پەنجەرەکە بۆ ئەوەی بزانین چ باسە.
ڕۆژێکیان لەزەردەی بەیانی دوو پیاوی چەکدارم دیت لەسوچی شەقامەکە ڕاوەستابوون. سێ ئۆتومبیلی چادر پۆشیش لە نزیکیانەوە دایکم گووتی:

" دوور کەوە لە پەنجەرە. . . با سەرمات نەبێت" بەڵام ئەو کاتە دیتم ژمارەیەك پیاو بەرەو ساختمانەکەی ئێمە هەنگاو دەنێن.

"دایکە، ئەوە بۆ ئێرە دێن."

تەنیا باوکم دەیزانی چی بکەین و چی بڵێین:

"جلەکانتان لەبەر کەن، هەمووتان."

بەخێرایی جلەکانمان لەبەر کرد دوایی چووینە ناندینەکەی تەنیشت پەیژەکە. لەوێ گوێمان لەدەنگی ئەسانسێرەکە دەبوو دەجووڵایەوە.
ئەسانسێرەکە لەنهۆمی ئێمە هەڵوەستەی کرد."ئەوە هاتن! ئەوە بۆ ئێمە هاتوون! بۆ ئێمە!" دایکم توووند دەمی گرت جودێتیشی گرتە خۆی.

دڵۆپەی ئارەقە لەنێوچەوانی باوکم وەك دەنکە مرواری ئەبریسکایەوە، دەستێکی بۆ درێژکردین: " لەسەر خۆ بن، کەمێ هێور بن، گشت چراکان بکوژێننەوە."

دایکم چراکانی ناندین و هۆڵەکەی کوژاندەوە. لەپشت دەرگاکە خۆمان مات دابوو، لەشووشە لێڵەکەمان دەڕوانی چاوەڕێی هاتنی ئەوانمان دەکرد. سێ باوڵە جلەکانیشمان لەتەنیشت خۆمانەوە دانابوو، بەڵام نوێنەکانمان وەك خۆی لێگەڕا لەسەر چوار پایەکان. هێدی هێدی دەنگی تەپەی پێیان نزم دەبووەوە، باوکم دەرگاکەی کردەوە بۆ ماوەیەکی کەم سەرە دیقەیەکی ئەملاو ئەولای کرد .

کاتێ گەڕایەوە گووتی: " لە نهۆمی ئێمە دا نەمان"

ئێستا گوێمان لەتەپە تەپی پۆستاڵ و هات و هۆریای خەڵك دەبوو لە نهۆمەکەی سەرەوەمان. گوێم لەفەرمانەکانی پیاوانی پۆلیسی نهێنی نەبوو، چونکە تێکەڵاو ببوو بە پاڕانەوە و نووزە نووزی خەڵکەکە.
لەناکاو گەڕانەوە نهۆمەکەی ئێمە. لەنێو شووشە بەندە لێڵەکانی دەرگاکەمان تیشکی لایتەکانیانم دەدیت، گوێمان لەو ناوانە دەبوو کە لەبەر دەرگایەکە دەیانخوێندەوە.

ئینجا زەنگەکە لێدرا لێوەکانم لە بزوت کەوت و هەناسەبڕکێ بووم.
بەڵام زەنگی هاوسێکەمان بوو کە کارمەندێکی پێشووی وەزارەتی پەروەردەی کۆن بوو، لەگەڵ پیرێژنەکەی و دوو پووری پەك کەوتەی لەوێ نیشتە جێ بوون. یەکەم جار گوێم لەدەنگی قەیرە کچەکە بوو دەیگووت: "بەڵام هەڤاڵی بەڕێز، من لێرە بەکرێ دانیشتووم. خۆ خزمیان نیم . . ."

"ئەوە بەلامەوە گرنگ نیە."

"بەڵام گەورەم."

"وورتەت لێوە نەیەت! شت و مەکەکانت بپێچەوە."

" من تەمەنم لەشێست تێپەڕی داوە، تکایە دەستم دامێنت دە . . ."

وەڵامەکەی دەنگێکی خنکاو و دەنگی لێدان و هاوارێکی کورت و نووزانەوە بوو.
لەپاش ئەوە گوێمان لەدەنگی پیاوانی ا. ف. و بوو:
"هیچ شتێك. پێمگووتن نابێت هیچ شتێك بێنن. دەی پەلە بکەن. چەند مشەخۆرێکی تر چاوەڕوانمان دەکەن، تا ڕیزەکانمانیان لێ پاك کەینەوە."

# بەشی ٢٧

هیچ کۆمەنستێك لەناو چوار دیواری ماڵەکەمان نەبوو هەتا شاگەشکە بێت بە سەرکەوتنەکانی پارتی کۆمەنستی، یان غەمگین بێت بە شکستەکان. هەژاری ڕۆژ بەڕۆژ باری گرانتر دەکردین، بۆیە دایکم ناچار بوو لەکارگەیەکی شیرەمەنی دەوڵەت کار بکات. هەتا هەشتی ئێوارە لەوێ کاری ژمێریاری دەکرد، دواییی بۆ کاژمێرێکی تریش دەبوایە لە کۆڕە سیاسیەکان دانیشێت، گوێ لە سیمناری مارکسیزم و لینینیزم و مێژووی پارتی بەلشەفی بگرێت.

دایکم وەك باوکم زۆر درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە، بە لاشەیەکی داهێزراو و شەکەت. ئەو دوو دەروونە ماندووە، هەر بەبێ هۆ مشتومڕ و شەڕە جوێنی لێ پەیدا دەبوو. بۆیە زۆر ڕقم لە دانیشتنەکانی شەوانمان دەبۆوە، چونکە لەش و دەروونی شەکەت و ماندوو دەبووە هۆی مشت ومڕی بەردەوام. ئەوەش سەرکەوتنێك بوو لەسەرکەوتنە مەزنەکانی پارت.

لەپشت ئیستگەی هێلی ئاسنی کیلیتی، حوکمەت دەستی کرد بە دروستکردنی یاریگایەکی میللی، لەشوێنی گۆڕەپانی پێشبڕکێی کۆن، وەك پڕۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە. دەبوایە کرێکاران خۆیان ناونوس کردبا، بە خۆبەخش کاریان کردبا لە جۆرەها دامودەزگا و وەزارەت و کۆگا وڕێکخراوی وەرزشی، وزانکۆ وقوتابخانەکان، بۆ کاروباری دیاریکراو بەبێ بەرامبەر لەو پڕۆژە گەورەیەدا.

منیش یەکێك بووم لە خۆبەخشەکان. سەرم سوڕما بوو لەو کارە گەورەیە، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك کاریان دەکرد پێکەوە وەك شانەی هەنگ، بۆ یەکەم جار وتەکانی پارت دەبوونە ناوەرۆکدار. ئەو یاریگایەی کە ڕژێمی کۆنی گەندەڵ شەو و ڕۆژ باسی بنیاتنانی دەکرد، بەبێ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، کە سەرمایەداری دەسەوسان و زەبوون بوو لە هێنانەدی

ئەو پڕۆژەیە، ئێستا گەل قۆڵی لێهەڵکردووە و بەبازووی پۆڵایی خۆی دروستی دەکات، هەر ئەوانیش خاوەنی ئەو یاریگایەن، چونکە بەرەنجی شانی خۆیان بنیاتی دەنێن. ڕۆژ دوای ڕۆژ یاریگایەکە سەری بەرز دەکردەوە، گەلیش بەدەستەکانی خۆی دروستی دەکرد.

لەبەیانی ڕۆژێکی یەك شەممە باوکم لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، دەتگووت لەگەڵ غەنیمێکی نادیار دەدوێت. لەپڕێکا خۆنەویستانە گووتم:

"بەڵام باوکە تۆ بۆ هیچ شوێنێك ناچیت. ئەو شتانە نابینی کە ئەوان بنیاتی دەنێن . . ."

" نەخێر ؟ !"

" نەخێر. ئەوەی گوێم لێبێت لەتۆ تەنیا گلەیی و گازاندەیە، ئەو قسانە سوودیان چیە؟ تۆ خۆت لەناو بارگرانی و گیرو گرفتەکانت دەنێژی بۆیە ناتوانی لەوە دوورتر ببینی!!"

"ڕاست دەکەی کوڕەکەم، ڕاست دەکەی، وابزانم تۆ دەتوانی دوورتر ببینی!"

"من مەبەستم هەراسان کردنت نیە، دەزانم تا چ ڕادەیەك ماندوو دەبیت لەکارەکەت، بەڵام شاکاری ودەسکەوتی مەزن بەبێ قوربانی دان تامی نیە."
وشەکەی بەشێنەیی دووبارە کردەوە: "قوربانی. بێ قوربانی. من لەخۆم دەپرسم تاکەی ڕازی دەبیت بەو کارە مەزنانەی کە جەنابیشت یەکێکە لە قوربانیەکانی."

"بەڵام قوربانی دان هەتا هەتایە نابێت. . . لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا کەم دەبنەوە."

"وابزانم تۆڕەکەیان بۆ تۆش ناوەتەوە، بێ گومان پێیەکانیشت تێی ئاڵاوە."

"من نازانم مەبەستت لەتۆڕ چیە و تۆڕیش چیە. من ئەوەی بزانم ئەوەیە، من و هاوڕێکانم بەو پەڕی پەرۆشیەوە کاردەکەین، هیچ هەستیش ناکەین بۆ کۆمەنستەکانی دەکەین، بەڵکو بۆ خۆمانی دەکەین. . . بەڵام . . ."

" ئا... یاریگای گەل! ئەوەتە! ئەوەیە تۆڕەکە کوڕەکەم!"

"بەڵام ئێمە بۆ خۆمانی دروست دەکەین. لەڕۆژێکی بەختیار و پڕشنگدار، کاتێ کۆمەنستەکان گۆچانەکانیان هەڵدەگرن ودەڕۆن، یاریگایەکە وەك خۆی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە."

" تەنیا قسەیەکی ڕاستت کرد، بەڕاستی ڕۆژێکی بەختیار و پڕشنگدار دەبێت."

"بەڵام ناتوانی لاملی لەوە بکەیت، کە ئەوان دەستیان بەدروستکردنی کرد ئەگەر نەشیان کردبایە . . ."

" تۆش ناتوانی لاملی لەوە بکەیت کە ئەوان دەستیان بە دەرکردن و خاك بەدەری کردووە. ئەگەر نەشیان کردبایە . . ."

" بەڵام باوکە تۆشت تێکەڵ و پێکەڵ دەکەیت. من نامەوێ بەرگری لە کۆمەنستان بکەم، بەڵام ئەوەی گەردێك گومانی تێدا نەبێت، ئەوەیە کە ئێستا گەورەترین یاریگا لە ئەوروپا لە بۆدابستی پایتەختی هەنگاریا دروست دەکرێ. ناتوانی لەو ڕاستیە ڕاکەیت. چونکە واقیعەو لەبەر چاومانە."

" بێگومان. گەورەترین تەنگژەی خانوبەرەشیان لە ئەوروپادا دروست کردووە. ئایا دەتوانین چاوپۆشی لەو ڕاستیە بکەین؟ یان دەتەوێ لەو ڕاستیە ڕاکەین؟"

" منیشی دڵگران کردووە باوکە. بەڵام نابێت تۆ تەنیا تەماشا ڕووە نێگەتیڤەکان بکەی، چەندەها ئەنجامی پۆزەتیڤ هەیە. ئەگەر دەستیان بە دروستکردنی پڕۆژەی خانووسازی کرد، ئەوا باوەڕت بێ بەهەمان خێرایی و چوستی ڕایدەپەڕێنن، هەر وەك ئێستا چۆن پڕۆژەی یاریگایەکە ڕادەپەڕێنن."

"بەهۆی ژمارەیەکی زۆرتر لە خۆبەخشان."

"بەڵێ، بەهۆی خۆبەخشان. وابزانم بۆ تۆ چاکترە دەست بخەیتە ناو دەستمان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە جیاتی ئەوەی مێشکم بەو ڕەخنانەی دژ بە کۆمەڵ بئاخنی!!"

مەبەستم نەبوو گفتوگۆکەمان بگاتە ئەو ڕادەیە. کاتێکیش دەستم پێکرد نەمدەزانی تا ئەو ڕادەیە سەرەڕۆیی دەکەم. درکیشم بەوە نەکرد کە من بەو تەرزە بیردەکەمەوە، بەڵام هۆیەکەیم زانی: ئەو وشانە هەموو ڕۆژێك و هەموو ساتێك دەگووترێ و دەگووترێتەوە، بەڵکو خۆراکی ڕۆژانەمان بوو، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕیشەی لە دەروونم دا دەکوتا و کاوێژم دەکردنەوە، لەکۆتایی دا خۆنەویستانە، بومە کەڕەنای پڕوپاگەندەی پارت. باوکم بەشێوەیەك لەڕوخسارمدا ڕاما بوو دەتگووت تازە چاوی بەمن دەکەوێت !

" وابزانم ئیتر دەبیتە ئەندام لەپارت، دوا بەدوای ئەوەش حاشامان لێدەکەی. چونکە ئەوە بەدوای ئەو دێت . . ."

گووتم: "بەڵام ئەوە حەقی بەسەر یاریگاوە چییە؟" هەستم کرد مۆرکی متمانە بەخۆ لەدەنگمدا گوم بوو.

باوکم بەدڵێکی پڕ ئازارەوە دەیپرسی: "ئەوەی ئەو قسانە دەکات بڵێی کوڕی من بێت؟ ئایا کوڕی منە؟!!"

# بەشی ٢٨

هەوڵم دەدا خۆم فریودەم، بەوەی کەوا باوکم لەبەر تەمەن وبەساڵاچونی، ناتوانێ هەست بەو خرۆشانە و ورەیە بکات، کە لە ئاکامی کاری خۆبەخشیەوە لەدایك دەبێ، هەروەها ژیانی پێشووی بەر لە شۆڕشی هەنگاریا، لەنێو جیهانێکی بچوکی ئاخنی بوو، لەوەش زیاتر نەیدەتوانی کاری تێبکات و بنیاتی بنێت، ئەویش لەو جیهانە بچوکەدا خۆی شەکەت و پەکەت کرد، هەتا وای لێکرد نەتوانێ بەژداری لە بنیات نانی جیهانێکی فراوانتری وەك یاریگایەك بکات بۆ نمونە. بەو لۆژیکە سەیرە بیرم دەکردەوە.

لە کۆبونەوەی(دیبی) کە لەکۆتایی ساڵی خوێندن بەستمان، دیتمان کارێکی(خۆبەخشی) زۆرمان لەپێشەو دەبێ ڕاپیەڕێنین.
سکرتێرەکەمان وای تێگەیاندین کە تەنها ئەوانەی کاری خۆبەخشی دەکەن لەماوەی پشوودااندا، بۆیان هەیە دەوام بکەن لەساڵی ئایندەدا. چوومە کارگەی ئەسانسێر لە بۆدابست بۆئەوەی لەوێ کاربکەم.

کارگەکە وەك یاریگا گەورە نەبوو. دانی سبەینان هەر لەبارکردنی پارچە ئاسن دابووم، سی خولەکیان ماوە دەداینێ بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ. ئەگەر خولەکێك زیاتر تێپەڕی بایە سزا دەدرام. هەروا دیسان سزا دەدرام ئەگەر بەشی دیارکراوم ڕانەپەڕاندبایە، لەماوەی کاتی کارکردنم. بەشیشم بریتی بوو لەگواستنەوەی هەفتا باری جۆراو جۆر، ئەگەر لەو ژمارەیە کەمترم گواستبایەوە، ئەوە لیژنەی زەبت ورەبت چاوەڕێمیان دەکەن. ئەگەر یەك خولەکیش لە ئامادەبووندا دوا کەوتبام، ئەوا ناویان لە شووشە بەندی کارکردندا هەڵدەواسی. ئەگەریش سێ جار دواکەوتبام ئەوا سێ کاژمێریان لێ دەبڕیم، مەسەلەکەش دەخرایە بەردەم لیژنەی تەمێکردن .

لەسەر دەرگای کارگەش (تابلۆی شەرمەزاری) یان هەڵواسی بوو، بۆ ئەوەی ناوی ئەو کەسانەی لێ بنووسن کە دوا دەکەوتن لە ماشێنەوەی خواردندا، یان ئەوانەی درەنگ دەگەیشتنە سەر کاروباریان، یان بۆ ئەوانەی نەیاندەتوانی بەشی دیار کراو لەکارەکانیان ئەنجام بدەن.
دەرگاکانی کارگەکە بەپەڕۆی سوور ڕازابۆوە. هەموو سوچێك دروشمی پێوە هەڵواسرابوو. وێنەی ستالینیش دارو دیواری داگیر کردبوو.

لیژنەی کارگەکە (کە مەڵبەندی پێشەوەی پارتە) کارگەکەی هەڵدەسوڕاند، فەرمانەکان لەوەوە دەردەچوو، بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەروەها چاپەمەنی بڵاودەکردەوە بۆ دابین کردنی (پێویستی ڕۆشنبیری) بۆ کرێکاران.
ڕۆژێکیان داوایان لێکردم ببم بە یاریدە دەری وردکارێك (مدقق) وەپێشە خۆی دادام بۆ نهۆمی سێیەم، ئەو نهۆمە چوار ژووری گەورەی لێبوو تەنیا ئافرەتی تێدا کاردەکرد. زۆربەی ئەو ئافرەتانە لە کۆگا گشتیەکان کاریان دەکرد کە لە حالی حازر هەڵوەشێندرابووەوە. بێگومان هێشتا وازیان لە پیشەی کۆنیان نەهێنابوو، ئەوەی بیویستایە گفتی ژوانیان دەدایێ، لەکرێکارەوە بگرە هەتا سکرتێری پارت. دەیان گووت ئەو ئافرەتانە هەر شتێکیان چنگ کەوێت دەیدزن. . . کەل و پەل، وجل و بەرگ، وهەر شتێکی تر. . . چاکتر وایە ئاگادار بیت. . .

وردکارەکە دەهات و دەچوو منیش تەماشای ئافرەتەکانم دەکرد و دەمیشم بەش ببوەوە.
وردکارەکە گووتی: " ئێستا وەرە، کاروبارمان زۆرە."

پاش چەند ڕۆژێك چوومە نهۆمی سێیەم. ئەو کاتە بەدوای شتێك دا دەگەڕام لەناو جانتاکەم، کاتێ کچەك لێم هاتە پێش سەری داهێناوە ئەویش دەستی بە پشکنین و گەڕان کرد لەگەڵم دەتوت دەمێك بوو دەمناسی، قژێکی دوو ڕەنگی هەبوو لێی پرسیم:

"کوڕە لاو، لەمێژە لێرەی؟"

"هەفتەیەك دەبێت." بەدڵە تەپێ و لەرزینەوە

"کارەکە چۆن دەبینی؟"

بەپرتە پرتێکەوە: "باشە، سوپاش، باشە.'

سەری بڵند کرد و ڕامایە ڕوخسارم و گووتی:
"بڕوانە، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، ئەگەر . . ."

ووشەی دوایی دەتگووت حوکمی لەسێدارەدانم بوو هێندەی نەمابوو بتۆقێم، گووتم:
"ئەگەر چی؟!"
ئەگەر تۆ بەو حاڵە ڕازی، من لەگەڵتا نیم. وا بزانم زۆر پیس و ناخۆشە. هەر چۆنێکی بێت لە نەبوون چاکترە. دەتوانی کارەکەت تەواو بکەیت پاش نیوەڕۆش بۆ ئێرە بێیت. . . ئەگەر کاروباری ئیمڕۆ و ڕۆژی داهاتوم بۆ ئەنجام بدەی، دەتوانی لەگەڵم بێیتە ماڵەوە. زۆر دوور نیە لێرە. دووجار لە دەرگاکە بدە تا بزانم تۆی. .″

" تکایە، پێویستە بڕۆم . . ."

" دەتەوێ لەچاوەڕوانت بم؟"

بە هێواشی گووتم: "بیری لێدەکەمەوە."

چاوەکانی دەستیان بە سەما کردن کرد: "بیری لێدەکەیەوە! بیری لێدەکەیەوە! بۆ ئەوە پێویستی بەبیر کردنەوە هەیە؟ کاری ئەمڕۆ بەگوێرەی تۆ چییە. دەتوانی بە کاژمێرێك ڕایپەڕێنی، دوو کاژمێری سەرو زیادە."

بەهەناسە بڕکێوە وەڵامم دایەوە: "لەکاتێکی تر." شمەکەکانم کۆکردەوە بۆی دەرچووم بەخێرایی.

جارێکی تر کچێکی جحێل هاتە لام، تەمەنی بچوك دیار بوو لەوە نەدەچوو لەکۆگا گشتیەکانەوە هاتبێت. کچێکی شۆخ و شەنگ بوو، ئەوەیان داوای لێ نەکردم کارەکەی بۆ ئەنجام بدەم. بەبێ پێشەکی خۆی داهێناوە سویچێك ودرێلێکی لەناو کەل و پەلەکانم هەڵگرت.

گووتی: "ئەم شەو وەرە ئەو دووانەش لەگەڵ خۆت بێنە دەتوانی لەلامدا بمێنیەوە."

بەشێوەیەکی هیستریا ئامێز پێکەنیم بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم.
بەردەوام بوو لەقسە کردن. وا دیار بوو هەندێك کەل وپەلی ناوماڵی پێویستی بەچاك کردنەوە هەبوو. لەوە دەچوو زۆر بەگەلحۆم تێبگات، چونکە پێکەنینەکەی منی بەنیشانەی ڕەزامەندی لە قەڵەم دابوو دوایی گووتی:

"دەتوانی شەو بێیت. ئایا هەر دەبێت بچیتەوە ماڵ؟"

دووبارە نەمزانی چی بکەم و چی بڵێم مێشکم لەبیر کردنەوە وەستا بوو، هەر شتەکە لەخۆیەوە دزێو دیار بوو. ترسام لەوەی بەدەنگێکی بەرز پێم پێکەنێ، یان توڕەبێت و سەرنجی خەڵکیمان بۆ ڕاکێشێ.

لێوەکانم لەبزووت کەوتبوون بەڵام توانیم کەل و پەلەکەم کۆ بکەمەوە، بەخێرایی بچمە دەرەوە، هەستم دەکرد چاوەکانی یشتم سم دەکات.
لەپاش هەشت هەفتە کارگەکەم بەجێهێشت، پاش ئەوەی فێری شتێکی نوێ بووم، لەگەڵ هەفتاو پێنج لیرە.

دەستە جلێکی نوێم پێکڕی. ئەوەی بەدرێژایی ژیانی پانتۆلی پینەداری لەبەر نەکردبێ، ناتوانێ هەست بەتام و چێژی مانای دەستە جلی نوێ بکات. لەشادیانە گەز گەز باڵام دەکرد دەتگووت میرم.

# بەشی ٢٩

پارتی کۆمەنستی دەیگووت: (پێویستە وەك کەس وکارمان تەماشای مامۆستاکانمان بکەین.) لە سەرەتای ساڵی نوێدا ئافرەتێکمان دیت لەنێو مامۆستایان دانیشتبوو، تاو نا تاو بزەیەکی دەهاتێ.

ئەو مامۆستای نوێی مێژوو بوو، ناوی(ماریا فاگو) بوو لەدەوری بیست وسێ ساڵان دەبوو، بەڵام بچوکتر دیار بوو. ئەسمەرێکی خوێن گەرم و جوان بوو، دوو کولّمی پانی مەغۆلی و لوتێکی وردیلەی پێوە بوو.
لەوانەی یەکەمیدا گووتی ڕاستیەکی ڕەها لەمێژودا هەیە، ئێمە دەتوانین لەڕۆشنایی ئەو ڕاستیەوە هەموو تیۆرەکانی تری مرۆڤایەتی بنیات بنێین، ئەو ڕاستیەش بریتییە لەوەی سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی، تەنها هەوێنێکە بۆ ئەو شۆڕشە مەزنەی کە لەنەتەوەی مەزنی دراوسێمان بەرپا بوو. لە ڕێگای پەیامی ئەو نەتەوەیە بۆ گشت جیهان، ئەو ڕاستیە پیرۆزە وا پێدەگات و بەبەردێ لەخاکی بەختیارمان.

هەرچەندە ئەو قسانەمان جارەهای جار گوێ لێببوو، بەڵام وەك ئاوازێکی نوێ بۆ گۆرانییێکی کۆن هاتە بەرگوێمان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیرەك و چوست و چالاك دیار بوو، دڵنیاش نەبووین ئایا ئەو قسانە بە پاڵنەری ئەرکەکەی دەکات، یان بەڕاستی باوەڕی بەو وشانە هەبوو، بەڵام ماریا بواری نەدا ئەو پرسیارە لەناخماندا زۆر بخولێتەوە.

زۆر جاران بەتایبەتی کاتێ بەڕێوەبەر لە دەوروبەری پۆلەکە دەسووڕایەوە، ماریا دەبووە جەرگسۆزێکی بێ وێنە، وشە بەکۆمەڵ لە لێوەکانی دەر دەچوون، بەروخسارێکی گرژەوە دەتگووت لەگەڵ کۆمەڵە قارەمانێك دەدوێ، نەك لەگەڵ ئێمە. کاتێ لەمەر فاشیستەکان وئیمپڕیالیزمەکان ویەکێتی سۆڤێتی مەزن دەدوا، بەوپەڕی ورەو بە پەرۆشیەکی بێ

سنوور بە ژورەکەدا دەهات ودەچوو. کاتێ دە (١٠) خاڵە سەرەکیەکانی شەڕی نیشتیمانی دەژمارد، چاوەکانی وەك سکڵ دەدرەوشانەوە. کاتێ باس دەهاتە سەر باسی پێشینان و وەچەکان، وەك بروسکە بەخێرایی بەسەریاندا تێدەپەڕی. لەکاتی قسەکردنیدا روخساری گوزارشی جۆراو جۆری دەنواند و جاروبار دەنگیشی لەرزۆك وپچرپچر دەبوو.

"ئێستاش هەڤاڵان دێینە سەر باسی گرنگترین بابەت لەخوێندنماندا ئەویش باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنە لە ڕوسیا. . . " ئینجا دەستی پێکرد لینین وایگووت، ستالین وا ڕۆیشت، هەتا ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٠٥.

دوایی گووتی " ئێستا ئیمپڕیالیزمەکان بەخۆ کەوتوون، بۆ نانەوەی شەڕی سێیەم بەڵام لێیان ناترسین، چونکە ئێمە لەپشت شورەی ڕێبازەکەمان وەستاوین، کە هەرگیز هەرەس ناهێنێ، دڵە پڕ باوەڕەکانیشمان بۆ باوکی گەورەمان ستالین بەرز دەکەینەوە، دەشزانین بەرەو دوارۆژێکی مەزنی پڕشنگدار هەنگاومان پێ دەنێ"!!

کۆتایی بەقسەکانی هێنا دەنگی ماریا وەك کەڕەنای جەنگ دەنگی دەدایەوە. دەستە سرەکەی توووند دەگوشی و سینگیشی بەرز و نزم دەبووەوە، ماریا لەمامۆستا پیاوەکان دڵڕەقتر بوو. کاتێ کارولی نەیتوانی وشە بە وشە باسی مانفێستی کۆمەنستی بۆ بکات، دەست بەجێ مەسەلەکەی بۆ بەڕێوەبەر بەرزکردەوە ئەویش یەکسەر دەریکرد.
بۆیە لەمەودوا زۆر بەدڵە خورتێ و بیمەوە چاوەڕێی وانەکانی ماریامان دەکرد.

ڕۆژێکیان گووتی: "هەڤاڵان، هیچ وانەیەك ناخوێنین. دەمەوێ گوێم لەڕاکانتان بێت دەربارەی، ئایا دەشێ سۆشیالستی و سەرمایەداری پێکەوە دەتوانن بژین؟."

هەمووومان وەڵامەکەمان دەزانی، چونکە بابەتی هاودەممان بوو، لە هەموو لایەکەوە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان ودەزگاکانی دەوڵەت، باس باسی ئەو بابەتە بوو. بەڵام گرفت لەوە دابوو

ئێمە نەماندەزانی وشەکانی وەڵامەکە بەباشی دەرببڕین.ماریا بەناو پۆلەکە دەسووڕایەوە لە ناکاو:

"جانوس!."

" بەڵێ،مامۆستا، بەڵێ. . . ئەو دوو سەربازگەیە دەتوانن پێکەوە بژین بە ئاشتی."

" بۆ؟"

جانوس سەری دەخوراند و تەماشای بنمیچەکەی دەکرد. ئەوەندە شڵەژا قسەی بۆ نەدەکرا.

ماریا هاواریکرد: " دانیشە!"

"میکلوس، بۆ."

-"چونکە هەڤاڵ ستالین ئەوەی گووت! خۆی پێمانی گووت ئاشتی هەردەم باڵ دەکێشی و لە ئارابوونە، دەبێت گەلان خۆیان بەرگری لەو ئاشتیە بکەن بەردەوامیش بن لەو بەرگریە."

میکلوس زۆرزان و بزۆز بوو، بەو قسە گشتیانە خۆی دەرباز کرد.
ماریا گووتی: "باشە.ئێستاش بیلات."

"ئاشتی باڵ دەکێشێ و بەردەوام دەبێت ئەگەر گەل . . ."

" باشە. گاربۆن"

" ئاشتی باڵ دەکێشێ و . . ."

" زۆر باشە!"

ئەوەی هەڵدەسا هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە، ماریا زۆر کەیفخۆش دیار بوو. لەدوا دوای وانەکە بووین، کاتێ ڕوداوێکی ناخۆش ڕوویدا. تاماس ف هەستایەوە سەر پێ، ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو هەر خۆشی سوریش بوو:

"نەخێر، پێکەوە ژیانی ئەو دوو سەربازگەیە ئەستەمە!."

بۆ ماوەیەك بێدەنگی ژوورەکەی داگیر کرد. ماریا بەزەردەخەنەوە پرسیاری کرد: "بۆ هەڤاڵ تاماس؟ بۆچی؟"

"چونکە مارکسیزم. . . ئە ئە. . . چونکە مارکسیزم بەسەر گشت پرۆلیتاریای جیهان جێبەجێ دەبێت لە. . . ئە ئە. . . چونکە. . ." لەوەندە ڕاوەستا هیچیتری بۆ نەگووترا.

"چونکە؟ چونکە. . . چونکەی چیتە تاماس. چیترت پێیە لەبەرگریکردن لەو وڕێنە تروتسکیانە؟"

ئەو ناوە زەنگێکی ترسناك بوو. چونکە ئێمە لە ئینسکلۆپیدیا زانیبومان، کەوا تروتسکیزم وشەیەکی بەد و نەگریسە، بەبێ ئەوەی مانای بزانین یان بزانین تاوانی ترۆتسکی چییە!!

تاماس کەمێك خۆی هێور کردەوە لەدوا هەوڵیدا گووتی:

"چونکە. . . پرۆلیتاریا لەژێر باری قورسی ئیمپڕیالیزم گوزەران دەکات. . .ئە. . . ئە. . . بەباوەشی کراوە پێشوازی هەڤاڵ ستالین و سووپای سوور دەکەن وەك رزگار کەرێك . ." هەر بەتەواوی خۆڵی لە دۆشاوی خۆیکرد!

" باوکت چ ئیش دەکات؟"

" دارتاشە."

"دارتاش! دارتاشێکی سەربەخۆیە؟"

" نەخێر، لەکارگەی دەوڵەت کاردەکات."

ماریا لێی چووە پێشەوە بە چاوە بریسکاویەکانی، لەبنی پێیەوە هەتا تەوقی سەری دەیپشکنی، دەتگووت دەڕوانێتە تابلۆیەکی جەرگ بڕ.
ئامۆژگاری بێت، هەڤاڵ تاماس چاکترە ئەو لادانە ترۆتسکییانە لە پەڕەی مێشکت بسڕیەوە. ئەوەت لەبیر نەچێت کەوا یەکێتی سۆڤیەت دەستپێشخەری ناکات لەجەنگ. جیهانی سەرمایەدار پێویستیان بەبازاڕە، هەر لەبەر ئەو هۆیەوە بازرگانانی شەڕ دانا سەکنێن، و هەر ئەوان دەست پێشخەری دەکەن لەجەنگ گێڕاندا.

سەرەڕای ئەوانەش هاوژیانی ئەو دوو سەربازگەیە، بەردی بیناغەی سەرەکییە لە سیاسەت و دوا ڕۆژمان، چونکە هەڤاڵ ستالین وایگووتوە. ئێستاش بنووسن:

" ئاشتی باڵ دەکێشێ."

ماریا لەدەرەوەی پۆل ولەسەر شەقامەکانیش بانگەوازی بۆ پەیامەکەی دەکرد، هەتا لە ئاهەنگی شەوانی کۆمەڵایەتیەکانیش لەگەڵمان سەمای دەکرد، و بەدەنگی بەرز گۆرانی دەگووت و سروودەکانی پارتی دەچڕی، هەروەها سەرنجمان دایێ زۆر بەئاسودەیی گوێی بۆ گۆرانیەکی ڕۆژئاوایی شل کردبوو، هەروەها بۆ چەندین گۆرانیتری ڕۆژئاوایی کە تێکەڵ بەرنامەکانمان دەکردن. بەڵام ماریا لە پۆلدا شتێکی تر بوو.

جارێکیان وانەیەکی مێژووی چەرخی ناوەڕاستمان دەخوێند، باسی قەشەیەکی تازەکاری دەکرد، کەوا لە بەڵێنەکەی یان خۆ نەزرکردنی بۆ خوداپەرستی پاشگەز ببوەوە. هەمووشمان ژینانامەی ستالینمان دەزانی، کە لە سەرەتای ژیانیدا پیاوێکی دینی کڵێسابوو، لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە قوتابیان بەدەنگێکی بەرز دایانە قاقای پێکەنین. ماریا لەو توانج و تەشەرەیە تێگەیشت، هێندەی نەمابوو لەداخانا بتەقێتەوە قیژاندی:

"هەی پیس وچەپەڵینە، هەی دزە بۆرژوایەکان، چۆن دەوێرن گاڵتە بکەن؟ بزانن چۆن لە لوتتانی دەردەهێنم."

ماریا هیچ جارێك بەو شێوەیە تووڕە نەببوو.
هەمان ڕۆژ وانەی ئاین هەڵگیرا. بەڵام هەندێ بەند وباو هەبوون دەیان گووت، وەك بابەتێکی بژاردەیی لێدەکەن.
بیترك لەماریای پرسی ڕای چیە لەسەر خوێندنی بابەتی ئایین.
ماریا ڕوخساری سور هەڵگەڕا، و چاوەکانی بەناو پۆلەکە سەمای دەکرد، و دەیڕوانییە ئەم و ئەو بۆ ئەوەی بزانێ ئایا ئەو پرسیارە پرسیاری تاقە کەسێکە یان پرسیاری هەموانە، گووتی:

" نەڵێن پێمانی نەگووت. ئەوەی هەوڵی فێربوونی ئاین بدات زۆر بەتاڵی پەشیمان دەبێتەوە. هەرگیز لە وانەی مێژوو دەرناچێت، هەر بەدوایەوە دەبم تا لەتاقی کردنەوەی بڕوانامەی ناوەندیش دەیکەوێنم."

ئەو ماریا فاغۆیە یەکێکە لەوانەی پارت داوامان لێدەکات، وەك کەس و کارمان تەماشای بکەین، بەڵام لەڕاستیدا هەموو مامۆستاکان وەك ئەو نەبوون. ڕۆژیکیان جاڕدرا کەوا ئامادە بوونی وانەی ڕووسی بە خورتییە:

"چونکە هەندێك لەهەڤاڵان تا ئێستا لەگرنگی زمانی ڕووسی بێ ئاگان، و نازانن ئەو زمانە گرنگترین ومەزنترین وانەیە لەناو بابەتەکانمان."

خاتوو (کارولی. س) وانەی زمانی ڕووسی پێ دەگووتین. بەڵام وەك ماریا نەبوو، بە تەمەنتر بوو، ماندوو بوونیش بە ڕوخساریەوە دیار بوو. بە گفتە شیرین وخۆشەکانی، سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە.
گووتی: "قوتابیان، گوێ بگرن، یەکەم من هەرگیز مامۆستای زمانی ڕووسی نیم. چونکە من پسپۆڕ بووم لەزمانی لاتینی ویۆنانی لەکاتی خوێندم لە زانکۆدا. ئێستا دەوران گۆڕاوە ئەو دوو زمانە ناخوێندرێن. منیش مامۆستایەکی فێرکراوم. ئێستا زمانی ڕووسی بۆتە خورتی دەبێت فێری بین و فێری خەڵکیشی بکەین. دڵ لە دڵ مەدەن. چەند زمان فێربن هەر قازانجە بۆ ئێوە."

خاتوو کارولی تاقە کەسێك بوو کە دەتوانی بڵێیت وەك کەس وکارمان بوو. هەموومان خۆشمان دەویست. ئێمە بەگشتی زمانی ڕوسیمان وەك کارەساتێکی سەرتاسەر دەدیت بەڵام ئەو توانی ئەو کارەساتەمان کەمێك بۆ سوك کاتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار دوچاری هەڵوێستی نالەبار دەهات. جارێکیان جورجی. ك لێی پرسی:

"مامۆستا، دەتوانی پێمان بڵێی بۆچی فێری زمانی ڕووسی دەکرێین، ئەو زمانەی کەتەنها ڕووسەکان قسەی پێدەکەن؟"

خاتوو کارولی دوای کەمێك پەشۆکان وەڵامی دایەوە:"ڕۆلەکانم، وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە مرۆڤی لەمن زۆر زاناتر هەیە. ئەگەر جۆرجی بەڕاستی وەڵامی ئەو پرسیارەی لا گرنگە، ئەوە دەتوانێت بچێتە لای بەڕێوەبەر و لێی بپرسێ."

هەموومان بەو وەڵامە گەشاینەوە. نەماندەویست لەژورسەری ئەو جۆرە گفتوگۆیانە زیان بە خاتوو کارولی بگات. دەشمان زانی جۆرجی ناوێرێت بچێتە نووسینگەکەی بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەی لێبکات، هەروەها هەموو یەکێك لە ئێمە دەیزانی جۆرجی سکرتێری پۆلەکەیە و ئەندامیشە لە پارتی کۆمەنستی.

# بەشی ٣٠

لەبەیانیەکی پڕشنگداری هاویندا پیاوێکی ڕیشدار لە دەرگای دا، کاتێ بۆمان کردەوە هاتە ژوورەوە، مەلی چاوی بەناو ماڵەکەدا هەڵدەفڕی.

ئێمەش بە واقوڕمان و بەزەیی پێهاتنەوە چاومان بڕیبووە ئەو ڕوخسارە شێواوەی، کە نیشانەی پرسیارێکی گەورەی بەسەرەوە بوو، ئایا ئەو پیاوە نامۆیە بۆچی هاتووە، بەڵام پەتی بیر کردنەوە و مەزەندەکردنی لێپچراندین.

کاتێ بە لەشێکی لەرزۆکەوە گووتی:

"نەتان ناسیمەوە؟"

باوکم هێدی هەستایە سەر پێ، کەمێك تێیڕاما ئینجا هاواریکرد و خۆی خستە باوەشیەوە:

"بیلۆس،ئەوە تۆی؟"

بۆ ماوەی شەش ساڵ دەبوو مام بیلامان نەدیبوو. واتە لەو ڕۆژەوەی کە ڕووسەکان بەدیلی جەنگ بردبوویان. دایکم چوو قاوەمان بۆ ئامادە کات، ئەویش دەستیکردە گێڕانەوەی ساڵە پڕ لە ئەشکەنجە و ئازارەکانی. لەو ڕۆژەیەوە ڕووسەکان دەستگیریان کردبوو لەگەڵ شێست و نۆ کەسی تر لەئوتومبیلی زیندانیان ئاخنیبوو، ڕەوانەی یەکێتی سۆڤیەتیان کردبوون. لەڕێگادا هەموو ڕۆژێك بیست کیلۆ گرام نانی ڕەشیان بۆ تێهەڵدەدان، پێش ئەوەی بگەنە شوێنی دیاریکراویان لەسەربازگەی گرتووخانەی نوفو سیبرك شەش کەسیان بۆ دوا جار چاویان لێك نابوو. سەربازگەکە بە پەرژینێك دەورە درابوو کە پێك هاتبوو لە چوار ڕیز لە تێلدڕ.

لەوێش بێگاریان پێ دەکردن بۆ ماوەی دوازدە سەعات لە ڕۆژێکدا لەژێر چاودێری چەکدارانەدا.
جارێکیان هاوەڵێکی مام بیلۆس ناوی ئەلکسەندەر بوو،خۆی ڕووسی بوو، لە لینینگرادەوە نەفی کرابوو لە پاسەوانەکەی پرسی بوو:

"بە ئاقڵت هەڤاڵ ستالین دەتوانێ بەو شێوەیە بژێت؟" نرخی ئەو پرسیارە بریتی بوو لەکێشانی هەموو نینۆکەکانی، و ڕەوانە کردنیشی بۆ سیبریا.
مام بیلۆس چەندین چیرۆکی ترسناکی وەك ئەوەی پێشوی بۆمان گێڕایەوە. مام بیلۆس هەر بەخێرایی چاك بووەوە، پاش ماوەیەکی کەم کارێکی دەست کەوت لەکارگەیەك. بۆ ماوەی سێ ساڵ بەسەلامەتی مایەوە، هەتا ساڵی ١٩٥٢، پاش ماوەیەك گوێمان لەو شانۆگەریە دڵتەزێنەی مام بیلۆس بوو، یەکێك هاتبووە لای پێی گووتبوو:

"ئەو کاتەت باش،بیلۆس،دەڵێی نامناسیتەوە؟"

"نەخێر. . . باوەڕ ناکەم . . ."

"بەڵام ئێمە پێکەوە بووین لە نوفو سیبرسك!"

"دەشێ وابێت زەینم کۆرە ڕوخساران ناناسمەوە. . . بەڵام،بەڵێ، ئێستا بیرم کەوتەوە . . ."

"دەباشە . . ."

دەستیان بە شەکر شکاندن کردبوو هەتا گەیشتبوونە سەرباسی ڕژێمی فەرمانڕەوایی و دەربڕینی ڕق و قینیان بەرامبەری. لە پاشاندا پیاوە نامۆیەکە پێی گووتبوو:

**"بیلۆس! بۆ ئەو دۆزەخە بەجێ نەهێڵین بەرەو ڕۆژئاوا؟"**

**"ئەگەر ئەوە ئاسان و لەتوانادا بێت بۆ نا . . ."**

**"چارەیەکمان هەیە. ئەگەر ئوتومبیلێکی باڵوێزخانەی ئەمریکامان دەست کەوێت، بەساغ و سەلامەتی دەگەینە ڤییەننا."**

**"بەڵام ئەو کارە دەستەڵاتێکی گەورە و پارەیەکی زۆری گەرەکە، منیش هیچ کامێکیانم نییە."**

**"بەو شێوەیە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، هەموو ئەو پارەیەی بیەوێ تەنها (٥٠٠ ) فورینتە وەك بەرتیلێك بۆ شوفێرەکە. خەمی خۆت بخۆ."**
**"بەڵام کارەکە گارانتیە؟"**

**"ئەی چۆن پیرەمێرد. من ٣ جار ئەو گەشتەم کردووە."**

**بەڵێنیاندا بوو پاش دوو هەفتە چاویان بەیەك بکەوێتەوە، لەو ماوەیەدا مام بیلۆس پارەی پێویستی کۆکردبوەوە. لەڕۆژی دیاریکراودا ئوتومبیلێك لەسەر قەراخی دانوب ڕاوەستا بوو، ئاڵایەکی ئەمریکی بچوکی هەڵگرتبوو، چوار پیاویشی تێدا بوو. هاوەڵەکەی مام بیلۆس وای تێگەیاندبوو کە ئەو چوار پیاوە (چەند هاوڕێیەکن) دەستیان بە ڕۆیشتن کردبوو هەتا مەڵبەندی گومرگ لە(ئۆبودا)، لەوێ پێنج ئوتومبیلی هاو شێوە خۆیان گەیاندبوونێ، و هەر شەشیان لەلای بەربەستی گومرگەکە لەنگەریان گرتبوو، ئەو بەزمو ڕەزمە سەری لەمام بیلۆس تێکدا بوو.**

**" لە کەیەوە ئوتومبیلی دپلۆماسیان ڕادەگرن؟"**

وەڵامی هاوەڵەکەی هەڵکێشانی دەمانچەیەك بوو. لە ئوتومبیلەکە دابەزیبوو، هەموو دەرگاکانی داخستبوو، و ئاڵایە ئەمریکییەکانیشی لێکردبوونەوە بەرەو ئەو شوێنە گەڕابوونەوە کە جاری یەکەم لێیەوە هاتبوون. لەپاش بڕینی چەند میلێك دەنگێك هاواری کردبوو:

"ئێستا دەتوانن دابەزن،بەڕێزان.ئەوە باڵوێزخانەی ئەمریکایە!"
شوێنەکە پێش مەڵبەندی سەرکردایەتی پۆلیسی نهێنی هەنگاری بوو.!

پیاوانی پۆلیسی نهێنی (ا.ف.و) مام بیلۆس و گشت نەفەرەکانی ئۆتومبیلەکانیان گل دابووەوە، جگە لە هاوەڵە ساختەکەی مام بیلۆس نەبێت. شازدە سەعات بە ڕووتی و دەست بەستراوی و لەسەر پێیان ڕاگرتبوون. ئەوانەشی بورابوونەوە ئاوڕشێنیان کردبوون و بەلێدان و کوتان خەبەریان کردبونەوە.

لەڕۆژی دواییدا هاوەڵەکەی مام بیلۆس گەڕابووەوە بەڵام ئەو جارەیان لەجلی ئەفسەری(ا.ف.و) دا گووتبووی:

"بەڕێزان،ئێستا ساغکردنەوەیەکی ساکار دەکەین دەربارەی خیانەت و خیانەتکاران."
ئەو ساغکردنەوەیە سەرەتای ئەشکەنجەیەکی پڕ لەئازار و چەرمە سەری بوو. جارێکیان سێ ئافرەتی پانتۆڵ ڕەش بەژدارییان کردبوو لەئەشکەنجە دانی پیاوەکان بە سووتاندنی ئەندامی زاوزێیان.
دانەکانی پێشەوەی مام بیلۆس یان شکاندبوو، گوێی چەپیشیان داتلیشاندبوو.هەموو هەفتەیەك پاسەوانێك لەناو سیاچاڵەکان (الزنزانات) هاواری دەکرد:

" بۆ خۆشتن."

بەند کراوەکان خۆیان دەخستە ناو بەفراوەکە، دوایی دەیان گەڕاندنەوە بۆ زیندانەکان.

مام بیلۆس ٣ مانگ لای پۆلیسی نهێنی مایەوە، دوایی ناردبویانە سەربازگەی کارە خورتییەکان، لەوێش بۆ ماوەی چوار ساڵ مایەوە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێت و حوکمێك دەرهەقی دەربچێت.

ئەو کاتە نەماندەزانی مام بیلۆس چی بەسەر هاتووە. لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٣ یەکەم هەواڵمان پێگەیشت لەمام بیلۆسەوە، نامەیەکمان بەدەست گەیشت کە مۆری زیندانی بەسەرەوە بوو، لەو نامەیەوە زانیمان کە ڕێگە دەدەن خواردەمەنی بۆ بنێرین، بە بڕی دوو کیلۆ هەر شەش مانگ جارێك. پێویستیەکانی تەوالێتیش هەر دوو مانگ جارێك.

# بەشی ٣١

هەموو داگیر كردنێك و ژێر چەپۆكیەك، كاریگەری خۆی لەسەر زمانی وڵاتی داگیر كراودا جێ دەهێڵێ. هەوەڵ وشە گەلێكی كە گەلی ژێر كەوتووی داگیر كراو فێری دەبێت، ئەو وشە گەلەیە كە ڕەنگدانەوەی داگیر كردنن. ئەو وشانەی كە ئەو ڕۆژگارە زۆر باو بوون لە هەنگاریا ئەو وشە ڕووسیانە بوون: (بیهێنە) (دزی) (وەرە) (بدە) (داڤای تشاسی:كاتژمێرەكەم بدەرێ) و (وەرە بۆ ئێرە).

بەڵام چەند تەوژمە زمانێك هەبوو، كە كاری دەكردە سەر پێكهاتەی زمانێك، بەبێ ئەوەی وشەیەكی بێگانەی بخاتە ناو. باشترین نمونەش بۆ ئەوە فۆرمی بێزەنتی بوو بۆ زمانی هەنگاری و كارتێكردنی لەو ڕووەوە.

لەبەر ئەوە پێویستە هەمووومان سوپاسی ماتیاس راكوزی سەركردە كۆمەنستە بچوكەكەمان بكەین.

راكوزی بەچەند زمانێك دەدوا، بەهرەیەكی سەرسوڕهێنەری هەبوو لەزاڵ بوون بەسەر وشەدا، و لە بەكار هێنانی بە ئاسانی و بێ ئەرك كێشان. هەروەها بەر لە هەر شتێك وتار بێژێكی كارامە بوو. چەند ساڵێكی بەسەر بردبوو لە لەندەن پێش شەڕی یەكەمی جیهانی بۆیە بە ڕەوانی بە ئینگلیزی دەدوا، بەڵام زمانی ڕووسی چاكتر دەزانی، بگرە هەتا لە زمانی هەنگاریەكەشی چاكتر بوو. جا لە سۆنگەی پلە وپایە و زمانە پاراوەكەیدا، ئەو دەستەواژانەی بەكاری دەهێنان بۆ هەزاران فەرمانبەرانی كۆمەنست دەگوێزرایەوە، هەتا وای لێهات دەمانتوانی وشە ودەستەواژەكانی زاری تایبەتی ڕاكۆزی لەسەدان دوان و وتار و بەڵگە نامە جۆ بە جۆرەكان بدۆزینەوە.

تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو کاتێ دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا ئامادەی یەکێ لەدانیشتنەکانی پەرلەمان بم، ئەو ڕۆژە ڕاکۆزی وتارە بەناوبانگەکەی لەبارەی (ڕیزی پتەو و قایم) دا. هەر لەو دوانەش دروشمە بەناو بانگەکەی داهێنا: (هەنگاریا کەلەبەر(ثغرة) نییە بەڵکو خشتێکی پتەوە لەبەرەی ئاشتی خوازایدا.) ئەو دروشمە بۆ چەند مانگێك بووە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی سکرتاریەتی پارت و شاعیران و کۆمەنستان و خۆ بە کۆمەنست کەران و ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و مامۆستاکان و هەتا مناڵەکانیش.

هێشتا کاریگەری ئەو ڕۆژەم لەیادە، سەرە ڕوتاوەکەی ڕاکۆزی بە تیشکی رووناکییەکانی هۆڵەکە دەبریسکایەوە.

"ئەی هەڤاڵان، بە ڕاشکاوی کۆمەنستانە پەنجە درێژ دەکەم، بۆ ئەو هەڵە وکەم و کورتیانەی کە لە چەند لقێك لەپیشەسازییەکانماندا ڕوویداوە، لەوانەش کانەکانی خەڵووز و پیشەسازیە قورسەکان و پیشەسازی ئامێرە کشتوکاڵییەکان . . ."

"پێویستە هەموو هەڤاڵان ئاگادار کەمەوە، لەو ڕاستیەی کەوا کۆمەنستەکان هەر خۆیان بەرپرسیارن، لەوەی لەوڵاتەکەمان ڕوو دەدات . . ."

پاش بەکارهێنانی ئەو سەرەتایە پەسند کراوە، بەپێی پێویستی خوولەکە، یەکسەر گوێزایەوە بۆ بابەتە سەرەکیەکەی بە وشەی قەبە قەبەو گوزارشی بەهێز.

"بەڵام وەك چۆن هەڤاڵ ستالین دەڵێت، ئەوانەی دادەنیشن و دەستیان دەخەنە گیرفانیانەوە هەرگیز هەڵە ناکەن. ئەی هەڤاڵان چاوەڕوان کراوە لە ڕێگای بنیاتنانی سۆشیالستی، جۆرەها کۆسپ و تەگەرە وهەڵدێرمان بێتە ڕێ.

بەڵام ئێمەی کۆمەنست لە کەند وکۆسپ و هەڵدێر ناترسین. ئێمە لەتوانامان دایە هەڵەکان ڕاست کەینەوە، و چەوتیەکانیش چارەسەر بکەین، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێبازەی کە هەرگیز نائومێدمان ناکات، ئەویش ڕێبازی ڕەخنەی خودییە . . ."

چەپڵەڕێزانێکی توند. دێوولی چەپڵە لێدان لەهۆڵەکە دەنگی دەدایەوە. لەپاش وەستانێکی کەم ڕاکۆزی پەتی دوانەکەی گرێ دایەوە:

"لەمەودوا دان بەهەڵەکانمانەوە دەنێین، لەخۆمەوەش دەست پێ . . ."
دێوولی چەپڵە ڕێزان ووشەکانی داپۆشت، کۆمەنستە توندڕەوەکان ڕێیان بە ڕاکۆزی نەدا کەم وکورتییەکان بژمێرێ .

لەکۆتاییدا گەیشتە ناو کرۆکی باساکە:

"پێویستە بیرمان نەچێ ئەی هەڤاڵان، بەر لە ئێستا هەرگیز وڵاتەکەمان بەو هێزو بڕوایەوە نەوەستاوە، لەتەك یەکێتی سۆڤیەتی مەزن، لەجەنگە ڕەواکەی لەدژی سەربازگەی سەرمایەداریدا، کە بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵی بەرپاکردنی جەنگێکیتر دەدات لەجیهاندا. هەنگاریاش کەلەبەرێك نییە، بەڵکو خشتێکی پتەوە لەبەرەی ئاشتیخوازاندا."

ئێستا هەموو دانیشتوانی هۆڵەکە هەستانەوە سەرپێ بەیەك دەنگ:
"بژی ڕاکۆزی،بژی پارتەکەمان."
سەرۆکی ئەنجوومەن چەند جارێك زەنگەکەی لێدا لەژێر سمێلان دەبۆرژیەوە، تا سەر لەنوێ بێ دەنگی گەڕایەوە. ئینجا نۆرەی وتار بێژە پلە دووەکان هات، یەك بەدوای یەك ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕی دەربارەی وتارەکەی ڕاکۆزی، هەتا نۆرەی ئافرەتێك هات بەجل و بەرگی نیشتمانییەوە، لەتە کاغەزێکی لەدەست بوو گووتی:

"ئەی هەڤالآن منیش لەگەڵ دوانەکەی هەڤاڵ راکۆزیم و لایەنگیری لەهەموو بڕگەکانی وتارەکە دەکەم." (چەپڵە لێدانێکی تووند)
کاتێ ڕاکۆزی هەستایە سەرپێ بۆ وەڵامدانەوەی وتاربێژەکان تەنیا ئەوەندەی گووت:

"بژی پاسەوانی سەربازگەی ئاشتی،یەکێتی سۆڤیەتی مەزن، بژی پارتەکەمان، پارتی کرێکارانی هەنگاریا. بژی یەکێتی پرۆلیتاریای جیهانی، بژی مامۆستای گەلی هەنگاری و هاوڕێیە دانایەکەی، هەڤاڵ ستالین."
ئەندامانی پەرلەمان زۆر بە پەرۆشەوە دەستیان بە هورا کێشان کرد: "ستالین، ڕاکۆزی، ستالین، ڕاکۆزی."

هەروەك جاران ڕاکۆزی لە هۆلەکە کشایەوە بۆ ناو ئوتومبیلە زرێپۆشەکەی، ماتۆڕەکانی پۆلیسیش پێش و پشتی گرتبوون.
پەردەکانی ئوتومبیلەکە داخرا، بۆ ئەوەی سەرنشینەکەی ڕواڵەتی هەژاری ونەداری گەلەکەی بەرچاو نەکەوێت لەسەر شەقامەکان، ئەو هەژاریەی کەئەو لەکۆشکە بەهادارەکەی ناوچەی بالاتۆن هەستی پێ نەدەکرد، و لە کۆشکە گەورە وگرانەکەی شار کە ژێرزەمینێکی دژی تیشکی ئەتۆمی تێدا کرابوو. هەر لەو ماڵە لەساڵی ١٩٥٦ شۆڕشگێڕەکان کتێبخانەیەکی تایبەتی گەورەیان دۆزیەوە، نزیکەی دوازدە هەزار بەرگە کتێبی تێدا بوو، بەڵام تەنها یەك کتێبیش لەنێو ئەو هەموو بەرگە کتێبانە هەنگاری نەبوو!

# بەشی ٣٢

دایکم دووجار لەکارگەی شیرەمەنی بورا بووەوە، و بۆ نەخۆشخانەیان بردبوو، پزیشکەکە ئامۆژگاری کردبوو کەوا بچێتەماڵەوە و بحەسێتەوە، پاش ئەوەی دایکم ڕازی نەببوو لە یەکێ لە قاوشەکان بمێنێتەوە.

"ئایا کرێ دەستەکەت کەمە و خێزانەکەشت زۆرە؟"

"بەڵێ هەردووکیان دکتۆر . . ."

"دەباشە، شەرم مەکە، پێم بڵێ . . ."

" ئیتر لەکارگەکە ڕام ناگرن، پێویستیشە کاربکەم."

پزیشکەکە بۆ ماوەیەك بێ دەنگ ببوو دوایی ئاگاداری کردبۆوە:

" باشە، بەڵام پێویستە چەندی پێت بکرێ بحەسێیتەوە. پێویستە بحەسێیتەوە."

" ئەوەی لەدەستم بێ دەیکەم دکتۆر."

دایکم هەردەم هەوڵیدەدا ئێش وئازارەکانی لێمان بشارێتەوە، هەروەك گووتم دەڵێی بۆ ئەوە دروستکرابوو بە بێدەنگی ئەشکەنجە بچێژێ. بەرێوەبەری کارگەکە لەسەرەتادا پێی گووتبوو من ناتوانم کەسانێك ڕاگرم هەردەم ببورێنەوە. دایکیشم بە ڕاشکاوی دەیزانی لەدەست چوونی ئەو کارە، مانای لەدەست چوونی دوارۆژی خوێندنی دوو مناڵەکەیەتی.

ڕۆژێکیان جۆدێت گووتی: " ئادی، وابزانم ئێستا نۆرەی ئێمەیە کاربکەین."

" یانی واز لە خوێندن بهێنین؟"

"بەڵێ"

"چارەیەکی تر نییە؟"

"وابزانم ناشێ دایك وباوکمان بەو هیلاکیەوە ببینین، ئینجا لە ئاستیاندا خۆمان نادیدە کەین"

" ڕاست دەکەی جۆدیت. باواز لەهەموو شتێك بهێنین. پێویستە بەبێ کاوێژکردنەوەی مێژووی پارتی بەلشەفیك بژین. بۆ کارکردن!"

بۆ ئێوارە پێشنیارەکەمان خستە ڕوو هەروەها باسی سوودەکانی ئەو گۆڕانکاریانەمان کرد لە ئەنجامی کارکردنی ئێمەوە دێنە ئارا.
دایکم دەمودەست دەستی کردە گریان، وا دیار بوو قسەکان کاری لەباوکیشم کرد، بەڵام پێشنیارەکەمان رەت کرایەوە.

باوکم گووتی: "چەنەبازی. خۆتان ئارەزووی قوتابخانە ناکەن. مەسەلەکە هەر ئەوەیە، ئێوە بەکەڵکی هیچ نایەن . . ."

دایکیشم پشتگیری کرد: " پێویستە خوێندنەکەتان تەواو بکەن. ئیتر جارێکی تر نامەوێ گوێم لەو قسانە بێت. سودی چییە واز لەخوێندن بهێنن لە ئاخرو ئۆخرەکەی؟!"

پاش ئەو ڕەتکردنەوەیە، من و جۆدیت نەخشەی پیلانێکی ترمان کێشا، داواکاریەکی نوێمان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی لە باجی قوتابخانە، الرسوم المدرسية بمان بەخشن، بەڵام کاتێ داواکاریەکەم دایە دەست مامۆستای لێپرسراوی پۆلەکەمان، تەماشای کرد و پێکەنی یەکسەر دایەوە دەستم و گووتی:

" ئادی،مەبەستت چییە؟ تۆ هیچ پاکانەیەکت نییە تا داوای بەخشین بکەیت، خۆشت دەزانی، دایك و باوکت کاردەکەن."

داواکاریەکەی جۆدیتیش بەر هەمان دیوار کەوت: "پاکانەت نییە، دایك و باوکت کاردەکەن"

بەو شێوەیە ناچار بووین هەموو ڕۆژێ دایکمان ببینین بەشەکەتی. هەنگاوەکانی ڕادەکێشی بۆ ماڵەوە، باوکیشمان بینین چۆن لەبێزاری دێت و دەچێت و گفتوگۆ لەگەڵ دوژمنێکی نادیار بکات. وا دیار بوو دوژمنە نادیارەکە، خودی ڕژێمە کە بوو بەگشتی، هەرچەندە ژمارەی ئەوانەی ئازاریان دەدا، هێندە زۆر ببوون بەڕادەیەك، گشت جیهانی تاوانبار دەکرد، بەپیلان گێڕان بۆ پێ خوست کردنی ژیانی خێزانەکەی .

هیچ جارێك بەو شێوەیە ڕقم لە فەرمانڕەواکان نەببوەوە، پاش ئەوەی دوا هەوڵەکانمان بەفیڕۆ چوو. لەماڵەوە دەرچووم، زۆر دوور کەوتمەوە هەر لەبەر خۆشم نەفرەتم لێ دەکردن، ئەو نەفرەتانەی بەر لە ئێستا هەرگیز بەکارم نەهێنابوون. ئێستا من دانەیەکی دەقاو دەقم لەباوکم.

"بۆ چی دەگری ئادی؟"

" لەدەست ئازارو ئێشەکانم"

(جۆرجی.ز) هاوپۆڵم وەك فریشتەی بەزەیی لە پێشم ئامادە بوو. جۆرجی کوڕی کرێکارێك بوو لەکارگەکانی گراتز. هەرچەندە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی نەبووین، بەڵام ئەو ساتە دەنگێکی بەسۆز بەس بوو، بۆ گێڕانەوەی لێشاوێکی نوێ لە ئەسرینەکانم.

"ئادی،بۆ دەگری؟"

"هیچ نییە، هیچ"

"بەڵام بۆ؟"

لەبێزاریانە گووتم: "من ئاشقم، داپیرەی ستالینم خۆش دەوێت"

بەو شێوەیە بێزاریمان لەدکتاتۆریەتی کۆمەنستی دەردەبڕی.

"هش ... وسبە. . . دەنگ هەڵنەبڕی، نەوەك یەکێك گوێی لێبێت."

باسکی گرتم ماوەیەك ڕێمانکرد، وردە وردە هەموو ئێش و ئازارەکانی ماڵەوەم بۆ هەڵڕشت. بەغەمباریەوە پێم گووت:

"بەڵام مەسەلەکە بەگوێرەی تۆ جیایە. تۆ ناتوانی هەست بە ئێش و ئازارەکانم بکەیت. باوکت ئەندامی پارتە وخاوەن مافیشە، موچەیەکی زۆریش وەردەگرێت، دواڕۆژیشی دابین کراوە . . ."

جۆرجی هاواری کرد: "دوا ڕۆژ!" بە دەنگێکی تاڵاو، کە تاڵییەکەی لەوەی من کەمتر نەبوو. دوایی دەستی بە گێڕانەوەی دەردو کەسەرەکانی کرد.
باوکی خاوەن ماف بوو، ئەوەیان ڕاستە، مافەکانیش بریتی بوون لەوانە:
مافی زمانگرتن، مافی ئابوونەدانی ئەندامێتی، مافی ڕاپەڕاندنی فەرمانی سەرکردەکانی، مافی سیمنار و کۆڕگێڕان دەربارەی ئەو شتانەی کەدەیزانی ڕاست نین، سەرباری هەمووشیان، مافی شوورەیی کردن وخەجاڵەت کێشان لەناخی دەروونیدا.

شتێکی نوێ فێربووم لەبارەی چینایەتی لەڕیزەکانی پارتی کۆمەنستی.
ئەندامانی کۆمەڵەی (یەکەم) لە چڵەپۆپەدان، ئینجا کۆمەڵەی(دووەم) ئەرکەکانی کارگێڕی و داوەرییان بەڕێوە دەبرد، ئینجا ئەندامانی کۆمەڵەی (سێیەم) لەدوای هەموویانەوە دێت، ئەوانەش تەنیا ئەندامن و بەس. بەدوای ئەوانەوەش سەربەخۆیەکان دێن، ئەوانەش بریتین لە هاوڵاتیانی پلەی دەیەم. خۆی وا چاوەڕوان بوو ئێمە ڕێچکەیەکمان بگرتبایە بەرەو کۆمەڵگایەکی بێ چین وتوێژ بەپێی ئاڕاستەکانی پارتی کۆمەنستی، نەوەك جیاوازی چینایەتی فراوانتر کات.

دوایی زانیم، کەوا ڕژێمی ڕاکۆزی لەباشترین و بەهێزترین کاتی حوکم گێڕانیدا، پشتی لە ملیۆنەها ئەندامی کۆمەڵەی (سێیەم) کردبوو، لەبڕی ئەوە پشتی بەهێزی لەژێر نەهاتووی یەکێتی سۆڤیەت دەبەست. ئەگەر هەندێك ڕاستی هەبێت لەقسەکەی رینان کە دەڵێ: دیموکراسیەت هەمە پرسەیەکی ڕۆژانەیە، هەنگاریا هەموو ڕۆژێ لە نهێنیدا، حکومەتەکەی سەراوژێر دەکرا.

دیسان دایکم لەکارگەکە لەهۆش چوبوو، بەڵام ئەو جارەیان پزیشکەکە، بێ یەك و دوو بڕیاری دابوو کە بە کەڵکی کارکردن نایەت.
بەڕێوەبەریش بەخۆیی و کارتی پزیشکەوە، ڕەوانەی هۆبەی فەرمانبەرانی کردبوو، بەگاڵتە پێکردنێکەوە پێی گووتبوو:

"هەڤاڵ، وا دەزانی بنیاتنانی سۆشیالستی لەسەر ئاوازەکانی جاز تەواو دەبێ؟ ناتوانم وچانی نەخۆشیت لێ قەدەغە بکەم. بەڵام کاتی خۆی لەو وەرزەدا لەڕابردو تۆ خانمێکی بەڕێز بووی، و لەبەر تیشکی خۆر ڕادەکشای بۆ ڕابواردن و حەسانەوە، ئەگەر نەتوانم وچانت لێ قەدەغە بکەم، بەڵام دەتوانم نەهێڵم جارێکی تر پێ بنێیتە ناو ئەو کارگەیە. من ئاگادارت دەکەمەوە کە جارێکیتر بۆ ئەو کارە هەوڵ نەدەیت. سۆشیالستی پێویستی بە مرۆڤی لەش ساغە، نەك نەخۆش."

دایکم بە باڵشکاوی و شەکەت و پەکەتیەوە، بەرەو ماڵەوە هاتەوە، دوو هەفتە کەوتە سەرجێگا.
لەقوتابخانەش ماریا لە وانەی مێژوودا پڕ بەبدەمی هاواری دەکرد:

"ئاستی ژیان لە هەنگاریای ئیمڕۆدا پێنج قات بەرزتر بۆتەوە، لە ڕۆژانی حوکمڕانی ئیمپڕیالیزمەکان و دەرەبەگەکانی ساڵی ١٩٣٨. یاسای فێرکردنی بەخۆڕایی کە حکومەت دەریکرد، توانی قەڵاچۆی نەخوێندەواری بکا . . ."
بەڵام ئەو قسانە لەگەڵ من سوودی نەمابوو چونکە من ئەو کاتە کەوتبوومە داوی ئەوینی داپیرەی داپیرەی ستالین.

# بەشی ٣٣

لە شووشەبەندی جاڕدانی قوتابخانەکەمان، ژمارەی ئاهەنگەکان زیاد دەبوون، ئاهەنگەکانیش بەسەر پەرشتی بزووتنەوەی (لەپێناوی سۆشیالستی و ڕۆشنبیری) دا دەگێڕدران.
زۆربەی جاریش ئاهەنگەکان لە کارگەکان دەگێڕدران، ئامادە بوونی بەخورتیش، هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەو لاوانەی کە ئەو ئاهەنگانەیان بە دەرفەتێکی چاك دەزانی، بۆ بەستنی پەیوەندی سێکسی خێرا لەگەڵ کرێکارە کچەکان.

هەموو جارێ ئاهەنگەکە بەپێشکەشکردنی شانۆگەریەکی سۆڤیەتی یەك بەشی دەستی پێ دەکرد، لەلایەن تیپی نواندنی کارگەکەوە، ئەو شانۆگەریانە هەموویان یەك ناوەرۆکیان هەبوو. ئەگەر لە زەخرەفەی لەفزیدا داماڵرابان، هەموویان چەند وێنەیەکی دووبارە کراو بوون.

هەر لەیەك بازنە دەخوولانەوە: سکرتێری پارت لەیەکێ لەکارگەکان بۆی ئاشکرا دەبێت کچێك دزی دەکات، کچەکە داوا لە سکرتێری پارت دەکات بەزەیی پێیدا بێتەوە، کە ئەوە سودی نابێت، ئەوجارە پەنا دەباتە بەر تاوگیری و خۆ لێسواندن، ئەوەش زامێکی کۆنی سکرتێری پارت دەکولێنێتەوە، چونکە پێشتر سکرتێرەکە گیرۆدەی کچەکە ببوو، زۆریشی هەوڵ بۆ دابوو، بەڵام هەوڵەکانی بێ هودە بوون. ئینجا پاش کێشەیەکی دەروونی سەخت و درێژ، سکرتێرەکە بەسەر ئارەزوو و حەزەکانی زاڵ دەبێت، بە خەبەر لێدانی لای پۆلیس.

یان ئەو وێنەیە: ژن و مێردێکی کۆمەنستی لە ژیانی نهێنییاندا، دوو کەسی هەلپەرستن. خواردەمەنی وشمەك کۆ دەکەنەوە بەرێگایەکی گومانلێکراو. نۆکەرە ژیرو چالاکەکەیان، حەشارگە نهێنییەکەیان، کە لە کۆنە پیانۆیەکە بوو بۆی ئاشکرا دەبێت. بڕێکی زۆر شەکر

و ئارد و برنجی بەر چاو دەکەوێت. لەسەرەتادا ژن و مێردەکە هەوڵ دەدەن بە بەرتیل دەمی بگرن. هەرچەندە نۆکەرەکە پێویستیشی بە پارە هەیە، لەو نیگەرانیە دوچاری کێشەیەکی ویژدانی قوڵ دێت، لەکۆتایدا بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت و باوەڕی بە کۆمەنیستی زاڵ دەبێت بەسەریدا، تەلەفۆنەکە بەرز دەکاتەوە زەنگ بۆ پۆلیس لێدەدا.

تاقە گۆڕانێك لەو چیرۆکەدا بکرێ، هەر ئەوەیە ژن و مێردە هەلپەرستەکەی چیرۆکی پێشوو، دەکرێنە دوو پیرەمێردی لادێیەك، کە پەینی کیمیاوی لە هەرەوەزی خۆجێیی دەدزن.

یەکێ لە لاوە قارەمانەکانی کومسمۆل بەتاوانەکە دەزانێت، بەڵام لەسەرەتادا بەزەیی بەسەر وڕیشی سپییاندا دێتەوە، ئەویش وەك ئەوانەی پێشو دەکەوێتە کێشەی ویژدانییەکەوە، وەك هەمیشە کێشەکەش کۆتایی پێدێت بە بەرز کردنەوەی دەسکی تەلەفۆن، ڕاپۆرت دان بە پۆلیس!

چەند یانەیەکی شەوان لە بۆدابست کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران مابوون، بەڵام تایبەت بوو بە کەسە دیپلۆماسییەکان.
بەڵام ئەندامانی پارتی کۆمەڵەی سێیەم و هاوڵاتییە پلە دەیەمینەکان، تەنیا گازینۆیەکانیان لەبەردەم بوو. لەو گازینۆیانە موزیک لێدەدرا و جاروباریش کچێك گۆرانی دەگووت. دوایی وایلێهات هەتا باری ئەو گازینۆیانەش نەبەین .

جارێکیان ئێمە حەوت هاوڕێ بووین چوینە گازینۆیەك، دیمان پارەکانمان هەمووی بەسەر یەکەوە دوو فینجان قاوەی پێنەدەهات، بۆیە لەنێو خۆمان تیرو پشکمان کرد بۆ هەڵبژاردنی دوو کەس.
لەو گازینۆیە بێ ئەرزشانەش گوێمان لەو گۆرانیە دەبوو، کە دەربارەی کچێکی لادێیی دەدوێت، چۆن بەشادومانی تەلەکتەرەکەی لێ دەخوڕێ، بەرەو خۆری هەڵهاتووی

کۆمۆنیزم، یان ئەوەی دەربارەی(جانوس)ی فەرمانبەر لە (هەرەوەزی سەرکەوتن)دا دەدوێت. چۆن دڵسۆزانە پێداویستییەکان بەباشترین شێوە دابەش دەکات، بۆیە خەڵات دەکرێت بەمیدالیای خۆشەویستانی مارکس.

بەڵام ئێمە دەرگایەکی ترمان بۆ ڕابواردن و ئاسوودەیی بۆ کرایەوە، ئەویش ئەو شەوگارە موزیکیانە بوو کە دوا ناوەندی کشتوکاڵی سازی دەکردن. زۆر جاران لەوێ گوێمان لە کاسێتەکانی کانتون و بێنی گودمان و رای ئەنتۆنی دەبوو. هەرچەندە ئەو کاسێتانە قەدەغە بوون، بەڵام ئەو کاسێتە کۆنانە تامی قەدەغەییمان لێدەکرد، هەروەك دەڵێن هەموو قەدەغەکراوێك شیرینە. پاش ماوەیێکی کورت باسی ئەو شەوگارە موسیقیانە لەسەر هەموو زمانێك بوو. بۆیە هۆڵی دواناوەندی کشتوکاڵی، پڕ دەبوو لە قوتابیان پێش دەست پێکردنی ئاهەنگەکە. بەڵام ئەو شەوگارانە زۆری نەخایەند لەپڕێکا وەك شانۆگەریە سۆڤیەتییەکان بەتەلەفۆنێك کۆتایی هات!

لەگەڵ ئەوەشدا لەپاش لەدەست چوونی ئەو موزیکە خۆشانە، ناسکترین موزیک کە گوێمان لێیبوو هەواڵی مردنی ستالین بوو. ئەو کاتە ئێمە لەقوتابخانە بووین، ڕادیۆی بەیانی داوای لێمانکرد پێنج خوولەك بەبێدەنگی بوەستین بۆ گیانی پاکی ستالین. دەبوایە هەموو قوتابخانە و زانکۆکان سەردانی پەیکەری ستالینیان بکردایە.
لە جەنازەیەکی ماتەمدا لەسەر ئاوازەکانی (سروودی جەنازەیی) دا، کە سیمفۆنیای سێیەمی بیتهۆڤنە. جەنازەکە شەقامی مایکۆفسکی بڕی، دوایی بە شەقامی گۆرکێ تێپەڕی تا گەیشتە پەیکەری ستالین، کە لەشوێن کلێسایەکی مێژوویی کۆن دروست کرابوو.

شەقام و گۆڕەپانەکان بە ئاڵاو لافیتە ڕەشەکان بەرگێکی ماتەمینیان پۆشیبوو. کە گەڕاینەوە قوتابخانە بەو بۆنەیە چەند هۆنراوەیەك و لاواندنەوەیەکیان خوێندەوە. یەکێ لە

شاعیرەکان گووتی ئێمە ئامادەین دڵەکانمان لەت لەت کەین، ئەگەر بەو کارە ستالین بگەڕێتەوە ژیان.

بەو بۆنەیەوە ماتیاس ڕاکۆزی، سەرۆك وەزیران لە ڕادیۆ قسەی کرد،گووتی: " لەوانەیە هەندێ لە چەتە کۆنەپەرستەکان خۆیان خەڵەتێنن، و خەون بە گۆڕانکاری ڕەگ وڕیشەیی ببینن لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتدا، لەپاش کۆچکردنی سەرکردەی چاو نەترس و مامۆستای مەزنمان هەڤاڵ ستالین، بەڵام دڵنیاین کە کۆنەپەرستان تووشی نائومێدی دەبن، چونکە پاسەوانە سەرڕاست و دەست پاکەکان لە لاوانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڤاڵە دڵسۆزەکانیان، لەدیموکراتییە گەلێریەکاندا خەونە چەپەڵەکانیان لە گۆڕ دەنێن."

ڕاکۆزی بەردەوام بوو: " هەردەم ڕێنوماییە بەرزەکانی ستالین لە ناخی دەروون و دڵماندا ڕەگی داکوتاوە. کۆچی دوایشی تەنیا هاندەرێکە بۆ بەهێزتربوونی پارت، و پاراستنی ئەو کەلەپورە مەزنەی ئەو پیاوە مەزنەش، فەرزێکە و قەرزێکە لە ئەستۆی هەمووماندا. ئێمە پەیمان و بەڵێنت دەدەینێ، ئەی هەڤاڵ ستالین بە قەد مویەك لە ڕێبازەکەت لا نەدەین . . ".

بەڵام ڕاکۆزی نەیدەزانی، وەك چۆن ئێمەش نەمان دەزانی، کە خواستی گۆڕانی سەرەکی لەسیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت، هەر ئاواتی وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان نەبوو، بەڵکو زایەڵەی ئەو ئاواتە لەناو جەرگەی پارتی کۆمەنستی دەنگی دەدایەوە.

لەپاشان لەو بەڵگەنامانەی کە لەبارەگای پارتی کۆمەنستی هەنگاری دەستیان بەسەردا گیرا، بەدیار کەوت کە لەکاتێکدا ڕاکۆزی بەمتمانەوە ئەو دوانەی دەدا، هەر لەو کاتە تیپەکانی پۆلیسی نهێنی لەحالەتی ئامادە باشیدا بوون، و چەند فەیلەقی سوپاش لەسەر سنوورەکانەوە بانگێژ کرابوون بۆ بۆدابیست.

# بەشی ٣٤

لە هاوینی ساڵی سێیەمی ناوەندیدا، چاودێرەكانی (دیس) هاتنە لامان، ئەو جارەش كەونە كایان بەبا دەكرد: "ئەوەی لە ماوەی پشودان خۆبەخشی نەكات بۆ كاروباری تایبەتی، ساڵێكی تر پێ نانێتە ناو قوتابخانە." ئەو جارە كەوتمە ستالینفاروس.
ستالینفاروس لە بنەڕەتدا لەسەر سنووری هاوبەشمان لەگەڵ یوغسلافیا دامەزرابوو، بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندێكی پیشەسازی قورس لە هەنگاریا و یوغسلافیا. چونكە ئەو ناوچەیە مەڵبەندێكی دەوڵەمەند بوو لە دەرهێنانی كانزای ئاسنی یوغسلافی و خەڵووزی هەنگاری. بەڵام پڕۆژەكە پشتگوێ خرا، لە پاش هێرشەكەی كومنفورم بۆ سەر مارشاڵ تیتۆ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە ستالینفاروس هەر دروست بكرێ، لەبەر چەند هۆیەكی پڕوپاگەندەیی .

پڕۆژەكە لەدووری نزیكەی سەد كیلۆمەتر لە شوێنی بنەڕەتی خۆی دروست كرا. ئاسنی خاویشی لە یەكێتی سۆڤیەت بۆ دەهات لە ڕێگای دەریای ڕەش و ڕوباری دانۆبدا.
پۆلەكانی قوتابخانە بوون بە تیمی كرێكاران، پێش ئەوەی بكەوینە ڕێ ئوتومبیلەكانمان بەسەر ڕێگای دانۆب لێیان دەخوڕی، ئێمەش لە دواوە سروودی بزووتنەوەمان دەچڕی.

كەشتی"بیتۆفی"دروستكرابوو بۆ هەڵگرتنی (١٦٠٠) نەفەر، بەڵام ئێستا نزیكەی (٣٠٠٠) ئەندامی بزووتنەوەكە لەسەر كەشتییەكە كەڵەگە ببوون.
گەشتەكەمان بۆ ستالینفاروس نزیكەی چوار كاژمێری خایاند، لەپاش ئەوە كاژمێرێكی تریش بەڕێوە بووین بۆ ڕەشماڵگایەكی بە تێلدڕ دەورە دراوادا. هەركە چاومان بە ڕەشماڵگاكە كەوت ئاڵا سوورەكان و دروشمە ئامادە كراوەكان بەرەو پیرمانەوە هاتن. هەر دە كەسمان كەوتینە ڕەشماڵێك.

لە گۆڕەپانی سەرەکی ڕەشماڵگاکە، ئاڵای نوێی هەنگاریا و ئاڵای بزووتنەوەی (دیس) بەرز هەڵدەچوون. لە ئاهەنگی دەستپێکدا بەڕێوەبەری ڕەشماڵگاکە بەخێر هاتنی کردین، و پرۆگرامی ڕۆژانەی بۆ خوێندینەوە:
پێنجی بەیانی لە خەو هەڵسان، بەرز کردنەوەی ئاڵا لە شەش، کارکردن لە حەوتی بەیانی هەتا شەشی ئێوارە، لەپاش شەشی ئێوارەش کاژمێرێك بۆ وەرزش و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان. وشەی ئاخاوتنی گشتیش (هەڤاڵە).

لە بەیانی دواییدا دەنگەوەرەکان لە پێنجی بەیانی بە ئاگایان هێنایین:"بەیانی باش هەڤاڵان،کاژمێر ئێستا پێنجی تەواوە.کاتی لەخەو هەڵسانە."پاشان لەپێش ڕەشماڵەکان ڕیز بووین دەنگەوەرەکان دەستوریان پێدایین ئەو سروودانە بڵێین کە بۆ ئەو بۆنانە فێری ببووین.
لە پاشاندا فەرمانەکانی ڕۆژانە خوێندرایەوە، و کارکردن دەستی پێکرد. تیپەکەی ئێمە شەبکە داری درێژیان دەگواستەوە لەدەورو بەری ساختمانێکی نۆ نهۆمیدا.

ئیشەکەمان ئاسان بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکڕای ڕۆژێکمان بۆ تەواو نەدەکرا، کە (١٨٠) پارچە بوو. لە ڕۆژی سێیەم ساختمانەکە ئیتر پێویستی بە دار نەما، بۆیە گوێزرایینەوە بۆ خشت کێشان. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەویتر قورس بوو، بۆیە هیچ یەکێکمان نەیتوانی، لە سەدا شێست تا حەفتای کارەکەی ئەنجام بدات، لە تێکڕای ئەو کارانەی بۆی دیاریکرابوون. بەڵام ئەوەی هەراسانی کردبووین تیپێکی کچان بوو، وەك ئێمە خشتیان دەکێشایەوە بۆ شوێنێکی نزیکتر لەوەی ئێمە، هەندێك لە ئەندامانی ئەو تیپە لە سەدا سەدو بیستی کارەکەیان ئەنجام دابوو. ئەوەی زیاتر هەراسانی دەکردین ئەو کچانە هەر تۆزی ماندوویی بەسەر ڕوخساریانەوە دیار نەبوو .

دەمودەست سیخوڕەکانمان ناردن بۆ دۆزینەوەی نهێنی مەسەلەکە، زۆریان پێ نەچوو نهێنییەکەیان بۆ هێنایینەوە، لە ڕێگای ئەو دۆستایەتییەی کە لەگەڵ کچەکاندا

بەستبوویان. نهێنییەکەش لەوەدا بوو یەك دوو کچ خۆیان لەپێناوی تیپەکە بەخت دەکرد، بە تیف گیری و خۆ نزیك کردنەوە لە چاودێرە گشتییەکان. بێگومان ئەو یەك دوو کچە داریان لەسەر بەرد دانەدەنا.
مەسەلەکەمان لە نێو خۆمانەوە دەستاو دەست پێکرد. بێگومان ئەوەی کچان دەیانبەخشی بە ئێمە نەدەبەخشرا، بەڵام بیرمان لە چارەیەکی تر کردەوە، بڕیارماندا هەمووومان پێکەوە چەند پولێك بەسەر یەکەوە نێین، چەند دیاریەکی بچوك و چۆڕە شەڕابێکی پێ بکڕین بۆ (بەهێز کردنی هاوڕێیەتیمان) لەگەڵ چاودێران، پیلانەکە سەری گرت و توانیمان بۆ لای خۆمانی ڕاکێشین.

بەو شێوەیە نیوەی جاری پێشوو ماندوو نەدەبووین، بەڵام تێکڕاکانمان بەرز بوەوە بۆ لە (١٢٠٪) لەسەدا سەدو بیست، وەك دەڵێن بەرتیل بەردیش نەرم دەکات. تەنیا جارێك کە کەوتینە مەترسی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنە بچوکەکەمان، ئەو کاتە بوو کە داوامان لێکرا خۆڵ بۆ تیپی خشت سازانی ستاخانوفیەکان بگوێزینەوە. دەبوایە پارێزگاریان لەنمرەی پێوانەییان کردبا، بەڵام ئەوانیشمان خستە تەنگانە. جا نازانم ستاخانوفیەکان بە بەرتیلدانەکەی ئێمەیان زانیبوو یان نا، هەر چۆنێك بێت سکرتێری پارتی کۆمەنستی خۆجێیی، لەکاتی سووڕانەوەی بەناو شاردا بە بەردەوامی سەردانی دەکردین .

سەردانەکانی ئەو هەلێکی چاك بوو بۆ پشودان و دەست لەکار بەردان بە بیانووی گوێگرتن بۆ نوکتەو سوحبەتە بێ سەرو بەرەکانی. ئەو کابرایە بەردەوام سەرخۆش دیار بوو، جارێکیان گووتی ناوی هەمووومان لەلای ئەو تۆمار کراوە، هەموو ڕۆژێك سەرنجەکانی لە سەر کارتەکانمان تۆمار دەکات، ئەگەر کەم و کورتی لە یەکێك بەدی بکرێ، ئەوا ئەندامێتی (دیس) لە دەست دەدات، لەوانەشە لە زانکۆ وەرنەگیرێ.

جارێکیان لە کاتی ئاخاوتنە جاڕسکەرەکانی یەکێك لە ئێمە لە تریقەی پێکەنینی دا، لە توڕەییدا چاوەکانی وەك دوو پۆڵە ئاگری لێهات هاواری کرد "دوژمن لێرەش سەری ڕاست

کردەوە. ئێوە کۆمەنستی ڕاستن؟ نەخێر. ئێوە وردە بۆرژوای پیس و چەپەڵن. لەبری ئەو بەد ڕەفتاریەتان کارێکی واتان پێدەکەم قەد لەبیری نەکەن. لەمەو بەر کیسەی چیمەنتۆ دەگوێزنەوە.″

پشتمان چەمایەوە لەژێر باری کیسە چیمەنتۆکان، لەشیشمان بە ئارەقە وتۆزی چیمەنتۆ داپۆشرابوو. کاتێ دەکەوتینە بەرامبەر یەك لەکاتی گواستنەوەی کیسە چیمەنتۆکان، چەند سەرنجێکی تورەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ڕێژەکانمان بۆ ٥٥٪ دابەزی، کۆبوونەوەیەکمان کرد لە ڕەشماڵەکەمان بۆ تەگبیرێك لەو حاڵە ناهەموارەمان.

ئەندراس. ز پێشنیارێکی کردە سەر مۆری کۆبوونەوەکەمان. گووتی″پێش چەند ڕۆژێك سکرتێری پارتم لەنێو باوەشی (ئیلوانا.ك) دیت بەبێ ئەوەی ئەوان بمبینن. (ئیلونا.ك) فەرمانبەرێك بوو لەوێ.

ئەندراس پێشنیاری کرد هاوارو دادمان بۆ ئیلونا بەرین، بەڵکو چارەیەکمان بۆ دەکات لەلای جەنابی سکرتێر. هەروەها بۆ ئەوەی هەست بکات کە ئێمە ئاگاداری کەین و بەینی ئەوین لەگەڵ سکرتێری پارت، بەبێ ئەوەی بەڕاشکاوی پێیی بڵێین.

ئەندراس ئامادەیی خۆی دەربری بۆ ئەوەی ببێتە بریکارمان، لەو مەسەلەیە. ئیلونا گووتبووی:

"جا بۆ دێیتە لای من؟ بۆ یەکسەر ناچیتە لای هەڤاڵ س؟"

ئەندراس بە پلارێکەوە گووتبوی: "چونکە ئێمە دەزانین گوێمان بۆ ناگرێت، لەوانەیە بەو پەڕی ئاسودەییەوە گوێ بۆ تۆ ڕادێرێت"

"بەڕاستیتە؟"

"بەڵێ، وا بزانم خەندە شەکرێکی تۆ سەرو زیادە."

لە پاش ئەو توانجانە، ئیلونا لە مەرامی ئەندراس گەیشتبوو. لە پاش دوو ڕۆژ لە کۆیلایەتی کیسە چیمەنتۆکان ڕزگار بووین.
بۆ ماوەیەکی زۆر خۆمان بە ئاوی سارد دەشوشت، هەتا تەپ و تۆزی چیمەنتۆ لە لەشمان دا تەکێنین. زۆر لە ئەندامانی تیپەکەمان تووشی نەخۆشییەکانی پێست ببوون، پێستی باسکی منیش تووشی سووتانەوە ببوو، ٣ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ڕەشماڵگاکە مامەوە.
هێشتا لە نەخۆشخانە بووم کاتێ (میهالی فارکاس) وەزیری بەرگری ئەو کاتە، سەر فرازی کردین بە سەردانێك. بەبەردەوام سەردانی دەکردین بۆ دیتنی کچە ڕێبەرەکەی کە لە ستالینوفارس کاری دەکرد. بەڵام ئەرکی کچەکەی لە نووسینگە بوو. فارکاس بە یاوەری کاروانێك هات کە پێك هاتبوو لە هەشت ئوتومبیلی گەورەی ئەمریکی، و پاسەوانی چەکداری تایبەتی خۆی.

هەفتەی (٤٥٠) فورینتم وەردەگرت، (٣٠٠)م دەدایە خواردن لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژەمانە زگی برسیمانی تێر نەدەکرد، ئەو کەمە پارەیەی کە دەمایەوەش هەر بەشی کڕینی خواردن و زەرف و کاغەزی نامە و پولی پۆستەی دەکرد.
شەوان دەست بەتاڵ بووین ناچار دەبووین بچینە سینەمای ڕەشماڵگاکە، هەرچەندە گیرمان خواردبوو لە دەست فیلمەکانی پڕو پاگەندەی سۆڤیەتی. بەڵام زۆربەی لاوان لە شوێنیتر کاتی خۆیان بەسەر دەبرد. چونکە ڕەشماڵەکانی کوڕان هیچی وا دوور نەبوو لە هی کچان، هەر زوو بە زوو(شەوانی مێوانداری) بوو بە یاسایێکی پەیڕەو کراو. لە ناو ئەو چەند کچەی کە بەناو دەمناسین، چواریان لەماوەی شەش هەفتەی یەکەمدا ئاوس بوون .

لەپاش بەسەرچوونی مانگێك فەرماندەی ڕەشماڵگاکە بڕیاری دا ئەوەی بە تەمای مانەوەیە با داخوازیەك پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی بکات. تەنیا (فێری. ب) لە ڕەشماڵەکەی ئێمە داخوازی مانەوەی پێشکەش کرد.

پێمان گووت: " فێری،ئەوە شێت بوویت،هێشتا لەو حاڵە تێرت نەخوارد؟"

"ڕۆڵە ئێوە شێتن" ئەوەی بە زەردەخەنەیەکی بەرزە فڕییەوە گووت.

" لە کوێ کچگەلێکی چاکی سەر جێگاتان دەست دەکەوێ وەک ئێرە؟"

(فێری)ڕاستی دەکرد. ئاگامان لێبوو زۆر جاران کچێك سەری دەهێنایە ژوورەوە بە دەنگێکی خۆش دەیپرسی:

"ئێوە خەوتوون، هەڤاڵان؟"

سێ کەس لە ئێمە پیلانێکمان نایەوە بۆ جاری داهاتوو. تیرو پشکێکمان کرد لەنێوانمان بۆ ئەوەی دوومان ڕەشماڵەکەی جێ بێڵین بۆ سێیەممان.
(جانسی) تیرو پشکەکەی بردەوە. دەستبەجێ هەردووکمان چووینە ڕەشماڵەکەی تەنیشتمان چاوەڕێی هاتنی (کاتیمان) دەکرد، جانسیش لەوێ خۆی دانوساندبوو، (کاتی) وەك جارانی پێشوو هات وپرسیارە ئاساییەکەی کردەوە: "ئێوە خەوتوون هەڤاڵان؟"

جانسی وەڵامی دایەوە: "چەندم کرد چاوم بۆ نەنوقا، گرفتێکی زۆرم هەیە."

پاش بێ دەنگییێکی کەم (کاتی) گووتی: "هەڤاڵ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ ئەو گرفتانە لەکام جۆرن؟"

جانسی بە دەم پێکەنینەوە گووتی: " لە کارەکەم دڵخۆش نیم. بەرهەمم کەمە ناتوانم بەرەو چاکتریش بڕۆم. بۆیە ناتوانم بخەوم."

بێ دەنگییەکی تر باڵی کێشا دوایی گوێمان لە کاتی بوو:" دەیگووت بەڕاستی هەڤاڵ نابێت مرۆڤ بێ بەرهەم بێت، چونکە شتێکی چەوتە. پێویستە لەهەر کوێیەك کاربکەیت بەچاوێکی دڵسۆزانە بڕوانیتە کارەکەت."

ئینجا جانسی گووتی: "ویژدانم زۆر ئازارم دەدات هەڤاڵ."

"ڕەخنەی خودی لە خۆت بگرە."

"منیش ئەوە دەکەم هەڤاڵ، هەر بۆیەش خەوم لێ ناکەوێت."

"بۆچی ویژدانت ئازارت دەدا؟بابزانم . . ."

ئێستا کاتی لە ناو ڕەشماڵەکەیە. کاتی چاك دەیزانی دڵنەوایی جانسی بکات. دوایی وەك پێشوو گوێمان لە ڕستەی بەستراو نەدەبوو، جگە لە هانکە هانکێك نەبێت کە تا دەهات وەك ئاوزینگی سەرە مەرگ لە کزی دەدا .بۆ بەیانی شیرینترین زەردەخەنەمان لە سەر ڕوخساری جانسی دیت لەوەتی لە بۆدابستەوە هاتبووین.

پێی گووتین: (کاتی) گەلێك شاکاری سەرسوڕهێنەری کرد بۆ بە ئاگا هێنانی هۆشی سۆشیالستی سست و خەولێکەوتووم. بۆ ڕۆژی دوایی جانسی لە ڕەشماڵەکەمان گوێزرایەوە بۆ نووسینگەی بزووتنەوەی دیس. چونکە(کاتی)سکرتێری دیس بوو.

ئەو ڕوداوا بچوکانە هەر هیچ نەبوون لە چاو ڕوداوەکانی (ناوچەی کۆمەڵایەتی) لە ستالینفاروس. لەو ناوچەیە ئافرەتان موچەیەکی تریان دەست دەکەوت سەرەڕای موچەی کارکردنیان.
مام (بالی) ڕوخسارێکی بەناوبانگ و ناسراو بوو لە ناوچەی کۆمەڵایەتی، ئەو کابرایە وێنەگر بوو ئەو وێنانەی بە ئێواران لە باخچەکە دەیکێشان زۆربەیان لە لای ستۆدیۆکان پەسند نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك بە نرخ بوون. کەس تێکڕای کارکردنی بۆ مام (بالی) دەست نیشان نەدەکرد و کەسیش نەدەوێرا هەراسانی بکات. چونکە زۆربەی فەرمانبەرانی پارت کڕیاری ئەو بوون بە ویست و بێ ویستی خۆیان.

# بەشی ٣٥

پێش ئەوەی ساڵی چوارەمم لە دواناوەندی دەست پێبکەم دوو ڕۆژم لە لادێ بەسەر برد. خۆی دەبوایە جەو گۆڕینێکی خۆش بوایە، پاش ڕزگار بوونم لە ئاوو هەوا خنکێنەرەکەی بۆدابست. بەڵام خێوی ڕژێم لەگەڵمدا بوو لە سەفەرەکەم، لە ڕێگای کەسایەتی (لاجوس.د) کە لە ستالینفاروس ناسیم و هەروەها لە کەسێتی (کۆرنیل.هـ) کە دراوسێمان بوو.

لاجوس دەچوە یەکێتی سۆڤیەت بۆ تەواوکردنی خوێندن.
پرسیارم لە لاجوس کرد دەربارەی جۆری گەشتەکە لە وەڵامدا گووتی:

" ئێستاکە تەنیا بۆ ماوەی شەش هەفتە دەچمە ئەوێ، بەڵام لە پایزدا بۆ زانکۆ دەچم."

" لە کام زانکۆ وەرگیرایت؟"

" لە زانکۆی مۆسکۆ. کورسیەکی سکولەرشیپم لەوێ وەرگرتووە"

" پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئایا بەوە دڵخۆشی؟"

" زۆر نا .هەموو کاتی خۆم تەرخان کرد بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی. ئینجا چووم بۆ چاو پێکەوتنی فەرمانبەرانی بالوێزخانەی ڕووسی. تۆ نازانی گوزەران چەند گرانە لە یەکێتی سۆڤیەت."

لاجوس کوڕی لێپرسراوێکی پارت بوو. دایکی فەرمانبەر بوو لە یەکێ لە وەزارەتەکان، بە پێی ئەو پایەیە مافی سەرپەرشتی کردنی هەبوو بەسەر هەموو فەرمانبەرانی نەخۆشخانەکان. باوکیشی وانەبێژ بوو لە دواناوەندی پارت لە سابا ساگیچی. قوتابییە مارکسی و لینینییەکانی ئەو قوتابخانەیە لە ترۆپکی ڕەخنەی خودی دا بوون.

بەڵام باوکی کۆرنیل ڕاهێنەری بۆکسێن بوو، پایەکی بەرزیشی لە رێکخراوی پارتی کۆمەنستی هەنگاریای وەرزشیدا هەبوو.
ئەو دوو کوڕە بە سەرێکی ڕووسی بیریان دەکردەوە. کۆرنیل ساڵێك لە من گەورەتر بوو، هەرچەندە قوتابییەکی تەمەڵ بوو، بەڵام هەمیشە دەردەچوو. پێش شەش مانگ بەر لە دەرچوونی لە دواناوەندی، باوکی سەرنجی دابوو لە چوار بابەتی سەرەکی نمرەکانی زۆر نزمن، دەستبەجێ خۆی گەیاندبوە لای بەرێوەبەر، تکای لێ کردبو یارمەتی کوڕەکەی بدات، بەڵام بەرێوە بەرەکە هیچ بایەخێکی بە تکاکانی نەدابوو، ئەویش ئەوجارەیان دەستی بە هەڕەشەکردن کردبوو، ئەگەر یارمەتی نەدات ئەوا ڕاپۆرتێك لە دژیدا بەرز دەکاتەوە بۆ پارت.

بەڕێوە بەرەکە لەگەڵ بیستنی ناوی پارت وڕاپۆرت، ڕەنگی هەڵبزرکابوو دوچاری تۆقین و نیگەرانی ببوو، بۆیە بە هەموو توانایەکی کۆرنیلی گەیاندە زانکۆ. کۆرنێل لە کۆلێژی ماف وەرگیرا لە کاتێکدا سەدەها قوتابی دەرچوو بە پلەی چاك وەرنەگیران. بەڵام کۆرنیل هەر تەمەڵەکەی جاران بوو، بۆیە دیسان لە پۆلی یەکەمدا دەرنەچوو. بەڵام ئەوجارەش باوکی بە فریای کەوت وکوڕەکەی بردە یانەی پۆلیسی وەرزشی، دوایی گەیاندییە قوتابخانەی مەشقی هەواڵچنی کە سەر بە پۆلیسی نهێنی (ا.ف.و) بوو، کە بارەگاکەی لە شەقامی ئیجتوسیدور بوو.

بەو شێوەیە کۆرنیل بووە یەکێ لە پیاوانی پۆلیسی نهێنی. لە کاتێکا هاوەڵەکانی خوێندنی ئەو موچەیان سەد لیرە بوو، موچەی ئەو هەزار لیرە پترتر بوو.

لە دەرگاژەنانەی ساڵی خوێندنی نوێدا، وتاری بەڕێوەبەر وەك جاران پیاهەڵدان و ستایشکردن بوو بە ڕێگای کۆمەنستی، وهەنگاونان بەرەو بەختیاری و سەرفرازی. لەپاش ئەزموونەکەی ستالینفاروس فێربووم کە سەرکەوتنم بەساختەکردن لە نمرە وڕێژەکانم بەندە، هەروەها بەو هاوڕێیەتیە بەندە کە دەیبەستم لەگەڵ دۆستەکانی سکرتێری پارت، ناچاربووم خۆم بخەمە ناو ئەو پۆخڵەواتەی کە دەوری دابووم، چونکە ژیانی مەڕ لە ناو گەلە گورگ ئەستەمە.

ئیمری ناجی بووە سەرەك وەزیران، دەستی دایە پەیڕەوکردنی پرۆگرامێکی میانڕەوتر. وەك هەوڵێك بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو. بێ ئۆقرەیی گەیشتە ناو گۆڕەکانیش، چونکە زۆر لەوانەی لە سێدارە درابوون، ئێستا تەپ و تۆز لە ناوەکانیان دا دەتەکێت، و پلە و ڕیزیان بۆ دەگەڕاندنەوە، لەگەڵ پۆزشێکی رەسمیدا. بەختیاری تاقە قوربانی هەرە گەورە بوو لە هەنگاریا. زیان و زەرەرەکان لە ژماردن نە دەهاتن، بەڵام لەسەرژمێرەکان بەدیار نەدەکەوتن.

دیس یش هەوڵی دەدا بەرەنگاری باری نوێ بێتەوە، ومەسەلەکە چارە سەر بکات، بەڵام ڕێکخراوە نوێکانی نوشوستیان هێنا. پاش ئەوەی هەستیان بە لەدەستدانی متمانەی لاوان کرد، بێهودە هەوڵیان دەدا وا لە لاوان بگەیەنن کەوا یانەکانی (بەرەو سۆشیالستی و ڕۆشنبیری سۆڤیەتی) و (بۆ بەرگری کردن لە ئاشتی و زانیارییێکی باشتر) پڕۆژەی سەربەخۆن و پەیوەندیان بە (دیس) وە نییە.

دەیانزانی جڵەوی لاوانیان لە دەست دەردەچێ هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانیان بە فیڕۆ چوون. یەکێ لەو یانانەی کە بەقسەی ئەوان سەربەخۆبوون، بارەگای یانەکە لەناو ساختمانی (دیس) بوو، ئەوەش بانگەشەی سەربەخۆیی ئەوانی بەدرۆ دەخستەوە، یانەکە خۆی سەرپەرشتی نووسینگەی (دیس) ی دەکرد و ئابوونەشی بۆ کۆدەکردەوە.

لەسەر دیواری هۆڵی یانەکە دروشمێك نوسرابوو بە پیتی سووری قۆقزی گەورە، هانی دەداین بۆ کارکردن لەپێناوی (سۆشیالستی و لاوانی ڕەوشتدار) لە هەوەلی ئەندامانی یانەکە کەم بوون، تەنیا چەند کچێك ئامادە دەبوون یاری سەرمێزیان دەکرد.

تا دەهات ئەو یانانە پتر دەبوون، دەکرایەوە و دادەخرا یان لەناو دیس دەتوایەوە. یانەیەك هەبوو ناوی (بەرەو رۆشنبیریەکی سۆشیالستی لە ڕێگای فلمە ڕووسییەکان) بوو، یەکێ لەو فیلمانە ناوی (سوێند) بوو، قارەمانی فیلمەکە ستالین بوو. دەبوایە بابەتێك بنووسین دەربارەی ئەو شتانەی کە پێی سەرسام بووین لە فلمەکەدا.

ئێمە دەمانزانی دەرهێنەری سینەمایی گەورە هەن لە ڕوسیا، هەروەها دەمانزانی ڕوسیا فیلمی چاکی بەرهەم هێناوە،بەڵام ئەو فیلمانەی ئێمە دەمان دیتن لەو پەڕی خراپیدا بوون.

ئەو فیلمە پروپاگەندەییانە کاریگەریەکی نێگەتیڤی هەبوو بە سەرمانەوە. هەندێکمانی تووشی نا ئومێدی دەکرد، هەندێکی تر بێزاری دایگرتن، هەندێکی تر بوونە نێچیری گومان، کەمێکیش پێکەنینیان پێی دەهات، دەبوایە بەردەوام بابەت لەسەر فیلمەکان بنووسین. نوێنەری (دیس) یش بەردەوام بەرزترین پلەی بەدەست دێنا.

# بەشی ٣٦

ئەگەر زانست ئامێرێکی دروست کردبا، توانیبای ڕادەی شەکەتی وناڕەزایی جەماوەری خەڵکی پێوانە کردبا، بە بەردەوامیش هەڵسەنگاندنی خۆی بدایە، دەربارەی گەشەسەندنی ئەو شەکەتی وناڕەزاییە، ئەوە هەر لەو ڕۆژگارانەوە دەمانتوانی نیشانەکانی تەقینەوەی شۆڕشێك لە گشت هەنگاریا بەدی بکەین.
لە پاش ئاخنینی بەزۆری مێشکی خەڵك بە چەمکەکانی مارکسیزم و لینینیزم، تاقیکردنەوەی سەرتاپای خەڵك دەستی پێکرد، لە شاگردی گازینۆوە بگرە هەتا یاریزانی جمناستیك، تاقیکردنەوە بۆ ئەو منداڵانە دەکرا کە تازە کەوتبوونە بەر خوێندن، هەروەها تاقیکردنەوە بۆ پیرە بە ساڵاچوەکان دەکرا کە لە ئاخرو ئۆخری ژیانیاندا بوون لە خانەی پەککەوتەکاندا.

هەروەها هۆشمەند و زیرەکەکانیش وەك موزیکژەنەکان دووچاری ئەو تاقیکردنەوەیە ببوون. جودێتی خوشکم پیانۆ و ئاوازدانانی دەخوێند لە ئەکادیمیای موزیکدا، بەڵام ئەگەر مامۆستاکەی ڕای لە زانیاریەکانی دەربارەی مارکسیزمەوە نەبوایە، ئەوا تۆسقاڵێك هیوای دەرچوونی نەبوو لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا.

نیشانەکانی بێزاربوون لە نێو ڕۆشنبیران ڕۆژ بە ڕۆژ دەئاوسان، ئەو نیشانانەی ئەگەر فەرمانڕەوای هۆشمەندتر هەبونایە بە ئاسانی هەستییان پێدەکرد. چونکە جامەکە خەریك بوو لێی دەڕژا.
ڕۆژێکیان جۆدیتی خوشکم هەواڵێکی پڕ لە مانای بۆ گێڕاینەوە، لەکاتی وانەی مارکسیزم و لینینیزم، یەکێك لە قوتابییە بەهرە دارەکانی ئاوازی موزیک، هەستایە سەرپێ و قسەی بە مامۆستاکەی بڕیبوو:" شتێکی ماقوڵە ئەگەر داوامان لێبکەن دانراوە موزیکییەکانی

موزیکژەنانی سۆڤیەت باشتر بخوێنین، بایەخی زیاتریان پێبدەین، ئێمە هەرواش دەکەین، بەڵام مەسەلەکە ئەگەر هەر تایبەت بێت بە موزیکژەنان قەیناکە..."

ماماۆستاکە پەتی قسەکانی پێبڕی بوو گووتی:

"دەتەوێ بڵێی چی؟ هەڤاڵ ساندرۆ، مەبەست چییە؟"

" دەمەوێ بزانم سوودی بیردۆزی بەهای سەرباری[٥] مارکسی بۆ کابرایەکی ئاواز دانەری وەك من چییە؟ ئەوەیە مەبەستم!"

"ئەوە شێت بوویت؟"

"نەخێر، هێشتا لە تەواوی هۆشی خۆم دام، بەڵام وا بزانم جاروبار خەڵکی تر شێت دەبن. زانینی مێژووی بزوتنەوەی سۆشیالستی ئەڵمانی بە کەڵکی چیم دێت بۆ دانانی ڕستەیەکی موزیکی؟ ئایا دەتوانم ئەو مێژووە لەسەر پلیکانەی موزیک بنووسم؟ بەکورتی دەڵێم هەموویان بۆ دۆزەخ!"

مامۆستاکە هاواری کردبوو: " تکایە، بیبڕەوە "

بەڵام ساندرۆ بەردەوام ببوو" نایبڕمەوە. دەمەوێ بزانی من بەردەوام نابم لە فێربوونی مارکسیزم و لینینزم هیچی تر، خۆشت دەزانی بۆمن بێ سوودە، پێم چاکترە ئەو کاتانە لە ئۆرکسترا و ئاواز دانان سەرف بکەم"

مامۆستاکە دیسان هاواری کرد: "ساندرۆك. بۆ دەرەوە"

---

[٥] القيمة المضافة

لە پاش ٣ ڕۆژ ساندرۆك بە تاوانی نانەوەی تەگەرە لە پێش کاروباری پارت دەرکرا، هەروەها قەدەغە کرا لە هەموو قوتابخانەیەکی دوا ناوەندی وڵات بخوێنێت.

بابەتەکانی مارکسیزم و لینینزم لە خشتەی وانەکانمان بەناوی (مێژووی دەستوور) دەنووسرا، دەبوایە زۆربەی کتێبەکانمان بکڕین. لەبەر کەم و کورتی کتێبی نوێ، ناچار دەبووین ئەو کتێبە کۆنانە بکڕین، کە دەیەها جار لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر گوێزرابوونەوە، بە نرخە بنەڕەتیەکانی خۆیان بە نوێیی. لەگەڵ ئەو قەیرانی کتێبەشدا کتێبی (مێژووی دەستووری) مان بەدیاری وەرگرت، پێیان دەگووتین پێویستە بەچاوێکی بەرز بڕوانینە ئەو کتێبە لەناو کتێبەکانی تردا، ونکردنیشی مایەی سزادانە.

بەڕێوەبەرەکەمان خۆی وانەی (مێژووی دەستووری) پێدەگووتین، تەمەنی ٤٣ ساڵان بوو، پرچێکی ڕەش و دوو بڕۆی ئەستوری تێکەڵاوی هەبوو کە لەسەر لووتی لێکیان دەدایەوە لە شێوەی چاڵێکی قووڵ. گوێچکەو پشتە دەستەکانی بە موو داپۆشرابوون. زەبت و ڕەبتێکی سوپایی دەگرتەبەر لەکاتی وانە وتنەوەدا. هەموومانی چاو ترسێن کردبوو بەکەسایەتییە دڵ ڕەقەکەی. واماندەزانی کۆمەنستێکی دڵسۆزە، هەموو هەڵسوکەوتەکانیشی ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد. بەڵام لە ڕێگای کەس و کاری قوتابیانی کۆمەنست بۆمان بەدیارکەوت ئەو سیفەتانەی هەمووی ڕواڵەتبازی و خۆنواندن بوون.
لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جاروبار دەکەوتینە گومان. ئایا ئەوەی دەیگووتن، ئاخاوتنی هەواڵچنێکی داخ لە دڵە، یان دەیەوێ ڕەزامەندی ئەو کەسانە بەدەست بهێنێت، کە پارتی کۆمەنستی لە ڕێگای ئەوانەوە گوشاریان دەخستە سەر؟

زۆر جاران بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکانی پێوانەکاری بەکار دەهێنا و دەیگووت: "دیموکراسی گەلی هەنگاری هەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە جیاواز لە شێوازی سۆڤیەتی" ئەمەش مانای ئەوەیە سۆڤیەت لە ڕێگای شۆڕشەوە گەیشتن بە دیکتاتۆریەتی

پرۆلیتاریا، بەڵام هەنگاریا لە ڕێگای ڕزگارکردنی لە لایەن سۆڤیەتەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای بە دەست هێنا. ئەوەش مانای ئەوەیە ئێمە بەسەروماڵەوە قەرزاری یەکێتی سۆڤیەتین، چونکە ئەو ڕزگار کەرمانە.

پێوەری هەموو ئەدەبێك ڕەخنەی ڕیالیزمییە، جگە لەو ڕێبازە ئەوانیتر بەگشتی، ڕێبازی دەرەبەگانەن و ئەلقەیەکن لە زنجیرەی کۆنەپەرستانە، ئەدیبانی ئەو ڕێبازانەش کۆیلەی ڕیابازن، دەبەنگ و شێتن، ڕیزپەڕی بێ نرخن. هەرشتێك کەمێك نرخی هەبێت بە شێوەیەك لەشێوەکانی ئەوە بێگومان ڕیالیزمیە. ئەو بیرۆکانە مامۆستاکانمانی هاندا، کە ڕێبازی ڕیالیزمی لە نووسینەکانی دانتی و شکسپیر و مۆلێر ببینن، بە پێی ئەو تێڕوانینەش دانراوەکانی ئەو کەڵە نووسەر و ئەدیبانەیان هەڵدەسەنگاند. ئەگەر بەرهەمەکانی یەکێ لە ئەدیبە بەناو بانگەکان شتێکی ڕیالیزمی تێدا بەدی کرابا، بەڵام خۆی (کۆنەپەرست) با لە بنەڕەتدا، ئەوە سیفەتی (کۆنەپەرست) یەکەی لە کتێبەکانی قوتابخانە دەشاردرایەوە.

هیچ شتێکمان لە بارەی بەلزاکەوە نەدەزانی. ڕۆمان و چیرۆکەکان جێگای ڕێزلێگرتن بوون، چونکە ڕەخنەیەکی ڕیالیزمی ژیانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بوون.
(هاملت)ی شکسپیر پایەکی بەرزی داگیر کردبوو، چونکە باسی لە کێشەی دانمارك دەکرد لە پێناوی ئازادیدا، و(فاوست)ی گۆتەش ئاماژەیە بۆ کەم وکورتی سەرمایەداری.
(ئەدیبە مەزنەکانی ڕیالیزمی سۆشیالستی لە ڕووسەکان) لە نمونەی بیلنسکی و دوبرو لیوبوف، ئەوانەی لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکە ئەڵەمانەکانی وەك شیلەر و هەردەر و هێگل بوون، ئێستا ببوونە دوو ئەدیبی ڕیالیزمی لەناو رۆمانتیکەکان ئەوانەی (لەبەرەی پێشەوەی ڕیالیزمی سۆشیالستی خەباتکەردا دەجەنگان)! بەو شێوەیە بە خورتی بوونە سەرکاروانی ئەدیبە مەزنەکانی سۆڤیەت.

هەندێ نووسەری تر لە پێش مارکسیش ژیابوون، ڕۆژگار دەرفەتی نەدابوون سوود لە بیرو ڕاکانی کارل مارکس وەربگرن، بۆیە تەنها سودیان لە تەوراة و بەرهەمەکانی فیرجیل و ئەفلاتون کردبوو. بەر لەوەی دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەوان بکەین ئاگادار دەکراینەوە کەوا جیاوازی سەردەم نەبوایە، ئەو ئەدیبانە زۆر بە دڵسۆزانە دوای مارکس دەکەوتن، هەروەها دوای لینین و ستالینیش!. چەند بڕگەیەکی دیاریکراویش لە دەقەکانیان هەڵدەبژێردرا، بۆ ئەوەی بیانکەن بە بەڵگەی قسەکانیان.

لە سۆنگەی ئەو بیروڕایانەوە، مۆڵەتیاندا چەند کتێب و دانراوەیەك لە بەرهەمەکانی ئەدیبە نوێخوازەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، لە تەك ئەدیبانی وەك تیخونوف و فادییڤ و ئەهرنبۆرگ و شۆلۆخۆف و کاتیف و گەلێکی تر بخرێنە ڕوو. ئەو بیرۆکە خوارو خێچانە، تۆی ناسازی ونوشستی لە ناو هەناوی خۆیانەوە هەڵگرتبوو. چونکە ئێمە لە کاتێکدا دەمانتوانی (هاملت) ببینین، نەماندەتوانی ڕۆمانی ماداتش (درامای ئادەمیزاد) ببینین .

بەڵکو تەنها ئاخاوتن لەبارەی ماداتش، بەکارێکی لادەرانە لە هەنگاریا لە قەڵەم دەدرا، هەروەك چۆن ئاخاوتن لە بارەی دیستوفسکی، بە لادان دادەنرا لە یەکێتی سۆڤیەتدا. هیچ چاپێکیتری نوێ لە کتێبی (درامای ئادەمیزاد) دەرنەدەچوو.

ئەو چاپە کۆنە بەکارهاتووانەی لە بازاڕدا پەیدا دەبوون، بە چەند بار گرانتر لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشران. لە ساڵی(١٩٥٥) کاتێ سەهۆڵەکان دەستیان بە توانەوە کردبوو، ئەو ڕۆمانە لەسەر شانۆی نیشتمانی پێشکەش دەکرا، بە چەندین سەعات پێش نمایشەکە دەرگاکان بە خەڵك گەمارۆ دەدران، شەو بەدوای شەویش هۆڵەکە قەرەباڵغتر دەبوو. کۆمەنستەکان سەرنجی ئەوەیان دابوو، بۆیە دەسبەجێ وتارێك لە ڕۆژنامەی فەرمی پارت (زاباد نیب) بڵاوکرایەوە، کە یەك پارچە هێرش بوو، بۆسەر ڕەشبینی ماداتش.
ئینجا بۆ جاری دووەم چیرۆکەکە قەدەغە کرا. کۆمەنستەکان نەیاندەزانی بەو جۆرە ڕەفتارانەیان لاوان بەرەو چ دەرەنجامێك هان دەدەن.

# بەشی ٣٧

لەوانەیە ئێستا پێویستمان بە ئامێری پێوەری ڕادەی نارەزایی نەمابێت، بۆ پێوانەی ڕادەی شەکەتی و نارەزایی لە هەنگاریا. ئەوەش لە کاردانەوە پڕ لە ئاماژە ومانائامێزەکانی خودی مامۆستاکانمان هەست پێدەکرد، بەڵام پێمان هەڵنەدەسەنگێنرا، چونکە زۆربەی جار ئەو ڕەخنەو کاردانەوانە لەژێر پەردەی بەرگریکردن لە ڕژێمەوە ئاراستە دەکران.

با ماریا فاغۆ وەرگرین بۆ نمونە. لەو ڕۆژگارە ڕەفتاری توونوندو تیژتر ببوو، کەس نەبوو لێی نەترسێ، بە مامۆستا و قوتابییەوە، چونکە ماریا تەنها مامۆستا نەبوو، بەڵکو لێپرسراوێکی بەرزی پارتیش بوو، ماریا ڕێکخەری هەموو چاڵاکییەکانی (دیس) بوو، بە هەموو ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵەکانیشەوە، تەنها وتارەکانی بۆ ئەوانی تر بەجێ دەهێشت. ڕۆژێکیان لە کراسێکی ساتانی ڕەش و پانتۆڵێکی ڕەشی بریسکەداری لەبەردابوو، بۆنی عەتری لە جاران زیاتر دەڕۆیشت.

پۆشاکەکەی بەری، قسەکانی مام بیلۆسی یاد خستمەوە، دەربارەی ئەو سێ ئافرەتەی کە بە ئاسنی داغکراودا ئەشکەنجەیان دابوو.
لەکاتی ئاخاوتندا چاوەکانی ماریا وەك چاوی سووره ماسی دەدرەوشانەوە. بەتایبەتی کە باسی ئەو هەموو زانیارە بەنرخانەی دەکرد، کە دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی ستالین بەدەستمان هێنابوون، جەختی لەسەر بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە دەکرد هەتا ڕۆژی مەرگ، تا بەتەواوی لەسەر پەرەی دڵمان چاپ بێت.

کاتێ قوتابییەکان پۆلەکەیان چۆڵ دەکرد من لەنزیکییەوە وەستابووم، ویستم پرسیارێکی لێ بکەم کە ماوەیەکی زۆر بوو لە ناخم دەخولایەوە، پێم گووت"من چاك دەزانم لەبەرچی پێویستە کتێبە سەپێندراوەکانی قوتابخانە بخوێنین. بەڵام بۆ بەتەنیا ئەو کتێبانە

بخوێنین، و هەمووی ئەزبەر بکەین لەسەر پەڕەی دڵ؟ لە کاتێکدا وابزانم لەپاش تەواو بوونی خوێندن هیچ یەکێك بۆ جارێکیش ئەو کتێبانە لێك ناکاتەوە".

چاوەکانی وەك دوو خەنجەر بریسکایەوە:
"پێتوایە ئەوە ڕاستە؟ ئەی نازانی کاتێ دەچیتە سەر کاری خۆت، و ئامادەی کۆڕە سیاسیەکان دەبیت، ئەو زانیاریانە چەند سوودێکی گەورەیان دەبێت بۆت؟"

"بەڵام ئەگەر من ئێستا ئەو شتانە فێر بووم، بۆچی دووبارە فێری بمەوە لە کۆڕە سیاسیەکان؟"

"وا دەزانی ئەوەندە بلیمەت و زۆرزانی تا ئەو ڕادەیەی دەسبەرداری بیت؟"
" نەخێر بەڵام وابزانم، هەروەك گووتم، کەسێك ئەو کتێبانە لێك ناکاتەوە لەپاش کۆتایی ڕۆژی خوێندنی"

"تۆ بەتەنیا دەبەنگ نیت، بەڵکو جارسکەریشی. کاتێك تەمەنت دەگاتە شێست ساڵان ئەو کاتە دەگەیتە لوتکەی بیرکردنەوەی ستالینی، وابزانم ئەو کاتە بیر لە ڕۆژانی پێشووت دەکەیتەوە، سوپاسی ئەو مامۆستایەت دەکەیت کە بەو بەرهەمە بلیمەتانە پێیگەیاندی."

بە تەوسەوە گووتم: "ئەو کاتە لەوانەیە ببمە مامۆستای تۆ، لە خوێندنی مارکسیزم و لینینیزمدا."

کە ئەوەم پێیگووت موچرکە ترسێك بەگشت گیانم تێپەڕی. یەك دوو قوتابیش لەنزیکمانەوە وەستابوون، ماریا فزەی نەکرد، تەنها بەچاوە بێ بەزەییەکانی لەبەری پێمەوە تا تەوقی سەرمی پشکنی، ئینجا لێیداو ڕۆیشت.

لەوانەی داهاتوودا کاتێ هاتە ژوورەوە، بە تووڕەیی تەماشای کردم، ئینجا دەستی بە خوێندنەوەی لیستی ناوەکانی کرد. هەرکە گەیشتە ناوی من، ڕاوەستاو بانگی کردمە سەر تەختە ڕەشەکە، لەوێ ڕایگرتم خۆشی دەستی کردە خوێندنەوەی ناوەکانی تر، کاتێ تەواو بوو ئاوڕی لێدامەوە:

"بەیارمەتی خۆت مێژووی چاپکردنی بەرهەمەکانی هەڤاڵ ستالین بنووسە."

نەرمە کۆکەیەکم کرد بە تووڕەیی گووتم:
" لە بیرم نین."

"هەوڵدە بەبیرت بێتەوە، مێشکت بخەکار."

" هیچی لێ نازانم."

" بگەڕێوە جێی خۆت."

لە جاری داهاتوو بەبێ خوێندنەوەی لیستی ناوەکان، یەکسەر ڕایکێشامە سەر تەختەڕەشەکە. کاتێ قەڵەمەکەی لەسەر مێزەکە دانا ئاوڕی لێدامەوە و گووتی:

" دەباشە ڕۆڵە. ئێستا دەمەوێ لیستی مێژووەکانم بۆ بنووسی. لەوانەیە ئێستا بیرت کەوتبێتەوە."

بە ئاخ هەڵکێشانێکەوە گووتم: " نازانم."

ماتیاس.ف سکرتێری دیسی پۆڵەکە دەستی هەڵبڕی.

مایا گووتی:" نەخێر. پێویست ناکات یارمەتی بدەیت. پێویستە شەرمی بەخۆیدابێتەوە، چونکە نایزانێ."

"مێژووی هیچ کامێکیان نازانم."

لەپاش ئەوەی نمرەیەکی خراپی لەسەر لیستەکەم دانا، بۆ شوێنی خۆمی ناردەوە. لەوانەی سێیەمیش هەمان تاس و هەمان حەمام:

"ئادی، بۆ سەر تەختەڕەش" دەبوایە چاوەڕێ بکەم، هەتا ناوەکان دەخوێنێتەوە، وسکرتێری پۆلەکەش ڕاپۆرتی ئاسایی خۆی پێشکەش دەکات. کاتێ لێبوونەوە گووتی:

"بۆ دواجار داوات لێدەکەم. مێژووی چاپ کراوەکانی هەڤاڵ ستالینمان بۆ بنووسی."

" نازانم"!!!

" هیچی تر ناتوانم کات بە تۆ بەفیرۆ بدەم. خێراکە مێژووەکان بنووسە، دەی زووکە."

"هیچیانم لە بیر نییە."

هیچی تر هەڵی نەساندمە سەر تەختەڕەشەکە، بەڵام نمرەکانم لەوانەی مێژوو بەردەوام لە نزمیان دەدا.

زۆر بەڕوونی ئەو ڕۆژەی (تشرینی دووەم) ساڵی ١٩٥٣ یم لەبیرە کاتێ تیپی هەڵبژاردەی تۆپپێی هەنگاری، بەرامبەر هەڵبژاردەی ئینگلیز لە لەندەن یاری کرد، هەموو وڵات لەبیریەتی، هەتا ئەوانەی لە هەموو ژیانی خۆیان ئارەزووی تۆپی پێیان نەبوو، ئەو ڕۆژە زۆر

بە پەرۆش بوون. هەتا ماریاش بەڵام ئەو بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشی لە پەرۆشییەکەی دەکرد، بە دەنگێکی پڕ لە متمانە و ورەوە دەیگووت:

"ئەی هەڤاڵان، ئەی هەڤاڵان تیپی کۆماری هەنگاریای میللی، دژی تیپی بەریتانیا یاری دەکات، ئەو بەریتانیایەی کە زیاتر لە ٩٠ ساڵ دەبێت لە خاکی خۆی نەیدۆڕاندووە. ئەو یارییە وەك جەنگێکە لەنێوان ئیمپڕیالیزم و گەلێکی هەنگاونەر بەرەو سۆشیالستی.
پێویستە ئەو یارییە هەر ببەینەوە، تا بۆیانی بسەلمێنین، ژیانی وەرزشیمان لەسەر بناغەیەکی پتەوتر لەوەی ئەوان دامەزراوە، و هەروەها بۆ ئەوەی باڵادەستی کۆمەڵگاکەمانیان بۆ بسەلمێنین لە هەموو ڕوێکەوە."

هەر بەڕاستیش هەنگاریا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، بە شەش گۆڵ بەرامبەر بە سێ. کاتێ هەواڵەکەیان پێ گەیاندین، ماریا چووە سەر بەرزەکە بڵندەکە، قژی وەك شەپۆلی دەریا هەڵبەزودابەزی دەکرد و هاواری کرد:

" سەرکەوتین! سەرکەوتین! زەبرێکی پشتشکێنە بۆ ئیمپڕیالیزمەکان!"

بەڵام هێشتا کلوکۆی دڵی دانەمرکابۆوە لە ڕاست مندا. پاش کۆتایی وانەکە بانگی کردم و گووتی"هەڤاڵ ئادی، تۆ بەردەوام نمرەکانت لە نزمی دەدەن لە بابەتی مێژوو، بەڵام وابزانم مێشێکیشت لێ میوان نییە، هەر گوێشی پێنادەی."

"بەڵام پێموایە لەبارەی مێژووەوە پرسیارم لێ نەکراوە، هەتا نەمزانیبێت"

"کەلـلە ڕەق و دەبەنگ مەبە، خۆت چاك دەزانی دەڵێم چی."

"بەڵێ، چاکی دەزانم، بەلام ناوێرم شتێکی لە بارەوە بڵێم. تۆ هەموو پرسیارەکانم بە هەڵە تێگەیشتی."

"بەڕاستتە؟ ئەوەی دەتەوێ بڵێ، مەترسە."

"ئەوەی من دەزانم، ڤۆلتێر یەکێکە لە بیرمەندە هەرە بەرزەکانی بیری پێشکەوتووخواز لە جیهاندا، بەڵکو هەروەك دەڵێن ئەنگلزی سەردەمی خۆی بوو. وابزانم زیادە ڕۆیی ناکەم، گەر بڵێم دەهێندەی ستالین کتێبی نووسیووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە خەیاڵیشت دا نەهات پرسیارم لەمەر مێژووی چاپکردنی کتێبەکانی ئەو کەڵە بیرمەندە لێبکەیت"

"تا ئێرە بابەس بێت!" چاوەکانی درەوشانەوە " قسەکانت هەمووی پوچ و بێ مانان! وادەزانی هێندە هۆشمەندیت، تا شێوە و جۆری پرسیارکردنیشم بەسەردا بسەپێنی؟"

"نەخێر، بەلام..."

"دوایی لەگەل بەرپرسی پۆلەکەتان دەدوێم بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ تۆ."

لە پڕێکا دەنگی هێور کردەوە و بەزمانێکی شیرین قسەکانی تەواو کرد و گووتی:

"بەلام پێویستە ئاگادارت کەمەوە، دەرچوونت لە بابەتی مێژوو دەوەستێتە سەر ڕەفتاری داهاتووت."

کۆرسی دووەم پڕی ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ بوو. بەلام بە تەنیا لە ١٥ی ئازاردا ئاهەنگ نەگێردرا، چونکە ئەو ڕۆژە بیرەوەری شۆرشی هەنگاریای ساڵی (١٨٤٨) بوو.

لەڕۆژی یەکی ئایار خۆم لە هەموو لایەك دزیەوە، بەوەی بە قوتابخانەم گووت لەگەڵ یانەی وەرزشی دەڕۆم بۆ ئاهەنگ گێڕان، بە یانەی وەرزشیشم گووت لەگەڵ قوتابخانە دەڕۆم، بەڵام چواری(ئەپریل) نیسان شتێکی تر بو، چونکە ماریا ڕێکی خستبوو. هەمووومان دەمانزانی کەوا دەرچوونمان بە ویستی ئەو بەندە.

پێش دەستپێکردنی نمایشەکە هەمووومان لە دەروازەی قوتابخانەکەمان کۆببوینەوە، ماریا بەبێ پێشەکی بۆ پڕکردنەوەی کاتە زیادەکە دەستی کردە سەماکردنێکی کورت لەسەر شەقامەکە، ئێمەش سرودە پەسندکراوەکانمان بۆ دەچڕی. ئەوانەی ئەو حەزی لێدەکردن. یەکسەر بەدوای ئەو کوڕان و کچان بازنەیەکیان پێك هێنا.

لاوەکان پاش هەموو لەنگەر گرتنێك کچەکانیان ئاڵ و گۆر دەکردن. لەناکاو هەڤاڵ ماریا کەوتە دەستم. قاقا و حریتەی پێکەنین بوو لە هەموو لایەك، بەڵام تەنها من بێدەنگ بووم و هەوڵم دەدا خۆم لە سەرنجەکانی بدزمەوە. سەماکە پێویستی دەکرد بەشێنەیی هەنگاوی پێ بنێم و ببمە ڕێنومای ئەو، دەستیشم لەقەدی بئاڵێنم. دوا جا ماریا پەردەی بێدەنگی دادڕی:

"ئادی، بۆ وا بێ دەنگی؟"

" باشە...م م..."دەمم تێك ئالا."

" شەرم دەکەیت چونکە لەگەڵ مامۆستای خۆت سەما دەکەیت؟"

" من...ئم م م ...بەڵێ. . . لە... لەوانەیە..."

" هەی جاشکەکەر! بۆ تەماشام ناکەیت؟ وا دیارە توشی ڕاتەکان بوویت؟"

ئیتر خۆم بۆ نەگیرا ونەمتوانی تەماشای نەکەم. ئەویش زەردەخەنەیەکی هاتە سەر ڕوخسارە بێبەزەیی و مەغۆلییە یەکجار نەرمەکەی.

"هەی بچکۆلەی بەستەزمان! وادەزانی ئەو برینە هەرگیز سارێژ نابێتەوە؟ بڕوانە...هیچ یەکێك ناتوانێ بەویست و خوازی خۆی وهەر چۆنێکی بوێ وا ڕەفتار بکات. خۆ ئەوە دەزانی؟"

"بەڵێ،بەڵێ، چاکی دەزانم."

"بێ گومان دەیزانی! سەمایەکی چاك دەکەیت! گوێی مەدەرێ ئادی. لە ئایندەدا دەبینی چۆن دەبینە دوو هاوڕێ."

"سوپاست دەکەم."

کاتی ئاڵ و گۆڕکردنی ئاوەڵە کچەکان بوو، ماریا بە دەم پێکەنینەوە لێم دوورکەوتەوە. سەمایەکە بەخۆشی و شادی بەردەوام بوو.

# بەشی ٣٨

ئێستاش ئەو ساتەم لەیادە کە لە چڕینی گۆرانیە کلاسیکیەکان و(گۆدامۆس ئیجیتور) لە کۆتایی هەر وانەیەك وەستاین، لە جیاتی ئەوانە سروودی (سۆشیالستی بنیات دەنێین)مان دەچڕی. لەساڵی ١٩٥٣ ئیمری ناجی سەرەك وەزیران جاڕی پڕۆگرامی نوێیدا، ئەوەش کەمێك ئاواتە کزەکانمانی گەشاندەوە، بە کەم کردنەوەی گوشاری ڕژێمی فەرمانڕەوا.

ڕۆژێکیان پێش کۆتایی وانەی ڕووسی کە کتێبی(دایك)ی مەکسیم گۆرکێمان دەخوێند، لەگەڵ مامۆستا کۆنەکەمان ئۆسکار هـ. تەختە ڕەشەکە سپی هەڵگەڕابوو بە فەرمانە نا پێوانەییەکان، یەکێك لەلای بەڕێوەبەر هات لەتە کاغەزێکی دایە دەستی مامۆستاکەمان. لەکاغەزەکە ورد بووەوە چاویلکەکەی لەچاوی کردەوە، و بەباشی شوشەکانی پاك کردەوە و دیسان لەچاوی کردەوە. ئەو پیرەمێردە زۆر بە سستی رەفتاری دەکرد، بەڵام هەر هێندەمان زانی چوست و چالاکانە خەتکوژێنەرەکەی گرتە دەست، بەچاو تروکانێك هەموو ڕستەو فەرمانە ڕووسییەکانی کوژاندەوە. ئینجا بە پارچە تەباشیرێك بە پیتی گەورە لەسەر تەختە ڕەشەکەی نووسی:

(گۆدامۆس ئیجیتور)

هەر کە لە نووسینی دێری یەکەم بووەوە، بێدەنگییە پڕ لە نیگەرانیەکەمان بە هاوار وهوراکێشان کۆتایی هات. پۆلەکەمان دووچاری جۆش وخرۆشێکی شێتانە بوو، چاوەڕێی هیچ لێکدانەوەیەکمان نەکرد، بە چاوتروکانێك زانیمان ئەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێزگەڕاندنەوە .پێویستی بە نووسیی دێرەکانیتری نەدەکرد بۆ بە بیرهێنانەوەمان، بەڵام

ماموستا ئۆسكار سوور بوو لەسەر گووتنەوەی سروودەكە لەگەڵ ئێمە، هاوكات فرمێسكەكانی بەسەر ڕوومەتە چرچ و چاڵاویەكەی دەهاتنە خوارەوە.

سروودەكەمان كۆتایی هات، خامۆشییەكی سەیر و سەمەرە باڵی بەسەر پۆلەكەمان كێشا، وەك بڵێیت لەناو تەقینەوەیەكی گەورەدا دەركەوتبین!
ئۆسكار لە ناوەڕاستی پۆلەكەمان وەستا بوو، تەباشیریشی هێشتا بەدەست بوو، لەبەرخۆیەوە ورتە ورتی دەكرد، سەری هەڵبڕی وگووتی:

" ڕۆڵەكانم بڵێی ڕاست بێ ئێوە ئازاد دەبن؟!"

هەموومان هێمن بووین، هەستم بە ئازایەتیەكی لەبن نەهاتوو دەكرد، كە لە قووڵایی ناخمەوە هەڵدەقوڵا، هەستم دەكرد دەتوانم هەتا كوشتار بكەم لە پێناو ئازادیدا .لە كۆتایی دەوامدا هەموو پۆلەكان یەكیان گرت لە وتنەوەی سروودی گۆدامۆس ئیجیتور، كەسوكاری قوتابیەكانیش سەردەمی مناڵی خۆیان بەبیردەهاتەوە، بە چاوی پڕ فرمێسكەوە سەیری دیمەنەكەیان دەكرد.
بەڵام ئەوە تەنها مژدەدەرێكی درۆزن بوو، لە پاش نمایشەكە لە گۆڕەپانی قوتابخانەكە ویستمان سروودی نیشتیمانی بڵێینەوە، ماریا فاگۆ لە ناكاودا بەدیاركەوت، هەڵوستەیەكی پڕ لە تەحەدای ئێمەی كرد، دەستی كردە وتنەوەی سروودی ئینتەرناسیۆنالی كۆمەنستی. هەر بە تەنها بە بەرزترین دەنگەوە سروودەكەی دەگووتەوە، وبێ هوودە هەوڵی دەدا گروپێكی بچوك لە دەوری خۆیدا كۆكاتەوە.

دوایی وتارێكی دا و بەبیرمانی هێنایەوە، كە دەبێت دوای نمونەی كۆمسمۆلی سۆڤیەتی بكەوین، و ئەو بەخششە مەزنانەمان لەبیر بێ، كە قەرزاری یەكێتی سۆڤیەتی مەزنین بۆیاندا، لە سایەی یەكێتی سۆڤیەتی مەزن دەتوانین سروودی گۆدامۆس ئیجیتور بڵێین بە ئازادی!

لە کۆتایی ئاهەنگەکە میدالیای [وانەی چاك] دابەش کرا، لەسەر شێوازی میدالیای ستاخانۆفی بۆ کاری چاك، بەسەر چەند قوتابیەکی هەڵبژاردە. جیولاف کە باشترین قوتابی پۆلەکەمان بوو، میدالیایەکیان پێدا، یەکسەر خستیە گیرفانی! بەڵام ئەلبێر هـ کە دایکی کادرێکی حزبی شیوعی بوو، بە شانازییەوە لە یەخەی خۆی دا.

لەکاتی چوونە دەرەوە لە قوتابخانە، جیولاف بە ئەلبێری گووت: " ئەوە چیە ئەو مەدالیایەت هەڵواسیوە بە خۆت، شێت بوویت!"

ئەلبێر زۆر بە دزێوی وەڵامی دایەوە: " ببورە، هیچ شێتیەکی تێدا نییە، من قوتابیم لە ولاتێکی سۆشیالستی. من ئامادەم لەسەر ئاگر بڕۆم لە پێناو ڕاکۆزی، ئەگەر پێویست بکات"

## بەشی ٣٩

کە دواناوەندیم تەواو کرد، نیگەران بووم لەبەر مونافەسەی وەرگیران لە زانکۆ، هەمووومان نیگەران بووین، هەر من نەبووم. کە ئەنجامەکان گەڕانەوە، تووشی چەپۆکێکی گەورە هاتین. بەڵام باش بوو ئێمە ئەوەی ڕوویدا چاوەڕوانمان دەکرد. کاتێ حکومەت گووتی؛ ژمارەیەکی زیاد لە پێویست لە ڕۆشنبیران هەیە. هەروەها گووتی کە لادێکان ئێستا پێویستیان بە خەڵکانێکی تەکنیکار و ڕاهێنەرپێکراو هەیە. زانکۆکان هیچیتر بە ڕێژەی پێشوو قوتابی ئەدەبیات وەرناگرن.

بێ ئومێدی باڵی بەسەردا کێشاین، چونکە لە شەو وڕۆژێکدا لە گەنجینەیەکی زێڕینی نەتەوە، بووینە کەسانێکی بێ ئەرزش و هەڵئاوساوێکی بێ کەڵك !

زۆر قورس بوو هەست بە کەم کەرامەتی نەکەین، وئەو هەستە نەگەینینە ئەوانەی دەوروبەرمان و ڕقمان ئاڕاستەی نوێنەرانی حزب نەکەین. ڕاستە زیادەڕەویمان دەکرد لە هەستی خۆمان، بەڵام چ بکەین پاش ئەوەی ئەو هەموو گەندەڵیەی دەمانبینی لە نێو کارمەندانی حزب، گەیشتبووینە ئەو قەناعەتەی کە هەموویان بە وەزیر و گزیرەوە هەمان گەندەڵن. وێنەیان وەك وێنەی بەرپرسە حزبییە لۆکالییەکان دەهاتنە بەرچاومان، کە لە ئۆفیسەکانیان تەنها خەریکی دەستبازی و داوێنپیسی بوون لەگەڵ کچان، وکاروباریان فەرامۆش دەکەن، هەزاران مامەڵە لەسەر مێزەکانیان کەڵەکە دەبن، و ڕایناپەڕێنن یان ڕاییان ناکەن.

ئێمەیان ناچارکردبوو بە خۆشی وبە ترشی باوەڕ بەوە بکەین، کە چاکترین نەتەوەی جیهان لەسەردەستی ئێمەوە دروست دەبێ! کەچی ئەوەتە ئێمە لە دوارۆژی خۆمان دوورمان دەخەنەوە بەبێ گوێدانە هیچ. سوودیشی نەبوو گلەیی بۆ یەکتر بکەین، چونکە هەموومان لەناو هەمان تاریکیدا دەستمان دەکووتی، وترسی ئەوەشمان هەبوو گلەیی

وناڕەزایمان بگاتە گوێی جاسوسێکی شاردراوە. هەتا لەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژیش هاوڕێ بووین، نەدەوێراین باسی گلەیی ورەخنەی خۆمانیان بۆ بکەین، نەوەك لەبەر نائومێدی تەلەفۆن بەرزکاتەوە وراپۆرتمان بکات، بەڵکو حزب پاداشتی بکات بۆ ئەو کارە سیخوڕیەی بە وەرگرتنی لە زانکۆ!

ئەوەی لەسەر دڵمان زۆر گران بوو، دەبوایە سەرەڕای ئەو ستەمە، چەپڵەش بۆ بەرنامەی نوێی حکومەت لێبدەین، ومیدیای حزبی دەیگووت لاوان هەماهەنگن لەگەڵ بەرنامەی نوێی حکومەت، بە سەما و جۆشوخرۆشیەوە پشتگیری لە پلانی حوکمەت دەکەن.!
ئەوەش مانای ئەوە بوو ئێمە چەپڵەمان بۆ دۆڕان و بەدبەختی و نوشستی خۆمان لێدەدا.
کە ئێستا بیر لەو ڕۆژانەی پێش شۆڕش دەکەمەوە، دەزانم ئەو کارانە بوون، گەنجانی وڵاتی هاندەدا یەکگرتوو بن وەك یەك جەستە. سەرەتا کەس نەدەوێرا فزە بکات، نەکەس گوێی لێدەگرتی، نە یەك هەڵوێستی هەبوو لە نێوانماندا. شۆڕش بە چرپە چرپ دەستی پێکرد وکۆتایی هات بە ١٦ خاڵەکە. بەو شێوەیە گەنجەکان ببوونە سوپایەك بەبێ ئۆفیسەر و بێ سەرکردە، بەڵام یەك ئامانج.

زۆرجار وشەکانی هاوڕێیەکی دوور لە دیدەم بیردەکەوێتەوە لەو ڕۆژگارە:

" جەنگان دژی ئامرازی تۆقاندنی سەدەی بیست بە دەستی خاڵی، جۆرێك بوو لە شێتایەتی، ئەگەر کەسێکی بێ بڕوا و دوو دڵمان لەناو بایە، یان کەسێکمان لەناو بایە، بە جەستە وڕۆح قوربانی بۆ جوڵانەوەکە نەدابایە .
توانیمان ئەو شۆڕشە هەڵگیرسێنین چونکە وەك یەك مرۆڤ کارمان کرد پێکەوە، وەك لافاوی ڕاماڵەر توانیمان هەموو دەزگا وئامرازی تیرۆرستی بەکرێگیراوانی سۆڤیەت لەناوبەرین. کۆمەنستەکان سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی دایان، نەیانتوانی یەکێتیەك لە نێوان دەست وپێوەندەکانیان دروست بکەن، وەك ئەو یەکێتییەی لاوانی هەنگاریا بێت، کە بە ستەم وبەدکارییەکانیان دروستیان کرد!"

سەرەتا خەڵکێکی زۆر بیرۆکەیەکی خراپیان دەربارەی ئێمە هەبوو، بەرلەوەی ساتی تاقیکردنەوەمان دەست پێبکات، دەیانگووت ئێمە لە واقیعی سەختی ژیان دوور کەوتووینەتەوە. لە ڕاستیشدا هێزێکی تر نەشونمای دەکرد لە تەك دابەزینی ئاستی ژیان و هەژاری و سەرکێشیەکانی کۆمەنستەکان. ئەو هێزە توانی بە زیندوویی بمێنێتەوە، هەرچەندە کۆمەنستەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، بەربەستێك لە نێوان باوکان و نەوەی دوای خۆیان دروست کەن. حزب هەردەم گلەیی دەکرد کە لاوەکان تەواو کاریگەرنین، باوکانیش تەواو هێمن نین، مناڵانیش هەمیشە کورت بینن، دەبنە نێچیری ئاسان بۆ پڕوپاگەندەکان. هەندێ جار لە کاتی کۆششیان لە پێناو سەلماندنی خۆیان، تووشی چورتم وچەپۆك دێن، جامی خەشم و تووڕەیی خۆیان بەسەر باوك ودایکانیان دەڕێژن.

زۆرجار باوکم دەیگووت: " بڕواننە لاوانی ئەمڕۆ بونەتە کۆیلەی ڕژێمی فەرمانڕەوا" ئێمەش بە غەمباریەوە گوێمان لێدەگرت بێ ئەوەی تێبگەین، ڕێگایەکیترمان لەبەردەمدا نەبوو، نەماندەویست برسی بین وهەموو شتێك لەدەست بدین. تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان و ئۆرگانەکانی حزب و قوتابخان و مامۆستاکامان، هەمووی بە یەك ئاڕاستە ئایدیۆلۆژی ئاڕاستەیان دەکردین، بەڵام شتێکی موعجیزە ئاسا بوو، ئەو کەسانەی یان ئێمە کە لە ناسکترین تەمەنی کاریگەربوونیان بە پڕوپاگەندە دابوون، توانیان لە دوای ئەو هەموو درۆ وپڕوپاگەندەیە، هەقیقەت وەك خۆی ببینن.

لە ساڵی ١٩٥٤ پاڵەوانێتی تۆپی پێی جیهانی لە سویسرا بوو، هەنگاریەکان بە بایەخەوە چاوەڕێی یاری کۆتایی بوون، چونکە هەڵبژاردەی هەنگاریا لە ئایار بەسەر هەڵبژاردەی ئینگلیزی سەرکەوت، ئەوەش بنمیچی ئاواتی هەنگاریەکانی بەرزتر کردەوە، بۆ ئەوەی ببنە پاڵەوانی هەموو جیهان. سەرکەوتنەکانی یاریزانانی هەنگاری بەردەوام بوو، تا گەیشتنە یاری کۆتایی لە یاریگەی بێرن. لە پێش ئەو ماڵانە کۆدەبووینەوە کە ڕادیۆیان هەبوو بۆ هەواڵ و بیستنی کۆمێنتی یارییەکان.

کاتێ جارِی هەڵبژاردەی هەنگاریا درا بۆ یاری کۆتایی بەرامبەر ئەڵمانەکان، ڕەشبینییەك بەناو خەڵکدا بڵاوبوەوە، خەڵك هەمووی زانی ئەوەی ئەو تیمەی هەڵبژاردووە گۆستاف سیپسە، کە چاودێری گشتی بزوتنەوەی وەرزشی بوو، ئەگەر ئەنجامەکەش خراپ هات، دەبێ ئەو هەڵیگرێ.
کە ناوی هەڵبژاردەکەمان خوێندرایەوە، یەکیك گووتی: "ئەگەر دۆڕاین هەموومان بەرەو ماڵی گۆستاف سیپس دەڕۆین لە ماتەمینییەکی خامۆشدا!" کە یاریەکە دەستی پێکرد، زانیمان مەحاڵە ئەو ماتەمینرۆییە بەرەو ماڵی گۆستاف سیپس نەچێت، چونکە چانسی ئەڵمانیای خۆرئاوا لە سەرکەوتندا زۆر بەهێزتر بوو لە چانسی هەنگاریا.

پەنجەرەکانی شەقامی جۆزیف کۆرت کرابوونەوە، ماڵان ڕادیۆکانیان لە پەنجەرەکان دانابوون، تا خەڵك ئاگاداری یاریەکە بن. لەبەردەم ساختمانی نیبسپۆر خەڵکی تووڕە ئاپۆرەیان بەستبوو، بەر لە کۆتا فیکەی یاریەکەش، دەستیان کردبووە نەفرەت ڕەوانەکردن بۆ بەرپرسانی وەرزش، نارِەزاییەکە وەك ئاگری ناو پوش بڵاوبوەوە.
تا کاتژمێر حەوت خەڵك هەر لەسەر شەقام بوون، دەستیان کردە دروشمی [ بڕوخێ سیپس].

ئەو چەند هەزار کەسە هێدی هێدی زیادی کرد، بوونە نزیکەی پەنجا هەزار، چونکە پۆلیسی نهێنی ئەو جووڵەیان ڕانەبینی بوو، تووشی شۆك هاتن، ویستیان بەری خۆپیشاندانەکە بگرن، پاسی گەورەیان لەسەر ڕێگاکان دانا، بەڵام خەڵك بە دەوری پاسەکان و بە دەور وتەنیشتەکانی لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون. دەیەها پۆلیسی نهێنیم دەدیت لە کابینەی تەلەفۆنەکان هاواریان لێ هەستابوو، بەڵام بێ سوود بوو، خەڵك تازە ڕەوتی خۆیان ڕێکخستبوو، هەرچەندە خۆپیشاندانەکە دوور لە سیاسەت بوو لە سەرەتادا، بەڵام کە جەماوەر کۆبوونەوە هەستیان بە هێزی خۆیان کرد.

ژمارەی خۆپیشاندەران گەیشتە ٨٠ هەزار، هێشتاش خەڵك دەهاتن بە پۆڵ. ناوەندی ئەنجوومەنی وەرزشی بە پۆلیس دەورەدرابوو، خەڵك نەوەستا لەویَ و ئاڕاستەی گۆڕی بەرەو ئێزگەی ڕادیۆ. مەشخەڵی ئاگر بەدیارکەوتن، کە هێز و گوڕێکی زیاتری دایە خۆپیشاندانەکە. کە گەیشتینە شەقامی پۆشکین ژمارەی خۆپیشاندەران لە ١٠٠ هەزاری تێپەڕدابوو.

هیچ هەستێکی خراپمان دژی پۆلیسی ئاسایی نەبوو، ئەوانیش هیچ شتێکی خراپیان نەکرد بۆ وروژاندنی ئێمە. کە گەیشتینە ئێستگەی ڕادیۆ دیتمان بە میلیشیای چەکدار گەمارۆدرابوو.

جۆدێتی خوشکم دەستی لەناو دەستم بوو کە گەیشتینە ئەویَ، پێیم گووت ئەگەر گوللـەیان پێوەناین، خۆت بخەرە سەر زەوی. هەستم بە شۆڕشێکی ئاگرین دەکرد لە ناخمدا، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو بەژداری کارێك بکەم، ماریا فاگۆ یان هیچ بەرپرسێکی حزبی کۆمەنست ڕێکیان نەخستبێت.

پیاوانی پۆلیس بە سواری لۆری وبارهەڵگرەکان هاتن بۆ پاڵپشتی میلیشیاکان، بەڵام کەس نیازی نەبوو پاشەکشێ بکات، هەتا بمانویستایە بیشی کەین، ڕێزەکانی دواوە بە بەردەوامی بەرەو پێشەوە پاڵیان پێوە دەناین.

سەرکردەی پۆلیس هاتە بەرامبەرمان، وداوای لێکردین چۆڵی کەین وبڵاوەی پێبکەین، گووتی تا پێنج خولەك چۆڵی نەکەن فەرمان دەکەم بە گوللـە لێدانتان. بەڵام کەس باوەڕی پێنەکرد، ئەویش بەردەوام بوو لە سەیرکردنی کاژمێرەکەی، کە پێنج خولەکەکە تەواو بوو گووتی: چۆڵی دەکەن یان گوللـەتان پێوە نێم؟! کە دیتی خەڵك گوێی پێنەدا، دەمانچەکەی دەرهێنا و گوللـەیەکی بە ئاپۆرەکە وەنا! دیتم پیاوێك لە تەکمەوە زگی خۆی گرت و کەوتە خوارەوە. جەماوەرەکە دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو ڕاکۆتشی ئاوت، کە پۆلیسێکی زۆرتری لێبوو. هەندێ لە پیاوانی پۆلیس گەمارۆدران بە خۆپیشاندەران، ئەوانیش وەك خەڵکەکە دەستیان کردە هوراکێشان :

بڕۆخێ سیپس! بەرەو باروستیر چووین کە ماڵی سیپسی لێبوو، کە گەیشتینە ئەوێ دەستمان کردە بەردبارانکردنی ماڵەکەی، هەموو پەنجەرەکانیمان شکاند. خەڵك تەکانی دا بەرەو ماڵەکە، بەڵام میلیشیا چەکدارەکە خەڵکی وەستاند، خەلك پڕیان دایە کۆگا وەرزشییەکانی شەقامەکەی بەرامبەر، و هەموویان تێکشکاند، کاتێ گەڕاینەوە ماڵەوە سەعات ٣ ی بەیانی بوو!

لە ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکان نووسیبوویان گوایە کەسانێکی فاشیست خۆپیشاندانیان ڕێکخستوە و شوشەبەندی کۆگاکانیان شکاندوە و زیانیان بە ئابووری هەنگاریا گەیاندوە. هیچ باسی ئەو پیاوەی نەکرد کە گوللە بە سکی کەوت.

زانیمان کە ئەو جوڵەیەی بە شێوەیەکی ڕەمەکی بۆ یاریەکی تۆپی پێ دەستی پێکرد، بە شتێکی جیاواز کۆتایی هات. سیپس تەنها بەرجەستەیەك بوو بۆ کەڵگەبوونی نارەزاییەکان بۆ چەندین ساڵ، ئەو گەلەی وایاندەزانی هیچ لەبارە، ئێستا کەڵبە وچڕنوکی خۆی نیشان دان، ئێستا کۆمەنستەکان لێی تۆقیون!

# بەشی ٤٠

بەر لە دوو هەفتە لە مەوعیدی چاوپێکەوتنی وەرگیران لە زانکۆ، نامەیەکم پێگەیشت کە کات و شوێنی چاوپێکەوتنەکەی دیاری کردبوو. هاوەڵانیشم هەمان نامەیان بۆ هاتبوو. بەر لە سەعاتێك لە چاوپێکەوتنەکە دەستم کردە تەواوکردنی مامەڵەکان، بردمیانە ژووری بەرپرسی حزبی زانکۆ، کە هیچ بایەخێکی بە مامەڵەکانم نەدا، لەجیاتی پرسیاری بارودۆخی خێزانەکەمانی لێدەکردم، دوایی ناردمی بۆ ژووری دووەم کۆمەڵە پرسیارێکیان لێکردم، ئامانجیان ئەوەبوو بزانن من باوەڕم بە تیۆری مادیەتی دیالەکتیکی مێژوو هەیە یان نا!

پرسیاری یەکەم دەربارەی جەنگەکانی ڕاکوتشی فێرنك، میری ئەفسانەیی ترانسلڤانیا بوو. لە کاتی وەڵامدانەوەم، قسەی پێبڕیم گووتی: "باشە هاوڕێ لەوەدەچێ تۆ وەڵامەکە بە باشی بزانیت، ئێستا بە کورتی باسی ئەو زنجیرە وتارەمان بۆ بکە کە لە ڕۆژنامەی چین مین چیباو ی چینی بڵاوبووەوە دەربارەی [پەروەردەی لاوانی سۆشیالستی]. "

من هیچم نەدەزانی دەربارەی ئەو وتارانە، هەروەها هەر گوێشم لەناوی ڕۆژنامەیەکی وا نەببوو. بیرم کردەوە دەبێ هێمنی خۆم بپارێزم بە خێرایی بە هانای خۆمەوە بێم:
" ئەو زنجیرە وتارەی چین مین چیباو دەڵێت نابێ فەرهەنگی لاوانی مارکسیزم- ستالینیزم لاواز کەین، لەسەرمانە دژی هەموو جۆرە خاو خلیسکییەك بجەنگێین.
هەروەها....
پێویستە گەلانمان یەکخەین لەگەڵ گەلانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕابەری سەربازگەی ئازادی، کە ٩٠٠ ملیۆن مرۆڤن... یەکێتی وهاریکاری کرێکارانی جیهان.."

" بەڵام چی دەوترێت لەو وتارانە بە تایبەتی، وکێ نووسەری ئەو وتارانەیە؟!"

" چین مین چیباو دەڵێت لاوانی چین کۆمۆسمۆڵی سۆڤیەتی بە ڕێبەر ورێنیشاندەری خۆی دەزانێت...لاوانی چین هاوشانی سۆڤیەتیەکانن لە سەربازگەی ئازادی، ولەگەڵ هەموو خەباتکەرێك لە پێناو ئاشتی هەموو جیهان هاوڕێیە."

" زۆر سوپاس هاوڕێ، هێندە بەسە"

لە ژورەوە بەدەرکەوتم تووشی سەرسوڕان هاتبووم، دیتم جۆرج گاید چاوەڕێی نۆرەی خۆی دەکرد، نەمتوانی ئاگاداری کەمەوە، چونکە من وەك ئامێرێکی بێ گیان هەنگاوم دەنا. گووتی چیت گووت؟ گووتم تەنها ورێنە، خۆشم نازانم چیم گووت! جۆرج گایدان بانگ کردە ژوورەوە، منیش هەرلەوێ مامەوە نەمدەزانی چیبکەم وبۆ کوێ بڕۆم .

هێندەی نەبرد جۆرجیش وەك من تێکشکاو و شپرزە ڕوخسار هاتە دەرەوە، ڕاستە ئەو ڕزگاری ببوو لە ڕۆژنامە چینیەکە، بەڵام مانای وانیە بەختی باشتر بوبێت، پرسیاری ناوی هەموو نووسەرەکانی ڕۆژنامەی پڕاڤدای سۆڤیەتیان لێکردبوو، کە یارمەتی کۆمسمۆلیان دابوو لە سەردەمی شەڕی ئازادی نیشتیمانیدا!

لە مانگی ئۆگست نامەیەکم بۆ هات، نووسرابوو گوایە من سەرکەوتوو بووم لە تاقیکردنەوەی وەرگیران بۆ زانکۆ، بەڵام لەبەر نەبوونی شوێن، ناتوانن وەرمگرن. من بە تەنیا نەبووم کە وەرنەگیرام، پیتەری هاوڕێم کە یەکەم بوو لە ماتماتیك، لە ئەندازیاری وەرنەگیرا. جۆرجیش ڕازیبوو بە کارێك لە کۆمپانیای دەریایی سۆڤیەتی، بە هیوای ئەوەی بتوانێت لە کەناری تورکیادا ڕابکات. بەڵام لە یەکەم ڕۆژی کارکردنیدا پێیان گووت کە کەسوکاری وەك بارمتە مامەڵە دەکرێن.

لەماڵەوە دانیشتبووم نیگەرانی وتاڵاوی دەیکوشتم، هەتا لە ڕۆژنامەی [لاوانی ئازاد] کە زمانحاڵی دیسە، ئاگادارنامەیەکی بڵاوکردبووەوە دەربارەی کردنەوەی خولی وانە تەکینیکییە تایبەتەکان، کە دەرچوان دەگۆڕێت بۆ [کرێکاری ڕۆشنبیری نەتەوە].

بەرەو نووسینگەی ڕۆژنامەکە چووم، دوو کارمەند لە پێشوازیمدا بوون، جگەرەیان پێشکەش کردم، کە ڕەتم کردەوە، یەکسەر دەستم کرد بە شەرحکردنی حالی خۆم:

" بەڕاستی ئەوپەڕی وەحشیەت و ستەمە. ئەوەی بەسەر لاوان دا هات لەو وڵاتە لوتکەی ستەمکارییە، نەمانتوانی خوێندنی خۆمان تەواو بکەین، ساڵ دوای ساڵ تەنها لە ژێر مەرجی زۆر سەخت کە هەموویانم هێنایە دی. من هەموو هاوینێك کارم دەکرد تا بچمە زانکۆ. کارم کرد لە کارگەی ئەسانسێرەکان و ستالینفارۆس وهەتا...."

" بەڵێ، بەڵێ هەڤاڵ، هەندێ هەڵە ڕوویاندا..."

" هەندێ هەڵە؟! ناوی دەنێیت هەندێ هەڵە؟! پرۆژەی بنیاتنان بە تەواوی سەراوژێر کرایەوە، قوتابیان پەیمانیان پێدرا لە زانکۆ وەربگیرێن، پاش دیمانە قبوڵکردن بە هەزارەها دەرکران...ئەوانەشی قبوڵ کران.."

" هەندێ ڕاستکردنەوە و دەستکاری پێویستە بکرێن هەڤاڵ"

" دەسکاری و هەڵە! ئەوە لە دادگاییەکانی نۆرمبێرگ وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی هاتنە حیساب کردن"!

خامۆشییەك باڵی کێشا و دوو کارمەندەکە درێژتریان کردوە. ئەو کاتە بە مەترسی قسەکانم زانی، بەڵام تازە ئەوەی گووترابوو، گووترابوو.

یەکێکیان گووتی:

" باری دەروونیت زۆر خراپە هەڤاڵ، لەوانەیە تاقیکردنەوە شەکەتی کردبیت، هەرچۆنێکی بێت من ئامۆژگاریت دەکەم ئەو بیروباوەڕانە نەدرکێنیت، کە لە خۆشبەختی تۆدا تەنها ئەودووەمان گوێمان لێیان بوو."

ئافرەتەکە چەمایەوە بەرەو ڕووم گووتی:

" هەڤاڵ، پڕۆژە گەلێری و ئابوورییەکانی کۆمارەکەمان پێویستیان"

بە ڕوویدا تەقیمەوە و گووتم:
" دەزانم ئەگەر بەو وەعد وپەیمانانە فریوم نەخواردبا، دەمتوانی لە ١٤ ساڵییەوە فێری پیشەیەك بم، یارمەتی کەس وکارمی پێبدەم، نەك چوار ساڵ لە ژیانم بفەوتێنم بێ هودە!"

" بەسەربردنی چوار ساڵ لە فێربوونی وانەکان زیان نییە هەڤاڵ"

وەڵامم دایەوە: " ساڵانێکی بەفیڕۆچوو، گفتوگۆیەکی بێ سوود، ئەی هەڤاڵ...دەتوانم پێت بڵێم هەزاران لە ئێمە هەست دەکەن خیانەت وناپاکیان دەرهەق کراوە، حزب خیانەتی لێکردووین!"

ئافرەتەکە هەر خۆی بە پەڕەکانی بەردەمی خەریك دەکرد وپێی گووتم کە کارێکی باش هەیە لە فەرمانگەی پۆستە، و ژمارەی تەلەفۆنەکەی لای خۆی نووسی، وگووتی بابزانم چیم پێدەکرێ بۆت...

# بەشی ٤١

پاش ئەوەی بابەتەکەم تاوتوێ کرد لەگەڵ ماڵەوە، چوومە فەرمانگەی پۆستی ناوەندی، دەستمکرد بە ڕاهێنان بۆ ماوەی ساڵ ونیوێك، تا ببمە کرێکارێکی تەکنیکاری شارەزا لە تەلەفۆن. ئەوەی زۆر ناخۆش بوو، من کارێکم دەستپێکرد لە ١٧ ساڵی، کە دەمتوانی بەر لە سێ ساڵ دەستم پێکردبا. بەڵام هێشتا تەمەنم بچوك بوو تا خەمی بە فیرۆدانی کات بخۆم. هەروەها من لەگەڵ ٣٥ گەنجیتردا لە هەمان بارودۆخ بووین.

لە ساڵی یەکەمی ڕاهێنانم مانگانە دەگوێزرامەوە بۆ فەرمانگەکانی پۆست و تەلەفۆن، بۆ زانینی هەموو لایەنەکانی کارەکە. یەکەم ناوەند کە منیان بۆی نارد فەرمانگەی زۆگلۆ بوو، کە بەڕێوەبەرەکەی پێشوازی لێکردین وگووتی:

" بەخێربێن هەڤاڵان ئێوە لێرە نابنە کارمەندی یەخە سپی و ڕوخسار نەرمی ڕۆشنبیران، بەڵکو دەبنە کرێکاری زەحمەتکێش. ئەوەی لە ئێوە پەشیمانە نەبۆتە ئەو یەخە سپی وکرمە مشەخۆرانە، پێویستە دەسبەجێ ئەو کارە بەجێ بهێڵێت. ئێمە کارمان لێرە دەوێ، سیستم ویاسا لێرە بنەڕەتییە، دەبێ زۆر ئاگادار و وریا بن.
کاتی خۆتان لە دەستشۆرکەکان بە فیرۆ مەدەن، جگەرە مەکێشن، چەنەبازی مەکەن. هەردەم کەسانێك هەن کە خزمەت بە ئیمپریالیزم دەکەن بەو کارانە، کاتێ هەر یەکێك لەوانەمان دیتن، یەکسەر دەردەکرێ لێرە."

لە بەشی هێڵەکان دایانمەزراندم، کارەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، هەتا ڕقم لە کەل وپەلی کارەکەشم دەبووەوە. کاتالین ب. کە ئافرەتێکی ڕێزدار بوو، لە هەمان بەشەکەی مندا کاری دەکرد. لە دەوروبەری ٥٠ ساڵان دەبوو. ڕۆژێك لە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ، منی دیت

نائومێدانە دەمڕوانییە پەنجەرەی دەرەوە. بە خشپەیی هاتە لام و بە تیلەی چاویشی چاودێری بەرپرسی حزبی دەکرد وگووتی:

"بەڕاستی زەبر و چەپۆکێکی گەورەیە بۆ ئێوەی لاوان کە باروبارگەتان لێرە دابخەن، ئەوەش بێگومان لە سایەی حزبدا، هیوا لەدەست مەدە کوڕەکەم، قەت هیوا لە دەست مەدە. من پاسەوانانی شەوم بینیوە لە کازێوەی بەیانیدا دەمردن."

وشەکانی هیوایان پێ بەخشیم، من لە کاتی ئەزموونی کارکردنم لە کارگەی ئەسانسێرەکان و ستالینفارۆس دەمزانی، کە کرێکاران سەرەڕای کەمی ئاستی ڕۆشنبیریان، بەڵام لە شتەکان بە جوانی تێدەگەن.

خانمانی کارمەند لەو فەرمانگەیە، هیچ ڕوخسارێکی مێینەی سەرنج ڕاکێشیان پێوە دیار نەبوو، پۆتینێکی لاستیکی گەورە و جلێکی شینی کرێکارانەیان لەبەر دەکرد، هەندێ جار کۆنە جلی پۆلیسیان لەبەر دەکرد! دیاربوو کاری زۆر و کەمی مووچە بواری ئارایش ولە خۆخەفتنی پێنەدەدان. ئەو ژمارە کەمەی کە توانیان کەمێ مێیاتی خۆیان بپارێزن، پیاوانی حزب وەك مێش ومەگەزی سەر پارچە حەلوایەك لێیان کۆببوونەوە .

جانۆس س، بەرپرسی حزب و سەرۆکی دەستەی سەندیکا چاوبازی لەگەڵ پێنج شەش ئافرەت دەکرد. ئەو بەرپرسە ئیمتیازێکی تریشی هەبوو، دەیتوانی کەل وپەلەکانی لە کۆگای تایبەتی حزب بکڕێت بە هەرزان، و دیاری پێشکەش هەر ئافرەتێك بکات بیەوێ!

پیاوێکی کورتە باڵای قەڵەو بوو، خاوەنی یەك ستایل بوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئافرەتەکان. سەرەتا کێشی دەکردن بۆ خۆی بە پێدانی دیاری زۆر. پاش ماوەیەك لە پەیوەندی، ڕووی لێ وەردەگێڕا و زۆر دڵ ڕەقانە فەرامۆشی دەکردن، بێ ئەوەی ئافرەتە

داماوەکە بزانێ چ هەڵەیەکی کردوە. ئەو کاتە یان بەتەواوی خۆی دەدا بەدەستەوە، یانیش بەوپەڕی توانایەوە کاری دەکرد تا ڕەزامەندی سەرۆکی حزبی بەدەست بهێنێ.

جانۆس هیچ خەمی بەرهەم و کاری نەبوو، ئافرەتێکی جوان بەناوی ئارسی م، یەکێك بوو لە قوربانییەکانی، سەرەتا شارەزا نەبوو لەو ئامێرانەی کە کاری لەسەر دەکردن، جانۆسیش بەو بیانووەوە لێی نزیك دەکەوتەوە گوایە فێری دەکات. پاش ماوەیەك پشتی لێکرد، قوربانییە کۆنەکان لەو خانمانەی دەیانزانی سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکە چۆن دەست پێدەکات وکۆتایی دێت، چاودێری ڕەوشەکەیان دەکرد بەگاڵتە و تەوس و ئازارەوە.

ئێستا جانۆس هاواری دەکردە سەر ئارسی: " هەڤاڵ جگەرە مەکێشە لەکاتی کارکردندا...هەڤاڵ کارکردن بە ڕوانینە پەنجەرەکان نابێ! هەڤاڵ دەبێ بە جدی بیر لە دابەزینی ئاستی بەرهەم هێنانت بکەیتەوە...بەو شێوەیە..."
لە کۆبوونەوەی داهاتوو سەبارەت بە ئاستی بەرهەم هێنان، ئارسی لەتەك من دانیشتبوو، باسی چەرمەسەرییەکانی دەکرد، جانۆسیش لەسەر بەرزەکەکە باسی گرنگی گونجانی دەکرد لە خێزانە سۆشیالیستەکان. پاش چەند ڕۆژێك دەرکەوت کە ئارسی خۆی بەدەستەوە داوە و ئاڵای سپی هەڵکردوە، وئەوەی جانۆس مەبەستی بوو پێیداوە، چونکە ئەوجارە یەخەی ئافرەتێکیتری گرتبوو!

پاش ماوەیەك شتێك ڕوویدا جانۆسی زۆر نارەحەت کرد، بەڵام ئێمەی بۆ تۆزێك ئاسوودە کرد، کاتێ ئافرەتێکی باڵابەرزی تووڕەی قژبژ هوروژمی هێنایە ژوورەوە، دەوی کەفی دەکرد لە تووڕەییان. جانۆس بە دیتنی تۆقیبوو، هاواری کرد: بڕوانئە مێردم، کۆمەنستی مەزنی ناودار، هەرچی وپەرچی بێ شعور! سەری وەرگێڕا بۆ لایەکیتر و ئاماژەی کرد بۆ ئارسی وگووتی:

"  بڕوانن ئەو کۆمەنستە مەزنەی مێردم خیانەتی لێکردم لەگەڵ ئەو ئافرەتە بێکارە! دەزانم، هەموو شتێك دەزانم. ئێوەش گازیکە و ئەرنیکا کە لەو سووچە وەستاون، دەزانم بۆ چ ژورێکی بردن! چارەی دەکەم! دەچمە لای حزب سکاڵای لێدەکەم، ناتوانێ ڕێگریم لێبکات، دەچمە لای خودی سارکۆزی!"

وەك هەورە بروسکە شوێنەکەی جێهێشت و دەرگای بە توندی لەدوای خۆی پێوەدا. جانۆس بەدەمکراوەییەوە دانیشتبوو بە زەلیلی، نەیتوانی وشەیەکیش بڵێ.

ئافرەتەکان زۆریان پێناخۆش بوو چونکە خۆبەدەستەوەدانیان ئاشکرا بوو. بەڵام جانۆس دۆڕاوی هەقیقی بوو لەو باسە.

# بەشی ٤٢

بەپێی یاساکانی فەرمانگەی پۆست وتەلەفۆن، گوێگرتن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی قەدەغە بوو. بەڵام چاودێری تەکنیکییان پێ باش بوو! هەموو هێڵە گومانلێکراوەکان چاودێری دەکران. هێڵی تەلەفۆنەکان دەکرانە سێ بەش، ئاسایی و نهێنی و زۆر نهێنی. بەڵام تەلەفۆنەکانی پۆلیسی نهێنی تۆڕێکی تایبەتی هەبوو، کارمەندی تایبەتی جێی متمانەی خۆیان بەڕێوەیان دەبرد. لەو فەرمانگەیە ئەو ئامادەکارییانەی دەسەڵاتدارانم دیت بۆ جەنگ، ئامێری دابەشکردنی هێڵەکان، لەو ژوورانە دەپارێزران کە دژی بۆمبا بوون .

هەموو پەنجەرەکانی نهۆمی زەوی داپۆشرابوون بە کۆنکریت. هێڵ دابەشکەری ناوەندی، لە ژورێك پارێزراو بوو، هەتا دژی بۆمبی ئەتۆمی، کە ئەستوری دیوارەکە شەش مەتر بوو.! دوایی زانیم ئەو دەرگا خۆڵەمێشییەی کە قەد نەدەکرایەوە، دەیبردی بۆ ژورێك، هەموو فیکەی ئاگاداری لە بۆردمانی ئاسمانی لەوێدا پارێزراو بوو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە پۆلیسی نهێنی.

بەر لە چەند ڕۆژێك لە ئاهەنگی یەکی ئایار، ئێمە تۆڕێك لە چەندین هێڵی تەلەفۆنمان دادەمەزراند لە پارکی گشتی، کە نمایشەکە لەوێ دەکرا. هێڵەکان ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە ناوەندێکی پۆلیسی نهێنی، لە گۆڕەپانی گاسای ماری. هەر تەلەفۆنێك لە کابینەیەکی تایبەت دادەنرا، کە کاریان ئەوەبوو هەواڵ بدەنە پۆلیسی نهێنی، لە ئەگەری ڕوودانی هەر کارێکی چاوەڕواننەکراو، وەدەرچوونی نمایشەکە لە هێڵی بۆ کێشراویدا. چونکە ئەو وانەیەی وەریان گرتبوو لە خۆپیشاندانەکەی تۆپی پێ، و هێرش کردنە سەر ماڵی سیپس هێشتا فرێش و تازە بوو لە یادەوەری پۆلیسی نهێنیدا.

دوایی منیان گوێزایەوە بۆ کارگەی چاککردنەوە لە شەقامی ٦ی ئۆکتۆبەر. ئەوەش کۆمەڵێ ژووری پیس وپۆخل بوون، دەبوایە بە کۆنترین ئامێر وکەل وپەل کاربکەین. بەو ئامێرە کۆنانە تەلەفۆنەکانمان بە خێرایی و بە سەقەتی چاکدەکردنەوە، دەنێردرانەوە بۆ کارکردن، پاش یەك دوو مانگ بۆیان دەناردینەوە بۆ چاککردنەوە!

زۆرجار هەتا لەحیممان نەبوو هێڵەکانی پێ چاك کەینەوە، کاتێ بە بەرپرسی حزبمان دەگووت، دەیگووت: " هەڤاڵینە پێویستە دەستگیرۆیی و ئابووری بکەین، ئەگەر نوشوستمان هێنا لە خودبەشی[٦] ئێمە بەو کارە قازانج دەدەینە کارگە ئیمپریالییەکان لە ڕۆژانی ئاشتی، و بێهێز دەبین لە ڕۆژانی جەنگ!.

دوایی گواسترامەوە بۆ فەرمانگەی تری تایبەت، وەك بانکی نیشتیمانی و فەرمانگەی پلاندانان و چەندین دەزگای گەورەی دەوڵەتی تر.
من بە بەردەوامی سەردانی کارگەی [ماواگ] ی گەورەم دەکرد، دیتم تۆڕی تەلەفۆنیان زۆر پەڕپوت وپڕ کێماسی بوو. ڕۆژی دیتم کرێکارێك پارچە ئاسنێکی سورەوەکراوی ناو تەنورەکە بەردەستی کەوت، وکەوتە خوارەوە وهاواری دەکرد، یەکێ ڕایکردە لای سنوقی بەهاناهاتنی سەرەتایی، کە کردیەوە بەتاڵ بوو!

لە کاتی سەردانەکانم بۆ کارگەکە فێری شتێکیتر بووم، ئەگەر هەر بەشێك لە کارگەکە تێکچوو، نەکەی دەستی لێبدەیت، ئەگینا تۆ تۆمەتبار دەکرێیت بە تێکدانی، وڕەنگە سەربکێشێ بۆ تۆمەتبارکردنت بە تێکدەر و دەرکردنت.

بە زیادبوونی فشارەکان، بەرهەڵستیش تا دەهات زیادی دەکرد. لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٥ جارێکیتر دەستیان کردە فرۆشتنەوەی یانەسیبی (تیروپشکی) نیشتیمانی.

[٦] الاکتفاء الذاتي

دەبوایە کڕینی بژاردەیی با، بەڵام وشەی ئیختیار و بژاردە لەو کاتەدا مانایەکی پێچەوانەی دەبەخشی. بەرپرسی حزب کارۆلی ج. هات ولیستەیەکی پێبوو، ناوی هەموان و بڕی مووچەکانیانی تێدا بوو، لەگەڵ ژمارەی چەند بلیتی یانەسیب دەبێ بکڕێت!

من و یۆسکا سوور بووین بەرهەڵستی بکەین، هەرچەندە دەمانزانی مەترسییەکی زۆر دێتە ڕێگامان.
" هەڤاڵان، هەڤاڵان بەو شێوەیە پێمەکەنن. ناوەکانتان لێرەدایە، وحزب چاوەڕوانە هەرکەس لە ئێوە بای ٦٠٠ فۆرێنت بلیتی یانەسیب بکڕێت!."

یوسکا گووتی: " ئێمەش چاوەڕوانین حزب بمانێرێ بۆ زانکۆ"

" ئێوە شێت بوون هەڤاڵینە؟! حزب هەر کەسەی هەلی شایستەی خۆی پێدەدات"

گووتم: " هەڤاڵ یوسکا وا هەست دەکات، دەربڕینی هەستمان بەرامبەر حزب بە مەبلەغێکی بێ نرخی ٥٠ فۆرێنت گوزارشی لێ ناکرێ، پێمان باشترە هیچ بلیتێکی یانەسیب نەکڕین تا هەستمان نەشێوێندرێ بەو شێوەیە"

"هەر ئەوە مابوو! کێ گووتی ٥٠؟! ئەوەتە نووسراوە ٦٠٠ فۆرێنتە هەڤاڵان"

"هیچ جیاوازی نییە، پێمان باشترە ئێستا نەکڕین، بەڵکو لە ساڵی داهاتوودا"

کارۆلی ئێستا تێگەیشت و زانی ئێمە پێکەنینمان بە وتارەکەی دەهات، و کینەیەکی دڕندانە لە چاوی بریسکایەوە، ڕووی وەرگێڕا بۆ لای کازمیر، کە مووچەکەی لە ئێمە زیاتر بوو ١١٠٠ فۆرێنت بوو لە مانگێکدا، گووتی:

"حزب چاوەڕوانە بای ٢٠٠٠ فۆرێنت بلیتی تیروپشک بکڕیت !"

وادیاربوو کازمیر زۆر ئامادە نەبوو بۆ گفتوگۆ، بەبێ ئەوەی تێیبڕوانێ گووتی:

" گوێبگرە هەڤاڵ، تۆ هەرگیز ٢٠٠٠ فۆرینتت لە مندا دەستناکەوێ، ئەوەی لە دەستیشت دێ بیکە!"

کارۆلی هاواری کرد: " ئەوەش ناودەنێن پتەوی ستالینیزم و دڵسۆزی بۆ کۆمۆنیزم؟"

ئەو کاتە هەڵەکانی هەڤاڵ ستالین تازە باسدەکرا لە یەکێتی سۆڤییەت، بەڵام هەڤاڵ کارۆلی توانای وەڵامدانەوەی خێرای سەردەمی نەبوو، بە تایبەتی لە کاتی تووڕەییدا!

کازمیر هیچ ئاگادار نەکرایەوە، بەڵکو پاش دوو هەفتە دەرکرا.

جارێکیان کە چوومە بانکی نیشتیمانی، چاوم بە هاوڕێیەکی کۆنی باوکم کەوت، پێی سەیر بوو منی لە جلی کرێکاری تەلەفۆن دیت.

" ئەدۆسکا ئەوە چییە، وامزانی لە زانکۆیت! ؟"

منیش چیرۆکی خۆمم بۆی گێڕایەوە، وباسی ڕەتکردنەوەی من ویوسکا کڕینی یانەسیبیشم بۆی کرد.

گووتی ئەو چوارەم جارە بەژداری دەکات لە ڕاکێشانی ژمارە سەرکەوتووەکانی تیروپشکەکە، ئەو پێیوایە تەنها ژمارەکانی کرێکارە ستاخانۆفە ڕووسیەکان وبەرپرس

وکادیرانی حزب تیروپیشکیان لەسەر دەکرێت! یانی لەو ڕۆژگارەدا هەتا بەختیش دەبێ بە ئەزمونێکی سیاسی تێپەڕێت!

ئێوارە کە کۆبوومەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشووی قوتابخانە، باسی ئەو تەڵەزگەیە گەورەیەمان دەکرد کە ئێمە تێی کەوتبووین، خەریکی گێڕانەوەی نوکتەی تاڵ بووین دەربارەی بارودۆخەکە.

جارێکیان لەماڵی هاوڕێیەکمان بووین، سیڤان، باوکی سیڤان ویستی کەمێك لەو جەوە پڕ لە دڵتەنگی ونائۆمیدیەمان دەربهێنێ، و گووتی:

" لەوانەیە گوێ لە قسەی پیران نەگرن، ڕاستە ژیانی ئێمە زۆر ئاسانتر بوو لە ئێوە، بەڵام چیتان بۆ دەمێنێتەوە کە لە ئێستاوە وا خۆتان بدەن بە دەستەوە؟! بەشێکی زۆری ژیانتان هێشتا ماوە، دڵنیام ئێوە ڕۆژگارێکی خۆشتر لە ئێستا دەبینن."

"ڕۆژگارێکی خۆشتر، کەی کە بووینە ٩٠ساڵ؟!"

" لەوانەیە، بەڵام خۆتان دەزانن کە بوونەوەر لە ٢٤ سەعاتدا دروست نەبوە! وادیارە ئێوە هەموو توانایەکی بەرهەڵستیتان لە دەستداوە!"

منیش ناویستانە وەڵامم دایەوە: " ڕاست دەکەیت یەك تۆزقاڵ توانای بەربەرەکانێم نەماوە، ناتوانم لەوە زیاتر بەردەوام بم لە بەربەرەکانێ"

کاتێ گەڕاینەوە کات درەنگ کەوتبوو، ڕەشەبایەکی سارد هەڵیکردبوو لەکاتی بڕینی پردی سەر ڕووباری دانۆب، بەڵام شارەکە زیندوو و بێدار بوو، بەو ئەستێرە سووره گەورانەی سەر ساختومانی پۆلیسی نهێنی و پەرلەمان و قوڵلەی ئەرشیفی نیشتیمانی ودەزگای تری

حزبی ودەوڵەتی، هەمووی ئەستێرەی زەبەلاحی پێنج تیشکی بوون، ئاماژەیەك بوون بۆ داگیرکردنی نیشتیمان.

هاوڵاتی هیچ نرخێکی نەبوو، وەک بەرمیلە شکاوەکانی ناو ڕووباری دانۆب بوون، کە بەبێ ئامانج دەڕۆیشتن بەرەو نائامانجە گەورەکە لە دەریای ڕەش.
دەستم کردبووە مۆنۆلۆژێکی ناوەوەیی، باسی ئەو هۆکارانەم دەکردن کە پاڵمیان پێوە دەنا یان قەدەغەیان دەکردم، لە دانانی کۆتاییەك بۆ ئەو وەزعە نالەبارە واتە خۆکوشتنم!

"جا بۆ نا؟!"

"دەبەنگ مەبە، مەرگت خزمەت بە ئەوان دەکات، تۆ لە نەزەر ئەوان هیچ سودێکت نییە، شوێنێک نییە بۆ تۆ، بڕیاری وەرنەگرتنت لە زانکۆ وادەڵێ"!

"چۆن مەرگی من یان مەرگی خەڵکیتر خزمەتیان پێدەکات؟!"

"چونکە تۆ هیچیتر نابیتە بەربەستێکی سەر ڕێگایان، وپێویستیان بەوە نابێت لەسەر ڕێگادا لات بەرن!"

"بەڵام هەر لەسەر ڕێگای خۆم یا ڕێگای دایک وباوک وجۆدێتی خوشکم نابم، نەمێنم باشترە کەمێك باریان سوکتر دەکەمەوە!"

"بەڵام بیرت نەچێ کە ئەندراس ی بەڕێوەبەری قوتابخانە و ماریای مامۆستا کۆمەنستیەکەت بەو هەواڵە دڵخۆش دەبن، ودەڵێن دەمانزانی ئەو کۆنەپەرستە پۆخڵە بچووکە سوودی هیچی نەبوو!"

"ئەی دایکت وباوکت وجۆدێتی خوشکت، دەڵێن چی؟ وهەست بەچی دەکەن؟! بەو خۆکوشتنەت دڵخۆش دەبن؟!"

"بێگومان نەخێر، نابێ بیر لەو بیرۆکە شێتە بکەمەوە!"

"وابزان خودپەرستی لە کۆتاییدا زاڵ بوو، وانیە؟!"

"ئەتێلا جۆزیف هەرنەبێ هەڵوێستێکی نارەزایی تۆمار کرد، کاتێ خۆی هەڵدایە ژێر شەمەندەفەر لە ڕۆژی لە دایکبونی هۆرتی، فەرمانڕەوای هەنگاریا لە کاتی نێوان دوو جەنگەکە. دەسەڵاتیشی نارەحەت کرد بۆ ماوەیەك."

بەڵام لەوەتی شیوعیەت دەسەڵاتی گرتۆتە دەست شتێك نەما بەناوی ڕای گشتی! من ناوێکی نەناسراوم، هەتا بزربوون ونەمانیشم لە لیستەکانی پۆلیسی نهێنی پێی نازانرێ .
ئەو بیانووەش نەیتوانی قەناعەتم پێ بهێنێت، دەست هەڵگرم لە بیرۆکەی خۆکوژی، بۆیە سەرکەوتمە سەر پەرژینی پردەکە، لە خوارەوە ئاوەکە کە ڕوناکییەکانی شار لەسەر ڕوخساریدا سەمایان دەکرد، تیژڕەو
دەڕۆیشت بێ هودە وبێ ئامانج، ئاوڕی لە هیچ نەدەدایەوە.

لە ناکاو دواوە یەکێ گووتی:

" چۆنی هەڤاڵ چیتە؟!"

دەستێکی لە ڕانێکم گیر کرد، ئەویتری لە پشتی کراسەکەم، هاتمە خوارەوە لەسەر پەرژینەکە. نەمزانی لە کەیەوە پۆلیسەکە چاودێری دەکردم. پۆلیسەکە پیاوێکی باڵابەرزی سەروسمێڵ سپی هەڵگەڕاو بوو. گووتی:

" هەڤاڵ خۆکوشتن هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات، تۆ هیچ وەڵامێکت لە ناو ڕووباری دانۆب دەست ناکەوێت!"

قۆڵی توووند گرتبووم وگووتی: "خۆکوشتن سوودی چییە، تۆ تەنها نیت لە تلانەوە بە دەستی کێشە وگرفتەکان، هەمووومان لەسەر خازوق دانیشتووین! بۆچی ڕێگای من ناگریتە بەر ولەوان هۆقەبازتر بیت؟! لە کوێ دەژیت؟"

" تاکەی بەردەوام بین لە ژیان لەسەر ئەو سەرە نێزەیە؟!" وامدەزانی دەمێکە دەیناسم!

وەڵامی دایەوە: "هەمووومان دەمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بزانین، لە کوێ دەژی؟!"

"نازانم شوێنێکم نییە!"

"بڕوانە کوڕەکەم، نامەوێ دەست وەردەمە کاروباری تایبەتیت، منیش وەک تۆ هەنگاریم، دەتوانم لەماڵەوەتان بتبینم، کام ڕێگا دەگریتە بەر؟"

"گۆڕەپانی بارۆس..."

"دەی با بڕۆین..." کاتێ بەڕێگا چۆڵەکاندا دەڕۆیشتین، گووتی: "وانەزانی ئێمە نازانین چ بەدەستی پۆلیسی نهێنی ڕوودەدات، لە ئەشکەنجە وخنکاندن."

گووتم: "بەڵێ ئەوەش دەزانم کە پۆلیسی نهێنی خەڵکی بەکرێگیراوی ڕەوانەی لای خەڵک دەکات، بۆ ئەوەی بە زۆر قسەیان پێبکەن و خەبەریان لێدەن!"

بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، کاتێ قسەی کردەوە، گووتم یان لە بلیمەتترین پۆلیسی نهێنییە یانیش لە من نائومێدترە لە وەزعەکە، گووتی:

" نەخێر نەخێر تۆ هەڵەیت، من نامەوێ دانەخۆرت کەم، بۆ ئەوەی قسەیەك بکەیت، وانەزانی ئێمەی پۆلیسی ئاسایی، فەرمان لە پۆلیسی نهێنی وەردەگرین، بۆ قسە دەرهێنان لە کەسانێکی بێ هیوا و خەریکی خۆکوشتن؟
پۆلیسی نهێنی کاری واناکات، باوەڕم پێ بکە"

بەڵام ئەوەش قەناعەتی پێ نەهێنام، گووتم:
"دەزانم تۆ لەو پۆلیسە دڵ نەرم وپڕ سۆزانەی، تۆش وەک ئەوانیتری وازم لێ بێنە!"

گووتی: "ئێمە موستەهەقی ئەو گومانانەین، بەڵام ئێمەش ڕقمان لە کۆمۆنیزمە سەرەڕای هەموو شتێك، ڕقمان لە پۆلیسی نهێنییە، هەمووومان هاوسۆزین لەگەڵ گەلدا."
گووتم: "هەهەهە هاوڕێیانی گەلن ئێوە! خودایە ڕزگارمان کە لە دەست هاوڕێیانمان"!

گووتی: "سوودی نییە تۆ ناتەوەێ باوەڕم پێ بکەیت، هیچم لەگەڵت پێ ناکرێ، بەڵام ئێستا باوەڕم پێدەکەیت کە دەزانی من نامەوێ بتگرم، ڕاستە ڕۆژگارێک کۆمەنیست بووم، بەڵام ئێستا زۆر خۆشحاڵ دەبم هەموویان ببینم سەراوژێر هەڵواسرێن.! هەر دەشیانبینم بەو شێوەیە. دەوێرم بڵێم تۆش دەیانبینیت بە هەڵواسراوی!"

هاوارم کردێ: "ئەو قسە بێ مانایانە چییە دەیانکەی، بەشێتم دەزانی، چیت لێم دەوێ؟!"

"چیم دەوێ؟ هیچم ناوێ، ئەوەی دەیزانم دەیزانم، هێندەش بەسە، نامەوێ بڵێم چەند پیاوێکی پۆلیس دەتوانن موعجیزە بخوڵقێنن، بەڵام کوڕی لاو ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر ئەو

بەرپرسانەی باڵا وادەزانن لەکاتی ڕوودانی پشێوی، دەتوانن پشت بە ئێمە ببەستن زۆر بە هەڵەدا داچوون!"

لەوکاتەدا لە ماڵەوەمان نزیك دەبووینەوە، هەستم کرد ڕزگارم بوو لە چنگی. گووتی:
"هێمن بەوە کوڕەکەم، مەسەلەکە تەنها پێویستی بە چاوەڕوانییە تا ئەو ڕۆژە دێ، دەشیبینی!"

دەستێکی لە شانم دا وگووتی ئێوارەت باش، خوات لەگەڵ.
هەستم بەو چاکەیەی نەکرد کە لەگەڵی کردم تا لە چاوانم ون نەبوو، ئەو لە مەرگ ڕزگاری کردم و هیوایەکی نوێشی پێ بەخشیم.

# بەشی ٤٣

هەورێك بە قەد لەپی مرۆڤ لە بەهاری ١٩٥٦ لە ئاسمانی هەنگاریا بەدیار کەوت، بەڵام زەحمەت بوو خەڵك بیناسنەوە، من خۆشم لەو شوێنەوە کە لێیم دەڕوانی، قەت باوەڕم نەدەکرد پێشەکی تۆفانێك بێت.
کارەکەم بەردەوام بوو لە فەرمانگەی پۆست، هەستی ونبوون بە تەواوی داگیری کردبووم. خۆشترین کاتەکانم ئەوە بوون کاتێ کۆرسێکی مۆسیقام وگۆرانیم وەردەگرت بە پارە، یان ئەو کاتانەی خۆم لە کارەکەم دەدزیەوە، بە بیانووی گوێگرتن لە سیمنارەکانی ئەکادیمیای مۆسیقا. هەرچەندە ئەو کاتە ١٧ ساڵان بووم، بە پێێ یاساش تا نەبیتە ١٨ ساڵ ناتوانی لە شەودا کار بکەیت، بەڵام هەر ئێمەیان بۆ کاری شەو گواستەوە. ناخۆشترین شتیش لە کاری شەوان ئەوە بوو، کە ئێمە هیچمان نەدەدۆزیەوە بیکەین پاش شێفتی ڕۆژ.

دوایی گواستمیانەوە بۆ مەڵبەندی تیرێز، لەوێش تووشی شۆك بووین کاتێ زانیم کە ماوەی ڕاهێنانمان لە ساڵ و نیوێکەوە درێژکراوەتەوە بۆ دوو ساڵ، بە هۆکاری بەرفراوانبوونی سنووری بەرنامەکەی کار!

سەیرمان بەو کارە هات، هەموو پرۆژە وئاواتەکانمانیان لەناو برد. وا چاوەڕوان بوو کە زۆربەمان بچینە خزمەتی سەربازی خورتی لە سێپتەمبەری ئەو ساڵدا، هیوامان وابوو کە بەرلەوەی بچینە خزمەتی سەربازی، مووچەی کریکاری کارامە وەرگرین. بەڵام بۆچی لەناکاو خزمەتی خورتی سەربازیمان دوا دەخرێ؟!

ئەو کارە بە لێوردبوونەوەی گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە بارودۆخی گشتی هێندە پڕ لە ئارێشە بوو، بە جۆرێك دەوڵەت توانای نەبوو ئەو زیادە پارەیەی موچەمان بدات، درێژکردنەوەی کاتی ڕاهێنانمانیش بەڵگەیەك بوو لەسەر قەیرانی دراوی. ئینجا

گرێبەستی درێژکردنەوەی ماوەی ڕاهێنانیان پێداین بۆ ئەوەی ئیمزای کەین، بەڵام ئەوە لەوە ناخۆشتر بوو بەرگەی بگرم.

گرێبەستەکەم لەبەدەمم لادا وگووتم: "واژۆی ناکەم!"

بەرپرسی یەکەم گووتی: "من ئامۆژگاریت دەکەم هەڤاڵ، باش بیرکەیتەوە و تکایە واژۆی کە!"

"من ئەو شتە پیسە واژۆ ناکەم و گرێبەستی ئێستاشم هەڵدەوەشێنمەوە!"

قەت ئەوها بەخێرایی پشتگیریم لێنەکراوە، گوێم لێبوو ئەوانەی دەوروبەرم گووتیان: "هەڤاڵ ئادی بڤایڤەر ڕاست دەکات، ئێمەش واژۆی ناکەین!"

- منیش واژۆی ناکەم!
- منیش

زۆربەمان خۆڕاگرماینەوە پاش فشارێکی زۆریش، یەك دوانێك ملیان دا وواژۆیان کرد. پاش ئەوە بە دڵتەنگی ونائومێدی، وگیرفانی خاڵی گەڕامەوە ماڵەوە، هەڵبەتە دەبوایە کۆرسی موسیقاکەشم بوەستێنم...

کەس وکارم ڕەخنەیان لێنەگرتم، گووتیان بە هەندێ دەستگیرۆیی دەتوانن پارەی کۆرسەکەم دابین کەن بۆم. لە هاویندا داواکاریم پێشکەش کردە تاقیکردنەوەی ئەکایمیای مۆسیقا، دوایی وەرگیرام وەك گۆرانیبێژێك.

سەیر ئەوە بوو یەك وشەشمان پێ نەگەیشت لە فەرمانگەی پۆستە، یان حزب، وهیچ کەسێکی جارِسکەریش سەردانی نەکردین بۆ هەڕەشەکردن لێمان!

ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو، سنووری هەموو لۆژیکێکی دەبەزاند، بەتایبەتی لەو حالەتە دەروونییە سەختەی پێی گەیشتبووین. زۆر نیگەران وتووڕە بووم کاتێ زانین حکومەت بەدواداچوونم بۆ ناکات. بێدەنگیان فشارێکی بێزارکەر بوو بۆمان.

لە پایزدا ئاهەنگی یادی ساڵانەی مۆسیقای [لیست] بەسترا، و من زۆر حەزم لە مۆسیقای لیست بوو، لەبەر تێکەڵکردنی لە نێوان مۆسیقای هەنگاری وئەوروپی. بەژداربووان لە هەموو لایەکی جیهاندا هاتبوون، بەڵام چاکترین ژەنیار یۆری ئەریبیتیانی ڕووسی بوو. لە جیهانی مۆسیقادا ناکۆکییە سیاسییەکان ون دەبن. یۆری ئەریبیتیان ئاوازی [جەنازە] ی ژەنی، کە من لە گەڵیدا هەستم بە پووچی ژیانم کرد بە دۆڕانەکان و ترسەکانیەوە. وێنەی دایکی کڵۆڵم هاتە بەرچاوم کە بە ئارامییەوە بارێك هەڵدەگرێت لە سەرووی توانای خۆیەوە، و شەڕە دۆڕاوەکانی باوکم، و بە فیرۆچوونی ساڵانێکی زۆری ژیانمان.

هەستم کرد مۆسیقای لیست هەستێکی نامۆ و چێژبەخشم پێدەدات، کە ناتوانم وەسفی کەم، بەڵام شیعرەکەی بیتۆفی لە یادەوەریم زرینگایەوە: " دەریا هەڵکشا، دەریای گەلەکەمان".
هەستم دەکرد بەو نزیکانە خوێنێکی زۆر دەڕژی، و گۆڕی نوێ لێدەدرێ لە ژێر درەختەکانی گۆڕەپانی کۆستار ئەساساگ، مۆمە خەمبارەکانیش دەهەژان لە پەنجەرەکانی شەقامە تاریکەکانی بۆدابێست.

لە ٢٣ تشرینی یەکەمی [ئۆکتۆبەر] وانەی مۆسیقییەکانم لە دوای نیوەڕۆ دەستیان پێدەکرد. جۆدێتی خوشکم باسی خۆپیشاندانێکی پشتگیری بۆ خۆپیشاندانی پۆلەندییەکان کرد لە ماڵەوە. دەستپێکی خۆپیشاندانەکە لە سەندیکای کیتاب لە گۆڕەپانی گۆرکی دەست پێدەکات. جۆدێت گووتی هەتا ئەگەر وەزیریش ڕەتیکردەوە مۆڵەت بە خۆپیشاندانەکە بدات، هەر دەیکەین!

لێیم پرسی: "تۆش دەچیتە ئەوێ؟"

گووتی: "بێگومان!"

لەکاتی ڕۆیشتنم بۆ وانەی مۆسیقا، بیرم لە خۆپیشاندانەکە دەکردەوە، بڵێی وەزیر بتوانێ قەدەغەی بکات. کە گەیشتمە ئەکادیمیا قوتابیان باس باسی خۆپیشاندانەکەیان بوو، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی چووینەوە ناو وانەکانمان. مامۆستاکەمان کەمێك دواکەوت، کە هات یەکسەر بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەین، لەوەدەچوو چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی لێمان کردبێت، گووتی: خۆپیشاندانەکە ڕێگای پێنەدرا! با وانەکەمان بخوێنین!

چوینە هۆڵی ڕادیۆ بۆ گوێگرتن لە سیمنارێك، دەربارەی سەردانی تیپی گەلێری هەنگاریا بۆ کۆریا، بەڵام لە جیاتی ئەوە دەنگی لاسلۆ بیرۆسی وەزیری ناوخۆمان بیست، گووتی لە کۆتاییدا بڕیاری دا ڕێگا بە خۆپیشاندانەکە بدات.

دوای ئەوە سیمنارەکەی دەربارەی کۆریا زۆر درێژ بووەوە، بەڵام بیری من لە کۆریا نزیکتر بوو، لە نیشتیمان بوو. ئەگەر خۆپیشاندانەکە لە سەرەتادا قەدەغە کرا، دوایی ڕێی پێدرا، ئەوە مانای وایە شتێك لە شوێنێك لە ئارادایە! وەزیر دەبێ عوزری هەبوو بێت بۆ قەدەغەکردنی، ڕەنگە ترسا بێ ڕێی پێبدات. بەڵام چی وایلێکرد ئێستا لەوە بترسێ ڕێگای پێ نەدا؟! دوای ئەوە وانەی گۆرانیمان دەست پێکرد، بەڵام گوێ لە ئاواز ودەنگی هاوپۆلەکانم نەبوو، تەنها دەم ولێوم دەدیتن دەجووڵان و دەکرانەوە و دادەخران. ئەوەی بە تەنها بیرم لێدەکردەوە ئەوەبوو، جۆدێت لەوێ دەبێت، منیش لێرە دانیشتووم وەک گەمژە گۆرانی دەڵێم!

خۆم هەڵدایە سەر ئەرز کاتێ گوێم لە دەنگی مامۆستاکەم بوو گووتی:
"دەی ئادی نۆرەی تۆیە."

منیش بە خراپترین شێوە وشەکانی گۆرانیەکەم دووبارە کردنەوە، بیرم زۆر جەنجاڵ بوو. مامۆستاکە نا ئومێدانە دەستەکانی لێکدان وگووتی:

" چتان لێقەوماوە، ئەو خۆپیشاندانە ئێوەی تەواو گۆڕیوە!"

سەعات شەش ونیو بوو وانەکان کۆتاییان هات، و چومەوەماڵەوە، نەمدەزانی ئەوە دوا جار دەبێت مامۆستاکەم ببینم.

# بەشی ٤٤

ئەکادیمیا زۆر دوور نەبوو لە ماڵەوەمان، بۆیە ڕامکرد تا خۆم ڕزگار کەم لە جانتاکەم، شەقامەکان پڕبوون لە خەڵك کە بە جۆش وخرۆشەوە قسەیان دەکرد. کە گەیشتمە ماڵەوە، یەك پارچە ئاگر وپەنگر بووم. لە پەنجەرەی نهۆمی سێیەمی ماڵەکەمان ڕوانیمە دەرەوە، دیتم شەقامەکانی راکوتشی ئۆت و تۆکۆلی ئۆت و بارۆس تیر ڕەش هەڵگەڕابوون بە ئاوپرەی خەڵك. هەندێ لۆری گواستنەوەم دیت، بە هێمنی دەڕۆیشتن و خەڵکانێك لەسەر پشتیان وەستا بوون، هەموویان سروودی نیشتیمانیان دەگووتەوە. بەسەر پلیکانەکان ڕامکردە خوارەوە، خۆم لە پیرەمێردك دا، کە نە چاکەتی لەبەر بوو، ونە بۆنباغی بەستبوو. ئەویش دەچوە دەرەوە. گووتی: ئادی ئادی بوەستە بۆ یەك چرکە.

ئاوڕم دایەوە دیتم مام پیلۆسە وهاوارم کرد:

- "مام پیلۆس چاکەتێك لەبەر کە، سەرمات دەبێ."

- "سەرما، کەی کاتی سەرمایە؟! پێمبڵێ ئادی چی دەگوزەرێ؟!"

- " لاوانی هەنگاریا ئاگادارنامەیەکی شازدە خاڵیان ئاڕاستە کردوە، کۆبوونەوە لای پەیکەری بیمە... داوای هەڵبژاردنی ئازاد ونهێنی دەکەن... ئازادی حزبەکان دەکەن...بەرەو پەیکەری ستالین دەچین، ناشێ پێمبڵێی تۆش بۆ ئەوێ بچیت، مام پیلۆس؟!"

- "ئازادی حزبەکان...ئازادی هەڵبژاردن... بێگومان منیش بۆ ئەوێ دەچم!"

کۆمەڵە بارهەڵگرێکی زۆرم دیتن لە گۆڕەپانی بارۆس، بە ئاڵای هەنگاریا سۆر وسپی و سەوز ڕازابوونەوە، کارمەندانی نووسینگەی دیزاینی نیشتیمانی و نووسینگەکانیتر دەچوونە سەر پشتیان و پێکەوە ئەو سروودەیان دەچڕی:

ڕابن ئەی هەنگاریەکان
نیشتیمان بانگتان دەکات
ئێستا کاتی هاتووە
ئێستا یان هەرگیز نا

جەستەم یەك شەپۆڵ کارەبا لێیدا، ئەو دەنگ و وشانەی دەیانم بیست نوێ و سیحراوی بوون، جیهانێکی دوور بوو لە دروشم و " بژی ئەم" و " بژی ئەو" کۆبوونەوە کۆمەنستییەکان! هەموو ئەو خەڵکەی لە دەوروبەری بارهەڵگرەکان بوون، دەستیان بە گووتنەوەی سروودەکە کرد، پیاوێك بە جلی کاری شینەوە لە یەکێ لە نووسینگەکان دەرکەوت، کۆمەڵی کاغەز و ئاڵای نیشتیمانی پێبوو، یەکێکی دایە دەستم وگووتی:

"تۆ لەگەڵمان دێیت هەڤاڵ؟"
لە شوێنی خۆم حەپەسام، ناخم وەك قازانێکی کوڵاو نێڵەی دەدا، هەستم کرد وشەی هەڤاڵ و ئەو ئاڵایە نەتەوەییەی دەستم، پێکەوە مانایەکی جوان ونوێیان دەبەخشی.
بارهەڵگرەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد، من هێشتا بە دەم کراوەییەوە لە شوێنی خۆم حەپەسا بووم، کچ وکاڵ پێم پێدەکەنین.
کە بارهەڵگری دوای ئەو هات، دەستم لێی ڕاوەشاند، بە چرکەیەك دەیان دەست بەرزیان کردمەوە بۆ سەر بارهەڵگرەکە، خۆم لە پێشەوەی بارهەڵگرەکە دۆزیەوە، چونکە تەنها ئاڵای سەر بارهەڵگرەکە لە دەستی مندا بوو.

# بەشی ٤٥

کە ئەو هەموو ڕووداوە ڕوویاندا، ئەو کاتە ئەرنۆ جیرۆ، کا تازە ببوە سکرتێری باڵای حزبی کۆمەنستی، لە ڤیرمدا بوو لەگەڵ نیکۆتا خورۆشۆف و سەرکردەکانی وڵاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەدا بوون.
جیرۆ هەوڵی نەدا بە خێرایی بگەڕێتەوە، خێرایی وپەلەی بۆ چییە؟ هەموو شتێکی بە هێمنی لە هەنگاریا ڤێ نەهێشتبوو؟! پۆلیسی نهێنی بە چاکی چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، لە پاش ئەوانیش تیمی هەڵبژێردراوی تر لە سوپای گەلێری وەستابوون. لە مانگی ئۆکتۆبەر هێشتا زۆر بە متمانە بوو، وڵاتی جێهێشت بەرەو یوگسلافیا، بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنامەیەك لەگەڵ دوژمنی کۆنی تیتۆ، وادیارە ئەو پەیامانەی پێیگەشتبوون، زۆر ڕوون نەبوو بۆی، ڕەنگە بە تووندی ئاگاداریان نەکردبێتەوە، هەقیقەتی بارودۆخەکەیان پێ نەگەیاند بوو!

خۆپیشاندانێکی تری قوتابیە ئاژاوەچییەکان، پێویستی بە وتارێکی توند بوو. هەر ئەوەشی کرد لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ هەنگاریا. گووتی خۆپیشاندەران کۆمەڵێ خەڵکی فاشیست و هیچ وپووچن، خەڵك دووچاری شۆك هاتن! ئەوەشی زیاتر تووشی سەرسوڕمانی کردن پاش گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ لاسلۆ راجك هێشتا ئەرنۆ جیرۆی بکوژی لاسلۆ لە لوتکەی دەسەڵات بوو! دەیویست ڕۆڵی راکۆزی ببینێت وماسولکەکانی ڕاهێنان پێدەکرد بۆ ئەو ڕۆڵە.

بەڕای من دەزگاکانی حزب ودەوڵەت ئەرنۆ جیرۆیان ڕوخاند، چونکە دەبوایە سیخوڕەکانی هەواڵی کازمیریان پێدایە کاتێ ڕەتیکردەوە بلیتی تیروپشکی نیشتیمانی بکرێت، دەبوایە هەواڵی ئەو قوتابیانەی پێبدەن کە چوونە تاقیکردنەوەی وەرگیران لە زانکۆ، سەرەڕای سەرکەوتنیشیان ڕەتیان کردنەوە، دەبوایە لێپێچینەوەیان کردبا لەگەڵ ئەو پۆلیسەی

لەسەر پردی مارگرێت دیتم، دەبوایە گوێیان بۆ گووتنەوەی سروودی نیشتیمانی [گۆدامۆس ئیجیتۆر] گرتبا، دەبوایە لە فەرمانگەی زۆگلۆ گوێیان لەو کارمەندە ژنە بوایە کە گووتی نائومێد بە من پاسەوانانی شەوم دیون لە بەرەبەیاندا دەمرن. دەبوایە ئەو کابینانەی تەلەفۆن کە لە گۆڕەپانی فاروسلیفت دامان مەزراندن، هەمووی بهەژەبانەوە وهەواڵی پێشوازی پەیکەری ستالینیان لە خۆپیشاندەران پێ گەیاندبا!

کە بارهەڵگرەکەی ئێمە گەیشتە ئەوێ، چەندین پەت خرابوونە ئەوکی پەیکەری ستالینی ملهوڕ. کرێکارانی کارگەکانی دەوروبەر بە ئامرازەکانیانەوە هاتبوون، دەستیان کردبوو بڕینی پێیەکانی پەیکەرەکە کە لە برۆنز دروست کرابوون، وایان زانی چینێکی تەنکی برۆنزە. بەڵام پەیکەرە زەبەلاحەکە بەرگری کردوو، دووجار پەتەکانی پساند. پەتیتری نوێ دەرکەوتن وخرانە ملیەوە جارێکیتر. کاتێ چەمایەوە بۆ پێشەوە، یەکێك هاواری کرد:

" ستالین بەدوای کاژمێرێکی دزراودا دەگەڕێت، کە لێی کەوت"

لە پڕێکا چینەکانی ناوەوەی پەیکەرەکە ڕوخان و ستالین بەسەر دەمیدا کەوتە خوارەوە. خەڵك هورای کێشا، بەپێلەقە ق شەق بەربوونە ئەو پەیکەرە بە تف ولێدانی تووند بە شێوەیەکی هیستریایی شێتانە. منیش سەرکەوتمە سەر پەیکەرەکە و کەوتمە لێدانی بە شەق وپێلەقە وەك بلێی لە خوێن وگۆشت بێت. هەموومان لە مەستییەکی بەرزەفڕی زۆر خۆشدا بووین، واماندەزانی بەتەواوی ڕزگارمان بوو.

گیانی شۆڕش وەك پەتا بڵاوبویەوە، گەل وەك دەریای مەزن دەکەوتنە سەر شەقام. هەواڵەکان باسی ڕووداوی پێکدادانیان دەکردن لە دەوروبەری ئیستگەی ڕادیۆ. کاتێ کۆمەڵێ قوتابی داوایان کردبوو، بەیانامە ١٦ بەندەکە بخوێننەوە لە ڕادیۆ، بەڵام پۆلیسی نهێنی ڕێی پێ نەدابوون. کاتێ قوتابیان گفتوگۆیان دەکرد لەگەڵ پۆلیسی نهێنی، هەواڵی گەیشتنی جەماوەری بێ شومار گەیشتە پۆلیسی نهێنی، بۆیە ناچاربوون مل

دابدەن و چەند قوتابییەکیان بردە بەردەم مایکرۆفۆن، ئەوانیش بەندەکانیان خوێندەوە. پۆلیسە نهێنییەکان پێدەکەنین، قوتابیەکانیان بە ڕیزەوە بەرەو دەرەوەی ئێزگەکە بەڕێکردن.

کە قوتابییەکان گەیشتنە سەر شەقام، خۆپیشاندەران پێیان گووتن کە لە جیاتی بەندەکان، ئێزگە مۆسیقای دانسی لێدەدا! و فریویان داون چونکە مایکەکە بە ئێزگەکە پیوەست نەکرابوو! تەوژمێکی گەورەی نارەزایی وتووڕەیی خۆپیشاندەرانی گرتەوە، ٢٠ قوتابی تر بەرەو ساختومانی ئێزگەکە گەڕانەوە. پیاوانی پۆلیسی نهێنی ئەوجارەیان باش خۆیان بۆی ئامادەکردبوو، قوتابییەکانیان بردە ستۆدیۆ ودەرگایان لەسەر داخستن، دیتیان ستۆدیۆکە پڕە لە پۆلیسی نهێنی، سەرۆکی پۆلیسەکان دەمانچەکەی دەرهێنا بوو فەرمانی بە قوتابییەکان کردبوو ڕووەو دیوار بوەستن بەبێ جووڵە.

- دەی بڵێن ژمارەی بەندەکان چەندن؟
- قوتابییەك گووتی: ١٦ بەندن
- دەباشە، ١٦ لە ئێوە دەمرن، ئێوە ئامادەن؟!

کەس وەڵامی نەدابووەوە...

- هەر بەندێك و گوللەیەك، کێ دەیەوێ یەکەم بێت؟ تۆ قژزەرد؟ هەر ئێستا هەمووتان لەناو دەبەم هەی چەتەی پیسینە.

سی گوللەی پێوەنان، کە قوتابییەکان سەیری یەکتریان کردبوو، کەس نەکەوتە خوارەوە. فریوی دابوون.

پیاوانی پۆلیسی نهێنی دەرگاکانیان کردبووەوە، قوتابییەکانیان ئازاد کردبوو، بەڵام واتەواتێکی زۆر بەناو شارەکەدا بڵاوبووەوە دەیانگووت کە پۆلیسی نهێنی قوتابیەکانیان کوشتووە، وخەڵکی بە گوللە دەکوژن لای ئێزگە.

لە دەرەوەی ئێزگە خەڵك هاواریان دەكرد: لێدەن ... لێخەن... بڕوخێ جیرۆ...

لەو كاتانەدا پەیكەری ستالین بەرەو ناو شار ڕادەكێشرا، لە نزیك نیمستی سینەهاز دەستدرێژی گوللە لە قاوەخانەیەكەوە هات، چەندین كەسی بەرداویەوە ناو گۆمی خوێنی خۆیان، لەوانەی كە پەیكەرەكەیان ڕادەكێشا. هەندێ ئۆتۆمبیل لەسەر ڕێگای شەقامەكە دانرابوون بە جۆرێك دایانخستبوو، بارهەڵگرەكەی ئێمەی وەستاند، بەڵام جەماوەرەكە پەیكەرەكەیان بە دەوری ئوتۆمبیلەكاندا دەرباز كرد.

لە دەرەوەی نووسینگەی زاباد نیب، ئاپۆرەیەكیتر بەردەمیان گرتبوو. یەكێكم دیت لەسەر كورسیەك وەستابوو وتاری بۆ دەدان، منیش بەرەو پێشەوە چووم دیتم جۆدێتی خوشكمە، هەرچەندە خەریك بوو نەیناسمەوە بە قژی ئاڵۆزاوی سەر ڕوخساری، جۆش وخرۆشی سەر ڕوخساری. هاواری دەكرد:

- ئێستا و بۆ هەتا هەتایی بڕوخێ جیرۆ...

دەنگۆیەكان دەیانگووت شەڕ وپێكدادان بەردەوامە لە گۆتنبێرگ تیر، گوێشم لە دەنگی گوللە وپێكدادان بوو لە ڕۆكسیلراد ئۆكا، ئینجا ڤانێكی فریاگوزاری هات و فیكەفیكی ئاگاداری لێدەدا ودەیویست بەناو خەڵكەكەدا تێپەڕێ، بەڵام نەیتوانی لەبەر زۆری وچڕی ئاپۆرەكە، بۆیە بە ناچاری وەستا، خەڵك دەورەیان دا و لە لێخوڕەكەیان دەپرسی: بۆ كوێ دەچی؟ چەند بریندارو بەركەتەت پێیە؟ شوفێرەكە پێدەنگ بوو، یەكێك دەرگای دواوەی كردەوە، دیتیان ڤانەكە پڕی چەك وتەقەمەنییە.

" بڕوانن چەكەكانی پۆلیسی نهێنی، دەی دەریبێنن"

شوفێرەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە، کراسە سپیەکەی دڕا، جلی پۆلیسی لە ژێرەوە بەدیار کەوت، خەڵك کەوتنە لێدانی بە شەق و پێلەقە تا کوشتیان.

دوایی ئوتۆمبیلێکی تر هات، ٣ ئۆفیسەری تێدا بوو، جەماوەرەکە ڕایان گرتن، و فەرمانیان پێکردن دابەزن، یەکیان ویستی سەرکێشی بکات، بەڵام خەڵکەکە زوو بەزوو ئوتۆمبیلەکەیان پەکخست، هەرسێکیان لە ئوتۆمبیلەکە دەرکەوتن وڕایان کرد، بەڵام خەڵك گرتنیان وگیرفانیان پشکنین، چەندین پێناسنامە و کارتی ئەندامێتی حزبی کۆمەنستی وبەڵگەنامەی پۆلیسی نهێنیان تێدا بوو. خەڵك کەوتنە لێدانیان هێدی هێدی دەنگی هاواریان کز دەبووەوە، تا بە تەواوی نوزەیان بڕا. بەڵام هێشتا خەڵکەکە دوور نەکەوتنەوە لێیان تا دڵنیا بوون هەناسەیان تێدا نەماوە، دوایی لەسەر شەقامەکە بەجێیان هێشتن وەك تۆپەڵە گۆشتێکی خوێناوی نیمچە ڕووت.

ئێستا ئاپۆرەی خەڵك بەرەو ڕۆکسیلراد ئۆکا و ساندۆری تەکانیان دەدا. ئەستەم بوو بتوانی لە شەقامدا بە پێچەوانەی ڕەوتی جەماوەری شیلگێر وبێ سەرکردایەتی بڕۆیت. گوێمان لە دەنگی گوللـەی تر بوو لە پێش و پاشی خۆپیشاندانەکە. منداڵێکم دیت بەسەر دەستی خۆپیشاندەران دەگوازرێتەوە، قاچێکی خوێنی لێ دەچۆڕا. لەناکاو هەموو ڕووناکیەکان کوژێنرایەوە، تاریکیەکی ترسناك باڵی کێشا، من دەجوڵامەوە بەڵام نەمدەزانی بە کام ئاڕاستە. نازانم تاریکیەکە چەندی کێشا، بەڵام لەناکاوی چراکان هەڵبوونەوە دەسترێژی پۆلیسی نهێنی لە جەماوەرەکە وەك بارانی بەهار لە سەربانی ساختمانەکان بەسەر جەماوەرەکە داباری.

ویستم جەماوەری ئەوێ جێبهێڵم بەرەو بلاهالوزایتیر، لە ژێر چرایەك ڕوانیمە دەستەکانم دیتم بە خوێن بوون، هەروەها پاڵتۆکەشم. چوم بەرەو بارەگای ڕۆژنامەی زابادنیب، کە جەماوەرەکە هێمنتر بوون، دەیانڕوانییە لای دەرگای سەرەکی، کە نزیك

بوومەوە لە دەرگاکە تۆقیم کاتێ دیتم لاشەی مردووی سۆکۆلی سەرۆکی قوتابییەکان بوو.

کارمەندانی ڕۆژنامەی حزبیش لەناو ساختمانەکە ئابلۆقە درابوون، کەل وپەلی ژوورەکانیان خستبوە بەر دەرگا وپەنجەرەکان لە ژوورەوە، لە دەرەوەش ئوتۆمبیلە گرانبەها ئەمریکییەکانی بەرپرسە باڵاکانی حزب لەوێ بوون، خەڵك ئاگری تێبەردەدان. کاتێ دووکەڵێکی زۆر بەرزدەبوەوە یەکێك بۆمبێکی هەڵدایە نهۆمی سەر زەوی ساختومانەکە وتەقیەوە، خەڵك هورژمیان هێنا بۆ ناو پەنجەرە تێکشکاوەکە، خەڵکانێکی تر دەرگای سەرەکیان تێکشکاند و هەموو کەل وپەلە کەڵەگە بوەکانیان ڕاماڵی. هێندەی نەبرد تەواوی ساختومانەکە کەوتە دەستی خۆپیشاندەران، هەر کاغەز بوو لە پەنجەرەکانەوە فڕێ دەدرانە سەر شەقامەکە.

کتێبە سۆڤیەتیەکان و بڵاوکراوە پڕوپاگەندەییەکان زرمەیان لێوە دەهات کاتێ لە پەنجەرەکانەوە هەڵیان دەدانە سەر شەقام، دوایی ئاگریان تێبەردان و ئاگر بەردەوامی دەکێشا بەو هەموو کتێب وکاغەزانەی کە بە بەردەوامی هەڵدەدرانە ناو ئاگرەکە. ئێستا ئەو ئیمپراتۆریەتەی پڕوپاگەندەی کۆمەنستی پەڕوباڵی دەکرا بە دەستی ئەو جەماوەرەی کە ئەو پڕوپاگەندانەی ئاڕاستە دەکرا شەو وڕۆژ.

# بەشی ٤٦

لە ڕۆژی ٢٥ ئوکتۆبەر [تشرینی یەکەم] نیو ملیۆن خۆپیشاندەر لە دەوروبەری پەرلەمان کۆبوونەوە. پیاوانی پۆلیسی نهێنی تەقەیان لێکردن، بەرلەوەی خۆر ئاوابێ ٥٠٠ کەسیان کوشت لەو گۆڕەپانە. بڕیار درا جانۆس کادار بکرێتە سکرتێری باڵای حزبی کۆمەنیست، ئەرنۆ جیرۆ ڕۆیشی. گیزای هاوڕێشم ڕۆیشت، لە پێکگەیشتنی شەقامی باتشی وشەقامی ستالین جۆرجی هاوڕێم ئەو هەواڵەی پێدام وگووتی:

" گیزا لە پێکدادانەکەی شەڕی ڕابردوو کوژرا" هەستم کرد نەخۆش وشەکەتم و نەوێرام بچمەوە ماڵەوە. چونکە گیزا لە نزیك ئێمە دەژیا. لەجیاتی ئەوە بەرەو گۆڕەپانی پەرلەمان بەڕێ کەوتم، بەڵام تانکەکان ڕێگایەکەیان داخستبوو. چەندین لاشەی کوژراوم دیت لە شەقامەکان بە لاپەڕەی ڕۆژنامە داپۆشرابوون.

جەماوەر دەستی بەسەر بڕێکی چاك لە چەکەکانی پۆلیسی نهێنادا گرتبوو لەناو مەڵبەندەکان پۆلیس و ئۆتۆمبیلەکانیان.
لەبەیانی ڕۆژی هەینی کە چوومە دەرەوە، دوو بۆمبی دەستیم لە گیرفان بوو. پشێوی هەموو شای گرتبووەوە. شەقامەکان پڕی بەربەست کرابوون، شوێنەواری گولـلە بەسەر ماڵەکاندا دیاربوون، پەنجەرەیەکی زۆری ماڵان وردوخاش ببوون. دەنگۆی نامۆ نامۆ بڵاودەبووەوە، یەکێکیان دەیگووت تانکە سۆڤیەتیەکان ئاڵای هەنگاریای نەتەوەییان بەرزکردۆتەوە، چوونەتە پاڵ شۆڕشی خەڵکی هەنگاریا!

بیرم نایە چۆن من لەو کاتە پڕ ترسناکانە لە شەقامەکان دەسوڕامەوە، یادەوەریم تەنها شتە سەرەکی وترسناکەکانی تۆمار کردوە. دەنگی پێکدادانی گولـلە بەرەو کلوزال تیر بردم. لەوێ ڕووسەکان لە ماڵێکدا ئابلۆقە درابوون، سەربازێکیان ڕایدەکرد

بەرەو دەرگای ماڵەکە، خەڵکەکەش بەدوایەوە بوون. یەکێك لە ڕووسەکان دەرگایان لە سەربازە بێ چەکەکەی خۆیان نەکردەوە. لەناکاو ئۆفیسەرێکی هەنگاری لەناو خەڵکەکە بەدەر کەوت، دەمانچەکەی دایە دەستی سەربازە ڕووسیەکە! خەڵکەکە لە تووڕەییان شەقیان برد، سەربازە ڕووسیە تۆقیوەکەیان لەبیر کرد، ملیان وەرگێڕا بەرەو ئۆفیسەرە هەنگاریەکە، کوشتنی بەدەستی ئەو جەماوەرە تووڕەیە، خراپترین دیمەنی مەرگ بوو کە دیتبێتم.

لە ناکاویدا پیاوانی پۆلیسی نهێنی بەرەو شوێنەکە هاتن بە سواری چەند جیبێك. تەقەیان لە جەماوەرەکە کرد، بەڵام هەر نەیانتوانی ئۆفیسەرەکە ڕزگارکەن. دەستم خستە گیرفانم بۆمبێکی دەستیم دەرکرد، چونکە کاتی هاتبوو، دەرزیەکەم لێی دەرهێنا و بێ دڵ لە دڵدان هەڵمدایە سەر جیبێك، بە دەنگێکی ترسناك پێیدا تەقیەوە، دوو جەستەم دیت لەناو جیبەکەوە فڕین بە ئاسماندا، وتایەکی جیبەکەش تەقیەوە.

ئەوانیتر لە جیبەکان دابەزین، چەکەکانیان فڕێدا، ویستیان بەناو ئاپۆرەی خەڵکدا ڕێگای هەڵاتن بگرنە بەر، بەڵام هەوڵێکی نەزۆك بوو. ئەو دەریایەی خەڵك لە ماوەی یەك خولەکدا هەموو پیاوانی پۆلیسی نهێنی لەناوبرد.

ڕادیۆ بەدرێژایی ڕۆژ هاواری بوو بۆ وەستاندنی شۆڕش، وستایشی حکومەتی نوێی دەکرد، و هەڕیشەی لەگەل دەکرد کە شەڕیان ڕاگرن لە دژی حکومەت، لەپاش هەموو ئاگاری و هەڕەشەیەك، ئۆفەری لێبوردنیان دەردەکرد بۆ خەڵك، دوا کاتی لێبوردنەکەش بە بەردەوامی درێژ دەکرایەوە. ئێمەش بەبێ بایەخەوە گوێمان لێ دەگرت.

ئێستا کیلیان لاکتانیا ببوە شانۆی تووندترین پێکدادان، لەوێ سوپای ڕووس بە خراپترین شێوە شکان، لەسەر دەستی سوپایەکی بێ زەبت وڕەپتی شۆڕشگێڕان بە سەرکردایەتی کۆلۆنێل مالیتەر. نەخۆشخانەی بیتفی ساندۆر پڕ ببوو لە زامدار. لەوێ دیتم هاوڕێم لاکی ف. کە لە نزیك نەخۆشخانەکە دەژیا، خەریکی دروستکردنی بۆمبی مۆلۆتۆفە لە شوشە بەتاڵەکانی نەخۆشخانە. گووتی پێویستە ئەوانە تەواو بکەین، چونکە تانکەکان بەڕێوەن. هێندەی نەبرد گرم وهۆڕی زنجیری تانکەکانمان بیست، هەر یەکەمان شوشەیەکی مۆلۆتۆفمان گرتە دەست، هەڵماندایە سەر تانکێك، کە ئاگری تێبەربوو، دیمان سەربازانی ڕووس لە تانکەکان خۆیان هەڵدەدەن وبە کوچە وکۆڵانەکان دا ڕادەکەن، ئەو دیمەنانە بەس بوون بۆ ئەوەی ناخم پڕ بکەن لە شانازی بە خۆکردن.

گەیشتینە نەخۆشخانە ویستمان وەك خۆبەخش کار بکەین بۆ تیمارکردنی زامدارەکان، بەڵام وادیاربوو هەزارەها بەر لە ئێمە ناویان تۆمار کردبوو بۆ ئەو کارە. ئینجا بارهەڵگرێکیان پێداین، من و لاکی ئارمێکی خاچی سووریان لە قۆڵمان دا، لەگەڵ کراسێکی سپی، بەرەو کیلیان لاکتانیا بەڕێ کەوتین بۆ گواستنەوەی زامداران.

ناوچەکە پڕ بوو لە کوژراو و زامدار، ژمارەیەك زامدارمان گوێزایەوە بۆ بارهەڵگرەکە، لە تەك ئێمە یەکێ لە شوفێرەکانی فریاکەوتن کوژرابوو بە دەستی ڕووسەکان، بەڵام ئوتومبیلەکە پڕ بوو لە زامداری ڕووسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆبەخشێك ئوتۆمبیلەکەی لێخوڕی بەرەو نەخۆشخانە. دوایی چوینە نۆرینگەی منداڵان، دیمان بۆمبێکی ڕووسی ٣٦ منداڵی کوشتبوو.

بارهەڵگرەکەی ئێمە لە ئۆلۆی ئۆت بەر ڕێژنەی گوللـە کەوت، پەکخرا، بۆیە گەڕاینەوە نەخۆشخانە بە پێ، بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی گواستنەوەی زامداران بووم بۆ

نەخۆشخانە، دەرمان تا دەهات لە کورتی دەدا. لەو ڕۆژە زانیمان کە ئیمری ناجی لە حکومەتی نوێ دامەزراوە، ئەو تەنها کۆمەنستی گەورە بوو کە هێشتا لەبیری بوو هەنگارییە. بەڵام بیستمانیش کە بانگەوازی کردبوو بۆ ڕووسەکان تا بێن شۆڕش لەناوبەرن. نەمان دەزانی چۆن بیردەکەینەوە، زۆرکەس لە ئێمە واماندەزانی ئیمری ناجی دیلی پۆلیسی نهێنیە و تەنها ناوی ئەو بەکار دەهێنن چۆنیان بوێ، بەبێ ویستی خۆی. لە بەیانی ڕۆژی دوایی لەگەڵ خەڵك خۆم دۆزیەوە لەبەردەم دەزگای پلانی تەکنیکی لە باروس تیر. دیتمان سێ گەنج بەسەر ساختمانە هەڵدەگەڕێن کە ئەستێرەکی سووری زەبەلاحی بەسەرەوە بوو.

منیش لە بینایەکی بەرامبەر چەکوشێکم دەستکەوت بەدوای سێ گەنجەکە سەر ساختمانەکە کەوتم، گەیشتمە لای ئەستێرە سوورەکە، دەستم کردە لێدانی بەستەرەکانی تا ئەستێرەکەم بەردایەوە وردوخاش بوو لە زەویدا. کە دابەزیمە خوارەوە پیرەژنێك باوەشی کردم وماچی کردم.

# بەشی ٤٧

بەبێ وەستان بە شارەکەدا دەسوڕامەوە. تانک وزرێپۆش و ئوتۆمبیلی تێکشکاو لە هەموو شەقامەکان دەدیتران. شەقامیتر بەڕێز تانکی ڕووسی لێبوو بەتایبەتی لە نزیك هوتێڵ ئستۆریا کە ڕووسەکان کردبوویانە بارەگای سەربازی خۆیان. ئەو ڕۆژە کامێراکەم خستە ملم، نزیك سینەما ئۆدی سەربازێکی ڕووسیم دیت پیاوێکی ڕاودەنا لە تانکێکی وەستاوی دوور دەخستەوە، کە سوڕایەوە چاوی بە من وکامێراکەی ملم کەوت، شانی توووند گرتم ڕایدەکێشام بەرەو تانکەکە بە دەم جوێندانەوە.

ویستم بەو چەند وشە کەمە ڕووسیەی دەمزانی تێیبگەیەنم کەمن نامەوێ وێنەی تانکەکە بگرم، بەڵام گوێی پێنەدا و خەریك بوو چەکەکەی دەستی سوار دەکرد. چەند هاوڵاتیەك بەرەو ئێمە نزیك دەبوونەوە بێ ئەوەی من یان سەربازە ڕووسیەکە هەستیان پێبکەین. وەك بازنەیەکی داخراو دەریان گرتین، هەستم کرد نایانەوێ خۆم بەدەستەوە بدەم. لەو ساتە چەند تەقەیەك لە نزیکی هوتێڵەکەوە ئاڕاستەی تانکەکە کرا لە چەکی شۆڕشگێڕان. تانکەکە دەستی بە کێشانەوە وڕاکردن کرد، سەربازەکەی کە منی گرتبووش جێهێشت لەناو ئەو هەموو خەڵکەی دەورەیان دابوو!

لەناکاو سەربازە ڕووسەکە وەك کیسەیەکی بەتاڵ کەوتە سەر ئەرزەکە، یەکێك زەبرێکی بەهێزی لەسەری دا. خەڵکەکە بڵاوەی کرد کاتێ تانکەکە سوڕایەوە بەرەو ئێمە دەستی بە تەقەکردن کرد لێمان.

لە نزیك گۆشەی سینەما چەندین بۆمبی دەستی ومۆلۆتۆفی بۆ هەڵدرا، یەکێکیان زنجیرەکەی پەکخست. هێرشی ڕووسەکان هێور بوەوە، لە لادێکان چەندین ڕووس چوونە پاڵ شۆڕشگێڕان، خۆم چەندین تانکی ڕووسیم دیتن ئاڵای نەتەوەیی هەنگاریایان هەڵکردبوو، سەربازەکان ئەستێرەی سووریان لە جلەکانیان لێدەکردەوە.

خەڵکانێکی کۆمەنستی توندڕەوم دەدیتن لەسەر شەقامەکان پێناسنامەی حزبی خۆیان دەدڕاند. سەربازگەکانی کیلیان هێشتا لە ژێر ئاگربوون، بەڵام شۆڕشگێڕەکان دەستیان بەسەر ئێزگەی ڕادیۆ داگرتبوو.

پیاوانی پۆلیسی نهێنی لە شەقامەکان ونبوون، جلەکانیان فڕیدابوون، پێناسنامەکانیان سوتاندبوو وفڕێ دابوو، جلی مەدەنیان پۆشیبوون، بەڵام ئەوانەی زۆر خراپ وناسراوبوون، خۆیان لە مەڵبەندەکانی پۆلیسی نهێنی و حزب شاردبووەوە، ئامادەکاریان کردبوو بۆ ئابڵۆقە و شەڕی درێژخایەن.
قوربانییەکانی پۆلیسی نهێنی بەئارامی وبێدەنگیەوە لەبەردەم ماڵ و فلاتەکانی پیاوانی پۆلیسی نهێنی وەستابوون، چاوەڕوانی ئەو جەلادانەی پۆلیسیان دەکردن کە ئەشکەنجەیان دابوون بگەڕێنەوە ماڵەوە!

ئافرەتێکی پزیشك لە ترسانا تۆقیبوو، لە شوێنێکی نادیارەوە خۆی شاردبووەوە، تەلەفۆنی بۆ خەڵك دەکرد لێی خۆشبن، چونکە لەژێر هەڕەشیی پۆلیسی نهێنی ڕاپۆرتی لە دژی هاوپیشەکانی نوسیووە، دوایی زانیم زیاتر لە پەنجا دکتۆر وپەرستاری بەگرتن دابوو بێ ئەوەی کەس گومانی لێبکات!

ئەو پیاوانەی پۆلیسی نهێنیش هەرگیز نەگەڕانەوە ماڵەوە، بەڵکو لە شەقامەکان دەسوڕانەوە، هەندێکیان لە حەشارگەیەك خۆی شاردبووەوە، هەندێکیشیان بە پێ بەرەو سنورەکان چوو بوون!

ئیمری ناجی وەزارەتەکەی پێکهێنا، بڕیاری هەڵبژاردنی ئازادی دا بە بەژداری چەندین حزب. جانۆس کاداریش لە ڕادیۆوە گووتی ئێمە لەمەودوا دەبینە تەنها حزبێکی بچوک! بەڵام ئەو ساتەی کە گەل ڕازی بێت بە ڕەخنەیەکی خودی بچوك بەرامبەر دەیەها تاوانی زەبەلاح بەسەرچوو بوو.

ژمارە گۆڕەکان زیاد دەبوون لەناو باخچە سوەزەکان، مۆمەکان لەژێر خاچە خێرا دروستکراوەکان دەسووتان. ناوەکانیش بە پێنووسی ڕەساس بەخێرا نووسرابوون لەسەر هەر پارچە کاغەزێ یا کارتۆنێ. زانیارەکانی سەر ئەو کاغەزانە هیچیان جێگای دڵنیایی نەبوون.

[فێری (؟) لە ساڵی ١٩٣٨ یان ١٩٣٨ لە چابا یان (جۆلا ) لەدایك بووە. شتەکانی گیرفانی دەتوانرێ لە پاسەوانی ساختمانی ژمارە ٢٠ وەربگیرێتەوە. ڕەحمەتی خوای لێ بێت.]

[سانی، گەنجێکی قژ زەردە، نزیکەی حەڤدە ساڵانێ دەبێ، پاڵتۆ قاوەییەکەی لەگەڵ پاسەوانتی ساختمانی ١٨ یە!]
لە ڕاکوتنشی تیر ناوی هەشت قوربانی لەسەر یەك پارچە کاغەز نووسرا بوو، کە هەموویان پیر بوون!

ئێستا گەل تام وچێژی ئازادی کردبوو، دەربارەی هەر شتێکی گوێ لێبا قسەیان دەکرد بە ئازادی. ئێواران لە دەوری ڕادیۆکان کۆدەبووینەوە بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ بیانییەکان. بەڵام ئەو ڕادیۆیانە لای هەموو خەڵك وەك یەك مایەی قبوڵکردن نەبوو. هەندێ جار خاتوو ل کە لە دابەشکەری هێڵەکانی تەلەفۆن کاری دەکرد، باسی جانۆس کاداری بۆ دەکردین ودەیگووت:

" سەرەڕای هەموو شتێك کادار کوڕی چینی کرێکارانە، من زۆر دەمێکە دەیناسم. چەتەکانی ڕاکۆزی نینۆکیان هەڵکێشا و دانێکیان بە ئەشکەنجە شکاند. لەو باوەڕەن کادار پەنا بەرێتە بەر هەمان ئامرازی سەرکوتکردنی ڕاکۆزی؟!"

گووتم: " بەڵێ ئێستا ئەو ڕێك وەك ڕاکۆزی دەکات"

خاتوو ل، ڕەنگی هەڵبزرکا و گووتی: " ئایا ئێوەی لاوان باوەڕتان بە هیچ نەماوە، هەتا بە بیرۆکەی خودی کۆمێنیزم؟!"

" ئێمە باسی بیر وئایدیۆلۆژیا ناکەین، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ئەو شك وجرجانە حوکمڕانیمان دەکەن، قەت خۆ بەدەستەوە نادەن. تێرمگەلێکی وەك دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا، و حوکمڕانی کرێکاران، تەنها وشەگەلێکی بۆشن! نابینیت کرێکاران وجوتیاران هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕاکۆزی وکادار نییە!"

"ئادی کە گوێت لێدەگرم، هەست دەکەم هەموو لاوانمان ژەهراوی بوون و ونبوون!"

" باوەڕ ناکەم هێندە ساویلکە بیت خاتوو ل، لە کۆبوونەوەیەکی حزبی کۆمەنست، ئەرنۆ جیرۆ گووتی قوربانی بە ١٠٠ هەزار کەس دەدات، بەڵام ناهێڵێ حوکمڕانی لەدەست بچێ. ئەوەش شتێکی ئاسایی لە مەنزوری جیرۆ. بەوپێوەرە بێت دەتوانین بڵێین ئامادەن قوربانی بە ٣٠٠ هەزار هەنگاری بدەن لە پێناو ٣٠٠ خێزانی کۆمەنست کە حوکمڕانی ئەو وڵاتەیان بە دەستە."

" بە پێیە تۆ نە متمانەت بە کادار هەیە، نە بە هیچ ئەندامێکی حزبی کۆمەنستی؟!"

" من متمانەم بە مالیتەر وئیمری ناجی هەیە، کە هەردووکیشیان کۆمەنستن. بەڵام کاتێك متمانە بە چەتەکانی کادار دەکەم، کە گوێم لێبوو هەموویان کوژراون"

# بەشی ٤٨

لە ٣٠ تشرینی یەکەمی [ئۆکتۆبەر] لە کاتی گەڕانەوەم لە سەربازگەی کیلیان، ویستم ڕێگاکەم کورت کەمەوە، بەلای گۆڕەپانی کۆستار ساساگ گەڕامەوە، کە مەڵبەندی گشتی حزبی کۆمەنستی لە بۆدابست لێیە. لەکاتی نزیك بوونەوەم گوێم لە دەنگی تەق وهۆڕ دەبوو، ئەوانەی لەوێ بوون پێیان گووتم چ دەگوزەرێ.

پیاوانی پۆلیسی نهێنی دەرگای ساختمانەکەیان بەسەر خۆیاندا داخستبوو، بەرلەوەی بگەم بە کەمێك دوو ئوتۆمبیل لەوێ وەستابوون، پیاوانی پۆلیس بڕێکی زۆر لە گۆشت و خۆراکیان گواستبۆوە بۆ ساختمانەکە، کاتێ ٣ گەنج چووبوونە لایان وداوایان لێکردبوون ئەو خواردنانە بەسەر گەلی برسی دابەش کەن، بەڵام پیاوانی پۆلیسی نهێنی پەلکێشی ژوورەوەیان کردبوون و دەرگایان بەسەر داخستبوون.
ئەو ڕووداوە بەبەر چاوی خەڵک ڕوویدابوو. دەسبەجێ ژمارەیەکی زۆرتر لە شۆڕشگێڕان لەوێ ئامادەبوون، ئاگاداریەکیان ئاڕاستەی پۆلیسی نهێنی کرد، ئەگەر ٣ گەنجەکە ئازاد نەکەن، هێرش دەکەنە سەر ساختمانەکە. ئاگادارییەکەیان ڕەتکردەوە. ئەو هەواڵانە زۆر خێرا بڵاودەبوەوە، هێشتا تاریکیدا نەهاتبوو، کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵك لەوێ کۆبوونەوە، داوایان لە شۆڕشگێڕان کرد هەڕەشەکەیان جێبەجێ بکەن وهێرشیان بکەنە سەر. شۆڕشگێڕان پێویستیان بە هاندان نەبوو، یەکسەر هێرشیان کردە سەر ساختمانەکە بە چەکە سووکەکانیان. شۆڕشگێڕان ژمارەی ئەو پۆلیسە نهێنییە چەکدارانەی بارەگای حزب و مەڵبەندی دیسی تەکی بە ١٥٠ چەکدار مەزەندە دەکرد. کە هێرشەکە دەستی پێکرد، پیاوانی پۆلیسی نهێنی دوو پەنجەرەیان کردەوە هەر سێ گەنجەکانیان لێی خستە دەرەوە.

ئێستا شۆڕشگێڕان لە پشت ئوتۆمبیلە شکاوەکان و داروپەردوەکانی گۆڕەپانەکە خۆیان حەشاردا، منیش لەگەڵ ئەوان خۆم حەشاردا دوو بۆمبم لە گیرفاندا بوو. کارەکە لە دەست ئێمە دەرچوو کاتێ شی تانک هاتن بەدەست شۆڕشگێڕانەوە بوون، یەکسەر دەستیان بە لێدانی ساختمانەکە کرد بە گوللە تۆپ، نزیکەی پەنجا تۆپیان پێوەنا.

پەنجەرەیەکیتر کرایەوە ئاڵای سپیان ڕادەشەکاند بۆ خۆبەدەستەوەدان. جەماوەر دانە دانە هێرشیان کردە سەریان، دوا کەسیان کۆلۆنێلێك بوو دەپاڕایەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی، هەرچەندە هەموو یان زۆربەی زۆری پیاوەکانی کوژرابوون!

دەیگووت:"ڕازیم بە هەموو شتێك، من هەڵەم بەڵام مەمکوژن...مەمکوژن! هەموو شتێکتان پێدەڵیم... هەموو شتێك...تەنها مەمکوژن، دوو منداڵم هەیە"

بۆ ساتێك ئەوانەی دەوروبەری کشانەوە لێی بەڵام دەنگێك لەناو خەڵکەکە هاواری کرد: " بە چاوی خۆم تۆم دیت تەقەت لە جەماوەر دەکرد، وات کرد یان نا؟! "

یەکێکیتر گووتی" کوشتنی ٥٠٠ کەس بە گوللەکانی ئێوە هیچ کێشەیەك نەبوو، ئەوانیش منداڵیان نەبوو؟!"

سێ چوار گەنج هێرشیان کردە سەر و دەستیان کردە پشکنینی گیرفانەکانی، یەکێکیان دەیگووت مووچەی مانگانەی ١٨ هەزار فۆرێنتە! ئەو کاتە زانیم ئەوە هۆکارەکەی پشت ئەوەیە من ١٥٠ فۆرێنتی یارمەتی قوتابخانەم پێ ڕەوا نەبینن! ماڵ وناو ماڵەکانی پیاوی پۆلیسی نهێنی شتێکی سەیر و سەمەرە بوون، گرانبەهاترین کەل وپەلی ناوماڵی لێبوو، پشووەکانیان لە خۆشترین شوێن بەسەر دەبرد، ژن ومناڵەکانیان باشترین بەرگیان دەپۆشی، ئێمەش دەتلاینەوە لەناو جلە کۆن ودڕاو و پینەدارەکانمان. ١٨ هەزار فۆرێنت هەی زاڵم!

**یەکێك لە تەنیشت منەوە هاواری کرد: " باجەکان وەها دابەش دەکرێن!" کۆتاییەکەیم نەدیت، چونکە کاتێ من دوور کەوتمەوە خەڵك هێرشیان کردە سەری، هۆکارێکیتریش کە وای لە خەڵك کرد گوێ بۆ پاڕانەوەکانی نەگرن ئەوەبوو، ئەو سێ گەنجەی کە لە پەنجەرەکانەوە هەڵواسران هەموویان مردبوون.**

# بەشی ٤٩

کەس پێی نەدەگووتین چی بکەین و چی نەکەین. من وجانۆس کە لە تەکم بوو لەکاتی کوشتنی کۆلۆنێلەکەی پۆلیسی نهێنی، بەژداری شەڕەکانمان دەکردن کاتێ بە ڕێکەوت شتێکمان دەبیست، یان بەرەو پیری دەنگی گولـلە وپێکدادان دەچووین. متمانەشمان لاواز ببوو لەبەر نەبوونی زەبت ورەپتی ناوەندی. ئێمە پێویستمان بە جۆرێك لە گونجان وهارمۆنیەت هەبوو لەو پرسە هاوبەشە گەورەیە.

دوایی چووینە مەڵبەندی شارەوانی پرسیمان چیمان پێدەکرێ خۆبەخشانە بیکەین بۆ شۆڕش. کرێکارێکی لێبوو بێ ئەوەی هیچ بایەخێکمان پێ بدات گووتی " سی بارهەڵگر بەرەو تۆرۆکسنت میلۆس دەچن بۆ هێنانی خۆراك، ئەگەر دەتانەوێ لەگەڵیان بڕۆن"

- "کەی دەجوڵێین بەرەو ئەوێ؟"

"پاش چەند خولەکێك، دەتانەوێ بڕۆن؟"

من و جانۆس چەند تێڕوانینێکمان ئاڵوگۆڕ کرد، گووتمان بەڵێ.
گووتی: " زۆر باشە تا ئێستا ٤ بووین، ئێستا بووینە ٦، ئەوەش بارکردنەکە خێراتر دەکات، بابڕۆین بەرەو بارهەڵگرەکان"

بارهەڵگرەکان بەرەو پەرلەمان بەڕێکەوتن یەکەمجار، بۆ وەرگرتنی پەڕەو مۆڵەتی پێویست لە وەزیری تەموین. شوێنەواری قەسابخانەکە هێشتا لەوێ دەدیترا، دەستی بڕاو و پێی

قوتکراو لەناو پێڵاوەکانی، مێشکی پژاو و ئێسکی هاڕڕاو و ڕیخۆڵەی ڕژاو و ڕەشهەڵگەڕاو لەو ناوە بوون.

بە کاغەزەکانمانەوە بەرەو تسانتۆل چووین. هەموو ئەو گوندانەی پێیان تێپەڕین، ئاڵای نیشتیمانیان هەڵکردبوو، هەر لە دوورەوە دەستیان بۆ بەرز دەکردینەوە و دەسەسڕەکانیان بۆ دەشەکاندینەوە. خەڵك لە تۆرۆکسنت میلۆس زۆر نیگەران بوون، باوەڕیان نەدەکرد ڕووسەکان بەڕاستی پاشەکشێیان کردوە، گوێیان لێبوەش کە بەزۆر دانەدەستی بەرهەماکانت ئیلغا کراوە، ئیمری ناجی پۆلیسی نهێنی هەڵوەشآندۆتەوە. کاریٚ خەڵك بە ئەرکەکەی ئێمەیان زانی، بەرهەڵستیان بۆ بەدەستەوەدانی بەرهەمەکانیان، گۆڕا بۆ جوامێری وبەخشندەیەکی بێ وێنە. ئافرەتە لادێیەکان گریان کاتێ بارهەڵگەرەکانمان پڕ ببوون ئەو سەبەتە هێلکە بچوکانەی ئەوانمان وەرنەگرتن لەبەر بێ جێیی! ئەوەی لەوێ دەماندیت، بەڕاستی یەکێتی نێوان شار ولادێ و کرێکار وجوتیاران بوو.

بەدرێژایی شەو خەریکی بارکردنی شمەکەکان بووین، جەوەکەی زۆر سارد بوو، بایەکی سارد بەردەوام هەڵیدەکرد، بەڵام لەبەر جۆش وخرۆشی هەڵوێستەکە قەت هەستمان بە سەرما وماندووبوون نەدەکرد. لە بەرەبەیاندا بەرەو بۆدابست بەڕێکەوتین، هیچ لە ڕێگاش نەوەستاین، هەرچەندە زۆرجار هێورمان دەکردەوە کاتێ زرێپۆشی ڕووسیمان دەدیت لە قەراغی ڕێگاکەدا وەستابوون. ئەوەی زۆر جاڕسی کردم ئەوەبوو، ئەو زرێپۆشانە پاك ونوێ دیاربوون، لەو یەکە سەربازیانە نەدەچوون کە لە بۆدابست شەڕیان کردبێت وپاشەکشێیان کردبێت. یەکەی سەربازی نوێ بوون، ڕوخساری سەربازەکانیش ئاسیائیٚ بوون. لە دەوروبەری بۆدابست چەندین یەکەی پیادەی سوپامان دیتن، ویستمان لێکدانەوەیەکی ئاسایی لۆژیکی بدۆزینەوە بۆ ئەو هەموو شتانە، بەڵام هیچمان نەدۆزیەوە دڵنیامان کات و قەناعەتی پێ بهێنین.

بۆدابست لە ژێر سیحری ئازادی وەگیرهاتەوەی دەژیا. هەرچەندە دەرگا وپەنجەرەی کۆگا گەورەکان شکابوون، بەڵام کەس دەستی بۆ کەل وپەلەکان نەدەبرد. ڕۆژنامەی نوێ بەدیارکەوتن، قەشەکانی کەنیسە و سەرۆك حزبە نوێکان لەسەر ڕادیۆ قسەیان دەکرد. لە کارگە و دامەزراوەکان ئەنجوومەنی نوێ کرێکاران پێك دەهێنرا، کارێکی زۆر هەبوو دەبوایە بکرێ، و کارێکی زۆریش هەبوو دەبوایە نەمێنێ. پیسایەکی زۆر هەبوو دەبوایە پاك بکرێتەوە، هەتا گەل لە نەشوەیەکی وادا بوو، کاتی ئەوەی نەبوو لە خۆی بپرسێ ئەو دەستکەوتانەی بڵێی بەردەوام بێ، هیچ مەترسیەك لە ئارادا هەیە؟!

تەنها یەکێتی نووسەران هەندێ نیشانەی گومان ونیگەرانیان لێ بەدەر کەوت، بە ڕاشکاوی باسی بوونی مەترسی جدییان کرد.
من وجانۆس وجۆرجییش کە زرێپۆشە ڕووسییەکان و یەکە سوپاییە پیادەکانمان دیتن، هاوبەشی نیگەرانی یەکێتی نووسەران بووین.

# بەشی ٥٠

کاتێ باس وخوازی ژووره نوتەکەکانی ئەشکەنجەدانی کۆمەنستەکان تەنها لە پستە پستی ڕزگاربووان لەو ژوورانە دەبیسترا، ماکینەی پڕوپاگەندەیی کۆمەنستی چارەسەری دەکرد. ئەو ئامرازە میدیایانەی لەدەستی بوون خەڵکیان وادرِدۆنگ دەکرد، کە ئەو قسانە تەنها درۆ وخەیاڵی ئەو شێت وکۆنەپەرستانەیە، کە لە خزمەتی پلانە گڵاوەکانی ئیمپریالزمدان. بەڵام مەڵبەندی حزبی کۆمەنستی و ژێرزەمینە نهێنییەکانیان ئێستا کراوە بوو بۆ هەر کەسێ بیەوێ بە چاوی خۆی بیانبینێ.

سەدان هەزار شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەنووس و هاوڵاتی ئاسایی چوونە تەماشای ئەو شوێنانە، هەتا بۆ ئەو کۆشکەی پۆلیسی نهێنی کە لەسەر ڕووباری دانۆب بنیاتیان نابوو، بە کەعبەی نهێنی حزبی کۆمەنستی دادەنرا. خەڵك ئەو ئامرازی بڕین وهەنجن کردنانەی ئەشکەنجەدانی دیتن کە بە بۆڕی گەورەدا لکێنرابوون، ئەو شتانەی کە کۆمەنستەکان دەیانگووت خەیاڵی شێتانە، لە ڕێگای ئەو بۆڕیانەوە شێوعییەکان لاشەی هەنجن هەنجن کراوی نەیارانی خۆیان تێهەڵدەدایە ناو ڕووبارەکە. ئێستا هەموو خەڵك دەزانێ ئەو قسانە هەقیقەت بوون.

پڕوپاگەندەیەك بڵاوبوەوە دەیگووت هێشتا ١٥٠ زیندانیکراو زیندوو ماون، لە یەکێ لە ژێرزەمینەکانی پۆلیسی نهێنی لە گۆڕەپانی کۆستار ساساگ. هەندێ دەنگ دەبیستران کاتێ زیندانیکەران هەوڵیان دەدا سەرنجی جیهانی دەرەوە بۆ خۆیان ڕاکێشن. پاش کەوتنی مەڵبەندی حزب بەدەستی شۆڕشگێڕان، زۆر بە وردی پشکنینی بۆ کرا، بەڵام هیچ ڕێگایەکیان نەدۆزیەوە بۆ ئەو زیندانە نهێنییە. چەندین کاری هەڵکەندن و ڕوخاندن کرا بەڵام هەر بێ سوود بوون. کارەکانی پشکنین بەردەوام بوون کاتێ ڕۆژی شەممە بە

لای ئەو ساختمانە تێپەڕیم کە ئیستیفان کوفیتش، سکرتێری حزبی شیوعی لە بۆدابست، وەك بارەگای خۆی کاری لێدەکرد.

بیرم لە نهێنییەکانی ئەو شوێنە دەکردەوە، دەرگاکەم پاڵ نا، کرایەوە. کە کەسم لەوێ نەدیت، چوومە ژوورەوە. دیم قوتووی خواردن لەسەر زەوی و ەل وپەلە گرانبەهاکە کەوتبوون. بە تێپەڕگاکە ڕۆیشتم تا گەیشتمە دەروازەی پلیکانەیەك، یەك کۆمەڵ فایل وکاغەزی دڕاو وپەرش وبڵاوم دی لەوێ. هەندێ لەو کاغەزانە ڕاپۆرت بوون دەربارەی ئەندامانی حزب، کە هەر شەش مانگ جارێك چاویان پێادا دەخشاندەوە. یەکێکیان نووسرابوو کە ئیستیفان ك. دوو کۆبوونەوە ئامادە نەبووە، بۆیە [چاودێری] بکەن! یەکێکیتر دەیگووت کە ئارسەر و. سیمناربێژە کۆمەنستەکەی بێزار کردوە، بە پرسیاری جارسکەر دەربارەی وتاری نهێنی نیکیتا خۆرۆشۆف لە کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی!

هەروەها دەڵێت: "لە لە خێزانێکی بۆرژوازی بە پاش کەوتوە، کوڕە مامێکی هەیە لە خۆرئاوا دەژی، زانیارییەکان بنێردرێن بۆ بەشی پۆلیسی نهێنی"

لە نهۆمی دووەم دەرگایەکم دیت لەسەری نووسرابوو، سکرتێری یەکەمی لیژنەی حزب. ژورەکە تێکشکێندرا بوو، بەڵام دەلاقەیەکی پڕ کارتی حزبی دەستی لێ نەدرابوو. چەندین سندوقی پڕ کارت ودۆکیومێنتی لێبوو، سندوقەکان لەسەریان نووسرابوو، ئەنجوومەنی وەزیران، سەندیکاکانی کرێکاران، هەموو دامەزراوەکانی تر. دەرگایەکی ترم دیت لەسەری نووسرا بوو، چوونە ژوورەوە قەدەغەیە، بەڵام کراوە بوو، من چوومە ژوورەوە بەرەو ژووری سکرتێری تایبەت. کەل وپەلی سادە بوون بەڵام گرانبەها بوون. دەرگایەکی لێبوو دەیبردی بۆ ژووری کۆبوونەوەکان، یەکێکیتر بۆ ژووری خەزێنە.

درزێکی بچوکم لە گۆشەیەکی ژوورەکە دیت، بە چەقۆی کاغەزبڕ هەوڵی کردنەوەیم دا، کرایەوە بۆ ژورێکی بچووکی تایبەت پڕی فایلی نهێنی وتایبەت. دەستمکردە ڕوانینی فایلەکان، هەر فایلێڵ لە پەراوێزدا لێی نووسرابوو، چەند دانەیەکی لێکراوە وبۆ کوێ وکوێ ڕەوانە کراوە.

چاوم بە ڕاپۆرتی نهێنی خۆرۆشۆف خشاند بۆ لیژنەی ناوەندی هەنگاریای حزبی شیوعی، لە سەردانەکەی بۆ بەریتانیا، تیایدا دان بەوەدا نرابوو، کە قوتابیانی ئۆکسفۆرد فیکەیان بۆی لێیداوە! ودەڵێ ژینگەیەکی لەبار هەیە لە بەریتانیا بۆ گەشەکردنی کۆمۆنیزم بە تایبەت لەناو چینی دەوڵەمەند.

زۆر ورد بوومەوە لەو فایلانەی کە لەسەریان نووسرابوون " باسە فەرهەنگییەکان" ودەربارەی ئامادەکارییەکانی پۆلیسی نهێنی بۆ یادی لینین، لیستێك بە ناوی ئەوانەی داوەت کرابوون، لەگەڵ لیستێك بە ناوی ئەوانەی نەهاتبوون، لەگەڵ بیانووی نەهاتنیان، لە ژێرەوە نووسرابوو دەبێت پۆلیسی نهێنی چاودێریان بکات. ئینجا وێنەیەکی زۆری یادەکە لەناو فایلەکە بوو، لەگەڵ وێنەی کورسییە چۆڵەکان وئەوانەی دەبوایە لەسەر ئەو کورسیانە بان!

نووسرابوو کاتێ هەڤاڵ جیرۆ دەچووە سینەما، چوار ئوتۆمبیلی پۆلیسی نهێنی و ١٢٠ پۆلیس بە جلی مەدەنی پاسەوانی خۆی و دەوروبەری سینەماکەیان دەکرد. ژمارەی زۆر گەورەم لە بودجەی پۆلیسی نهێنی دیت، بەڵام هەر نەگەیشتمە ژمارەی گشتی کۆتایی، بەڵام هەندێ ئاماژەی پڕ لەمانای تێدا بوو، بۆ نمونە کەمترین پاداشت بۆ ئەنجامدانی هەر پۆلیسێکی نهێنی بۆ ئەرکێکی [قورس] ٢٠ هەزار فۆرێنت بوو[٧]. ئەو ڕۆژە من دەبوایە لەگەڵ هاوڕێیانم جۆرجی و جانوس یەکتر ببینین لە نزیك مەڵبەندی گشتی حزب، بەڵام

[٧] وەك زانیمان مووچەی ئاسایی خەڵك لەباشترین حالەتدا نەدەگەیشتە دووسێ هەزار فۆرێنت!

وادەکە بەسەرچوو ئاگام لێ نەما، بۆیە بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان. چاوم بە بەڵگەنامەیەك کەوت باسی پارێزەرێکی دەکرد، کە بەرگری لە راجك کردبوو بۆ ڕێزگەڕاندنەوەی. کۆفاچ لەسەری نووسیبو: " ئەو جۆرە کەسانە دەبێ بە بەردەوام لە ژێر چاودێری بن".

ئینجا چاوم بە بەڵگەنامەیەکیتر کەوت بە دەسخەتی جیرۆ چەند ڕاسپاردەیەکی نووسبو پەیوەست بە جەنازەی لاسلۆ راجك: " پێویستە جەنازەکە بە جۆرێك ڕێکبخرێ، بۆ هەتا هەتایی لەو بابەتە ڕزگار بین وکۆتایی بێت. گەڕاندنەوەی ڕێز بۆی دەبێ هێور بکرێتەوە تا ژمارەی یەکەکانی پۆلیسی نهێنی دەگەنە ئاستی پێویست. پێویستە چاودێری بێوەژنی ڕاجك بەردەوام بێت. ژمارەی تیمی چاوەدێر زیاد دەکرێت بۆ ٨ کەس.

لە فایلی وەزارەتی بەرگری، ڕاپۆرتێکم دیتدەربارەی سەربازگری ١٩٥٦ تیایدا هاتووە:

" لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەربازە بانگراوەکان قسەمان کرد، توانیمان بیریان بخوێنینەوە لە ڕێگای ئەو پرسیارانەی ئامادەمان کردبوون. خشتەکانمان بە وەڵام و بیروباوەڕەکانیان ڕێکخستن لەگەڵ دیاریکردنی حالەتی خێزانی"

" سەربازەکان لە کاتی ڕاهێنان ودوایش پەیمانی یارمەتیدانی مادديان پێدراوە، هەرچەندە ئەو پەیمانانە هەرگیز جێبەجێ ناکرێن بە ڕاستی، بەڵام بۆ بردنەوەی متمانەی سەربازەکان دران!"

بەڵام ئەنجامە تۆمارکراوەکان دڵخۆشکەر نەبوون، چونکە زۆر لەو سەربازانە هەوڵی ڕاکردنیان داوە، پەیوەندیشیان لەگەڵ سوپای فەرمی ڕژێم خراپە. کۆمێنتێکم دیت بە دەسخەتی ئیستیفان باتای وەزیری بەرگری نووسرا بوو:

" هەڤاڵان من پێموایە لاوانی بانگکراو بۆ سەربازی بە شێوەیەکی گشتی نەیارن بۆ سوپای گەل" کوفاتچیش لەو پەراوێزە دەڵێت: " دەبێ پروپاگەندە دەربارەی بەختەوەری و ڕەزامەندی لە نێوەندی سوپا زیاد بکرێت. وتاری ڕوح سوکانە لە ڕۆژنامەکان دەووسرێ ژیانی سەربازی وەك لایەنی پڕشنگدار نیشآن بدرێ، لاوان وا نیشآن بدات، کە بەوپەڕی سەبر وئارامیەوە چاوەڕێی بانگ کردنیان دەکەن بۆ خزمەتی سەربازی، ئەوانەشی بیروڕای نەرێنی بڵاودەکەنەوە دەستگیر دەکرێن...!"

لەناکاو گوێم لە دەنگی هەنگاوی کەسانێك بوو، بانگیان کردم، کە ئاوڕم دایەوە جۆرجی وجانوسی هاوڕێم بوون. گووتیان: " ئەوە لە کوێی، چەند کاژمێرە بەدواتەوە دەگەڕێین، دایکت زۆر نیگەرانە بۆت، بۆ نەهاتی بۆ مەوعیدەکەمان؟"

گووتم: " وەرن بڕواننە ئەو هەموو بەڵگەنامانە، چۆنتان زانی من لێرەم؟"

جانۆس وەڵامی دایەوە: " نەماندەزانی لێرەیت، بەڵام هەموو شوێنێك گەڕاین لەو ناوە، تەنها ئەو شوێنە مابوو، هاتینە ناوەوە"

ئاماژەم بۆ فایلە کەڵەگەبوەکان کرد وگووتم: " بڕواننە ئەوانە، شتی تێدایە سەری ڕەش سپی دەکات!"

جۆرجی بەڵگەنامەیەکی گرتە دەست، کە ڕاسپاردەی ئەرنۆ جیرۆ بوو بۆ کۆفاچ وبە دەنگی بەرز خوێندیەوە: " پێویستە ایمری ناجی بگەڕێندرێتەوە زانکۆ وەك مامۆستای ئابووری، مەبەست لەوە دڵنیاکردنەوەیەتی، بەڵام دەبێ بە توندی بخرێتە ژێر چاودێری. ئەو قوتابیانەی کاتێکی زۆری لەگەڵ بەسەر دەبەن، دەبێ بکوێزرێنەوە شوێنی تر. ئەگەریش بەردەوام بوون لە برەودان بە بیروڕای ناجی، لە زانکۆ دەردەکرێن"

**پێیانم گووت: " خەریکە تاریك دەبێ، پێویستە بچینەوە ماڵەوە، بەڵام هەندێ لەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆمان بەرین، من تەنها کەمێکم لێیان خوێندۆتەوە، چ بکەین باشي؟"**

- **با جانتا بهێنین لەماڵەوە...**
-
- **جانۆس گووتی: " نەخێر زۆر مەترسیدارە بچینەوە ماڵەوە بۆ جانتا هێنان، بگەڕێینەوەش، بیرۆکەیەکی باشترم هەیە، چەند تەنەکەیەکی بەتاڵم دیت لە دەروازەی ئەو ساختمانە لەگەڵ جۆرجی دەچین دەیانهێنین."**

**منیش دەستم کرد بە جیاکردنەوەی گرنگترین بەڵگەنامەکان، نەمدەتوانی خۆم قەدەغە کەم لە خوێندنەوەیان: لیستێك بەو مەدالیا و پاداشتە داراویانەی درابوون بە پۆلیسی نهێنی، قەبارەی بازرگانی نێوان ڕووسیا وهەنگاریا....**

## بەشی ٥١

لە کۆتاییدا ئەو یەکە سەربازیانەی کە لە دەوروبەری بۆدابێست چاومان پێکەوتن، فەرمانی شەڕیان پێدرا. هەر زوبەزو مالیتەر بە دیل گیرا، ویەکێتی نوسەران لە ڕادیۆوە هانایان بردە بەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەڵام بێ سوود بوو.
سوپای سۆڤیەت لە کتوپڕی بە هێزێکی پێخوست کەر زەبری خۆی وەشاند، بێ ئەوەی بەرگریەکی سیستیماتیکی بەرەنگاری بێتەوە. بەرگری نێگەتیڤی وەك سوتاندنی وێنە وڕاگەیاندنەکانی کادار، وخۆپیشاندانی بەرفراوان، لە ئاست ئەو زەبروزەندە بێ سوود بوون، وەك لاقە فرتە وچنگە کرێی سەرە مەرگ بوو.

پێنج ڕۆژمان لە ژێرزەمینی ساختمانەکە بەسەر برد، دەمنادەم بۆ گەڕان بە دوای خواردەمەنی دەردەچوین. ئەو پێنج ڕۆژە وێنەیەکی دەقاودەقی دوبارەکراوی ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو.

تانکە ڕووسیەکان بە ڕەمەکی ئاگربارانی دەکردین، هەر کە لولەی تۆپەکانیان ئاڕاستەی ساختمانێك کردبایە، تا نەیڕوخاندبا وازی لێ نەدەهێنا. شەقامەکان پڕی دار وپەردوو ببون. ساختمان وخانوبەرەی شەقامەکانی راکوتشی ودیفاتشارنۆك، کورفین کۆز، وکیلیان، وجۆزیف کوروت لەگەل زەویدا تەخت ببوون. چەندین ساختمانی حەوت هەشت نهۆمی ببوونە کۆمەڵە داروپەردوێك.

شۆڕشگێڕان لە کارگەکانی چیبل بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگریان کرد، بەڵام ئەو هەواڵانەی کە پێمان دەگەیشتن، هەمووی باسی خاك بەدەرکردنی بە کۆمەڵیان دەکردن، هەروەها باسی ئەو هێرشە بروسك ئاسایانەی ڕووسەکانی دەکرد. هەریەکێکیان بە بڵاوکراوەیەك یان

چەکێك بگرتایە، دەسبەجێ دەیانکوشت. نیو سەعاتێك چوومە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوودەدات، دیتم لاشەی مرۆڤ بە زنجیری تانکەکان بەسەر شەقامەکان پلیشابوونەوە.

پیرەمێردێك داوایێنگیرم بوو وگووتی:" نەچیتە شەقامی ئولوی، ئەوان لە وێنە." تا ئەو کاتە بۆمبایەکی دەستی لە گیرفانمدا بوو، چەند بەڵگەنامەیەکیشم لە ماڵەوە هەبوو.

گوێمان لە ئاهونزاکانی ڕۆژئاوا بۆ هەنگاریا دەبوو، بەڵام لە ئاستی بۆمبا سوتێنەرەکانی ڕووسەکان بێ سوود بوون.

کاداریش چەتە ومیلیشیای نوێی پێکدەهێنا، بە موچەی خەیاڵی دەگەیشتە پەنجا هەزار فورێنت، پیاوە کۆنەکانی پۆلیسی نهێنی یەکەم کەس بوون کە خۆیان لەو میلشیایانە ناونووس کرد. جارێکی تر چارەنووس بۆ پیاوەکانی پۆلیسی نهێنی پێکەنی، ئەوانیش دەمودەست کەوتنە خۆ بۆ ژیانی ڕاوەڕوت و بەرتیل وشرەخۆری وئەشکەنجەدانی هاوڵاتییان. دوا ڕۆژی بەرهەڵستی لە هەموو ڕۆژانی تر دڵتەزێنتر بوو: "مانگرتنە بچوکەکانی کرێکاران وەك ئەستێرەی ڕژاو بەدیار دەکەوتن ودەکوژانەوە، هۆکانی گواستنەوە پەکخرابوون، خەڵکی نائومێد بە کۆمەڵ وەك ئاژەڵە دابڕاوەکانی مێگەل لە جادە وبانەکان دەسوڕانەوە، وسرودی نیشتیمانی هەنگارییان دەچڕی، بێوەژنەکان، ئەوانەی مێردەکانیان لە سەرەتای شۆڕشدا کوژرا بوون، تاجەگوڵینەیان دەخستە سەر گۆڕی سەربازی ون، نوکتەی تاڵاوی لەو بابەتە تەنیبووەوە:

" پێم بڵێ چۆن لەو بارودۆخە تێدەگەیت؟"

" بارێکی نالەبارە، تەنها بە دوو شت ڕزگارمان دەبێت"

**"ئەو دوو شتە چین؟"**

**"یان موعجیزەیەکی ئاسمانی، یان بەرگری چەکدارانە"**

**" بەڵێ ڕاستە، ئەگەر جوبرائیل لە ئاسمان بە خۆیی وشمشێرە ئاگرینەکەی دابەزی، ئەوە بەرگری چەکدارییە، ئەگەر نەتەوە یەکگرتوەکانیش یارمەتی سوپاییمان بدات ئەوە موعجیزە ئاسمانیەکەیە"**

# بەشی ٥٢

لەوە دەترسام لە سۆنگەی هەڵمەتی ڕووسەکان باوکم تووشی هەرەسی دەروونی بێت، ولە شروستی خۆی دەربچێت. یاسای قەدەغەکردنی هاموشۆ لەشاردا ڕاگەیاندرا. نائومێدیەکی ڕەش ئاسۆی ژیانی باوکمی داگرتبوو، تا ئەو ڕادەیەی بیر لەوە بکاتەوە بچێتە سەر شەقامەکان وهاوار بکات:" بڕۆخێ کۆمەنستی " لەکاتێکدا ئەوەی تەنها کامێرای پێبوایە دەکوژرا! یاسا ودەسکەوتەکانی حکومەتی شۆڕش یەك بەدوای یەك دەکێشرانەوە ولەکاردەخران. ئێستا خاتوو ( ل ) هاتۆتەوە سەرخۆی وەك جاران نیگەران نەبوو، هەر بە ڕێکەوت لەسەر پلیکانەکە چاوم پێیکەوت. ئەو جارەیان ئەو دەستپێشخەری کرد وڕێی پێگرتم:

" ئادی پێم بڵێ، بەڵگەنامە ترسناکەکان چیان بەسەر هات؟ مەبەستم بەڵگەنامە نهێنیەکانی پارتە، ئەوانەی چنگت کەوتن؟!" لەدوای ئەو پرسیارە زەردەخەنەیەکی زەرد ونەگریس نیشتە ڕوخساری.

" نازانم دەربارەی چی قسە دەکەیت. من باسی بەڵگەنامەی نهێنیم نەکردووە. لەوانەیە بە هەڵەدا چوبیت."

"ئادی چاك لە یادمە، بەو مەرجەی گووتت بابەتی بە پێزن بۆ سیمنارەکانم."

"من جاروبار زۆر وڕێنە دەکەم، خۆشم نازانم چی دەڵێم. بۆچی بەژداری ناکەیت لە مانگرتنەکەی ئەمڕۆ؟!"

هێندە تووڕە بوو روخساری سور هەڵگەڕا بوو، وگووتی:

" ڕۆڵە بەو فرتوفێڵە من مەخاپێنە، من بەڵگەنامەی دزیاری کۆناکەمەوە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ دەکەم"

لە تۆنی دەنگی هەستم بە ترس ودڵەڕاوکێ کرد.

پاش ماوەیەکی کەم هەواڵەکان ڕایانگەیاند، کەوا بەڵگەنامەی گەلێك (گرنگ) لە بارەگای پارت دزراوە، وحکومەت زۆر بە شێلگیرانە بە دواییاندا دەگەڕێت. کە گوێم لەو هەواڵانە بوو، مەسەلەکەم لای جۆدێت باس کرد.

جۆدیت لە ترسانا تۆقی وگووتی: " ئادی، ئەوە مانای چیە؟"

"مانای ئەوەیە من لە مەترسیەکی گەورەدام، دەبێت لێرە سەرم هەڵگرم"

"دەتوانین بیان سوتێنین کەسیش پێیان نەزانێ"

" خاتوو (ل) پێی زانیوە"

"بەڵام ئەگەر سوتاندمان ... لەوانەیە باوەڕی پێنەکەن"

"نەخێر جۆدێت. ئەوان پسپۆڕن لە هونەری دان پێداهێنانی زۆرەملێیی. دەترسم لەو ئەزمونە دەرنەچم... هەروەها چەند نارنجۆکێکیشم هەیە، چۆن دەتوانم لێیان ڕزگار بم ئەگەر لێرە بمێنمەوە؟"

"ئەی چی دەکەیت ئادی؟"

"جارێ دەچمە نەمسا. لەوێ مەسەلەکە جێبەجێ دەکەم، وچارەیەك دەدۆزمەوە."

جۆدیتم لە سەبەتەی بەڵگەنامەکان دورخستەوە، لە پلیکانەکەوە دابەزیم بۆ سەر شەقامەکە، کە خەڵکەکەی لەو پەڕی شڵەژان وشپرزەیی دابوون، چەند زیلێکی سەربازی، پڕ لە لاوانی دیلی هەنگاری بوون، لە ژێر چاودێریەکی توند دابوون. پیرەمێردێك پێی گووتم:

"ڕۆڵە نزیکی شەقامی لاندلەر جینۆ نەکەویتەوە، چونکە گەمارۆ دراوە، وبەدوای چەکدا دەگەڕێن."

گوێمان لە دەنگی گوللەی کزوخنکاو دەبوو لە پشت دەرگاکانەوە، پیرەمێردەکە گووتی:

"خۆزگە ئەگەر مەسەلەکە هەر حەز و سادیستیەتی کوشتنە، پیرەمێردەکانیان کوشتبایە، چونکە ئێمە تێربووین لەو ژیانە."

بەپەلە خۆم گەیاندەوە ماڵ ونارنجۆکەکانم لە ژێر خەڵوزی ژێرزەمینەکەمان شاردەوە، دوایی هەندێك کەلوپەلم پێچایەوە، وبە باوك ودایکم گووت دەبێ من بڕۆم. بۆ تاوێك دایکم چاوی تێبڕیم، لەپاشا لە پرمەی گریانی دا.

بە جۆدێتم گووت ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە لێرە بدۆزنەوە، سەری هەمووتان تێدەچێ. بیان سوتێنە بێ ئەوەی دایە وبابە پێی بزانن"

"باشە"

"بێگومان خاتوو (ل) کۆمەنستەکان بۆ ئێرە دەهێنێ. هەر ئەمڕۆ بیان سوتینە."

"خەمت نەبێ دڵنیا بە."

باوکم بە دەم ماڵئاواییەوە گووتی:"هەر چۆنێکی بێت تۆ ناتوانی لەو دۆزەخەدا بژیت."

جۆدیت هەتا بەر دەرگا بەرێیکردم، کاتێ ئاوڕم دایەوە هێشتا لە شوێنی خۆی چەقی بوو.

سەفەرەکەم ڕێگای هاتونەهات بوو:"خۆم لە چاڵ وکەندان مەڵاس دەدا، بۆ ئەوەی دەوریە ڕووسیەکان نەمبینن. سواری چەندین گالیسکەی شەمەندەفەر بووم، لە ڕێگا لەسەر دار وبەرد وگژوگیادا دەخەوتم، لە پاش دەردەسەری ومەترسیەکی زۆر توانیم ئاودیو بم.

لە پاش گەیشتنم بە ئینگلستان بە چەند هەفتەیەك، زانیم دایك وباوکم وجۆدێتی خوشکم بە سەلامەتی گەیشتونەتە نەمسا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنها سەرەتایەکە. بەر لە (١٠٩) ساڵان کارل مارکس، نوسیویەتی:" خێوێك ئەوروپا دەترسێنێ. ئەویش خێوی کۆمەنیزمە." بەڵام ئەو خێوە ئێستاکە شاگردەکانی مارکس دەترسێنی.

کۆمەنستی بەناوبانگ میلۆڤان دوگلاس لە یەکێ لە گرتووخانەکاندا نووسیویەتی: " رژێمە کۆمەنستیەکان شێوەیەکن بۆ شەڕی برا کوژی هەمیشەیی لە نێوان (فەرمانڕەوایان وگەلدا)، ئەو ملیۆنەها لاوەی کە لە گرتووخانە فراوانەکان گوزەران دەکەن، ئەو ڕاستیە تاڵە چاك دەزانن".

لە پایزی ساڵی ١٩٥٦ زیندانیەکان توانیان قفڵی گرتووخانەیەك [هەنگاریا] بشکێنن، بەڵام یاساوڵی گرتووخانەکە، لەکاتی پێویستدا گەیشت، وسەرلەنوێ دەرگاکەی داخستەوە، بەڵام هیچ ئاسنگەرێك ناتوانێت قفڵەکە وەك جاری پێشوو مەحکەم کاتەوە.

کـــــــــــۆتایـــــــــــی

## ئەو بەرهەمانەی نووسەر بڵاوکراوەتەوە:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکانداڵەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان؛ چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی

## هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کوردپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=٨&main=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

## ژمارەی دۆسێکان:

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( ١ )

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( ٢ )

ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( ٣ )

پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەك ( ٤ )

ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( ٥ )

ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( ٦ )

فەرهاد پیربال: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( ٧ )

کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسراێیل دا! ( ٨ )

خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (٩)

عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( ١٠ )

عەبدولڕەحمان سدیق ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟! (١١)

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&lng=١



## محەممەد هەریری

لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. لە بواری نوسیندا بە "محەممەد هەریری" ناودێر کراوە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.

★ لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەلایەتی.

★ لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردووەو لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری رۆژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.

بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، وەك نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.

★ سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی تووندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دیینی بە

تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەك و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی.

نووسەر گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا، تا ئێستا سەدان وتار و جەند کتێبێکیشی تایبەت کردوە بە دۆزی ئافرەتی کورد، کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.

★ هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، و بەرقەرابوونی دیموکراتیەت، و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی گەورە بە گشتی، و کوردستانی باشوور بە تایبەتی دا دەکات.



بەر لە (١٠٩) ساڵان کارل مارکس، نوسیویەتی:" خێوێک ئەوروپا دەترسێنێ. ئەویش خێوی کۆمەنیزمە." بەڵام ئەو خێوە ئێستاکە شاگردەکانی مارکس دەترسێنی.

کۆمەنستی بەناوبانگ میلۆڤان دوگلاس لە یەکێ لە گرتووخانەکاندا نووسیویەتی: " رژێمە کۆمەنستیەکان شێوەیەکن بۆ شەڕی برا کوژی هەمیشەیی لە نێوان (فەرمانڕەوایان وگەلدا)، ئەو ملیۆنەها لاوەی کە لە گرتووخانە فراوانەکان گوزەران دەکەن، ئەو ڕاستیە تاڵە چاک دەزانن". لە پایزی ساڵی ١٩٥٦ زیندانیەکان توانیان قفڵی گرتووخانەیەک [هەنگاریا] بشکێنن، بەڵام یاساوڵی گرتووخانەکە، لەکاتی پێویستدا گەیشت، وسەرلەنوێ دەرگاکەی داخستەوە، بەڵام هیچ ئاسنگەرێک ناتوانێت قفڵەکە وەک جاری پێشوو مەحکەم کاتەوە.